## 10 هزار پەنابەرێن عێراقی ل ئەڵمانیا دکەڤنە بەر گەفێن زڤڕاندنێ



**رووداو – ئەڵمانیا**

رێگینا شۆیەر، شــیرەتکارا کاروبارێن پەنابەرا و ئێک ژ دامەزرینەرێــن (کۆمەڵا هەڤرا یا مافێ مرۆڤێ کورد ل ئەڵمانیا)، کو مێرێ وێ کوردە پشتی سەرهلدانا 1991 کورد و دۆزا کوردی ناسییە، گۆت ئەو بەردەوامە ل سەر یارمەتیدانا ئــەو کوردێن ژ نوو دگەهنە ئەڵمانیا و داخاز ژ گەنجێن کوردستانێ کر بەری کو روویێ خۆ بدەنە ئەڵمانیا باش هزرا خۆ بکەن، چونکی ئەڵمانیا کوردێن هەرێما کوردستانێ وەرناگری و حکومەتا ئەڵمانیا پشتی سێ مەهێن دی دێ بڕیارێ ل ســەر چارەنڤیسێ پتر ژ 10 هزار پەنابەرێن عێراقێ ل ئەڵمانیا دەت.

**لاپەڕەی تاراوگە**

## یانەکانی کوردستان دەبێ سزا بدرێن

**رووداو – هەولێر**

ســکرتێری یەکێتی تۆپی پێی کوردستان لە هەڤدیتنێکدا لەگەڵ (رووداو) رەخنەی توند لەیانەکانی کوردستان دەگرێت، چونکە ئامادەنەبوون یاریزانەکانیان لەگەڵ هەڵبژاردەی کوردستان یاری بکەن لە پاڵەوانێتی ڤیڤادا وسەرئەنجام پلەی چوارەمی بەدەستهێنا، سەلام حوسێن سکرتێری یەکێتی تۆپی پێی کوردستان داوای سزادانی ئەو یانانەی کردو گوتی " بەڕای ئێمە ئەو هەڵوێستەیان ئەوپەڕی هەستنەکردنە بە بەرپرسیاریەتی نیشتمانی وشایانی سزادانن وپێویستە یەکێتــی تۆپــی پێ هەڵوێســتی هەبێت"



**لاپەڕەی وەرزش**

## زەنگەنە سەرقاڵی بەشی سێیەمی گەردەلوولە

**رووداو –سلێمانی**

جەلیل زەنگەنە دەرهێنەری زنجیــرە درامای گەردەلوول لە لێدوانێکدا بە (رووداو)ی راگەیاند کە ئێســتا خەریکی کارکردنە لەبەشی سێیەمی زنجیرەکەداو گوتیشــی بەشی سێیەم زۆر جیاواز دەبێــت لە هەردوو بەشــەکەی تر " ئێســتا سەرقاڵی نووسینی سیناریۆی بەشی سێیەمم وسوودیشــم لە هەموو ئەو رەخنانە بینیوە کەئاراســتەی دراماکــە کــراون" .زەنگەنە نــاوی ئــەو ئەکتەرانەی نەهێنــا کە رۆڵی سەرەکی لەبەشی ســێیەمدا دەبینن بەڵام ســەرچاوەیەکی نزیک لە دەرهێنەر گوتی لەوانەیــە جیهاد دڵپاک و وەنەوشە پاڵەوانی سەرەکی بن.



**لاپەڕەی هونەر**


ژمارە (15)

دووشەممە 2008/7/14

24ی پووشپەڕ 2708

(750) دینار

Rûdaw رووداو

خوێنەری رووداو زۆرتر دەزانێت

www.rudaw.net


### بۆ یەکەمجار لەکوردستان

# پیاوێک لەسەر ژنکوشتن بە لەسێدارەدان سزادەدرێ

## کرێکارێکی شارەوانی 40 ژنی پێ مارەبەجاش دەکرێ...... لاپەڕە 13



محەمەد ئاودەل (65 ساڵ): شەو تا بەیانی لەگەڵ ژنەکان جووتبووم و لەبەرامبەریشدا 150 - 300 هەزار دینارم وەرگرتووە (فۆتۆ: شەوقی کانەبی)

**تایبەت بە رووداو**

رۆژی 2008/7/8 دادگای تاوانــەکان لەشــاری دهــۆک، رێبەر ســەعید تەمەن 26 ســاڵی لەســەر کوشــتنی ژنەکەی بە لەسێدارەدان حوکمدا. دادوەرێک لەوبارەوە بە (رووداو)ی راگەیاند "ئەوە یەکەمین کەسە لەکوردســتان لەســەر تاوانی کوشتنی ژن حوکمی لەسێدارەدانی بۆ دەرچووبێ".

گولیزار خدر کە کچێکی شــیرەخۆری لە رێبەر ســەعید هەیە، ساڵی رابردوو لەسەر کێشەیەکی خێزانی لە مێردەکەی زیزبوو و چــووەوە ماڵی باوکی. بەپێی وتەی یەکێک لــە خزمەکانی رێبەر بــۆ (رووداو)، رێبەر زۆر هەوڵــی ئاشــتکردنەوەو گەڕاندنەوەی هاوســەرەکەی دا، بــەڵام هاوســەرەکەی رازینەدەبــوو" باوک و براکانــی گولیزار بە رێبەریان گوت 10 هــەزار دۆلارت دەدەینێ واز لە گولیزار بێنە و تەڵاقیبدە، بەڵام رێبەر رازینەبوو". دوایی گولیزار لە رێگەی دادگاوە خۆی لە رێبەر دا بەردان".

بەپێی وتەی یەکێک لەخزمانی گولیزار بۆ (رووداو) دوای ئــەوەی گولیزار تەڵاقنامەی لەرێگەی دادگــەوە وەرگرت، ئێوارەی رۆژی 2007/9/3 رێبەر بەکلاشــینکۆفەوە چووە سەر ماڵی باوکی گولیزار، هەرچەندە لەلایەن براژنێکی گولیــزارەوە هەوڵی رێگریکردنی رێبــەر درابوو، "بەڵام رێبەر چووە ژوورەوەو گولیزار لەترســان هەوڵیدابوو خۆی لەنێو کەنتۆردا بشارێتەوە، بەڵام رێبەر 10 گوللەی ئاراستەی سینگی گولیزار کردن "، لەکاتی هاتنــەدرەوەش کە مەقبولە ئیســلام ی ژنبرای گولیزار ویستبووی بیگرێ گوللەی لە بەرپێیەکانی دابــوون و بریندارى کردبوو و رایکردبوو.

دادوەر محەممەدئەمیــن شــەڕەفانی، ســەرۆکی دادگای تاوانــەکان لــە دهــۆک، لەلێدوانێکــدا بۆ (رووداو) گوتــی "ئەوە بە تاوانی کوشتنی ئەنقەست دادەنرێ و ژنەکەی لە بارودۆخێکی زۆر خراپدا کوشتووەو دواتر ژنبرایەکەشی بریندارکردووە، لەکاتێکدا هیچ مافێکی لەســەر ئەو ژنــە نەبوو بیکوژێت، چونکە هیچ تاوانێکی شەرەفی لەسەر نەبوو، لەبــەر ئەوە دادگا نەیتوانی ســزاکەی کەم بکاتەوە". رێبەر بەپێــی مادەی (1/406/ ئەلیف) بڕیاری لەسێدارەدانی درا.

بــەڵام موســا عەلــی گەلناســکی، پارێــزەری رێبــەر ســەعید لەلێدوانێکدا بە (رووداو)ی راگەیانــد ئەو داوا لە دادگەی پێداچوونەوە (تمیز)ی هەرێمی کوردســتان دەکات لە هەولێر کە بەو بڕیارەدا بچێتەوەو هەندێ بەڵگەشــیان بۆ گۆڕینی ئەو سزایە ئامادەکردوون. ئــەو پارێزەرە دەڵێ بەپێی ئەو نووســراوەی کە دادگە بەهۆیەوە مافی جیابوونەوەی لەرێبــەر دایە گولیزار، رێبەر لەبەر ئــەوەی نەخۆشــی دەروونیی هەیە، گولیــزار ئــەو مافەی هەیە. موســا عەلی رەخنەی لەدادگە گرت کە ئامادەنەبووە ئەو نووووسراوەیان بداتێ.

لەوبارەوە دادوەرێک لە هەولێربە (رووداو)ی راگەیاند "پێشتر پیاو لەسەر کوشتنی پیاو لەســێدارەدراوە، بەڵام ئەوە یەکەمجارە لە هەرێمی کوردستان پیاوێک لەسەر کوشتنی ژن بە لەسێدارەدان حوکمبدرێ" .بەڕیوەبەری بەندیخانەی ناوەندیی هەولێریش کە شوێنی جێبەجێکردنی ئەو سزایانەیە بە (رووداو)ی راگەیاند "تا ئێستا هیچ کەسێک لە زیندانی محەتە لەسەر ژنکوشتن لەسێدارە نەدراوە".

**وردەکاری زیاتر لەلاپەڕە (14) بخوێنەوە**

### بەرپرسی لقی 3ی پارتی لە کەرکووک:

# ئەگەر سەرکردایەتی داوابکات کورد لە کەرکووک ئامادەیە راپەڕێ

**تایبەت بەرووداو**

نەجات حەسەن بەرپرسی لقی 3ی پارتی لە کەرکووک رایگەیاند کە کورد لەکەرکووک چاوەڕێی بڕیاری سیاسییەوئەگەرسەرکردایەتی داوای راپەڕینیان لێبکات، رادەپەڕن و کێشەی کەرکووک یەکلایی دەکەنەوە.

بەرپرســی لقــی 3 و مەڵبەنــدی 2 ی یەکێتی رەخنەیان لــە ئەمریکییەکان گرت کە هێندەی خزمەتی ناوچە عەرەبنشــین و تورکماننشــینەکان دەکەن هێندە خزمەتی ناوچەکوردییەکانیکەرکووکناکەن .بەرپرسی لقی 3 دروستکردنی هێزی (سەحوە) بەبەڵگە دێنێتەوە کە ئەمریکییــەکان بەپێچەوانەی ئەوەی لەسەرەتادا بەڵێنیان دابوو 300 کەس بن، ئێســتا ژمارەیان گەیشتووەتە 6 هەزار کەس و"یەک کوردیان تێدا نییە "و هەموویان کۆنەبەعســی و ئەو چەکدارانەن کە پێشتر هێرشیاندەکردە سەر هێزە فرەرەگەزەکان.

نەجــات حەســەن بوونــی ئــەو هێزە بەمەترســی دەزانێ کە جارێکیتر لەســەر دەســتی ئەو هێــزەدا رووداوەکانی 1963ی کەرکــووک دووبارە ببنەوە .بــەڵام لەبارەی نەبوونی هێــزی چەکداری کوردســتانی لە کەرکووک گوتی "هەموو کوردێک لەکەرکووک مەعنەویەن چەکــدارە، میللەتــی کورد لە کەرکووک چاوەڕێی بڕیاری سیاسییەو ئەگەر ســەرکردایەتی کــورد داوای راپەڕین بکەن، خەڵــک رادەپــەڕن و کەرکــووک یەکلایی دەکەنەوە".

رەفعەت عەبدوڵڵا بەرپرسی مەڵبەندی 2ی یەکێتی دەڵێ، پارتــی بەوانیان راگەیاندووە با پۆســتی پارێزگار بۆ یەکێتی بێت ئەگەر عەبدولرەحمان مستەفا خۆی نەپاڵاوتەوە،بەڵام نەجات حەسەن دەڵێ هێشتا هەردوولا لەسەر وردەکاری ستوونەکانیان رێکنەکەوتوون.

**دەقی هەردوو چاوپێکەوتنەکە لەلاپەڕە 9 بخوێنەوە**

### به 1 ملیار و 500 ملیۆن دینار

## یەکێتی قەرەبووی کۆمەڵی ئیسلامی دەکاتەوە

**تایبەت بەرووداو**

لەبەرامبەر ئەو 300 خانووەی کۆمەڵی ئیسلامی لەخورماڵ، لەکاتی هێرشــی موشەکی ئەمریکا و هێرشــی زەمینی یەکێتی بەهاوکاری هاوپەیمان لە بەهاری 2003بۆ ســەر بارەگاکانی ئەنسار لە هەورامــان تێکدران و لەلایەن یەکێتی دەســتیان بەســەرداگیرا، ئیدارەی گشتی یەکێتی بڕیاری دا 1 ملیارو 500 ملیۆن دینــار وەک قەرەبوو بداتە کۆمەڵی ئیسلامی.

لەوبارەوە زانا رووستایی، ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیســلامیی کوردســتان، بە (رووداو)ی راگەیاند "لیژنەیەکی هاوبەش سەردانی خانووەکانی کردووەو دووهێندە پارەی بۆ هەر خانووێک داناوە ".

لەســاڵی 2003ەوە بڕیاری قەرەبووکردنەوەی کۆمەڵی ئیسلامی دراوە و هەفتەی رابردوو بڕیارەکە جێبەجێکرا. زانا روستایی گوتی" ئەوکات ئەمیری کۆمەڵ دەستگیرکراو ئێمەش بەپێویستمان نەزانی بارەگاکانــی خۆمان بگەڕێنینەوە بۆ ئەو ناوچانە، یەکێتیش هیچ هاوکارییەکیان نەکردین لەگەڕانەوەی ئەندامەکانماندا، تەنانــەت تائێســتاش بواری ئەوەمان پێنەدراوە بارەگای ناوچەیەک بکەینەوە، ئەندامانمان تائێستاش ناتوانن لەخورماڵ بەئازادی بجوڵێنەوە".

ســاڵی رابردوو، مام جەلال سکرتێری گشتیی یەکێتی بەڵێنــی قەرەبووکردنــەوەی بەکۆمەڵی ئیسلامیداو بۆ ئەو مەبەستەش لیژنەیەک لەهەردوو مەکتەبی سیاســی پێکهات، بــەڵام لەبەرئەوەی کۆمــەڵ داوای دوو ئەوەندەی نرخی خانووەکانی دەکردو یەکێتیش دەیگوت نرخی کاتی چۆڵکردنیان دەدەین نەدەگەیشتنە رێککەوتن.

### خەڵک داوادەکەن یەکەمجار لەسەر بەرپرسەکان بەکاربهێندرێ

# ئامێرێک بۆ ئاشکراکردنی درۆی گەندەڵکاران لە ئەمریکاوە دەهێنرێت

**رووداو– رادیۆی سەوا**

پاش شکستهێنانی وەرگرتنی ئەندام لەســەر بنەمــای تەزکیــەی حیزبی، دەســتەی نەزاهەی عێراقــی رایگەیاند کە لەمەودوا بــۆ وەرگرتنی ئەندام لەو دەستەیەدا، پەنا بۆ بەکارهێنانی ئامێری ئاشکراکردنی درۆ دەبات کە بۆ یەکەمین جارە چەنــد دانەیەکــی لەئەمریکاوە دەگاتە عێراق.

دادوەر رەحیم ئەلعگێلی ســەرۆکی دەســتەی نەزاهە لەوبارەوە رایگەیاند کە ئەمریکا مەشــق و راهێنانی لەسەر بەکارهێنانی ئــەو ئامێرە بەکارمەندانی دەزگاکە کردووەو لەمەودوا بۆ لێکۆڵینەوە لەگەڵ کەســانی تۆمەتبار بە گەندەڵی پەنا بۆ ئەو ئامێرە دەبردرێت.

عگێلی رایگەیاند کە وەرگرتنی ئەندام لەریزەکانــی ئەو دەســتەیەدا بەهۆی تەزکیــەی حیزبی شکســتی هێناوە، دووپاتیشــی کــردەوە کــە کارمەندە کۆنەکان هەموویان بێ هیچ پرســیارو لێکۆڵینەوەیەک وەرگیراون و ئێستاش یاسا رێگەنادات ئەو کارمەندە کۆنانە بەو ئامێرە تاقیبکرێنەوە.

تائێستا چەندین کەسی ئەو دەستەیە کە بــۆ بەرەنگاربوونــەوەی گەندەڵی دامەزراوە، بەرەوڕووی تۆمەتی گەندەڵی بوونەتەوە.

سەرۆکی دەستەی نەزاهە روونیکردەوە کــە بۆ بەکارهێنانی ئامێرەکە لەســەر ئەوانەی تۆمەتی گەندەڵییان لەسەرە، پێویســتە پەرلەمانی عێراق یاسایەکی تایبەتی بۆ دابنێت.

هاووڵاتیان دەربــارەی بەکارهێنانی ئەو ئامێرە سەیرەی ئاشکراکردنی درۆ رای جیاوازیان هەیە، لەکاتێکدا هەندێک داوا دەکەن پێش هەر کەســێک لەسەر پەرلەمانتارانی بێ بەڵێن و بەرپرســە باڵاکانی دەوڵەت تاقیبکرێتەوە، هەندێکی دیکە پێشبینی دەکەن ئامێرەکە بەرگەی درۆی بەرپرسان نەگرێت و بتەقێتەوە.

ئامێری ئاشــکراکردنی درۆ یەکێکە لــەو ئامێــرە پێشــکەوتووانەی لــە چەندین وڵاتی جیهــان بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە بەکاردەهێندرێ، هەروەها بۆ لێکۆڵینەوەکردن لەگەڵ ئەو کەسانەشدا بەکاردەهێندرێ کــە داوای دامەزران لە دەزگا گشتییەکان دەکەن.

### بەتۆمەتی دزینی کارەبا لە هەولێر

# دادگە بڕیاری دەستگیرکردنی پەرلەمانتار و وەزیرێکی کوردی حکومەتی عێراق دەدات

**تایبەت بەرووداو**

بەپێی ئەو لیســت و بەڵگەنامەیەی دەســت (رووداو) کەوتــووە، لەمانگی رابــردوو 34 کــەس لەهەولێر لەســەر دزینی کارەبا، بەپێی مادە 240ی یاسای سزادانی عێراقی بڕیاری دەستگیرکردنیان بۆ دەرچــووە، کە ئەنــدام پەرلەمان و وەزیرێکی عێراقیشی تێدایە.

بەڵگەنامەکە بریتییە لە لیستێکی 34 کەسی کە بەناوی (م.ک) دەستپێدەکات و بە ناوی (ر.ح) کۆتایی دێت.کە هەموویان بــەوە تۆمەتبــارن کە بەشــێوەیەکی نایاسایی کارەبای نیشتمانییان راکێشاوە، لەئەنجامی لێکۆڵینــەوەدا دادوەر بەپێی مادەی 240 ی یاســای سزادانی عێراقی بڕیاری دەستگیرکردنی داون. لەنێو ئەو لیستەشــدا ناوی دوو بەرپرسی کوردی عێــراق کــە ماڵیان لە هەولێــرە هەن. لەنێو سەرپێچیکارانیشــدا ناوی ئەندام پەرلەمانێکی کورد و وەزیرێکی حکومەتی عێراقیش هەیە، کە ماڵیان لە هەولێرە.

هەروەها بەپێی لیستێکی دیکە،هەر لە مانگی رابردوو 33 کەس بەتاوانی دزینی کارەبا سزا دراون.



## ڕرۆژهەڵاتی کوردستان مان دەگرێ

ڕووداو– ڕۆژهەڵاتی کوردستان

◆ بەبۆنەی نۆزدەهەمین ساڵرۆژی تیرۆرکرانی د. عەبدولرەحمان قاسملو، سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران(حدکا)، لەسەر بانگەوازی (حدکا) رۆژی 2008/7/12 موە لەشارەکانی ورمێو نەغەدەو مەهاباد، سەقز، بۆکان، شنۆ و پیرانشارو چەندین شاری دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دوکانو بازارەکان داخران، هێزەکانی حکومەتی ئێران لەشەقامو کۆڵانەکانی شارەکانداهەڕەشەیان لەخەڵک کرد کە دوکانەکانیان بکەنەوە. جگە لەوە کاژمێر 10ی شەویش چرای ماڵو شوێنی کاریان بۆ ماوەی 3 دەقیقە کوژاندەوە.

### پەرلەمان داوای زیادکردنی مووچەی هەموو پۆلیسەکان دەکات

# تەنیا مووچەی پاسەوانی بەرپرسەکان زیادکراوە

**ڕووداو– هەولێر**

سەرۆکی لیژنەی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان رایگەیاند وەزارەتی ناوخۆ بڕیاریداوە لەنێو سەرجەم هێزەکانی ناوخۆدا تەنیا مووچەی پاسەوانی بەرپرسەکان زیادبکرێ و لەم مانگەشەوە پارە زیادکراوەکەیان بۆ خەرجدەکرێت.

جەلال کەریم، بریکاری وەزارەتی ناوخۆ لەلێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) وێڕای پشتراستکردنەوەی ئەو زانیارییانە، ئاماژەی بەوەشدا کە ئەو بڕیارە لە کۆبوونەوەی وەزارەتی ناوخۆو وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ و وەزارەتی دارایی و وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری دارایی دراوەوەو بڕیارە لەم مانگەوە جێبەجێبکرێت.

ئیسماعیل مەحموود سەرۆکی لیژنەی ناوخۆ لەپەرلەمانی کوردستان بە (ڕووداو)ی راگەیاند، مانگی رابردوو لەکۆبوونەوەیەکی نێوان سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران و لیژنەکانی پەرلەماندا، لیژنەی ناوخۆی پەرلەمان داوای لەسەرۆکی حکومەت کرد مووچەی پۆلیس ڕێکبکرێتەوەو زیادبکرێت، چونکە بەشێکیان 240 هەزارو بەشێکیشیان 340 هەزار وەردەگرن،سەرۆکی حکومەتیش بڕیاری پێکهێنانی لیژنەیەکی دا لەوەزیری ناوخۆو دارایی.

ئیسماعیل مەحموود، گوتی"ئێستا لە وەزارەتی ناوخۆ بڕیاردراوە هەموو ئەو پۆلیسانەی پاسەوانی بەرپرسەکانن مووچەیان زیادبکرێت، ئەوانەی 240 هەزاریان وەردەگرت 170 هەزاریان بۆ زیاد دەکرێت و ئەوانەی 340 هەزاریان وەردەگرت100 هەزاریان بۆ زیاد دەبێت و بەڕێوەبەرایەتییەکیشیان بۆ کردوونەتەوە بەناوی بەڕێوەبەرایەتی پاسەوانەکان و لەمانگی حەوتیش ئەو زیادەیە وەردەگرن".

لەبارەی ئەو پۆلیسانەش کەپاسەوانی بەرپرسەکان نین، سەرۆکی لیژنەی ناوخۆ، گوتی "تائێستا چاوەڕوانی بڕیارەکەی سەرۆکی حکومەتین".

سەرۆکی لیژنەی ناوخۆی پەرلەمان گوتی داوایان لە حکومەت کردووە مووچەی هێزەکانی ناوخۆی کوردستان وەک بەغدای لێبێت"بەڵام رەنگە مووچەکەیان کەمتر بێت لەپۆلیسی بەغدا".

سەبارەت بەزیادکردنی مووچەی هێزەکانی ناوخۆ بەشێوەیەکی گشتی، وتی" چەند رێنمایەکمان دەرکردووە کە مووچەی هێزەکانی ناوخۆ زیادبکات و بڕی 100 هەزارەکەشیان بۆ سەرفبکرێت، بەڵام چاوەڕێی بڕیاری کۆتایین".




# گرتووخانەکانی کوردستان حاڵیان باش نییە

**تایبەت بەڕووداو**

بەپێی دوایین راپۆرتی وەزارەتی مافی مرۆڤی حکومەتی کوردستان رەوشی زۆربەی زیندانەکانی کوردستان لەرووی شوێنەوە زۆر خراپە و هەندێک لە زیندانەکان بەدەست نەبوونی ئاو و کارەبا و پێداویستییەکانی دیکەوە دەناڵێنن.

راپۆرتی هەرسێ مانگی ئادار، نیسان و مایسی 2008، کە وێنەیەکی دەست (ڕووداو) کەوتووە، بەپشت بەستن بە بەسەرکردنەوەی مەیدانی و قسەی زیندانییەکان "هەڵسوکەوتی کاربەدەستانی گرتووخانەکان بەبەراورد لەگەڵ مانگەکانی رابردوو باش بووە"، بەڵام لەرووی شوێنەوە " زۆربەی گرتووخانەکان کۆن و پیسن".

راپۆرتەکە ئاماژەی بەبچووکی زیندانی ئاسایشی گشتی لەهەولێر دەکات کە 134 راگیراوی تێدابووە "لەرووی قەبارەوە نەگونجاوە" و زۆری ژمارەی بەندکراوانیش بووەتە هۆی دروستبوونی "هەوایەکی ناتەندروست، کە مەترسی بڵاو بوونەوەی نەخۆشی لێدەکرێت" .بەڵام لەهەمانکاتدا باسی ئەوەیانکردووە کە بەهیچ جۆرێک ئەشکەنجە نادرێن.

هەروەها لەبارەی بەندیخانەی چاکسازی پیاوان و ژنانی سلێمانی لەراپۆرتەکەدا هاتووە کە گرتووخانەکە 455 حوکمدراوی تێدابووە، ئاماژە بەهیچ جۆرە کێشەیەک نەدراوە، جگە لەخراپی هۆڵەکان نەبێت کە "لەکۆی 24 هۆڵ تەنیا 2 هۆڵ نۆژەنکراونەتەوە و ئەوانی دیکە کۆنن".

سەبارەت بەگرتووخانەکانی قەزاکانیش، جگە لەراگرتنی زیندانییەکان لە 6 مانگ زیاتر بەبێ دادگاییکردن و باسی خراپی بینای گرتووخانەکان و بوونی تەوالێت لەنێو هۆڵەکاندا کراوە .راپۆرتەکە رەخنە لە خراپی خواردنی زیندانییەکانی بنکەی گرتن و گواستنەوەی ئاکرێ دەگرێ و دەڵێ بەو هۆیەوە تا ئێستا زیندانییەکان 2 جار مانیان لە خواردن گرتووە.

بەپێی راپۆرتەکە 3196 کەس لەسەرجەم گرتووخانەکانی کوردستاندا زیندانین، کە 1254 کەسیان حوکمدراون و 1942 کەسیش راگیراون.

### د. مەحموود عوسمان:

# گرێبەستە نەوتییەکانی شەهرستانی نایاسایین

**ڕووداو–بەغدا**

د.مەحموود عوسمان، ئەندامی پەرلەمانی عێراق رایگەیاند ئەو گرێبەستە نەوتییانەی وەزیری نەوتی عێراق بەنیازە مۆریان بکات نایاساین، بەڵام گرێبەستە نەوتییەکانی کوردستان یاسایین.

ئاژانسی Alternet لەزاری د.مەحموود عوسمانەوە بڵاویکردەوە کە گرێبەستە نەوتییەکانی کوردستان یاسایی نین. بەڵام د.مەحمود عوسمان لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) گوتی" لێدوانەکانی من شێوێنراون، من باسی ئەو گرێبەستە نەوتییانەم کردووە کە حوسێن شەهرستانی بەنیازە ئێستا لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان واژۆیان بکات، ئەوانە نایاسایین چونکە یاسای نەوت و غاز دەرنەچووەو کۆمپانیای نەوتی نیشتیمانی ئەو گرێبەستانە دەکات و شەهرستانی مافی ئەوەی نییە وەک وەزارەت بیکات".هاوکات فریاد رواندزی وتەبێژی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق داوای لە شەهرستانی کرد پەلە نەکات لە واژۆکردنی ئەو گرێبەستانە تا دەرچوونی یاساکە.

لە هەمانکاتدا، د.مەحموود لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ (ڕووداو) گرێبەستە نەوتییەکانی کوردستانی بەیاسایی ناوبردو گوتی" لەدەستووردا نەنووسراوە گرێبەستەکانی نەوت و غاز تەنیا دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندییە و حکومەتی هەرێمی کوردستانیش مافی خۆیەتی ئەوگرێبەستانە بکات بەلەیەکترگەیشتن لەگەڵ ناوەندا، گرێبەستەکانی کوردستان بەپێی یاسای نەوت وغازی کوردستان و دەستووری عێراق کراون".

### پێش کۆتاییهاتنی کۆنگرەی پێنجەمی

# بەرەی تورکمانی کەرتبوو

**ڕووداو– کەرکووک**

لەگەڵ بەستنی پێنجەمین کۆنگرەی بەرەی تورکمانیدا لەکەرکووک کە ماوەیەکی زۆرە ئامادەکاریی بۆ دەکرا و بەهۆی ناکۆکییە زۆرەکانی نێو بەرەوە دوادەخرا، حیزبی قەراری تورکمانی پاشەکشەی خۆی لەو کۆنگرەیە راگەیاند کە رۆژی 2008/7/13 کۆتاییهات.

حیزبی نێوبراو کە دکتۆر فاروق عەبدوڵلا عەبدولڕەحمان سەرۆکایەتی دەکات، رۆژی شەممەی رابردوو لەوبارەوە لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند "بڕیارمان دالەم کۆنگرەیە بکشێینەوە کە بە بوختان و ساختە ناوی کۆنگرەی تورکمانی لێنراوە، بەرپرسیارێتی مێژوویش دەکەوێتە ئەستۆی لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرە کە ریزەکانی گەلی تورکمان لێکدەترازێنێ".

بەیاننامەکەی حیزبی نێوبراو بەرەی تورکمانی بەوە تۆمەتبار دەکات کە بۆ بەشداریی کۆنگرە تەنیا سێ ئەندامی ئەوان دەستنیشان کراون، لەکاتێکدا وەک بەیاننامەکە دەڵێت "ئەوە لەگەڵ قەبارەی راستەقینەی حیزبی ئێمە نەگونجاوە" هەروەها دەڵێت "ئەو 3 کەسەش لەوانەن کە لەسەرکردایەتی ئێستای بەرەی تورکمانی مووچە وەردەگرن، ئەمەش مانای وایە لەژێر هەڕەشەدان کە دەبێت دەنگ بەپاڵێوراوەکانی بەرە بدەن".

بەگوێرەی سەرچاوەیەکی نزیک لەبەرەی تورکمانی، چاوەڕوان ناکرێت کۆنگرە گۆڕانکاریی گەورە بەسەر پێکهاتەی سەرکردایەتی بەرەدا بهێنێ و پێدەچێت دەنگ بەهەمان سەرکردایەتی ئێستا بدرێتەوە، لەنێویشیاندا سەعدەدین ئەرکیج سەرۆکی ئێستای بەرەی تورکمانی.

# پاسۆک دادەمەزرێتەوە

**ڕووداو– هەولێر**

لەبەیاننامەیەکدا کە ژمارەیەک لە ئەندامە کۆنەکانی لەدەرەوەی کوردستان دەریانکردووە، سەرلەنوێ دامەزراندنەوەی پارتی سۆشیالستی کورد (پاسۆک) راگەیێندرا.

پارتی ناوبراو کە لە 1975/9/11 لە کەرکووک دامەزرا بەدرێژایی ساڵانی پێش راپەڕین شانبەشانی هێزو لایەنە سیاسییەکانی دیکەی کوردستان بەشداریی خەباتی چەکداریی کردووە، پاش راپەڕینی بەهاری 1991ی خەڵکی کوردستان لەگەڵ پارتی گەل و حیزبی سۆشیالست حیزبی یەکگرتنیان دروست کردو خۆیان هەڵوەشاندەوە.

لەبەشێکی ئەو بەیاننامەیەدا کە وێنەیەکی دەست (ڕووداو) کەوتووە، هاتووە "دوای خوێندنەوەیەکی نوێی ئەم بارودۆخەو بەئامانجی داکۆکیکردن لەوناهەقییانەی لەپرسی نەتەوەیی کورد دەکرێت، بەباوەڕی نیشاندانەوەی دەنگ و رەنگی راستەقینەی کوردایەتی، بەئومێدی پتەوکردنەوەی هاوخەباتی و هاوسەنگەری لەگەڵ حیزب و لایەنە کوردستانییەکانی دیکەو بەمەبەستی بەهێزکردنی دەنگی ئۆپۆزسیۆنی راستەقینەو بەدیدی بەرەوپێشەوەچوون لەسەر راستە شەقامی کوردایەتی. بەستراتیژی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ و کولتوور و باوەڕی نەتەوەیی سەرلەنوێ ئارەزوومەندانە ئێمەی هاوبیرانی نەتەوەیی دێینەوە مەیدانی تێکۆشان و بڕیاری درێژەدان بە خەبات دەدەینەوە لەسەر رێچکەی شەهیدە سەربڵندو هەرگیزنەمرەکانمان".

# کورستان نێت دەدرێتە دادگا



عومەر فارس

**تایبەت بەڕووداو**

بەتۆمەتی ناوزڕاندنی لە وتارێکدا کە لە سایتی کوردستان نێت بڵاوبووەتەوە ئەرسەلان دەروێش، داوایەکی یاسایی لەسەر بەڕێوەبەری سایتی کوردستان نێت تۆمار کرد و سەرنووسەری سایتی ناوبراویش داوایەکە بەنایاسایی ناودەبات.

دوێنێ، عومەر فارس بەڕێوەبەری سایتی کوردستان نێت بانگهێشتی بنکەی پۆلیسی سەرچنار کراو دواتر دادگا بەکەفالەتی 130 هەزار دینار عومەر فارسی تا رۆژی دادگاییکردن ئازاد کرد.

عومەر فارس لەوبارەوە بە (ڕووداو)ی راگەیاند "داوایەکە لەسەر بڵاوبوونەوەی وتارێک بووە کە لەلایەن بەشداربوویەکی فێستیڤاڵی شانۆی دهۆک نووسراوەو لەوتارەکە باسی لەهەرسێ هونەرمەند ئەرسەلان دەروێش و ئەحمەد سالار و یاسین قادر بەرزنجی کردووە کە لەفێستیڤاڵەکە ئامادە نەبوونە، لەبەشێکی وتارەکەدا دەڵێت ئەرسەلان دەروێش کاتی خۆی وتار و پیاهەڵدانی بۆ بابە سەدام نووسیوە".

هەروەها ناوبراو داواکەشی بە نایاسایی وەسفکردو گوتی "من هاووڵاتییەکی هۆڵەندیم و بەسەردان هاتوومەتەوە کوردستان".

### دوای 20 ساڵ چاوەڕوانی دەزگیرانە ئەنفالکراوەکەی

# کچێک پۆشاکی بووکێنیی خۆی پێشکێشی وەزارەتی شەهیدان دەکات



جلوبەرگی بووکێنی مریەم کە بەهۆی ئەنفالەوە قەت لەبەری نەکرد (فۆتۆ:نەوزاد مەحموود)

**ڕووداو– سلێمانی**

کچێکی گەرمیانی کە لەسەروەختی پرۆسەی ئەنفالدا دەزگیراندار بووەو دەزگیرانەکەی لەو پرۆسەیەدا ئەنفالکرا، پاش 20 ساڵ چاوەڕوانی، یادگاری بوکێنییەکەی لەبوخچەیەکدا پێشکێش وەزارەتی شەهیدان و کاروباری ئەنفال کرد.

مریەم کە دوو مانگ دوای نیشانیکردنی لەلایەن دەزگیرانیەوە، خۆشەویستەکەی ئەنفالکراو وەک زۆر ئافرەتی دیکەی هاوشێوەی خۆی ساڵانێکی درێژ بوو چاوەڕێی گەڕانەوەی بوو و لەگەڵ ئەو تاکە یادگارییە دەژیا کە تا ئێستا زۆر بە جوانی پاراستوویەتی.

مریەم کە ئێستا بێئومێد بووە لە گەڕانەوەی دەزگیرانەکەی، تاکە یادگاریی ئەو خۆشەویستە جوانەمەرگکراوەی بەدەستی داگیرکەرانی کوردستان، لە بوخچەیەکدا پێشکێشی وەزارەتی شەهیدان و کاروباری ئەنفال کرد بۆئەوەی لە مۆزەخانەیەکی تایبەت بە ئەنفالدا بیپارێزن.

# ڕۆنکرنەکا پێدڤی بۆ ڕۆژناما ڕووداو

د ڕۆژناما (ڕووداو) ئەوا لرۆژا دووشەمبوا ڕێکەفتی ( 7– تیرمەها 2008 ) دەرکەفتی، دیدارەک برێکا ڕۆژنامەڤان سامان سندی دگەل مندا هاتبوو کرن وژبەر چەند شاشیێن تێدە هاتینە خواریێ من گەلەک ب پێتڤی زانی ئەز ڤان روونکرنێن لخواریێ بۆ هەوییێن بەڕێز رەوانە بکەم و هێڤیدارم پتر بابەتە روون وئاشکەرا بیت، ئەو شاشیا ڕۆژنامەڤانی بەلاڤ کری بێتە چارەسەرکرن ئەڤ ڕۆنکرنە جهێ خۆ د بەلاڤ کرنێ دا ببینت .

لپێشیێ من دڤێت بێژم وەک سەرۆکێ روحانیێ ئێزدیا نەک ( سەروکێ جڤاتا روحانیا ئێزدیان وەک کاک سامان بەلاڤکری ) هەر دەم دەرگەهێ مە یێ ڤەکریە بۆهەرڕۆژنامەڤانەکی وبسینگەکی بەر فرەهـ ئەم هەموو پرسیاران بەرسڤ د دەن، لێ وەسا دیار بوو کو کاک سامان هندە شاشی د دەرهەقێ مندا کرینە لەوما من ڤیا ڤان خالا بۆ هەوە بهنێرم .

دخالەکا دیدارێ دا ل سەر زاراڤێ من هاتیە ( کو هەر کچەکا ئێزدی شوی ب کورەکی کوردێ موسلمان بکەت ب مەرجەکی ببتە نک خو و دووری مە ئەم هیچ تشتی د دەرهەقێ وێ دا ناکن).

ل ڤێری یا من گوتی ئەو بوو کو هیچ تێکستەک د دینێ ئێزدیان دا نینە کو ئەو کچا وەبکەت بهێتە کوشتن، و من گۆتبوو هون دزانن ئەم یێ ل دەڤەرکا (ڕۆژهەلاتا ناڤین) رۆژانە ژمارا کچێن سەرا ڤان جۆرە کێشا دهێنە کوشتن، بەلاف دبیت کو گەلەک یا بلندە، بسەدان جاران بەلکو بهزاران سالانە دهێنە کوشتن .

خالا دی یامن بۆ وەدڤێت روون بکەم ئەوە کو داخوازیێن ئێزدیان، دڤێ خالێ دا من گوتبوو کو وەک بابێ شێخ ئەم دخوازن ئەو کارو خزمەتێن حکومەتا هەرێمی بۆ مە بکەت کو پرۆژێن خزمەتگوزاری چێبکەت بێ جیاوازی دناڤ بەرا دەڤەرێن ئێزدی وموسلمان ومەسیحیان دا، لێ ئەم دزانن کو پتریا دەڤەرێن مە سەرب حکومەتا مەرکەزی ڤەنە ئەم نەشێن پتر ژ حکومەتا هەرێمێ داخواز بکەن.

خالا سێ ئەو بوو من بەحسێ ئەندامێن پەرلەمانی کری کو مەد ڤێت ببنە 14 ئەندام ل پەرلەمانێ کوردستانێ ل گۆر ژمارا ئێزدیان ل ئیراقێ و هەرێما کوردستانێ بەلێ مە نهۆ تنێ سێ ئەندام هەینە وژلایێ پارتی دیموکراتی کوردستان وئێکەتی نیشتیمانی کوردستان هاتینە تەرشیح کرن و مەگۆت کاری بۆ پارتێن خو دکەن نەک بۆ ئێزدیان ئێکسەر ژبەر کو نە نونیەرێن ئێزدیانە.

خالا دی ئەو بوو کاک سامان ئاماژە پێ دای سەبارەت قائیمقامێ شیخان (خێری نەعمۆ) وبشاشی گوت بوو لەقێ 21 بەلکو یا دروست ئەوە لقێ 20و، ومن گۆت بوو ئەز وەک کارێ خۆ یێ ئاینی دەست کاریێ دڤان کێشان دا ناکەم هەر د عەینی خال دا بۆ من گەلەک سەیر بوو کو لسەر ناڤی من بێژیت ئەز پتر ئێکەتی نشتیمانی کوردستان دڤێم بەرامبەر پارتی دیموکراتی کوردستان چونکی ئەڤە نەکارێ منە و ئەم پشتەڤان وکارێ دکەین بۆ کوردایەتیێ .

هێڤیە هەر جهەکێ ب شاشی ئەو تێبینیێت مە خوندین بزانن کو ئەڤە هەلویستێ مەنینە وئەم هەردەم دگەل وێ چەندێ نە پێکڤەژیانێ و ئارامیێ ب سەپینن وپشتیڤانیا وی کاری بکەین کو مادا 140 بجە بێت داکو هەموو دەڤەرێن مە بێنە سەرب هەرێما کوردستانێ ڤە . دگەل رێز وسوپاسیا

**بابا شێخ**
**خەرتو حاجی ئیسماعیل**



* جەنابێ بابەشێخ ئەو هەڤپەیڤینا هەژمارا چۆیی، یا کو دگەل جەنابێ تە هاتیە ئەنجامدان تنێ ئەو گۆتن بوونە یێن کو جەنابێ تە لەسەر پرسیارێن من وەکو پەیامنێرێ ڕۆژناما (ڕووداو) بەرسڤداین و چ زێدەتری ڤان گۆتنێن تە تێدا نەبووەو، د چوارچۆڤێ وێ هەڤپەیڤینێش چ گۆتنێن زێدە دەرنەکەتینە .هەروەسا مە پتر بەلگەش هەنە ل سەر ڤان گۆتنێن خوە.

**سامان سندی**

## ڕیپۆرتاژ

**موهتەدی:**
**سۆسیال ئینتەرناسیۆنال**
**30 جێگری سەرۆکی هەیە**



ڕووداو-ڕۆژهەلات تیڤی
لەدیدارێکدا لەگەڵ ڕۆژهەلات تیڤی، سکرتێری کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان عەبدوڵڵا موهتەدی ڕایگەیاند کە سەرۆکی ڕێکخراوی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆنال(SI) 30 جێگری هەیە و مام جەلال یەکێکیانە. موهتەدی کە بەشداری کۆنگرەکە بوو گوتی" ڕێکخراوی ئینتەرناسیۆنالیستی سۆسیالیست تا 30 جێگری سەرۆکی هەیە کە لە سەرانسەری دونیا هەڵدەبژێردرێن، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سێ جێگری سەرۆکیان بۆ دیاری کردبوو کە یەکیان "بێ نەزیر بۆتۆ" بوو کە بەداخەوە لە ڕوداوێکی تێرۆریستیدا گیانی لەدەست دا، ئیهود باراک سەرۆکی پارتی کاری ئیسرائیل و مام جەلال".

# ئەردۆغان بە 26 خاڵی لێک گەیشتن گەڕایەوە

## بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی کوردستان "نێچیرڤان بارزانی داوەتکرا، بەڵام پێڕانەدەگەیشت"

**ڕووداو-بەغدا**

دوای چاوەڕوانییەکی زۆر، ڕەجەب تەیب ئەردۆغانی سەرۆک وەزیرانی تورکیا، لەنێو هەواڵەکانی هاتن و نەهاتندا لەپێناو پاراستنی ئەمنیەتی ئەردۆغاندا، ڕۆژی 2008/7/10 سەردانە یەک ڕۆژیەکەی بۆ عێراق ئەنجامدا و یاداشتنامەیەکی 26 خاڵیی لێک تێگەیشتنی عێراق و تورکیا لێکەوتەوە، کە لەلایەن خۆی و هاوشانە عێراقییەکەی نوری مالیکی واژۆکرا. بڕیاردەری لیستی هاوپەیمانی کوردستانیش بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە"سەردانەکەی ئەردۆغان لایەنی باش و خراپی بۆ کورد تێدایە، بەڵام لایەنە باشەکانی زیاترن".

بەپێی سەرچاوەکان پرسەکانی نەوت، ئاوی دیجلە و فورات، پرسی PKK و وەبەرهێنانی کۆمپانیا تورکییەکان لە عێراق لەخاڵە هەرە گرنگەکانی نێو گفتوگۆکانی نێوان هەردوو لا بووە.هەرچەندە پێشبینی دەکرا ئەردۆغان هەڵوێستی توندی خۆی لەدژی گەڕانەوەی کەرکووک بۆ سەر هەرێمی کوردستان بکاتە یەکێک لە خاڵەکانی گفتوگۆی نێوان هەردوولا، بەڵام هەروەک د.بەرهەم ساڵح جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق دوای ڕۆیشتنەوەی ئەردۆغان ڕایگەیاند " لەگفتوگۆکانماندا باسی کەرکووک نەکرا، بەڵام لە پرێس کۆنفرانسەکەدا باسیکرد"، ئەردۆغان لە وەڵامی پرسیاری ڕۆژنامەڤانێکدا لەبارەی پرسی کەرکووک گوتی کە ئەوان خوازیاری ئەوەن پێکهاتەکانی کەرکووک ڕۆڵیان لە ئیدارەکردنیدا هەبێت.ئەوەش ئاماژەیەک بوو بۆ هەڵوێستی پێشووی کە دەیگوت" ئەگەر کەرکووک بە ریفراندۆمیش بکەوێتە سەر هەرێمی باکووری عێراق ئێمە قبوڵ ناکەین".هەربۆیەش تورکیا هەمیشە دژی ئەنجامدانی ریفراندۆم بوو لە کەرکووک، ئەوەبوو لە پرۆژەی بیکەر-هاملتن دا ئەو داخوازییەی تورکیا جێگیرکرا، دیمستۆرای نوێنەری سکرتێری UN لە عێراق، کە بەکردەوە دۆسیەی 140ی کەرکووک و ناوچە دابڕاوەکانی باشووری کوردستانی کەوتووەتە دەست لەگەڵ ریفراندۆمدا نییە.

بەڵام، ئەوەی لەقسەکانی ئەردۆغاندا لەوبارەوە بە زۆر پۆزەتیف لەلایەن هێندێ چاودێرەوە لێکدەدرێتەوە لەوبارەوە ئەوەیە کە گوتی مەسەلەی کەرکووک لەنێو دەستووری عێراق دایە و "ئێمە لەگەڵ جێبەجێکردنی دەستورین".

سیروان زەهاوی، بڕیاردەری لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق، پێیوایە "سەردانەکەی ئەردۆغان لایەنی باش و خراپی بۆ کورد هەبوو، بەڵام لایەنە باشەکانی زیاترن"، بێ ئەوەی ئەو لایەنە باش و خراپانە ڕوونبکاتەوە.لەبارەی کێشەی کەرکووک لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) گوتی "ئەردۆغان لەسەردانەکەیدا باسی ئەوەیکرد کە پێویستە هەموو پێکهاتەکانی عێراق لەدەسەڵاتدارێتی کەرکووکدا بەشداربن و ئەم بۆچوونەی ئەردۆگان پێچەوانەی بۆچوونی لیستی هاوپەیمانی کوردستان نییە، چونکە لیستی هاوپەیمانی کوردستانیش پێیباشە هەموو پێکهاتەکانی کەرکووک بەشداری دەسەڵاتبن، تەنانەت لیستی هاوپەیمانی کوردستان ئامادەیی خۆی دەربڕی کەپۆستە ئیدارییەکان لەنێوان کورد و عەرەب و تورکمان و کلدان و ئاشوری بەتەوافوقێکی سیاسی دابەش بکرێن".

زەهاوی جەختیشی لەسەرئەوە کردەوە، کە ئەوەی لەنێوان مالیکی و ئەردۆغاندا واژۆکرا " یاداشتی لێکگەیشتنە نەک ڕێککەوتن"، چونکە هەروەک ئەو ڕوونیکردەوە هەموو ڕێکەوتنێک لەنێوان عێراق و وڵاتێکی دیکە دەبێ لە پەرلەمان بە دەنگی 2 لەسەر 3 ی ئەندامان ڕەزامەندی لەسەر بدرێ و لە ڕۆژنامە بڵاوبکرێتەوە.بەهرۆز گەلاڵی نوێنەری یەکێتیش لە ئەنقەرە ڕایگەیاند کە ئەو یاداشتنامەیەی لێک تێگەیشتنە لە سەر پێشنیازی مام جەلال دانراوە.

بەڵام بەپێچەوانەی قسەکانی زەهاوی ساڵی ڕابردوو هەردوو وەزیری نێوخۆی عێراق و تورکیا ڕێککەتنێکیان مۆرکرد کە تائێستا نەهێندراوەتە پەرلەمان و ئاشکراش نەکراوە.

ئەردۆغان لەسەردانە یەک ڕۆژییەکەیدا لەگەڵ سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی کۆبووەو خوانی ئێوارەشی لای مام جەلال بوو.د.فوئاد مەعسوم سەرۆکی لیستی هاوپەیمانی کوردستان کە ئامادەی ئەو خوانە بوو لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) گوتی "من تەنیا لەسەر خوانی ئێوارە بەشداربووم و د.بەرهەم ساڵح ئاگاداری کۆبوونەوەکانە".



مالیکی و ئەردۆغان لە بەغدا تەوقە لەگەڵ یەکتری دەکەن

پاش چەند پەیوەندیکردن، (ڕووداو) دکتۆر بەرهەمی دەستنەکەوت.

ئەردۆغان لەسەردانەکەیدا، لەگەڵ هیچ بەرپرسێکی هەرێمی کوردستان دانیشتنی نەبوو، ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) لەڕۆژی گەیشتنی ئەردۆغاندا لەسەر زاری سەرچاوەیەک لەبەغداوە بڵاویکردەوە کە ئەردۆغان هیچ بەرپرسێکی هەرێمی کوردستان نابینێ.بەڵام فەلاح مستەفا، بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی کوردستان لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) گوتی نێچیرڤان بارزانی کاتێکی زووتر ئاگادارنەکرابووە بۆ بینینی ئەردۆغان لەبەغدا و دواتریش کە ئاگادار کرایەوە نەیدەتوانی بەهۆی کەمی کات بگاتە بەغدا" داوا لە کاک نێچیرڤان کرابوو کە لەبەغدا ئامادەبێت، بەڵام لەبەر هەندێک هۆی کەمی کات، کە ئەردۆغان تەنیا یەک ڕۆژ لە بەغدا مایەوە، نەیتوانی بگاتە بەغداو بەمشێوەیە ئەردۆغان و نێچیرڤان بارزانی یەکتریان نەبینی، ئەگینا سەرۆکی حکومەتی کوردستان پێیخۆشبوو لەگەڵ ئەردۆغان دابنیشێ".

سەبارەت بەیەکتر نەبینینی سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانی و سەرۆک وەزیران ڕەجەب تەیب ئەردۆغانیش گوتی هەرچەندە من ئاگاداری بەرنامەکانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان نیم، بەڵام بەپێی زانیارییەکان، یەکتر بینینی هەردوولا لە بەرنامەی سەردانە یەک ڕۆژییەکەی ئەردۆغاندا نەبووە.

لەبارەی پرسە ئابوورییەکانی نێوان هەردوو وڵاتیش، کە بەڕای چاودێران بەرژەوەندییە ئابوورییەکان بەتایبەت لە بواری نەوت، فشارەکانی ئەمریکا لەسەر تورکیا بۆ باشکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ عێراق هاندەری ئەو سەردانەی ئەردۆغان بوون بۆ بەغدا. نێوەڕۆکی یاداشتنامەکە واژۆکردنی پەیماننامەی هاریکاری ئابووری ستراتیژی لە نێوان هەردوو وڵات بەر لەکۆتایی ساڵی 2008 ی کردووەتە پێویستییەک. هەروەها باس لە پەلەکردن لەکردنەوەی دەروازەیەکی دیکەی سنووری لە نێوان هەردوو لا کراوە. بەڵام نازاندرێ مەبەست لەو دەروازەیە کردنەوەی ئەو دەروازەیە لە ناوچە سنوورییەکانی پارێزگای هەولێر لەگەڵ تورکیا، یان کردنەوەی دەروازەکە لە ڕێگەی سوریاوە، کە پێناچێ سەرەڕای هەوڵی تورکیا شتێکی قبوڵکراوبێ لەلایەن ئەمریکا.دەقی یاداشتنامەکە لە (ڕووداونێت) بڵاوکراوەتەوە.

لەلایەکی دیکەوە بەرپرسانی عێراق بەر لەسەردانەکەی ئەردۆغان ڕایانگەیاندبوو ئەگەر تورکیا ناوی کۆمپانیا وەبەرهێنەکانی کە لەئاستی جیهانیدا کاریان کردووە بداتە عێراق، عێراق ئامادەیە تا6 ملیار دۆلار پرۆژەیان پێبدات. شاندەکەی تورکیاش بەسەرۆکایەتی ئەردۆغان لەکاتی سەردانەکەیاندا لیستێکی پێکهاتوو لە 30 کۆمپانیایان پێشکێشی حکومەتی عێراق کرد.

سیروان زەهاوی ئاماژەی بەوەدا کە ئەردۆغان لەکاتی سەردانەکەیدا باسی لەوە کردووە کە 5 ملیار دۆلار پارەی وەبەرهێنانی تورکی لەعێراقدا هەیە و ئومێدیان وایە لەساڵی ئایندە بیگەیێننە 15 ملیار دۆلار.

سەرۆک وەزیرانی تورکیا بەدەستی خاڵی نەگەڕایەوە تورکیا هەر لەو سەردانەیدا توانی کێشەی کۆمپانیای نەوتی تورک، ت.پ.ئۆ یەکلایی بکاتەوە، کە پێشتر حکومەتی عێراق مافی دۆزینەوە و دەرهێنانی بەکۆمپانیای ناوبراو نەدەدا، بۆیە لەکاتی خوانی ئێوارەدا لە کۆشکی سەرۆک کۆماریی، مام جەلال سەرۆک کۆماری عێراق، وەک دیارییەک بۆ ئەردۆغان پەیمانی نەوتی بۆ بەرژەوەندی کۆمپانیای ت پ ئۆ لەگەڵدا واژۆ کرد. بەوەش ت.پ.ئۆ مافی دۆزینەوەو دەرهێنانی نەوتی عێراقی بەدەست هێنا.

سەبارەت بەپرسی PKK لەگفتوگۆی نێوان هەردوو لادا سیروان زەهاوی گوتی "ئەردۆغان زۆر سوپاسی حکومەتی ناوەندی و هەرێمی کوردستانی کرد، کەهاوکاریان بوون بۆ ئەوەی لەخاکی عێراقەوە هێرشنەکرێتە سەر تورکیا، ئەمەش شتێکی زۆرباش بوو بۆ کورد". هەروەها زەهاوی هەڵوێستی ئەردۆغانی لەبارەی کێشەی ئاویشەوە زۆر بە ئەرێنی دانا "ئەردۆغان گوتی بەپێی ئەو ڕێژەیەی بۆ عێراق تەرخانکراوە ئاومان بەرداوەتەوە،لەبەرئەوەی عێراق لەرەوشێکی وشکەساڵیدایە، ئامادەین زیاتر هاوکاری عێراق بکەین".

موراد قەرەیلانی سەرۆکی کۆنسەی سەرۆکایەتی PKK، هاوکات لەگەڵ سەردانی ئەردۆغان بۆ عێراق داوایکرد حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەغدا ملکەچی نەنوێنن بۆ داواکانی ئەردۆغان، چونکە ئەردۆغان پێویستی بە عێراق و هەرێمی کوردستانە نەک بەپێچەوانەوە. هەر لەوبارەوە ئەحمەد دەنیزی وتەبێژی پ ک ک پێش هاتنی ئەردۆغان لە لێدوانێکدا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئێمە لەدژی دیالۆگ نین. دیالۆگ دەرمانی دەردانە. توندوتیژی هیچ پرسێک چارەسەر ناکات. پاش شکستی هێرشی زاپ تورکیا ڕازی بوو لەگەڵ باشوور دابنیشێت. پێشتر زۆر قسەی خراپیان بەبەڕێزان مام جەلال و کاک مەسعود دەگوت، بەڵام پاش زاپ بینیان بەتەنیا ناتوانن ئەنجام وەربگرن. ئێمە بە ئەردۆغان دەڵێین کورد کوردی پێشوو نییەو قەتیش شەڕی براکوژی دووپات ناکاتەوە".

---

## بەتۆمەتی سەرکوتکردنی ڕاپەڕین

# کوردێک موجاهیدینی خەلق دەداتە دادگا



کوردێک مەریەم و مەسعود ڕەجەوی بە تۆمەتی بەشداریی موجاهدینی خەلق لە سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی 1991 دەداتە دادگا (فۆتۆ:AFP)

**ساڵح قادر**
**ڕووداو – هەولێر**

هاووڵاتییەکی دانیشتووی قەزای کفری بەتۆمەتی تاڵانکردنی دوکانەکەی و ئاوارەبوونی بەهۆی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵقی ئێرانییەوە لەکاتی سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی بەهاری 1991، داوایەکی یاسایی لەسەر ئەو ڕێکخراوە تۆمار دەکات، سەرۆکی تیمی پارێزەرانی دۆسیەی سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی 1991یش ڕایگەیاند "جگە لەو هاووڵاتییە چەند کەسێکی دیکەش بەنیازن داوای یاسایی لەسەر ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵق تۆمار بکەن".

پارێزەر عەبدولرەحمان زێباری، سەرۆکی تیمی پارێزەران لەدۆسیەی سەرکوتکردنی ڕاپەڕین لەدادگای باڵای تاوانەکانی عێراق بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەو هاووڵاتییە بەگوێرەی ئیفادەکەی یەکێکە لەو کەسانەی کە لەکاتی سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی خەڵکی کفری لەلایەن ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵق زیانی بەر کەوتووەو دووکانەکەی تاڵانکراوە، بۆیە ئێستا لەنووسینگەی هەولێری دادگای لێکۆڵینەوە داوای یاسایی لەسەر هەر یەک لە مەسعود ڕەجەوی و مریەم ڕەجەوی و ئەیاد فتەییح ڕاوی، فەرماندەی هێزەکانی پاسەوانانی سەرۆک کۆماری عێراق تۆمار کردووە".

ڕێکخراوی موجاهدینی خەلقی ئێرانی لەساڵی 1965 لەتارانی پایتەختی ئێران لەلایەن کۆمەڵێک لاوی چینی ناوەندی دامەزرا و لە ساڵی 1979 بەشداری لەشۆڕشی ئیسلامی ئێران کرد، بەڵام دواتر بەهۆی ناکۆکییان لەگەڵ کاربەدەستانی ئێران لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو بوونە هێزێکی چەکداری ئۆپۆزسیۆن دژی کۆماری ئیسلامی ئێران.

ڕێکخراوی ناوبراو دوای ناکۆکییان لەگەڵ کاربەدەستانی ئێران،بەشێکیان چوونە فەرەنسا و بەشێکیشیان لە عێراق نیشتەجێبوون و لەلایەن ڕژێمی پێشووی عێراق پشتگیری دەکران. لەدوای نەمانی ڕژێمی بەعسیش لە نیسانی 2003دا لەسەربازگەکەیان لە شاری ئەشرەفی موجاهدین، کە سەر بە پارێزگای دیالەیە بێ چەک کران.

ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵق، کە لەلایەن سەدامەوە پشتگیرییەکی زۆریان لێدەکرا، دواجار بۆ ئەو ڕژێمە بوونە فریادرەسێک و لەلایەن خودی سەدام حوسێنەوە دەسەڵاتی تەواویان پێدەدرێت بۆ سەرکوتکردنی گەلی کوردی ڕاپەڕیو لەکوردستان و عەرەبی شیعەش لەباشوور.

سینگلتۆنی تەمەن 50 ساڵان کەچالاکڤانێکی بواری مافی مرۆڤەو هۆگرێکی تەواوی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئێرانە، کتێبێکی نوسیوە لەسەر نهێنیەکانی ناوخۆی موجاهدین، کەبەشێکی کتێبەکە لەژێر ناونیشانی "سوپای تایبەتی سەدام"ە لەو بەشەدا باس لەکۆکوژی موجاهدین دەکات بەرامبەر بەگەلی کورد.

هەروەها مامۆستا خورشید، کە لەلایەن موجاهیدینی خەڵق لەگەڵ چەند کوردێکی دیکە بەدیل گیرابوو، دواجار لەلایەن ئەفسەرێکی سوپای عێراقی لەچنگی چەکدارانی موجاهیدینی خەڵق ڕزگارکراوە باس لەدەسەڵاتی ئەوێ ڕۆژێی موجاهیدین دەکات و دەڵێت "ئەفسەرەکەی سوپا کە ئێمەی ڕزگار کرد، پێیگوتین، تا هێزتان تێدایە ڕابکەن چونکە ئەوان ئەمڕۆ دەسەڵاتیان لەئێمە زیاترە، سەرپشک کراون لەهەر شتێک کە بیکەن".

هەرچەندە ڕێکخراوی موجاهدینی خەلق هەمیشە ئەوە ڕەتدەکاتەوە، بەڵام بەپێی قسەی شایەتحاڵەکان ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵقی ئێران لەکاتی ڕاپەڕینەکەی بەهاری 1991 دا ڕۆڵێکی باڵای هەبوو لەسەرکوتکردنی خەڵکی ڕاپەڕیوی گەرمیان بەتایبەتی لە ناوچەکانی کفری و کەلار و، باس لەوە دەکەن کە چەندین کەس کەوتوونەتە بەر شاڵاوی هێرشەکانی ئەو ڕێکخراوەو کوژراون.

عەبدولرەحمان زێباری، سەرۆکی تیمی پارێزەرانی دۆسیەی سەرکوتکردنی ڕاپەڕین لەسەر زاری ئەو هاووڵاتییەی سکاڵای تۆمار کردووەو هەروەها ئەو 3 کەسەی شایەتیان لەسەر ڕاستیی قسەکانی ئەو هاووڵاتییە داوە دەڵێت " ئەوان دەڵێن لە ڕۆژی 1991/3/11 واتە ڕۆژێک دوای گرتنی شارۆچکەی کفری لەلایەن ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵقەوە بە تۆپ و دەبابە هێرشیان کراوەتە سەر، لەئەنجامدا خەڵکیان لێکوژراوەو ماڵ و حاڵی خۆیان جێهێشتووەو ئاوارەی ئێران بوونە".

ئەو پارێزەرە وەکو بەڵگەیەک کە ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵق بەشداریان لە سەرکوتکردنی ڕاپەڕیندا کردووە، لەسەر زاری ئەو هاووڵاتییە دەڵێت "ئەوان بەرگریان کردبوو لەئەنجامدا دەبابەیەکیشیان تێکشاندبوو، کە چوو بوونە سەر دەبابەکە بینیبوویان تەرمی ئافرەتێکی تێدایە، ئافرەتەکەش هەمان ئەو جلانەی لەبەردابووە کە ئافرەتانی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵق دەیپۆشن".

بەپێی قسەی ئەو پارێزەرە لەئەنجامی پەلاماری موجاهیدین نزیکەی 100 هەزار کەس لەناوچەکانی گەرمیان ئاوارەی ئێران بوون " ئەوان لەئۆردوگای نووگەرد لەئێران نیشتەجێبوون، تەنانەت ئەو هاووڵاتییانە باس لەوە دەکەن کە موجاهیدین لەوێش وازی لێنەهێناون و چەندجارێک تۆپبارانی کردوون".

سەبارەت بە ژمارەی ئەو سکاڵایانەی کە تا ئێستا لەسەر موجاهیدینی خەڵق تۆمار کراون بەتۆمەتی بەشداریکردنیان لە سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی 1991 دا، زێباری گوتی "ژمارەیەکی دروستم لەلا نییە کە چەند کەس سکاڵایان لەسەر ڕێکخراوی موجاهیدین تۆمار کردووە، بەڵام لەنووسینگەی هەولێر تا ئێستا یەک کەس سکاڵای تۆمار کردووە، لەشوێنانی دیکەش سکاڵا تۆمار کراوە".

ئەگەرچی زێباری باس لە ئاوارەبوونی 100 هەزار کەس دەکات لەسەر دەستی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵق، بەڵام ئەوەی تا ئێستا ڕوون بووەتەوە تەنیا یەک هاووڵاتی سکاڵای لەدژی ئەو ڕێکخراوە تۆمار کردووە، زێباری هۆکارەکەی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە "خەڵکەکە لەسەر مەسەلەی دادگا سارد بووەتەوە، چونکە تەماشا دەکەن تا ئێستا ئەو زیانلێکەوتووانەی سکاڵایان لەکەیسی ئەنفالدا تۆمارکردووە قەرەبوو نەرکراونەتەوە و تاوانبارانیش سزای لەسێدارەدانیان بۆ دەرچووەو تا ئێستا لەسێدارە نەدراون".

پارێزەر عەبدولڕەحمان زێباری دادگاییکردنی هەر یەک لە مریەم ڕەجەوی و مەسعود ڕەجەوی بە "زەحمەت" نازانێ و گوتی "چونکە ئەو تۆمەتەی ئاراستەی ئەوان کراوە، تاوانی نێو دەوڵەتین، کاتێک یاداشتی دەستگیر کردن دەردەچێ دانەیەک دەدرێتە ئینتەرپول و دەتوانرێت لەڕێگەی ئینتەرپولەوە بهێنرێنە دادگا".

سەبارەت بەرێوشوێنەکانی دادگا بۆ ئاراستەکردنی تۆمەت بۆ هەر یەک لە مەسعود ڕەجەوی و مریەم ڕەجەوی، زێباری گوتی "دادگا تازە وتەی سکاڵاکەرانی وەرگرتووە، وردەکاری لەسکاڵاکەدا دەکات، دوای وردەکاری بڕیاری دەستگیر کردن دەردەچێ".

ئاخۆ بە تەنیا سکاڵایەک، کورد دەتوانێت موجاهیدینی خەڵق ڕاکێشێتە دادگا؟ زێباری لەوەڵامدا دەڵێت " بۆ ناتوانێت، سەرۆکی دادوەرانی لێکۆڵینەوە دەتوانێت تۆمەت ئاراستەی هەر کەسێک بکات کە سکاڵای لەسەر بێت، دواتریش جگە لەو هاووڵاتییە بەپێی زانیاری ئێمە چەند کەسێکی دیکەش بەنیازن داوای یاسایی لەسەر ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵق تۆمار بکەن".

# ڕاپۆرت



## هیلتەرمان: نەهێشتنی گەندەڵی کورد لە خەونی سەربەخۆیی نزیک دەکاتەوە

ڕووداو-Global Voices

لە لێکۆڵینەوەیەکی تازەدا بەناوی ( بەرەو خۆپاراستن یان پلاندانان، کوردی عێراق وداهاتوویان) کە لەم ڕۆژانەدا بڵاویکردەوە، لێکۆڵەری ئەمەریکایی جوست هیلتەرمان لە گرووپی قەیرانە نێودەوڵەتییەکان دەڵێ ئەو دەروازەیەی پێشتر لەبەردەم کورد لەعێراق کراوە بوو ئێستا وردە وردە بەرتەسک دەبێتەوە. هیلتەرمان دەڵێ" بەڵام کورد دەتوانن لەرێگەی حکومەتکردنێکی باش ونەهێشتنی گەندەڵی وبەهێزکردنی پەیوەندییە ئابوورییەکانیان وپەیوەندی باشیان لەگەڵ دراوسێکان، لە بەدیهێنانی خەونەکەیان کە سەربەخۆیی کوردستانە نزیک ببنەوە ".

### وەزیری گەشتوگوزاری کوردستان :

# گەشتوگوزار لە ئەرکە پێشینەکانی حکومەت نییە



**ڕووداو–VOA**

وەزیری گەشتوگوزاری کوردستان ڕایگەیاند تائێستا گەشتوگوزار جێی گرنگی و بایەخی حکومەتی کوردستان نییە ولە ئەرکە لە پێشەکانیش نییە.

لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ بەشی ئینگلیزی دەنگی ئەمەریکا نەمرود بیتۆ یۆخەننا وەزیری گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان گوتی " کوردستان مەڵبەندێکی دێرینی شارستانی وشوێنەوارەکانە، بەڵام تا ئێستا گەشتوگوزار لە ئەرکە لە پێشەکانی حکومەت نییە وشتی لەپێشتر هەیە وەک ئاوو کارەبا و ڕێگەوبان".

یۆخەننا ئاماژەی بەوەدا کە وەزارەتەکەی تا ئێستا هیچ ئاماروزانیارییەکی لەبارەی ئەو شوێنە گوزاریانە نییە کە زۆرترین گەشتیار رووی تێدەکەن وجێی سەنجیانە" تا ئێستا نە نەخشەی شوێنە گوزارییەکانمان هەیە نە هیچ ڕێنماییەکی گەشتیاری کە زانیاری پێویست بداتە گەشتیاران، بەڵام ئێستا خەریکی دروستکردنیانین" .

بەپێچەوانەی قسەکانی وەزیری گەشتوگوزار، سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان هێرش موحەڕەم دەڵێ لە کوردستان گەشتوگوزار لە پێشکەوتندایەو دەسکەوتی باشیشی بەدەست هێناوە" لە کۆی 105 پرۆژەی وەبەرهێنان، 16 بۆ بورای گەشتوگوزارە کە بەهاکەیان دوو ملیار و نیو دۆلارە" .

ئەمەش نۆهێندەی سەرمایەی تەرخانکراوە بۆ بواری خوێندن وفێرکردن.

بەڵام وەزیری گەشتوگوزار گلەیی لە نەبوونی بودجەی پێویست بۆ وەزارەتەکەی دەکات ودەڵێ" ئەمساڵ هیچ بودجەیەکی باش لەلایەن حکومەتەوە بۆ وەزارەتەکەمان تەرخان نەکراوە، لەوانەیە ساڵی داهاتووش بودجەکە هەروا بمێنێتەوە".

یەکێک لە ئاستەنگەکانی بەردەم بووژانەوەی گەشتوگوزار لەکوردستاندا ئەو هۆشیارکردنەوەو ئاگادارکردنەوەیەی وڵاتانی ڕۆژئاوایە بۆ هاووڵاتییەکانیان بۆ ئەوەی سەردانی عێراق نەکەن چونکە شوێنێکی مەترسیدارە. دۆگلاس لایتۆن کە کابرایەکی ئەمریکاییە وخاوەنی کۆمپانیایەکە تایبەتە بە هێنانی گەشتیاران بۆ کوردستان ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو زۆر هەوڵیداوە ئەو هۆشداریەی حکومەتی ئەمەریکا بگۆڕێت کە هانی هاووڵاتییەکانی دەدات لەبەر مەترسی سەردانی عێراق نەکەن " بەڕاستی ئەوهۆشداریدانەی حکومەتی ئەمەریکا زۆر ناڕەوایە وبە زۆر بەرپرسی ئەمەریکاییشم گوتووە، لەوانەش دیک چێنی جێگری سەرۆک لەکاتی سەردانی بۆ کوردستان".

مانگی رابردوو گرووپێکی گەشتیاری ئەمەریکایی هاتنە کوردستان کە یەکەم گرووپی ئەمەریکاییە بەکۆمەڵ وبەمەبەستی گەشتوگوزار بێنە کوردستان.وەزیری گەشتوگوزار ئومێدەوارە ئەو گرووپە گەشتیارانەی دێنە کوردستان هەوڵبدەن فشار بخەنە سەر حکومەتەکانیان تا ناوی کوردستان لە لیستی ئەو شوێنانە دەربێنن کە بۆ گەشت وسەیران مەترسیان لەسەرە.

# لە کوردستان مەڕ مەڕ دەخوات

**سۆران بەهائەددین**
**ڕووداو –هەولێر**

تەحسین سیامەند، لەسووچێکی گۆڕەپانی ئاژەڵان دانیشتبوو، بەخەمبارییەوە چاوی بڕیبووە ئەو مەڕانەی بۆ فرۆشتن ڕاگیرابوون، چونکە دوای 28 ساڵ لەمەڕداری، وشکە ساڵی ناچاری کردبوو دەستبەرداری ڕانە مەڕەکەی بێت.

تەحسین سیامەند، یەکێکە لەو مەڕدارانەی نەیتوانی بەرگەی ئەو وشکە ساڵییە بگرێت کە ڕووی کردووەتە کوردستان، دوای ئەوەش

> **بەجۆی موسڵ و کای ئێرانی و ئالیکی بەغدا، ئاژەڵداری ناکرێ**
>
> ئاژەڵدارێک

بێئومێد دەبێت لە هاوکارییەکانی حکومەت، بۆیە ڕانە مەڕەکەی دایە پێش خۆی بۆ مەیدانی ئاژەڵان.

لێرە وشکە ساڵی، لەولا تۆپبارانی ئێران، لەملا تۆپبارانی تورکیا، هەموویان پێکەوە ئاژەڵدارانیان پەرێشان کردووە.ئەو مەڕدارە گوتی "لەوەتەی هەم مەڕدارین، هیچ کات لە 200 سەر ئاژەڵ کەمترمان نەبووە، ئەمساڵ نەمانتوانی بەخێویان بکەین، نە لەوەڕگا هەیە، نەحکومەتیش هاوکاری کردین ئاژەڵەکانمان بژیێنین،لەبەر ئەوە هەموو مەڕەکانمان فرۆشت"، تەحسین هیچ مەڕی نەماوە بیفرۆشێ و بۆ کرینی هیچیش

نەهاتبوو" تەنیا بۆ سەیبووری هاتوومەتە مەیدانی ئاژەڵان، چونکە ئارامیم بەبینینی ئەو ئاژەڵانە دێت".

ئاژەڵداری هاوشانی جووتیاری لەدرێژایی مێژوو، کاری سەرەکی کورد بووە، بەڵام لەدوای هێرشەکانی ئەنفال، ئەمساڵ ئاژەل لە هەموو ساڵەکانی دیکە زیاتر بەهۆی وشکە ساڵیەوە بەرەو کەمبوونەوەیە. ئەمەش هەڕەشەیەکی زۆرە بۆ سەر ئاسایشی خۆراکی کوردستان. بەتایبەتیش کە لەوەڕگای کوێستانییەکانی کوردستانیش لەژێر هەڕەشەی تۆپبارانی ئێران و تورکیادان، ئاژەڵداران ناتوانن ڕووی تێبکەن.

کامەران ئیسماعیل، خاوەن خانەیەکی ئاژەڵ بەخێوکردنە، ساڵانی ڕابردوو بەردەوام زیاتر لە 200 سەر دابەستەی هەبووە، بەڵام ئێستا بە هاوکێشەی (مەڕمەڕدەخوات)هیچی نەماوە"هەموو خەڵک مەڕەکانیان دەفرۆشن، کەس بۆ بەخێوکردن نایکڕێت، ئەگەر دابەستەش بکرێت مەڕ مەڕ دەخوات، واتە بۆ بەخێوکردنی مەڕێک پێویستە لانیکەم مەڕێکی بۆ بفرۆشی، بەهەموو شێوەیەک لە دابەستەکردنی ئاژەڵ زەرەر دەکەی".

کامەران کە شارەزایەکی زۆری لە کڕین و فرۆشتنی ئاژەڵ هەیە گوتی ڕۆژانە نزیکەی 2 هەزار ئاژەڵ لەهەولێر سەردەبڕدرێت" ئەمساڵ هەموو کەس ئاژەڵ بۆ سەربڕینی ڕۆژانە دەکڕێ، کەس بۆ دابەستن نایکڕێ، وا بڕوات ئەمساڵ 20% ئاژەڵ لەکوردستان نامێنێت".

عوزێر ساتۆری، دەڵاڵێکی مەیدانی ئاژەڵانە، گوریسێکی بە دەستەوە بوو و ملی کارێکی پێ بەستبووەوە. ئاماژەی بەوە دەکرد ژیانی لەسەر کڕین و فرۆشتنی کارە، بەڵام ئێستا بازاڕی بێ بەراورد کز بووە "چەند ساڵ بوو ڕۆژانە 50 — 100 سەرم دەفرۆشت کەچی ئەمڕۆ لە 5 کار هێشتا کارێکم ماوەتەوە ".

گرانبوونی ئالیک وزەحمەت دەستکەوتنی، بووەتە هۆی دابەزینی نرخی ئاژەڵ لەلایەک، لەلایەکی دیکەش تۆپباران ناهێڵێت مەڕدارانی کوردستان سوود لەو کوێستانانەش وەربگرێ.

سەرکەوت قەساب، 22 ساڵ، چەند چەقۆیەکی بەقایشەکەی پشتیەوە بەستبوو، چاوەڕوانی کەسێکی دەکرد لەگەڵی بڕوات بۆ ئەوەی گایەکی بۆ سەربڕێت. سەرکەوت هۆکاری دابەزینی نرخی ئاژەڵانی بۆ گرانی ئالیک و جۆ گەڕاندەوە"کیلۆی ڕەشەوڵاخ بەزیندوێتی، بە بەراورد لەگەڵ ساڵی ڕابردوو 1000 دینار دابەزیوە، ئەوەی جاران 500 سەر ڕەشەوڵاخی هەبوو، ئێستا 50 سەری نییە، ڕەشەڵاخ بەرەو نە مان دەچێت، بازاڕ سفرە، مەگەر لەبۆنەو جەژنەکان بجوڵێت". سەرکەوت دەڵێ ئێستا ڕۆژانە 10 گا لە هەولێر بۆ خێر دەکڕدرێن، بەڵام چاوەڕوانی ئەوەبوو دەرچوونی ئەنجامەکانی پۆلی شەشەمی ئامادەیی بازاڕ بجوڵێنن .

سەرکەوت زۆر کاریگەرە بەو دیمەنانەی ڕۆژانە لەمەیدانی ئاژەڵان دەیبینێت کە زۆر کەس دێن هەموو ئاژەڵەکانیان دەفرۆشن "ئەو گەنجە جوانانە دێن لێرە بۆ مەڕەکانیان دەگرین، سەگەکانیان دەکوژن و گوێدرێژەکانشیان بەڕەڵڵا دەکەن، دەڵێن تازە دەمانکەنە پۆلیس و سەرباز".

هەڤاڵ لەسەر کورسیەک لەبەر دەم قەپانەکەی دانیشتبوو، باسی لەو مەڕدارنە کرد کە بەهۆی تۆپبارانی کوێستانەکان بەناچاری دێن ئاژەڵەکانیان دەفرۆشن" ئەمەش وایکردووە نرخی ئاژەڵ دابەزێ، ئەو بەرخەی پار کیلۆی بە 21 دینار بوو ئێستا بە 16 دینارە".

عارف عەبدوڵڵای ئالیک فرۆش، باسی لە گرانبوونی ئالیک کرد بەهۆی وشکەساڵی و گوتی" یەک تەن ئالیک بە 365 هەزار دینارە،واتە سێ ئەوەندەی ساڵانی ڕابردووە".

سەردار عەباسیش، کە خانەیەکی گەورەی ئاژەڵانی هەیەو، نزیکەی 50 ڕەشەوڵاخی دابەستووی هەیە دەڵێت "بەخێوکردنی ئاژەڵ ئەستەم بووە، خەرجی هەر ڕەشەوڵاخێک ڕۆژانە 10 هەزار دینارە، لەبازاڕیش پارە ناکات، ئاخر بەجۆی موسڵ و کای ئێرانی و ئالیکی بەغدایی چۆن ئاژەڵداری دەکرێت؟".

هەر چەندە ئەوانەی ئاژەڵ دادەبەستن وەرگرتنی ئالیک لەحکومەت نایانگرێتەوە، بەڵام سەردار باسی لەناعەدالەتی دابەشکردنی ئالیک کردلەلایەن حکومەت و گوتی "پیاو هەیە یەک وڵاخی نییە بەتەن ئالیک وەردەگرێت، ئاژەڵداریش هەیە تا ئیستا یەک کیلۆی وەرنەگرتووە".

ڕزگار جەلال،سەرۆکی بەشی سامانی ئاژەڵ لەقەزای خەبات ئەوەی پشتراستکردەوە کە ئاژەڵدار هەیە هیچ ئالیکی وەرنەگرتووەو گوتی "بۆ هەر سەر مەڕو بزنێک 15 کیلۆ ئالیک دەدەین، بۆ ڕەشەوڵاخیش ئەوەی بە (کەڵکردن)ی دەستکرد چاککرابێ 100 کیلۆی پێدەدەین، ئەم ڕێژەیە بۆ مانگانەیە، بەڵام 5 مانگ زیاترە دەستمان پێکردووە، نزیکەی مانگێکشە دابەشکردنەکە ڕاوەستاوە، چونکە ئالیک لەو گەنمەی لەبەغدا دێت دروستدەکرێت، ماوەیەکیشە کێشە کەوتووەتە نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا لە بارەی هێنانی گەنمەوە".

بەڵام ئەوەی ڕەتکردەوە کە ئالیک درابێتە کەسێک ئاژەڵی نەبووبێت "دوای ئەوەی سێ لێژنە سەردانی ئاژەڵ و خاوەنەکانیان دەکات ئینجا ئێمە ئالیکیان دەدەینێ".

لوقمان عەبدوڵڵا لەسەر ئەو جۆیە دانیشتبوو کە لە پیکابەکەی باری کردبوو، بە ڕبەکەی دەستی خەریکی پێوانەکردنی جۆ بوو بۆ کڕیارەکانی، ئەو پێیوابوو دابەستەکردنی ئاژەڵ زەحمەت بووەو گوتی "عەرەبەکان ئەو جۆیەیان لەعەمباری موسڵەوە بۆ هێناوین کەهی ئەمساڵ نییە، جۆ زۆر کەمە پار عەلبەی بە 60 هەزار دینار بوو، ئەمساڵ لە150 هەزار دینار زیاترە".

لەکوردەواری ئەگەر شتێک زۆر هەرزان بێت دەگوترێت زۆر هەرزانە وەکو "خۆڵ"ە یان وەک "کا"یە، بەڵام چیتر ئەو کایە نەما کە بکرێتە دەستەواژەی هەرزانی.

مام یاسینی کافرۆش، کە بە فەردە کا دەفرۆشێ گوتی "کا زۆر گران بووە، لەکوردستان زۆر کەمە، لە حەویجە بۆمان دێت لەوێ دەخڵ و دان بەئاودێری کراوە، بەڵام لەحەویجەش بەرەو نەمان دەچێت، ئەو فەردە کایەی پار بە 2 هەزار بوو ئێستا بە 5-6 هەزارە، زۆر گرانتریش دەبێت، لەوانەیە فەردەی ببێتە 15 هەزار دینار".

لەو کاتەی مام یاسین باسی کای حەویجەی دەکرد، هێمنی کافرۆشی دراوسێی هاتە قسەو گوتی "کایە ئێرانییەکەش لەبیر نەکەن".بەپێی قسەی هێمن ماوەیەکە کای ئێرانی دێتە کوردستان، بەڵام بەهۆی باجی زۆرەوە 3 فەردە کای ئێرانی بە 25 هەزارە، بۆیە خەڵک کەمتر کای ئێرانی دەکڕن.



مەڕدارێکی عەرەب لە دەڤەری پشدەر

(فۆتۆ: ڕووداو)

# مەڕی عەرەب لەوەڕی کوردستان دەخۆن

**ئیبراهیم مستەفا**
**ڕووداو –ڕانیە**

لەکاتێکدا وشکە ساڵی هەڕەشە لە بەبیابانبوونی خاکی کوردستان دەکات، مەڕدارە عەرەبەکان بۆ دەستکەوتنی لەوەڕگا ڕوو لەکوردستان دەکەن و بەرپرسانی ئەمنیش دەڵێن ڕاستە ئەوانە بەدوای کاسبی خۆیانەوەن، بەڵام زۆرجار کەسانی خراپیش لەگەڵ ئەوانەدا دێنە کوردستان.

دەشتی بیتوێن، یەکێکە لەدەشتە بەپیتەکانی کوردستان، وێڕای ئەوەی وشکەساڵی لە بەپیتیی ساڵانی ڕابردووی کەمکردووەتەوە، بەڵام بووەتە جێگەی چاوتێبڕینی مەڕدارە عەرەبەکان و ڕۆژانە هەزاران سەر مەڕ لە لەوەڕگاکانی ئەو دەشتە دەلەوەڕێندرێن. ئەمەش لەکاتێکدایە کە مەڕدارانی کورد بەهۆی تۆپبارانی هێزەکانی ئێران نەیانتوانیوە سوود لەکوێستانەکانی کوردستان وەربگرن، بۆیە زۆربەیان ئاژەڵەکانیان هەرزانفرۆش کردووە.

بەپێی ئەو ئامارەی لەلایەن ئاسایشی ڕانیەوە دراوەتە (ڕووداو)، 90 ماڵە عەرەب لەشارەکانی عێراقەوە ڕوویانکردووەتە سنووری قەزای ڕانیە، کە ژمارەیان 410 کەسە و لەنێو ئەو 60 ماڵەشدا 4یان مەڕدارن، کە لە 46 کەس پێکدێن، جگە لەوەش خاوەنی هەزاران سەر ئاژەڵن. بەپێی قسەی بەڕێوەبەری ئاسایشی ڕانیە، تەنیا مەرج بۆ ڕێگەدان بە هاتنی ئەو عەرەبانە، پشتگیریکردنیانە لەلایەن موختار و دانیشتووانی ناوچەکە.

عەلی حەمەد بەگ، قایمقامی قەزای ڕانیە، هاتنی ئەو ماڵە عەرەبانەی بە"شتێکی ئاسایی" دانا، بەڵام لەهەمانکاتیشدا گوتی "بەداخەوە زۆرجار خەڵکی خراپ خۆیان دەخزێننە نێو ئەو ماڵە عەرەبانەو دێنە کوردستان". هەروەها کاریگەری هاتنی ئەو ماڵە عەرەبانەشی نەشاردەوە لەسەر بارودۆخی ئابووری خەڵکی کوردستان و گوتی "زۆرجار بەهاتنی ئەو عەرەبانە کرێی خانوو بەرز دەبێتەوە".

سەبارەت بەگلەیی خەڵکی ناوچەکەش کە دەڵێن حکومەت هاوکاری زۆری ئەو ماڵە عەرەبانە دەکات، قایمقامی قەزای ڕانیە گوتی "خەڵک مافی خۆیانە گلەیی بکەن، بەڵام پێموایە حکومەت بەجیا هاوکاری ئەوانە بکات باشترە، نەک ببن بە ئەرک بەسەر خەڵکی کوردستاندا".

هاتنی ماڵە عەرەبەکان، هەمیشە جێگەی گومانی دەزگاکانی ئاسایش و تەنانەت هاووڵاتیانیش بووە، بۆیە لەکاتی هاتنیان ڕێوشوێنی ئەمنی توندیان بەرامبەر دەگیرێتە بەر. کە زۆرجار دەبێتە مایەی بێزاربوونی عەرەبەکان، وەک عەرەبێکی موسڵ ئاماژەی پێدا، بەهۆی ڕێوشوێنەکانی ئاسایش ناتوانێت ئەو بەشە خۆراکەی مانگانە لە موسڵ وەریدەگرێت بگوازێتەوە.

عەقید حەیدەر حاجی تانی، بەڕێوەبەری ئاسایشی ڕاپەڕین، کە سەرقاڵی واژۆ کردنی داواکاری ماڵە عەرەبێک بوو بۆ گەڕانەوە بۆ بەغدا، لەبارەی هاتنی ماڵە عەرەبەکان بۆ دەڤەری بیتوێن گوتی "خەڵکی عێراق بۆیان هەیە بەئاسایی بێنە کوردستان، بەڵام دەبێ کەسێکی ناوچەکە پشتگیریان بکا، کەس مافی بەسەریانەوە نییە و ئێمە هاوکاریان دەکەین".

سەبارەت بەدروستبوونی کێشەش بۆ ئەو ماڵە عەرەبانە، عەقید حەیدەرگوتی "هەندێک کێشە دەبێ ئەوەش کێشەی ئاسایی ڕۆژانە، بۆ نموونە مەڕدارێکی عەرەب مەڕەکەی لێخوڕیووە و کەوتووەتە ناو پەرێز و لەوەڕی کوردێک، بەڵام بەگشتی کێشەیان نییە".

بەپێی ئاماری ئاسایشی ڕانیە زۆربەی ئەو ماڵە عەرەبانەی ڕوویانکردووەتە دەڤەرەکە خەڵکی بەغدا، دیالە و ناوچە سوننە نشینەکانن، کە زۆربەیان لەترسی کاری تیرۆستی ڕوویانکردووەتە ناوچەکە، هەروەها بەشێک لەو ماڵە عەرەبانەش کە مەڕدارن، ئەمساڵ بەهۆی نەبوونی لەوەڕگا زێدی خۆیان جێهێشتووەو ڕوویان کردووەتە ناوچەکە.

جیا لەوەی هاتنی ئەو عەرەبانە بووەتە هۆی بەرز بوونەوەی نرخی خانوو و کرێی خانوو، لەهەمانکاتیشدا عەرەبەکان بەشێوەیەکی بەربڵاو دیاردەی سواڵکردنیان لەگەڵ خۆیاندا هێناوەو ڕۆژانە دەیان ئافرەتی عەرەب لەنێو شارۆچکەی ڕانیەدا دەبینرێن کە سەرقاڵی سواڵکردنن، ئەمەش بووەتە مایەی بێزاری خەڵکی ناوچەکە.

مەخلەف عوبێد، 50 ساڵ، مەڕدارێکی عەرەبە، بەگوتەی خۆی پێشتر لەدەوروبەری موسڵ نیشتەجێبووە، بەڵام وشکە ساڵی ناچاری کردووە زێدی خۆی جێبهێڵێت و لەگوندی قۆڕەگۆی نزیک ڕانیە خێوەت هەڵبدات.

مەخلەف، کە خاوەنی هەزاران سەر مەڕە وەک خۆی گوتی 3 مانگە هاتووەتە کوردستان و بەدوای نانی حەڵاڵدا دەگەڕێت، تاکە گرفتی خەلەف ئەو وشکەساڵییە، ئەگەر نا هیچ گرفتێکی لەگەڵ مەڕدارو جووتیارانی ناوچەکەدا نییە.

سەبارەت بەهاوکاریکردنیان لەلایەن حکومەتی کوردستانەوە مەخلەف گوتی "هیچ هاوکارییەکمان لەحکومەت وەرنەگرتووە، بەپارەی خۆمان پاوان و لەوەڕگا لەخەڵکی ناوچەکە دەکڕین، جگە لەوەش داو و دەرمانیش بۆ ئاژەڵەکانمان لەحکومەت وەرناگرین و بەپارەی خۆمان دەیکڕین، نەبووینە بارگرانی بەسەر کەسەوە".

تاکە گرفتی ئەو مەڕدارە عەرەبە وەک خۆی ئاماژەی پێدا، بەشە خۆراکی مانگانەیە، ئەو کە خاوەنی 16 سەر خێزانە گوتی "بەشە خۆراکی مانگانەم لەشاری موسڵە، بەڵام بەهۆی ئەوەی ئاسایش داوای مۆڵەتی ڕێگەپێدانم لێدەکات، ناتوانم بەشە خۆراکەکەم بگوازمەوە".

ڕائید دەواس، یەکێکی دیکەیە لەو مەڕدارە عەرەبانەی ڕوویکردووەتە دەڤەری بیتوێن، بەهۆی وشکەساڵییەوە هەمان گرفتی مەخلەفی هەبوو، ئەویش نەبوونی لەوەڕگابوو لە زێدی خۆیان، سەبارەت بە گەڕانەوەشی بۆ شوێنی خۆی گوتی" تا لەوەڕ لێرە هەبێت ناگەڕێینەوە، لەوانەیە زستان بگەڕێینەوە".

مەڕدارێکی کوردی ناوچەی ڕانیە، کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، لەبارەی هاتنی ماڵە عەرەبەکان گوتی "ئەگەر ئێمە بچووبایەنە شارە عەرەبییەکان دەیانکوشتین و مەڕ و ماڵەتەکانیشیان بەتاڵان دەبردین، کەچی کەس لێرە بەوان ناڵێت ماڵتان لەکوێیە".



**عەدنان موفتی:**
**لە هەوڵی بەردانی گەشتیارەکاندایین**

ڕووداو-شباب العراق
◆ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند کەئێستا لە میانگێریدان بۆ بەردانی ئەو سێ بارمتە ئەڵمانییەی لەلایەن PKKگیراون. لە لێدوانێکدا بۆ سایتی (شباب العراق) عەدنان موفتی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان گوتی" تورکیامان ئاگادارکردووەتەوە کە ئێمە لە هەوڵی بەردانی ئەوگەشتیارە ئەڵمانیانەین کەلەلایەن PKK ەوە لە تورکیا بەبارمتە گیرکراون".

## PKK: تا ئەڵمانیا سیاسەتی بەرامبەر کورد و PKK نەگۆڕێ سێ گەشتیارە ئەڵمانەکە ئازاد ناکەین

# سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ئیدانەی دەکات و ئەڵمانیاش داواکانی PKK ڕەتدەکاتەوە



لە 13 گەشتیار، 10 گەشتیار لەلایەن PKK ـەوە ئازادکران (فۆتۆ:DIHA)

**ڕووداو –ئاژانسەکان**

فەرماندەیی هێزەکانی پاراستنی گەلHPG، باڵی سەربازیی پارتی کرێکارانی کوردستان PKK ڕایگەیاند کە 3 شاخەوانی ئەڵمان لەلایەن هێزێکی ئەوانەوە دەستگیر کراون و جەختیشی لەسەر ئەوە کردەوە کە تا ئەڵمانیا دەست لە سیاسەتی دژایەتیکردنی کورد و پ ک ک هەڵنەگرێت ئەو 3 هاووڵاتییە ئەڵمانە ئازاد ناکات.

بەپێی ئەو ڕاگەیێندراوەی فەرماندەیی ئەیالەتی سەرحەدی HPG کە لەلایەن ئاژانسیANF بڵاوکراوەتەوە ئەو سێ شاخەوانە لە ڕۆژی 2008/7/9 لەلایەن ئەوانەوە دەستگیرکراون" 3 شاخەوانی ئەڵمان بەناوەکانی :هێلموت جوهان،65 ساڵ. مارێتن گیرۆپەتەمەن،47 ساڵ و لارس هۆلپەر ریمە، 33 ساڵ . لەلایەن ئەوانەوە دەستگیرکراون".

لەهەواڵی ئەو ئاژانسەدا هاتووە کە لە ڕاگەیێندراوەکەدا داواکراوە کە بۆ پاراستنی گیانی ئەو سێ گەشتیارە ئەڵمانە هێرشەکانی سوپای تورکیا لەوناوچەیەی باکووری کوردستاندا بوەستێندرێن.

لە ڕاگەیێندراوەکەدا هاتووە کە" گەلی ئەڵمان دوژمنی ئێمە نین و هیچ هەڵسوکەوتێکی خراپ لەگەڵ ئەو سێ هاووڵاتیە ئەڵمانەدا نەکراوە، بەڵام تا دەوڵەتی ئەڵمان دەست لە سیاسەتی دژایەتی پەکەکە و کورد هەڵنەگرێت ئەو 3 هاووڵاتیەی ئەڵمان ئازاد ناکەین".

هەر لەوبارەوە، ئەحمەد دەنیز گوتەبێژی پ ک ک لەلێدوانێکدا بە ئاژانسی ANF جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە "تا ئەڵمانیا سیاسەتی خۆی بەرامبەر بەکورد نەگۆڕێت ئەو بارمتانە ئازاد ناکرێن و بارمتەکانیش لەباری تەندروستیەوە باشن".

ڕۆژی 9ی ئەو مانگە، 13 شاخەوانی ئەڵمان بۆ هەڵشاخان بە چیای ئاگری لە باکووری کوردستان، لە بەرزایی3200 مەتری چیاکەدا لەلایەن گەریلاکانی پ ک ک دەستگیرکران. پاش چەند کاژێرێک 10 کەسیان ئازاد کران و سێ کەسیشیان بەبارمتە لای خۆیان هێشتنەوە. 10 گەشتیارە ئازادکراوەکە خەڵکی هەرێمی باڤاریای ئەڵمانیان، دوای ئەوەی لەلایەن پۆلیسی شاری بایەزیدەوە ئیفادەیان لێوەرگیرا چوونە شاری وان،لە فڕۆکەخانەدا گەشتیارەکان ئامادەنەبوون وەڵامی هیچ پرسیارێکی حەشاماتی ڕۆژنامەڤانە کۆبووەکان بدەنەوەو بەبێدەنگی سواری فڕۆکە بوون بەرەو ئەنقەرە.

ڕاوێژکاری ئەڵمانیا، ئەنگێلا مێرکڵ لە بانگەوازێکدا بۆ پ ک ک داوایکرد ئەو سێ ئەڵمانە بە زووترین کات و بێ ئەوەی زیانیان پێبگات ئازاد بکرێن . گوتیشی " لەوبارەوە گفتوگۆ لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی تورکیا ئەردۆغان دەکەم ".

سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، ڕۆژی 2008/7/12 لە بەیاننامەیەکدا بەتووندی داوای ئازادکردنی سێ گەشتیارەکەی کرد و تێیدا هاتووە" سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان زۆر بەتووندی ئیدانەی ڕفاندنی سێ گەشتیارە ئەڵمانەکە دەکات"، هەروەها بەیاننامەکە بەبێ ناوهێنانی پ ک ک دەڵێ"ئەم کارە زۆر خراپ و زیانبەخش دادەنێ بۆ کێشەی کورد و داوا لەو لایەنە دەکات کە ئەم کارەی ئەنجامداوە بە پەلەو بێ دواکەوتن ئەو سێ گەشتیارە ئازاد بکات".

سەرۆکی پارتی کۆمەڵگای دیموکراتی DTP ئەمینە ئەینا، ڕایگەیاند ئەگەر حکوومەتی ئەڵمانیا داوایان لێ بکات ئەوان ئامادەن ڕۆلی ناوبژیوانی بگێڕن بۆ ئازادکردنی ئەو هاووڵاتیانەی ئەڵمان.

وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا فرانک ڤالتەر شتاینمایەر، ئەوەی ڕەتکردەوە کە ئەڵمانیا مل بۆ داواکانی پ ک ک بدات و گوتی" ژووری عەمەلیاتی قەیرانەکان لەهەوڵی بەردەوامدایە بۆ ئازادکردنی ئەو سێ هاووڵاتییە".

ڕۆژنامەڤانێکی کورد لە ئەڵمانیا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند نارەزایی دەربڕینی کوردانی لایەنگری پ ک ک لە ئەڵمانیا دژی بڕیاری ئەڵمانیا بە قەدەخەکردنی تەلەڤزیۆنی rojهیچ ڕەنگدانەوەیەکی لە ڕاگەیاندنی ئەڵمانیادا نەبوو لەمانگی ڕابردوودا،بەڵام دوای گیرانی ئەو سێ هاووڵاتییەی ئەڵمان، زۆر لە ڕۆژنامە و تەلەڤزیۆنەکانی ڕەخنە لەو توندییەی حکومەتی ئەڵمانیا دەگرن بەرامبەر بە پ ک ک . هەر لەو پەیوەندییەدا کەناڵی N24ی ئەڵمان بەدرێژایی ئەم چەند ڕۆژە ڕیپۆرتاژ و لێکۆڵینەوەی زۆری لەسەر ئەو کێشەیە کردووە. ئەو تەلەڤزیۆنە لەیەکێک لەڕیپۆرتاژەکانیدا نەخشەی کوردستانی نیشاندا و ئاماژەی بەوە کرد کە کورد نەتەوەیەکە زیاتر لە40 ملیۆن کەسییە، بەڵام تا ئێستا نەیتوانیوە دەوڵەتی خۆی دابمەزرێنێ. هەروەها ئاماژەی بەوە کردووە کە لەئەڵمانیا بەهەزاران کورد دەژین و ژمارەیەکی زۆریشیان ئەندامانی پ ک ک ن و هەست بەوە دەکەن کە ئەڵمانیا دژایەتییان دەکات. پەیامنێری ئێن24ی ئەڵمانی لەئیستەنبوڵ و ئەنقەرەشەوە ئاماژەیان بە مامەڵەی خراپی ئەڵمانیا لەگەڵ ئەندام و لایەنگرانی پ ک ک کرد و هەروەها ڕەخنەیان لەقەدەخەکردنی داخستنی کەناڵی ڕۆژتیڤی لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی ئەڵمانیا گرت.

هەروەها کەناڵی ARD ئەو کێشەیەی بۆ کاردانەوەی پ ک ک بەرامبەر مامەڵەی خراپی دەوڵەتی ئەڵمانیا گەڕاندەوەو دووپاتیکردەوە کە حکومەتی ئەڵمانیا نەدەبوایە تەلەفزیۆنی ڕۆژ قەدەخە بکات.

دوای چەند خۆنیشاندانێکی توندوتیژانەی PKK لە نێوەڕاستی نەوەتەکاندا، ئەڵمانیا هەڵوێستی خۆی بەرامبەر PKK توندکرد و خستییە لیستی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانەوە، هەرچەندە ئەوکات عەبدوڵڵا ئۆجەلان ڕایگەیاند کە ئەوانەی ئەوکارەیان کرد ئەندامی ئەوان نین و بۆ دروستکردنی دوژمنایەتی لە نێوان PKK و ئەڵمانیا ئەو کارەیان کردووە. بەڵام حکومەتی ئەڵمانیا کە خاوەن پەیوەندییەکی بەهێزە لەگەڵ تورکیا، دەستیکرد بە گرتنی بەرپرسانی PKK لە ئەڵمانیا، کە ئێستاش هەندێکیان لە زیندانەکانیدان.



# دارستانەکانی کوردستانیش بەڵای تورکیاوە تیرۆریستن

**عەبدولڕەحمان عەلی**
**ڕووداو–هەولێر**

بەڕێوەبەرایەتی دارستانەکانەکانی ویلایەتی دێرسم (تونجەلی) بەفەرمانێکی نهێنی کە لەلایەن والییەوە پێیدراوە، موختاری21 گوندی ناوەندی ویلایەتی لەوە ئاگادار کردووەتەوە کە دەبێ لەدەستی چەپ و ڕاستی جادە سەرەکییەکانەوە بەفراوانی 150 مەتر دارستانەکان ببڕدرێنەوە.

دارستانەکانی کوردستان وەک چیاکان تەنیا پشت و پەنای شۆڕشگێڕانی کورد بوون، بۆیەش هەمیشە لەلایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە بەتووندترین شێوە پەلامار دراون و سووتێنراون. بەپێی دوایین زانیاری لەباکووری کوردستانەوە بڕیاری بڕینەوەی دارستانەکان بەواژۆی بەرپرسی بەڕێوەبەرایەتی دارستانەکانی دێرسم سەردار ئەکسۆی بۆ موختاری گوندەکان نێردراوە، والی لەنووسراوەکەیدا سەبارەت بە هۆیەکانی دەرکردنی ئەو بڕیارە دەڵێ" بەپێی نووسراوێک کە فەرماندەی جەندرمەی تەمجەلی بۆی ناردووین، ئەو دارستانانەی لەڕێگاوە نزیکن لەباری ئاسایشەوە دەبنە مەترسی". لەبەر ئەوەش بڕیاری بڕینی بڕینی دارستانەکانی نزیک ڕێگاکان دراوە، کە وڵاتانی جیهان بودجەیەکی زۆر بۆ ڕواندنی درەخت لە نزیک شەقامەکان خەرجدەکەن، بەڵام تورکیا بەپێچەوانەوە درختە هەییەکانیش دەبڕێتەوە.

لەو نووسراوەدا والی داوا لە موختاری ئەو 21 گوندە دەکات کە گوندییەکانیش هاوکاری بڕینەوەی دارستانەکان بکەن .

لەوەرزی هاویندا بەهۆی گەرماوە، ئاگرکەوتنەوە لە دارستانەکان ڕوو لەزیادبوون دەکات، دەوڵەتیش بەو فەرمانانەی هەوڵی نەهێشتن و وشککردنی دارستانەکان دەدات.

لەبڕیارەکەدا دەگوترێت، دەبێ لەلای ڕاست و چەپی جادەکانەوە بەپانی 150 مەتر داری لێ نەهێڵدرێ. هەروەها ئەو شوێنانەی دەبێت دارستانەکانیان ببڕدرێنەوە لەنووسراوەکەدا دیاریکراون، کە ڕێگای20 گوند و هەروەها دەوروبەری 4 بنکەی سەربازیش لەخۆ دەگرێت.

لەو نووسراوەدا هەروەها داوا دەکرێت کە دانیشتوانی گوندەکانیش لەکاری بڕینەوەی دارستانەکاندا بەشدار بن. لەئەنجامی ئەو ئۆپەراسیۆنانەدا کە سوپای تورکیا لە ڕۆژانی 6 و 29ی حوزەیراندا لەچیای باگۆک لەدژی گەریلاکانی پ ک ک ئەنجامیدا، ئاگرێکی گەورە و بەرفراوان لەدارستانەکانی ئەو چیایە بەربوو، کە بەقسەی شاهیدان بۆ ماوەی 6 ڕۆژ درێژەی کێشاو کاتێک خەڵکی ویستوویانە ئاگرەکە بکوژێننەوە لەلایەن سوپاوە ڕێگەیان پێنەدراوە.

کامەران یوکسەک جێگری سەرۆکی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی DTP، کە پارتێکی یاسایی کوردانە، لەوبارەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە ئەوە جاری یەکەم نییە بڕیاری بڕینەوەی دارستانەکانی باکووری کوردستان دەدرێ" ئێمەش وەک DTP هەمیشە ئەو بڕیارانەمان پرۆتستۆکردوون، ئەو بڕیارانە ڕوونە بۆ تێکدانی ژینگەی کوردستان و بە گوڕخستنی ئۆپەراسیۆنەکانی تورکیا دەدرێن".

ئەو بەرپرسەی DTP گوتی دوای بەستنی کۆنگرەی نا ئاسایی پارتەکەیان سمینارێکی فراوان لەوبارەوە سازدەکەن " هەروەها بەشێوازی جۆراو جۆریش بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو بڕیارە دەکەین، چونکە بڕینەوەو سووتاندنی دارستانەکان تەنیا لە دێرسم نییە بەڵکو لەسەرانسەری باکووری کوردستاندا وەک ڕێگەیەک لەلایەن سوپاوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی تەڤگەری ڕزگاریخوازی کورد پێڕەو دەکرێ".

کەمال کەریمی ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستان- ئێران لەبارەی ئاگرتێبەردانی دارستانەکانی کوردستان لەلایەن سوپای دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستانەوە، گوتی پێشتر لەڕۆژهەڵاتی کوردستان و پارچەکانی دیکەش دارستانەکان بەهۆی تۆپبارانەوە سووتێندراون" بەڵام ئێستا بەئەنقسەت و بەشێوەیەکی بەرنامەدار کار بۆ سووتاندنی دارستانەکانی کوردستان دەکرێ و ڕێگە بەخەڵکی دەڤەرەکان نادەن ئاگرەکە بکوژێننەوە".

کەریمی هەوروەها گوتی" سووتاندنی دارستانەکان لەڕۆژهەڵاتی کوردستان لە2 ساڵی ڕابردوودا ڕووی لەزیادبوون کردووەو زیاتریش لەناوچەی مەریوان ئەنجامدراوە، بەگوێرەی خەڵکی دەڤەرەکە سوپای پاسداران ئاگری لەدارستانەکان بەرداوە، تا نەبێتە جێگەی حەوانەوەی پێشمەرگە".

هەرلەوبارەوە نوری بریمۆ بەرپرسی ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کورد لە سوریا ( ئەلپارتی) بە (ڕووداو)ی گوت"مانگێک لەمەوپێش نزیکەی50 هێکتار لەدارستانی کوێستانەکانی گوندی حاجی حەسنای عەفرین لەلایەن دەوڵەتی سوریا سووتێنرا. هەرچەندە پارتە کوردییەکان لەڕۆژئاوای کوردستان دەستیان نەداوەتە چەک، بەڵام دەوڵەت لەدارستانەکان دەترسێت". هەرلەو پەیوەندییەدا بەرپرسێکی پارتی یەکێتی دیموکراتی PYD بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند هەرچەندە ئەوان ئێستا شەڕی چەکداری ناکەن، بەڵام گەریلاکانیان لەدارستانەکانی ڕۆژئاوادا هەن و دەوڵەتی سوریاش لەبەر ئەوە ئاگر لەدارستانەکان بەردەدات.

دارستانی کوێستانی گوندی حاجی حەسنا لەساڵانی 1918تا1919 مەڵبەندی سەرهەڵدانی کەسایەتیەکی کورد بوو بەناوی ( حەمۆ ئیبۆ شاشۆ)کە میرنشینێکی سەربەخۆی تێدا دامەزراند و دەسەڵاتی عوسمانی و فەرەنسییەکانی ڕەتدەکردەوە. بەڵام لە ئەنجامدا چیرۆکی سەرهەڵدانی حەمۆ ئیبۆش وەک زۆربەی شۆڕشگێڕانی کورد بەخیانەت سەرکوتکرا. بەپیلانی فەرەنسیەکان بەدەستی خەزووری کوژرا.

لەباشووری کوردستانیش،ساڵانە چیاکانی کوردستان لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە دەسووتێندران، هەروەها لەکاتی تێکدانی گوندەکانیشدا درختەکان وشک دەکران و دەسوتێندران. تەنانەت شارێکی بە درختەوە جوانی وەک شەقلاوە سێ چار جار لەلایەن ڕژێمەوە هەوڵی بڕینەوەی درختەکانی درا.

قادر عەزیز سکرتێری حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان بە (ڕووداو)ی گوت کە عەرەب تەنیا دارستانەکانیان نەدەسووتاند بەڵکو کانیەکانیشیان کوێر دەکردەوە" دوژمنان بۆیە دارستانەکان دەسووتێنن تا نەبنە شوێنی حەوانەوەی پێشمەرگەو گەریلا و لەجوانی و گەشتوگوزاری کوردستان کەم بکەنەوە".

قادر عەزیز ئاماژەی بەوەکرد کە یەکێک لەبڕیارەکانی شۆڕش ئەوەبوو کە بە هیچ شێوەیەک ڕێگا نەدرێت دارەکان ببڕدرێنەوەو ئەو بڕیارەش زۆر بە وردی جێبەجێدەکرا" بەڵام بەداخەوە پاش ڕاپەڕینی1991 خەڵک لەبەر کەمی سووتەمەنی داری باخچەکانیان بڕی و تا ئێستا بیر لە چاندنەوەی ئەو دارانە نەکراوەتەوە".

عوسمان ئۆجەلان برای سەرۆکی زیندانکراوی PKK عەبدوڵڵا ئۆجەلان، دەڵێ بەدرێژایی مێژوو وەک چۆن کورد پەلامار دراوە، دارستانەکانی وڵاتەکەیشی پەلامار دراون"سووتاندنی دارستانەکان لە باکووری کوردستان بەشێوەیەکی سیستەماتیک لەساڵی1991 وە دەستیپێکرد".عوسمان ئۆجەلان گوتی تورکیا لە دەستپێکدا بە فڕۆکە و دواتر بە چەکی ناپاڵم دارستانەکانی دەسووتاند و ئێستاش ڕاستەوخۆو بەدەستی خۆیان دەیسووتێنن، "بۆیەش پێویستە نەتەنیا کورد بەڵکو تەواوی جیهان ئەو کارانەی سوپای تورکیا مەحکوم بکات کە دژی ژینگە و سروشتن". عوسمان ئۆجەلان سەبارەت بەو فەرمانەی فەرماندەیی جەندەرمەی تورک لەپارێزگای دێرسمیش گوتی" ئەوە جینوسایدێکە لەدژی ئاژەل و سروشت و ژینگە، تورکیا ئەرمەنی، ئاشووری، کوردی جینۆساید کردن و ئێستاش دەیەوێت سروشتی کوردستانیش جینۆساید بکات".

# 273 هەزار منداڵ لە تورکیا ناتوانن بچنە قوتابخانە

## ساڵی ڕابردوو 18 منداڵ بەهۆی پێدا تەقینەوەی مین گیانیان لەدەستداوە

**ئەنکەرە – DIHA**

وەزراەتی پەروەدەی نەتەوەیی تورکیا کە پرسیارنامەی پەرلەمانتاری DTP دێرسم شەرفەدین هالیسی لەبارەی منداڵە بێکەسەکانی ناو کۆڵانانی بەرسڤداوەتەوە ڕایگەیاندووە کە 273000 منداڵ لە تورکیا ناتوانن بخوێنن و لەماوەی3 ساڵدا 45000 منداڵ بە سود وەرگرتن لەهاریکاری کۆمەڵایەتی خوێندوویانە. لە وڵامنامەکەی وەزارەتدا دەستنیشانکراوە کە لەباکووری کوردستان لە ماوەی 5 ساڵی ڕابردوودا 12 منداڵی کورد لەبەر تەقینەوەی مین گیانیان لەدەستداوەو 30 منداڵیش بریندار بوون.

پەرلەمانتاری دێرسمی DTP شەرەفەدین هالیس، لەبارەی ڕەوشی منداڵانی بێکەسەکانی کۆڵانانەوە پرسیارنامەیەکی پێشکێشی پەرلەمان کردبوو و داوای لە وەزارەتی پەروەردەی تورکیا کردبوو وڵامیبداتەوە. هالیس پرسیاری کردبوو:چ بۆ خاوەنداریتی و خوێندنی ئەو منداڵانە دەکرێت؟، وەزارەت لە وڵامێکدا کە بۆ هالیسی ناردووە ڕایگەیاندووە کە273634 منداڵ لەتورکیا ناتوانن بچنە قوتابخانە.

وەزارەت ئاشکرای کردووە کە بۆ خوێندنی منداڵانی کۆڵانان و دووبارە بەهێزکردنەوەیان کارێکی ڕاستەوخۆی نییە، بەڵام بۆ چارەسەری کێشەی ئەو منداڵانەی ڕەوشیان باش نییە لەبواری سایکۆلۆژییەوە هاریکاری بنەماڵەکەیان دەکات. لە وڵامی وەزارەتدا دەستنیشان دەکرێت بۆ ڕێگرتن لە تریاک کێشانی منداڵان هەندێک بەرنامە ئامادەکراوەو ئەوەش زیاتر لەو هەرێمانەدا ئەنجامدەرێت کە کۆچبەری زۆر ڕوویان لێکردووە. بەپێی وەڵامناکەی وەزارەتی پەوەردەی نەتەوەیی تورکیا لەساڵی 2004 تا2007دا 3257 منداڵیان ناردووەتە قوتابخانەو ڕێگایان لە کارکردنی 4915منداڵیش گرتووە.

هەروەها لەساڵی2005 تا2007دا هاریکاری ئابووری بۆ 879 بنەماڵەی هەژار بۆ ناردنی منداڵەکانیان بۆ قوتابخانە دابینکردووە . لەوەڵامی وەزارەتدا دەردەکەوێ کە خێزانە هەژارەکان بەمەرجی ناردنی منداڵەکانیان بۆ قوتابخانە هاوکاری دەکرێن . لەو چوارچێوەیەدا لەساڵی ڕابردوو 15313 خێزان هاوکارییان لە حکومەت وەرگرتووە .

هەر بەپێی وەڵامەکەی وەزراەت، لە 5 ساڵی ڕابردوو 12 منداڵ کە تەمەنیان لە18 ساڵی بچووکتربووە، لە باکووری کوردستان بەهۆی پێدا تەقینەوەی مین گیانیان لەدەستداوەو 30منداڵیش بریندار بوون.



## تاراوگە



### ڤیندی داوای یارمەتیدانی کوردستان دەکات

ڕووداو – دەنهاخ

◆ یەکێتیی کریستیانەکانی هۆڵەندا کە پارتێکی بەشداری حکومەتی هۆڵەندایە، لە دانیشتنێکی هەفتەی رابردووی پەرلەماندا کە تایبەت بوو بە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، داوایکرد کە هۆڵەندا هەوڵبدات لەگەڵ هاوکاریی مرۆیی، هەلی کارکردنیش بۆ دانیشتوانی کوردستان و پارێزگای موسڵ برەخسێندرێت. هەروەها یۆڤێل فۆر دە ڤیندی پەرلەمانتار بە ناوی پارتەکەیەوە داوایکرد هاوکاری کردنەوەی نەخۆشخانە و قوتابخانەی تازە لە ناوچەکەدا بکرێ و پشتیوانیی دارایی پێشکێشی زانکۆکانی کوردستان بکرێ.

### بەڵگەنامەی تازە لە دۆسیەی کوردە ئیمپراتۆرەکەی هێرۆیین

# پۆلیسی تورکی هاوکاری گەورە بەرپرسە هۆڵەندییەکەی کردووە بۆ منداڵبازی



دێمینک

**ڕووداو – دەنهاخ**

ڕۆژنامەی تەلەگرافی هۆڵەندی هەندێ بەڵگەی تازەی لەسەر دۆسیەی (حوسێن بایباشین) ی حوکمدراو بە زیندانیی هەتاهەتایی لەو وڵاتەدا بڵاوکردەوە. بایباشین کە لە میدیای ئەوروپیدا وەک ئیمپراتۆری هێرۆیین ناوزەد دەکرێت و لێدوانە بە ناوبانگەکەی بڵاودەکرێتەوە کە گوتبووی " من سەفەری سەرتاسەری دنیام بەوە دەکرد کە بە دەستێکمەوە دەمانچەم پێبوو و بەدەستەکەی دیکەم پاسپۆرتێکی دیپلۆماتیک". لە ساڵی 1997 ەوە لە هۆڵەندا زیندانییە و بە تۆمەتی بازرگانیی بە هێرۆیین و کوشتن، بە زیندانیی هەتاهەتایی حوکمدراوە. بەڵام ئەو و پارێزەرەکەی هەرگیز بەو حوکمە رازینەبوون و باسیان لە هەبوونی پیلانێکی رێکخراو لە نێوان دەوڵەتی تورکیا و یۆریس دێمینک ی گەورەترین کارمەندی ناو وەزارەتی دادی هۆڵەندی کرد. بۆیەش ساڵی رابردوو حوسێن بە رەسمی شکایەتی لەو کارمەندە هۆڵەندییە کرد. لێ بە هۆی نەبوونی بەڵگەی باوەڕپێکراو داواکەی ڕەتکرایەوە.

### حوسێن بایباشین کێیە؟

حوسێن بایباشین لە ساڵی ١٩٥٦ لە باکووری کوردستان لە دایکبووە، ئەو لە میدیاکاندا وا پێناسە دەکرێت کە تا ساڵی ١٩٩٧ نزیکەی ٩٠٪ ی بازرگانیی هێرۆیینی هەموو جیهانی بە دەستەوە بووە. خانەوادەکەیشی لەوانەن کە خاوەن کاریگەرییەکی گەورەن لە ناو تورکیا و دەرەوەیدا. ساڵی ١٩٩٥ بایباشین لە هۆڵەندا دەکەوێتە دەست پۆلیسی هۆڵەندی و دەوڵەتی تورکیاش داوای تەسلیمکردنەوەی دەکات. بەڵام دادگای هۆڵەندی ئەو داوایە رەتدەکاتەوە و هۆیەکەیشی بۆ ئەوە



بایباشین لەکاتی دروستکردنی تابلۆیەکدا

دەگەڕێنێتەوە کە رەنگە ناوبراو بە هۆی لێدوانەکانییەوە تووشی ئەشکەنجەدان ببێت. بۆیەش مافی پەنابەرێتیی دەداتێ.

ئەو لێدوانانەی کە دادگای هۆڵەندی باسیان دەکات بریتین لە کۆمەڵێک دانپێدانان کە بایباشین لە رێگای میدیاوە سەبارەت بە دەستەبوونی ژمارەیەکی زۆر بەرپرسی پایەبەرزی تورکی، لە نێوانیشیاندا تانسۆ چیللەری سەرۆکوەزیرانی ئەوکاتی تورکیا، لە بازرگانی بە ماددەبێهۆشکەرەکان و کوشتن و رفاندنی خەڵکەوە دابوونی. هەر لەو نێوانەشدا دەوڵەتی بەریتانیا پەیوەندی بە بایباشینەوە دەکات و لە بەرامبەر مافی مانەوەی خۆی و هاوەڵەکانی لە بەریتانیادا داوای هاوکاریی لێدەکات بۆ ئاشکراکردنی ئەو بەرپرسە تورکانەی کە بازرگانی بە ماددەبێهۆشکەرەکانەوە دەکەن. بەڵام لە ساڵی ١٩٩٧دا حوسێن لە لایەن پۆلیسی هۆڵەندییەوە دەگیرێت و لە ساڵی ٢٠٠٢دا حوکمی زیندانیی هەتاهەتایی بەسەردا دەدرێت.

### دۆسییە هەستیارەکە

لە ساڵی ١٩٩٥ دا تانسۆ چیللەری سەرۆکوەزیرانی تورکیا چاوی بە گەورەبەرپرسێکی وەزارەتی دادی هۆڵەندی دەکەوێت و داوای تەسلیمکردنەوەی حوسێنی لێدەکات. ئەو بەرپرسە ناوی یۆریس دێمینک دەبێت. پاش ئەوەی لەو گفتوگۆیەدا ئەو بەرپرسە داواکەی چیللەر رەتدەکاتەوە، چیللەر دۆسییەیەکی لە بەردەمدا دادەنێت کە زانیاریی تەواوی دەربارەی کردەوە منداڵبازییەکانی دێمینکی گەورە بەرپرسی هۆڵەندی تێدایە و هەڕەشەی ئەوە دەکات کە ئەو زانیارییانە دەداتە میدیاکان. دێمینکیش لە ترسی ئەو دۆسییەیە هاوکاریی تورکیا دەکات بۆ ئەوەی بایباشین لە ساڵی ١٩٩٧دا دەستگیر بکرێت. دواتر لە ساڵی ٢٠٠٢دا لە سەربنەمای کۆمەڵێک بەڵگەنامە کە وەزارەتی داد سەبارەت بە حوسێن دەیانداتە دادگا ناوبراو حوکمی بەسەردادەدرێت.

### ساختەکاری لە بەڵگەنامەکاندا

لەوەتەی دەستگیرکراوە، بایباشین زۆرتر لە جارێک لە دیدارەکانیدا لەگەڵ تاوانناسان و لایەنە حکومییەکاندا ئەوەی روونکردووەتەوە کە ئەو بازرگانێکی گەورەی هێرۆیین بووە، بەڵام دەستی لە کوشتنی کەسدا نەبووە. ئەو بە ئاشکراش گوتویەتی کە ژمارەیەکی زۆر کاربەدەستی تورکی لەو بازرگانییەدا هاوکارییان کردووە و شەریکی بوون. هەروەها راشیگەیاندووە کە بە بەردەوامی هاوکاریی پ ک ک ی کردووە. بەڵام وەک خۆی دەڵێت:" زانیاریی تەواوی لە بەردەستدایە کە ئەو بەڵگانەی لە دادگایی کردنەکەیدا لە لایەن وەزارەتی دادی هۆڵەندییەوە لە دژی ئەو خراونەتە روو، مۆنتاژکراون و لە کارەشدا دێمینکی تۆمەتبار بە منداڵبازی و گەورەترین کارمەندی ناو وەزارەتی دادی هۆڵەندی بەشداریکردووە". ئەو پێیوایە کە ئەوە پیلانێکی رێکخراوە بۆ ئەوەی زانیاریی زیاتر ئاشکرا نەکات. بۆیەش پار بە رەسمی شکایەتی لە ناوبراو کرد، بەڵام لێکۆڵینەوەی وەزارەتی داد دەریخست کە بەڵگەنامە پشتپێبەستووەکان باوەڕپێکراو نین.

### بەڵگەنامەی تازە

بە پێی ئەو بەڵگەنامە تازانەی کە دەست پارێزەرەکەی حوسێن کەوتوون، پۆلیسێکی تورک و منداڵێک کە کاتی خۆی سێکسی لەگەڵ دێمینکدا هەبووە شایەدی لەسەر راستیی قسەکانی حوسێن دەدەن. پۆلیسە تورکەکە کە ناوی (مەهمەت کەی) یە باس لەوە دەکات کە ساڵی ١٩٩٥ بەرپرسانی تورکی پێییان گوتووە کە لە هۆتێلێکی ناو شاری ئیستەنبوڵدا لە خزمەتی دێمینکدا راوەستێت و هەرچیی پێویستی بێت بۆی بکات. مەهمەت دەڵێت:" شەوێک دێمینک داوای لێکردم کە منداڵێکی بۆ بێنم. منیش لەبەر ئەوەی لە بەرپرسەکانم دەترسام چووم بۆ گەڕەکی تۆپکاپی و منداڵێکی وێڵگەردم دیتەوە و بۆم برد. منداڵەکە پێشتر دەیزانی کە ئەو پیاوە دەیەوێت کارێکی وای لەگەڵ بکات، بەڵام پێی باشتر بوو کە وایلێبکریت وەک لەوەی بەو سەرمایە لە ژێر دیوارێکدا بخەوێت".

منداڵەکەیش کە ناوی مستەفایە و ئەوکات تەمەنی دوانزە ساڵ بووە شایەدیی ئەوە دەدات کە دێمینک یەکەمجار ئیجازەی داوە کە جوان خۆی بشوات و دواتریش تا بەیانی دوو جار سێکسی لەگەڵ کردووە" من حەزم لەو کارە نەبوو، بەڵام لە پۆلیسەکە دەترسام و ئەو کابرایەش پارەیەکی باشی دامێ، کە مارکی ئەڵمانی بوو، بۆیە هیچ دەنگم نەکرد".

### دوابڕیار

بڕیاروایە لە سێپتێمبەری ئەمساڵدا ئەو مەسەلەیە یەکلایی ببێتەوە. وەزارەتی داد لە لای خۆیەوە ترسی ئەوەی هەیە کە شایەدەکان کەسانێک بن کە لە لایەن هاوکارانی حوسێنەوە بەکرێگیراب و پارێزەری بایباشینیش دڵنیایان دەکاتەوە کە ئەمجارە لێکۆڵینەوەی راست کراوە و ئومێد دەخوازێت کە هەرچی زووترە ئەو سکاندالە بەکۆتابێت.

### حوسێنی هونەرمەند

جێی سەرنجە کە بایباشین پێشتر کاری وێنەکێشی کردووە. لەو تابلۆیەدا کە رووداو بڵاویدەکاتەوە و لە ساڵی ١٩٨١دا کێشاویەتی، بایباشین وێنەی مرۆڤێکی زیندانیکراو دەکێشێت و ناوی لێدەنێت: بەرهەمی رژێمێکی نەخۆش.

---

### ڕێگینا شویەرەر، شیرەتکارا کاروبارێن پەنابەران ل رێکخراوا دیاکۆنیا:

# ئەڵمانیا دێ مافێ پەنابەریێ ژ پتری 10هزار عێراقیان وەرگریتەڤە

سلێمانێ ئالیخان و سەیدخان کوریژ
ڕووداو – ئەڵمانیا

**ڕێگینا چالاکڤانەکا ئەڵمانە د وارێ کاروبارێن پەنابەراندا. پشتی سەرهلدانا باشوورێ کوردستانێ، وێ دگەل چەند کەسێن دی بێن کورد (کۆمەلا هەڤرا یا مافێ مرۆڤێ کورد ل ئەڵمانیا) دامەزراند. هەر دوی دەمیدا کێشە ل باشوور و باکوورێ کوردستانێ د زۆربوون، کۆمەلەیا وان ل ڤێرەل سەر رەوشا کوردێن ل ئەڵمانیا د ژین و رەوشا کوردستانێ ب گشتی بزاڤ دکرن. سەمینار، پەنال و جڤین ئامادەدکرن و رایا گشتی یا ئەڵمانی ب رەوشا کوردان ئاگەهداردکر. هەروەسا دگەل کۆمەلێن مافێن مرۆڤی ل باکووری ب هەڤرەکارکرن دکرن. چەند جاران ڕێگینا چوویە بازارێ وان، ئامەد و پەیوەندی دگەل چالاکڤانێن کورد بێن وەک (ڤەدات ئایدن) دروستکرینە د زڤرینا خوەدا ژی، وێ جڤینین رۆژنامەڤانی ل ئەڵمانیا سازدکرن. چەندین جاران ژی سەرەدانا باشوورێ کوردستانێ کرییە. (ڕووداو) سەرەدانا وێ کر ل بیرۆیا وێ و دبەر چاڤەخوارنێ را دانوستان ل سەر کاروبزاڤێن وێ و نووترین یاسایێن دەولەتا ئەڵمانیا دەربارەی پەنابەران کر:**

### ئافرەتێن چالاک ل کوردستانێ هەبوون

ل دەستپێکێ ڕێگینایێ بەحسا کارێ خوەکر و دیارکر کو ئەو هەژدەسالن ڤی کاری دکەت "ل داوییا سالێن هەفتێیان و دەستپێکا سالێن هەشتییان ژ سەدێ بیستێ، کودەتایا لەشکری ل ترکیا چێبوو، ل سریلانکا رەوش تێکچوو و ل لوبنانێ ژی شەڕێ ناڤخوەیی هەبوو، خەلکێ ڤان وەلاتان ژی روو دکرە ئەوروپا و ئەڵمانیا و پێویست بوو هندەک کەس هەبن هاریکارییا ڤان پەنابەران بکەن ژ بۆ کو بشێین تەڤلی جڤاکا ئەڵمانی ببن. ئەڤجا کلێسەیا ئەفانگلیش ئەڤ کارەدا رێکخراوا دیاکۆنیا. ئەز ب خوە ژ سالا نۆتێ یا سەدێ بیستەم ڤی کاری دکەم و تا نۆکەیا بەردەوامم"، ڕێگینا دبێژە ئەو تا نها یا بەردەوامە ل سەر کارێ هاریکاریکرنا پەنابەرێن تازە دهێنە ئەڵمانیا" هەر چەندەهەژمارا وان نۆکە ل کێمیێ دایە".

ڕێگینا شویەرەر،بۆ (ڕووداو) بەحسێ ئاشنابوونا خوە دگەل کوردان کر، ئاماژەب ناڤێ رۆژنامەیا مە ددەت ودبێژیت "ناسینا من دگەل کوردان ڕووداو بوو، ڕووداوەکا قودرەتی بوو، ل سالا 1991 ل باژارێ مولهایم سەمینارەک هەبوو ل سەر رەوشا مافێ مرۆڤی ل تورکیا (کورد و کریستیانان). هەر د وێ سالێ دا من د تەلەڤزیۆناندا ئەو کارەساتا ب سەرێ کوردان هاتی من دیتبوو، ئەو بوو مە کۆمەلا هەڤرا یا مافێ مرۆڤێ کورد دامەزراند بۆ پاراستنا مرۆڤێ کورد".

هەڤژینێ ڕێگینایێ کوردەو ل باکوورێ کوردستانێ دژیت. ئەڤجا دیارەژ بەر ڤێ یەکێ وێ نەڤیا بەحسا ئەزموون و کارێ خوەل باکوورێ کوردستانێ بکەت و یەکسەر هاتەسەر رەوشا باشوورێ کوردستانێ. ئەو دبێژە ئەو چەند جاران چۆیە باشوورێ کوردستانێ، دگەل یەکێتیا ئافرەتێن کوردستانێ چەند کار بهەڤڕا کرینە و سەرەدانا لالش و شێخ ئادی کریە. هەروەسا رەوشا خراپا پەنابەرێن باکوورێ کوردستانێ ژی ل باشوور ب چاڤێن خوە دیت " کو نوو هاتبوونە وێ دەرێ". ئەو دبێژە وی وەختی وان خوەست قوتابخانەیەکێ ئاڤا بکەن "لێ مخابن هەولدانێن مە سەرنەگرتن".

ب گۆرەی خانما ئەڵمان ئافرەتێن گەلەک چالاک دناڤ پارتێن کوردستانێدا هەبوون، لێ ب گشتی رەوشا ژنا کورد وێ دەمێ یا باش نەبوو "ژنێن کورد ئەو شیانە نەبوون کو خوەب خوەکارێن خوەب رێڤەببەن، لێ ئەز باوەڕم نۆکە رەوشا وان باشتر لێ هاتییە".

### وللەو بللە من شاشی نەکر کو من هاریکارییا کوردان کر

ژ بۆ کو کەسەکی کو بشێت خێزانا خوە بینیتە دەڤ خوە ل ئەڵمانیا، پێویستە کار بکەت و بشێت ژیانا وان دابین بکەت. لێ خانما شیرەتکار گەلەک ئاسانکاری پێشکێشی زۆر مالباتێن کورد کرن و گەهاندنەهەڤ ل ئەڵمانیا، بێی کو سەرۆک خێزان وی مەرجێ پێویست پێکبینیت. ڕێگینا دبێژیت پشتی کو هەڤژینێ وێ بوو ئێکی کورد و پشتی کورد ناسکرن و چۆ باشوورێ کوردستانێ" من هاریکارییا کوردان کر و من رێنیشاندەری بۆ وان دکر و دگەل وان هاتۆچوویا رێڤەبەرییێن حکومی دکر ژ بۆ برێڤەبرنا کاروبارێن وان. هەروەسا ژ بەر کو من هندەک پەیڤێن کوردی دزانین، کوردان ژی باوەری ب من ئینا و ئەز شیام کارێن وان ب باشی برێڤەببەم ل بالیۆزخانەیا مەل ئەنقەرەژی کو ب رێکا وێ ئەم شیاین مالباتێن کوردان بگەهینینەهەڤ".

ئێستا گەلەک ژ وان مالباتێن کو ڕێگینایێ ئینانە ئەڵمانیا بووینەژێدەرێن ئاریشەیان ل ئەڵمانیا. لێ ئەو یا ژ وان دوورکەتی. ئەو ل سەر ڤێ مەسەلەیێ دبێژیت کارێ وێ هاریکاریکرنا وان کەسانە کو ژ نوو دهێنە ئەڵمانیا و هیچ ژ یاسا و پەیرەوێن ئەڵمانی نزانن، نەک چارەسەرکرنا کێشەیێن خێزانی و جڤاکی. "پێویستە کەسێن خودان کێشە سەرەدانا جهێن پەیوەندیدار بکەن و ل دووڤ چارەسەریێ بگەڕێن. لێ مخابن کورد هوسا ناکەن. ئەڤجا نزا دترسن، یان نەڤێت بکەن یان نزانن؟ ب باوەڕییا من ئەڤ پرۆبلەمە وێ دەمێ چێبوون دەما کو ژمارەیەکا زێدەیا گەنجێن کوردان هاتینەئەڵمانیا و ماینەبێ ماف، یان ژی دووبارەمافێ مانەوێ ژێ هاتییەستاندن". خانما ئەڵمان بەرەڤانی ژ خوەکر و رەخنەل سیاسەت و رەفتارا حکومەتا خوەیا دگەل پەنابەران کر و گۆت "وللەو بللە من شاشی نەکر کو من هاریکارییا کوردان کر و من گەهاندنەهەڤ، لێ شاشیا سیاسەتێ یەکو ب یەک چاڤ ل هەموو پەنابەران تەماشەدکەت، کەسێن زانا و خودان باوەرنامەو کەسێن سادە وەک یەک حەساب دکەت و پاسپۆرت و رەگەزنامەیا ئەڵمانی د دەتە هندەک کەسان بێی کو زمانێ ئەڵمانی بزانن، یان کار بکەن یان تێکەلی جڤاکا ئەڵمانی ببن. ژلایەکێ دیڤە بازێرڤانی ژی گرنگیێ ب پەنابەران نادەت و پەنابەر هەست ب ڤێ چەندێ دکەن و هزردکەن کو ئەو بارگرانینە ل سەر ڤی میللەتی. لەوما کێشە چێدبن و UN ێ ژی رەخنەل ئەڵمانیا گرتییەل سەر ڤێ مەسەلەیێ".

بۆ وان گەنجێن کورد یێن کو ژ نووڤە دهێن یان نیاز هەیە بهێنە ئەڵمانیا، شیرەتکارا کاروبارێن پەنابەران دبێژیت "بۆ زانینا وە د ئەڤ سالەدا ب کێمێ دەهـ هزار پەنابەرێن عێراقی دێ مافێ پەنابەریێ ژێ هێتەستاندن. هەڵبەت ئەڤە کارەساتەکا مەزن بۆ مەسەلەیا ئینتگراسیۆنێ، لێ سیاسەت هوسا دخوازیت". ڕێگینا ئاماژەی ب وێ چەندێ د دەت کو ئەڵمانیا ئێستا 75%



چالاکییەکا کوردی ل ئەڵمانیا



### پێویستە گەنجێن کورد بەری بێنە ئەڵمانیا باش هزرا خوەبکەن

ژ عێراقیان وەردگریت، "لێ ژ بۆ کوردان وەسا نینە. چونکی وان هەرێمەکا ئارام یا هەی". هەروەها هوشداری دا کو پشتی 3 مەهێن دی بڕیارەکا نوو دێ دەرکەڤیت "ئەڤجا بلا گەنجێن کورد بزانن بەلکی هەتا ئەو دگەهن ڤێرە،قانونێن نوو دەرکەڤن و وەکە وەلاتێ سوێدێ، ئەڵمانیا ژی پلانەکێ دارێژیت بۆ ڤەگەڕاندنا پەنابەرێن عێراقی". گۆت بڤی رەنگی پتر ژ 10هەزاران دکەڤنە بەر گەفێن زڤراندنێ. هەروەسا گۆت "ئانکو پێویستە ئەو گەنجێن کورد باش هزرا خوەبکەن بەری کو بهێنە ئەڵمانیا و زەحمەتا وان ب ئاڤێدا بچیت". ڕێگینا دبینیت کو گەنجێ کورد و ژن ژی د بێبارن ژ گەلەک پێداویستیێن ژیانا ڤی سەردەمی و وەسائیلێن تەرفیهێ و د دۆر پێچکرینە د هەرێمێن بچووکدا، ب تایبەت کەسێن ل دەرڤەی بازێران دژین. ئەڤجا نزانن دێ وزەیا خوەل چ خەرجکەن، رادبن قەستا ئەورووپا دکەن"پێویستەحکومەت باشتر چاڤێ خوە بدەتە گەنجان و پرۆژەو دەرفەتان بۆ دابینکەت ژ بۆ کو رۆلا خوەدجڤاکێ دا بلیزن".

ل داوییێ ژی ڕێگینا شویەرەر داخوازێ ژ کوردێن ئەورووپا و ئەڵمانیا ب تایبەتی دکەت کو هەولبدەن کاربکەن، بخوینن و تایبەتمەندیێ دبوارەکیدا وەربگرن دا سەربکەڤن. چونکی ئەو بەشەکن ژ ڤێ جڤاکێ و چێنابیت دوور بمینن.

رووداو-مەهاباد

◆ ڕۆژی 2007/7/9 دەزگەی ئیتلاعاتی ئێران لە شاری مەهابادی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، چالاکڤانی کورد زەینەب بایەزیدیان دەستگیرکرد. بایەزیدی چالاکڤانێکی بواری مافەکانی مرۆڤ و ژنانە بە تایبەتی، چەندین جار لەسەر چالاکییەکانی لەلایەن ئیتلاعاتەوە بانگ کراوە و هەڕەشەی توندی لێکراوە کە ئەگەر واز نەهێنێت تووشی چارەنووسێکی نادیار دەبێت.



## زەینەب بایەزیدی دەستگیر دەکرێ

# ڕاپۆرت



### ئەمساڵ و پاریش بودجەی سلێمانی لە هەولێر زیاتربووە

عوسمان شوانی وەزیری پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەڵێ حکومەت پلانی درێژخایەنی نییەو ئێستا بە هاوکاری ئیمارات و کۆریا خەریکی دانانیەتی. سەبارەت بە سلێمانیش دەڵێ حکومەت بڕیاری فەرامۆشکردنی سلێمانی نەداوە، لە دوو ساڵی ڕابردووش دا، بودجەی سلێمانی لە هەولێر زیاتربووە، بەڵام بەهۆی چەند هۆکارێک پرۆژەکانی هەولێر زیاتر و بەرچاوتر بوونە:

## وەزیری پلاندانانی حکومەتی کوردستان:

# پلانی درێژخایەنمان نییە

**ڕووداو: خەڵکی سلێمانی گلەیی لە کەمی پرۆژەکان دەکات لە سلێمانی بەبەراورد لەگەڵ هەولێر، لەکاتێکدا بودجەی هەردوو پارێزگا جیاواز نییە، د.بەرهەم ساڵحیش دەڵێت سەرۆکی حکومەت لەوە بەرپرسیار نییە بەڵکو لەوەدا دەبێ ڕەخنە لەسەرکردایەتی یەکێتی بگیرێ. بۆچی پرۆژەکان و وەبەرهێنان لە سلێمانی هێندە کەمترە لە هەولێر؟**

**عوسمان شوانی:** ئەوە ڕاستە منیش جەخت لەسەر ئەو قسانە دەکەمەوە. ئەمساڵ و پاریش بودجەی سلێمانی لە هەولێر زیاتربووە، جگە لەوەش ساڵی ڕابردوو بەهۆی دواکەوتنی جێبەجێکردنی پرۆژەکانەوە بودجەکە کەمتر خەرجبووە، لەمانگی 9ی ساڵی 2007دا 176 ملیار دینار پارەی زیادە بۆ پارێزگای سلێمانی تەرخانکرا. هۆکاری دیار نەبوونی پرۆژەکان لەسلێمانیدا بۆ چەند خاڵێک دەگەڕێنمەوە، لەساڵی 2004 تاوەکو 2007 لەسلێمانی و قەزاو ناحییەکانی و بەتایبەت لە پرۆژەکانی شارەوانیدا تەرکیز کرایە سەر ئاوەڕۆ، ئاوەڕۆش لەبەرچاوی خەڵک دیارنییە، هەروەها هۆکارێکی دیکە کەمی شارەزایی ئەندازیارانە لەبواری سەرپەرشتیکردندا، جگە لەوەش لەسلێمانی دەزگایەکی زۆر گرنگ هەبوو پاش یەکگرتنەوەی حکومەت هەڵوەشێنرایەوە، ئەویش دەزگای سەرپەرشتی پرۆژەکان بوو. ئەو دەزگایە سەرپەرشتی کاری تەندەرەکان و لێپێچینەوەی لە پرۆژەکان دەکرد، نەدەبووایە ئەو دەزگایە هەڵبوەشێندرێتەوە. پێموانییە سلێمانی کێشەی بودجەی هەبووبێت، چونکە بودجەکەی لەشوێنەکانی دیکە کراوەتربووە، جگە لەوەش زۆر پرۆژەی دیکەش لەدەرەوەی بودجەی پارێزگا و وەزارەتەکان، لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بۆ سلێمانی کراون، بۆ نموونە فراوانکردنی دەروازەی شار 55 ملیار دیناری بۆ تەرخانکراوە، دروستکردنی بینایەی شارەوانی و تەواوکردنی پرۆژەی ئاوی سلێمانی پارەیەکی زۆری بۆ تەرخانکراوە.

**ڕووداو: فراوانبوونێکی بێ بەرنامەش هۆکارێکی دیکە نەبووە؟**

**عوسمان شوانی:** فراوانبوونی سلێمانی لەماوەی ساڵی 2004 تاوەکو 2006 یەکجار زۆر گەورەو فراوانبووە، گەورەبوونەکەش بەبێ بەرنامەیی بووە. دانی سولفەی عەقار هۆکارێکی سەرەکی ئەو فراوانبوونە بوو. ئەو فراوانبوونە خزمەتگوزارییەکی یەکجار زۆری دەوێت. هەموو ئەو خاڵانە پێکەوە هۆکاری دواکەوتنی پرۆژەکانن.

**ڕووداو: ئەی زۆری پرۆژەکانی وەبەرهێنان لە هەولێر و کەمیان لە سلێمانی هۆکارێکی دیکە نییە؟**

**عوسمان شوانی:** بەدڵنیاییەوە هەولێر پایتەختەو بوونێکی گەورەی هەیە لای سەرمایەداران و وەبەرهێنەرانی بیانی، بەڵام سیاسەتی دەستەی وەبەرهێنان سیاسەتێکی سەرکەوتووەو ئەو جیاوازییەش لەوەبەرهێناندا زیاتر لەو پرۆژەی داماکەوە هات و ئێستاش دانووستان هەیە بۆ ئەوەی هەمان پرۆژە لەسلێمانیش بکرێت. جگە لەوە پرۆژەی کۆمپانیای بونیانی ئیماراتیش لە سلێمانی کە یەکجار گەورەیەو ئەگەر ئەویش واژۆ بکرێت پێموایە لەبواری وەبەرهێناندا هاوسەنگییەک لەنێوان هەولێر و سلێمانیدا دروستدەبێت.

**ڕووداو: واتە حکومەت سلێمانی فەرامۆش نەکردووە؟**

**عوسمان شوانی:** حکومەت سلێمانی فەرامۆشناکات و سلێمانی دڵی زیندووی کوردستانە چۆن دەکرێ فەرامۆشبکرێت، بەڵام هەولێر پایتەختەو خەڵک ڕووی لەهەولێرەو حکومەت لێرەیە.

**ڕووداو: پارە بۆ پرۆژەکانی سلێمانی زیاتر تەرخانکراوە یان هەولێر؟**

**عوسمان شوانی:** 46% بودجە بۆ پرۆژەکانی پارێزگای سلێمانییە و 54% بۆ پرۆژەکانی پارێزگای هەولێر و دهۆکە.

**ڕووداو: ئەو ناڕەزایبوونەی خەڵکی سلێمانی تاچەند وردبینانەیە، کەدەڵێن هەولێر خەریکە دەبێتە دوبەی و سلێمانی لەجێگای خۆیدا وەستاوە؟**

**عوسمان شوانی:** دەبێت هەموومان خۆشحاڵ بین بەوەی شارێک لەشارەکانی کوردستان پێشدەکەوێت و دەبێت هەوڵبدەین شارەکەی دیکەش پێشبکەوێت، من لەگەڵ ئەوە نیم هیچ شارێک لەکوردستان فەرامۆش بکرێت، بەڵام بەدڵنیاییەوە شتێکی ئاساییە پایتەخت پێشبکەوێت. من لەگەڵ ئەوەدام هاوسەنگی هەبێت لەپرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوەوتەنانەت لە وەبەرهێنانیشدا، نابێت سلێمانی مەغدوربکرێت و سیاسەتی حکومەتیش ئەوەنییە سلێمانی فەرامۆشبکرێ.

**ڕووداو: پێویستی سەرەکی کوردستان بەگشتی ئێستا چییە؟**

**عوسمان شوانی:** یەکەم، پرۆژەی کارەبایە، بەتایبەت سێکتەرەکانی گواستنەوەو دابەشکردنی کارەبا. دووەم: ئاو. سێیەم: خزمەتگوزاری شارەوانی. چوارەم: قوتابخانە. بەتایبەت ئێستا پێویستیمان بە زیاتر لە 1000 قوتابخانەیە بۆ گۆڕینی سیستمی پەروەردە، پاش ئەوانەش تەندروستی و ڕێگاوبان دێت و ئەوجاش ئاودێری.

**ڕووداو: حکومەت چەند پرۆژەیەکی لەبەردەستە بۆ چارەسەرکردنی گرفتی نیشتەجێبوون، هیچ ئامارێکتان لەبەردەستە کە هەرێمی کوردستان پێویستی بەچەند یەکەی نیشتەجێبوونە؟**

**عوسمان شوانی:** لەماوەی سێ ساڵی داهاتوودا پێویستیمان بە 140،000 یەکەی نیشتەجێبوونە.

**ڕووداو: بەدابینکردنی ئەم ژمارەیە کێشەی نیشتەجێبوون نامێنێت؟**

**عوسمان شوانی:** بۆ ئەوەیە کێشەی نیشتەجێبوون کەمبێتەوە، چونکە کۆتایی نایێت و ڕێژەی زیادبوونی دانیشتووانی کوردستان ساڵانە 3%یە. حکومەت دەیەوێت کێشەی نیشتەجێبوون چارەسەربکات، بەڵام بەپێی ئەو توانا مادییەی ئێستا ناتوانێت و بەهێنانی وەبەرهێنان و چالاککردنی بانکەکان لەکوردستاندا کە قەرز بدەنە خەڵک کێشەی نیشتەجێبوون چارەسەر دەبێ.

**ڕووداو: ئایا حکومەتی هەرێمی کوردستان پلانی ستراتیژ و درێژخایەنی هەیە؟**

**عوسمان شوانی:** پلانی ستراتیژی بۆ هەرێمی کوردستان تائێستا تەواو نەبووە، بەهۆی نەبوونی توانا و کادیری کوردی باش لەم بوارەدا، پەنامان بردووەتە بەر دوو لایەنیتر کە هاوکاریمان بکەن لە تەواوکردنی ئەم کارەدا.

**ڕووداو: ئەو دوولایەنە کێن؟**

**عوسمان شوانی:** یەکێکیان کۆلێژی ئیدارەی حکومیی دوبەیە، کە لە مانگی 8ی ئەمساڵ 28 کادر دەنێرین بۆ ڕاهێنان لەسەر نووسینەوەی پلانی ستراتیژی و شارەزابوون لەئەزموونی نووسینەوەی پلانی ستراتیژیدا، لایەنی دووەم کە ئێستا لەدانوستاندایین لەگەڵیانداو قۆناخی باشمان بڕیوە، پەیمانگای ستراتیژییە لە کۆریای باشوور، بۆ ناردنی شارەزایان و هاوکاری کردنمان لەنووسینەوەی پلانی ستراتیژیدا. پلانەکەشمان بەسەر سێ بەشدا دابەشکردووە، یەکەم: ئابورییە، کە بوارەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتوگوزار و وەبەرهێنان و دارایی و بازرگانی دەگرێتەوە، دووەم: ژێرخان، ژێرخانی ئابووری وڵات دەگرێتەوە کەبریتییە لەئاوەدانکردنەوەو ڕێگاوبان، ئاوو ئاوەڕۆ و خزمەتگوزاری و شارەوانییەکان وکارەبا و پەیوەندی وگەیاندن. سێیەم: بواری پەرەپێدانی مرۆییە، وەزارەتی پەروەردەو تەندروستی و خوێندنی باڵا و شەهیدان و ڕۆشنبیری و لاوان دەگرێتەوە، بۆ هەر سێکتەرێک لەم سیانە سەرۆکێک دادەنێین و بۆ ئیشکردن لەگەڵ ئیماراتی و کۆرییەکان. ئیماراتییەکان هاوکاریمان دەکەن چۆن بیکەین، کۆرییەکان کارمان لەگەڵ دەکەن بۆ ئەوەی بزانین چۆن بینووسینەوە.

**ڕووداو: هۆکاری نەبوونی پلانی درێژخایەن تا ئێستا چی بووە؟**

**عوسمان شوانی:** هیچ پلانێک بێ ئامار ناکرێت، لەماوەی ڕابردوودا چەند توێژینەوەو سێرڤەیەکمان لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان کردووەو ئێستا تەواوبووین، داتابەیسی هەرێمی کوردستان ئێستا لەوەزارەت کۆتایی هاتووەو هەموو زانیارییەکانی هەرێمی کوردستان لەو داتا بەیسەدا تۆمار کراون، بۆ ئەوەی کە کەسێک پلان دەنووسێتەوەو بڕیاردەدات بەرچاوی ڕوون بێت. هیچ وڵاتێک بەبێ پلان پێش ناکەوێت بەتایبەتی وڵاتە تازە پێگەیشتووەکان. سوریا وتورکیاو سنگاپوراو مالیزیا هەموویان پلانیان هەیە. هەندێک وڵات خێران لەجێبەجێکردنی پلانی درێژخایەندا، بۆنموونە دووبەی زۆر خێرا و پێش تەواوبوونی پێنج ساڵەکە توانی پلانە پێنج ساڵییەکەی جێبەجێ بکات، هەندێک وڵاتیش ناتوانن جێبەجێی بکەن. ئێمە وەکو کورد تەنیا پلانی کورتخایەنمان هەیەو پلانی درێژخایەنمان نییە، ئێستا وا ئیش بۆ دانانی دەکەین.

**ڕووداو: کەی پلانی ستراتیژی بۆ کوردستان تەواو دەبێت؟**

**عوسمان شوانی:** 6 تا 9 مانگی دیکە.

**ڕووداو: ئەو قەرزانەی کە بڕیاربوو بدرێنە کوردستان چیان بەسەرهات؟**

**عوسمان شوانی:** بەپلەی یەکەم، قەرزی ژاپۆنە، ئەوەی ئێستا ڕەزامەندی لەسەردراوە و 115 ملیۆن دۆلارە بۆ پرۆژەکانی کارەبا، 300 ملیۆن دۆلاریش بۆ پرۆژەکانی ئاوە. کە ئەو ڕێککەوتنانە لە نێوان عێراق و ژاپۆن مۆرکراون. بۆ قەرزەکەی ئێرانیش ئێمە چوار پرۆژەمان ناردووە بۆ پەرلەمانی عێراق بۆ ئەوەی حکومەتی عێراقی پاش پەسەندکردنی قەرزەکە، 17%ی ئەو قەرزە بداتە هەرێمی کوردستان، کە لە چوار پرۆژەکە دووانی کارەبایە، دووەکەی دیکەش ڕێگاوبانە.

# حکومەت و هاواری خەڵک

کاوە ئەمین

یەکێک لە گرفتە سەرەکییەکانی خەڵکی باشووری کوردستان کە ئێستا بووەتە شتێکی دەروونی و نیوەی مێشکی خەڵکی داگیر کردووە، باسی کارەبا و ئاوە، ئەوە سەرەرای گرانی بازاڕ و نەبوونی چاودێری حکوومی بۆ کۆنترۆڵکردنی نرخی شتومەک و ئەو کاڵایانەی کە وەک باس دەکرێت بەشێکی زۆریان کاتی بەکارهێنانیان بەسەر چووە. لە لایەکی دیکەوە بەشێکی زۆری خەڵکی ئەم وڵاتە خۆیان بە خاوەنی کوردستان نازانن و هەیە خوا خوایەتی ڕۆژێک زووتر نەغرۆ ببێت، ئەوەش گوایە بە بیانوونی ئەوەی کە دەستەڵاتداران وا لە میللەت دوور کەوتوونەتەوە وەکو ئەوەی لەسەر ئەستێرەیەکی دیکە بژین. بەڵام ئایا ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە خەڵک رقی لە خاک و ئاو و ئاسمانی خۆی بێت؟ یان میللەتی ئێمە میللەتێکی دەستەمۆ و بێ بڕیارە و ئەوەی کە لە نێو تاکسی، پاس، ماڵ، چاخانە و ڕێستورانتەکان وشوێنانی دیکە گوێبیستی دەبین، هەر قسەی رووتە

ڕۆژی 9 ئەم مانگە کۆمەڵێک کەسایەتی و هەڵسوڕای بواری مەدەنی لەشاری سلێمانی خۆپیشاندانێکی نارەزایەتی دەربڕین دژی بێ کارەبایی و ئاو لەو شارە. ئەگەرچی هەفتەیەک بوو لە ڕاگەیاندنەوە باسی ئەو خۆپیشاندانە دەکرا و بووە مانشێتی ڕۆژنامەکان، بەڵام لە شارێکی یەک ملیۆن کەسی وەکو سلێمانی، تەنها چوارسەد کەسێک بەشداریان کرد و بەشێکیش لە بەشداربووان کە زۆربەیان گەنج بوون، دیاربوو تەنها بۆ فیکوهوڕ و های و هوو و قەشمەری کردن هاتبوون و ئەوەی پێی دەوترێت فەرهەنگی خۆپیشاندان تێیاندا نەبوو، ئاخر خۆپیشاندانیش وەکو هەر شتێکی دیکە بەشێکە لە فەرهەنگ و کولتوور، خۆ ئەگەر بەراوردی خۆپیشاندانی ئەوروپاییەکان و ئەوەی کە من دیم لە سلێمانی بکەم ئەوە بەڕاستی وەکو ئەوە وایە بەراوردی کارەبا و ئاوی سوێد لەگەڵ کوردستاندا بکەم. پۆلیس و ئاسایشی سلێمانی ئەگەرچی زۆر بە جددی و بە ژمارەیەکی زۆرەوە بەردەم پارێزگا و جادەکانیان گرتبوو بەڵام بەهیچ شێوەیەک ڕێگریان لە خۆپیشاندەران نەکرد، دەتوانم بڵێم هەندێک لە خۆپیشاندەران دەیانویست هەرچۆنێک بێت پۆلیسەکان ببزوێنن بەڵام هیچ شتێکی ناخۆش نەهاتە ئاراوە. بەداخەوە دەبێت بڵێم هەندێک پارتی کۆمۆنیست و عێراقی هیچ لەبارا نەبوو دەیانەوێت وەکو خاڵێکی سیاسی کەڵک لەم خۆپیشاندانانە وەربگرن، پێیان وایە ئێستایش سەردەمی لینین و بۆلشەفیکەکانی ڕووسیایە و لە خەسڵەت و جوولانەوەی یەک دوانێک لەوانەی کە دیاربوو زیاتر بۆ خۆدەرخستن دەیانویست تیشکی ڕاگەیاندنیان بەرکەوێت،

خۆپیشاندان بکرێت یان نەکرێت، ئەرکی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە، باری ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستان چاک بکات، دەنا کێشەی ئاو و کارەبا لە داهاتوودا دەبێتە نەخۆشییەکی نەفسی بۆ خەڵک و ڕەنگە لە داهاتوودا کێشەی گەورەی لێ بکەوێتەو بێگانەو داگیرکەرانیش بە قازانجی خۆیان کەڵکی لێ وەربگرن، مەگەر تەلەڤزیونێکی وەکو سەحەر لە خۆڕا وا بە پەرۆشەوە ئەو خەبەرە گەورە دەکەن و بڵاوی دەکەنەوە، لە کاتێکدا ڕۆژانە دەیان نارەزایەتی بەسەدان قات لەوەی سلێمانی گەورەتر لە ئێراندا ڕوودەدەن و هەر باسیشی ناکەن.

هەموو داخوازییەکی خەڵکی کوردستان بەوەی ئەوێ ڕۆژێی سلێمانیشەوە، هەقن و مافێکی سادەی ئەو خەڵکەیە، بەڵام هەم حکوومەت و هەمیش خەڵک دەبێت لەوە تێبگەن کە تەواوکەری یەکترن، ئاخر کاتێک خۆپیشاندانەکە تەواو بوو، لە ژمارەی خۆپیشاندەران زیاتر قوتووی کۆلا و بوتڵی ئاو لە بەردەم پارێزگای سلێمانی بەجێمان و جادەکەیان پیس کردبوو، ئەگەر بمانەوێت بەو شێوەیە حەق لە حکوومەت بکەینەوە ئەوا وەکو پەندە کوردییکە دەڵێت: بۆ ڕیش چووین سمێڵیشمان دانا.

# سلێمانی واتەرپەمپەکەشی کوژاندەوە



نەوزاد مەحمود

nawzad2000@yahoo.com

**ڕووداو – سلێمانی**

" توخوا مەعقولە بۆدەموچاوشتنەکەش بێیتە دائیرە ؟"،ئاری زۆر لەوە بێزارتر بوو تەنها بەوە بیبرێتەوە "ماوەی یەک هەفتەیە خۆم نەشتووەو هەموو بەیانیەکیش کەلەخەوهەڵدەستم، ناچار لەبەر بێ ئاوی دەبێت بێمە دائیرە بۆئەوەی لەوێ بەئارەزووی خۆم ئاو بەدەموچاومدا بکەم". ئاری، نموونەی سەدان هاووڵاتی تووڕەی ئەو شارەیە، کەشارەوانییەکەی هەمیشە شانازی بەخاوێنییەوە دەکات " هەمیشە بەخاوێنیدا بمانناسنەوە " .

گرفتی بێ ئاوی، زۆر لەبەرنامەکانی ژیانی ڕۆژانەی بەشێک لەهاووڵاتیانی شاری سلێمانی گۆڕیوە، لەمەش واوەتر، ئەو پەتایە بەرۆکی فێنککەرەوەوموبەریدەکانیشی گرتووە وزۆربەیانی کردووەتە پانکە . هەندێک لەکرێچییەکان بوونەتە دەبڵ کرێچی، لەبەر ئەوەی موبەریدەکانیشیان بوونەتە کرێچی تانکی ئاو. دڵشاد محەممەد، کرێچییەکی شاری سلێمانییە و دەڵێ "ئەگەر ڕەزیلی لەئاودا نەکەم، ئەوا مانگانە نزیکەی 100 هەزاردیناریشم بۆئاو دەوێت، چونکە سێ چوار ڕۆژ جارێک ئاومان بۆ دێت و هەر دوو ڕۆژ بەشمان دەکات" . یەکێک لە داخە گەورەکانی دڵشاد بێ ئاوبوونی شارەکەیەتی" وای لێهاتوە ژیانی تەڕ لەسلێمانیدا هەر بەدەوڵەمەندەکان هەڵدەسووڕێت" .

جەزا کە لە دارەسوتاوەکە دوکانی فرۆشتنی ئامێری کارەبایی ناوماڵی هەیە، دەڵێ ئەمساڵ بەهۆی کەمی کارەبا زۆرکەمتر لە ساڵی ڕابردوو سپلیتیان فرۆشتووە "لەبەرکەمی کارەبا، سپلێت وەک مەنزەرەو وێنەی لێهاتووە بەدیوارەکانەوە" . جەزا، کە دوکانەکەی پڕە لە ئامێری فێنککەرەوە، باسی دیاردەی کوژاندنەوەی واتەرپەمپی موبەریدە دەکات لەلایەن ماڵەکانی سلێمانی لەبەر بێ ئاوی و دەڵێ" ئەگەر واتەرپەمپی ئاوهەڵدانی موبەریدەکەش ئیش پێنەکەن، ماتۆڕەکەی گەرم دەبێت و دەسووتێت " .

لەماڵی ڕەزا ساڵح، چارەسەرێک بۆ ئاوی موبەریدە دۆزراوەتەوە، ئەویش بە کۆکردنەوەی ئەو ئاوەی دەمووچاو قاپ و جلوبەرگی پێدەشۆن بۆ موبەریدەکە . ڕەزا دەڵێ دوای وەرزی هاوین کێشەی کەم ئاویش لە سلێمانی کۆتایی دێت " زستانی ڕابردوو،ئاومان ئەوەندە زۆربوو نەماندەزانی چی لێبکەین، بەڵام ئەوە گرفتی وشکەساڵییەو خەڵکەکەش زۆر بووەو نەک ئاو، هیچ شتێک بەش ناکات".

خۆنیشاندانی ڕۆژی 2008/7/9ی سلێمانی، کەهاووڵاتیان داوای ئاو و کارەبایان لەحکومەت دەکرد، پرۆژەی دووی ئاوی دوکان بۆ هاووڵاتیان ئاشکرا کرا، هەروەک بەرپرسە ئیدارییەکانی شار ئاماژەیان پێدا، بەتەواو بوونی ئەو پرۆژەیە کێشەی کەمی ئاو لە سلێمانی 100% چارەسەر دەبێ .

ڕزگار عەلی دەرویش، بەرپرسی دابەشکردنی ئاو لەبەڕێوەبەرایەتی ئاوی سلێمانی ڕایگەیاند " ئەو بەرنامەیەی دامانناوە، هەرسێ ڕۆژ جارێک ئاو بۆگەڕەکەکان دەکەینەوە بەپێی ئەو کاتەی کە بۆهەر چەند گەڕەکێک بەجیاوازی کات دامانناوە، ماوەکەشی دوو کاتژێرە " . دەرویش گوتی پرۆژەی دووەمی ئاوی دوکان سەرەتای ساڵی 2009 تەواو دەبێ "کە لەیەک کاتژێردا 8000 مەتر سێگۆشە ئاومان دەداتێ و ئەوەش بڕێکی ئێجگار زۆرە " . لێپرسراوی دابەشکردنی ئاوی سلێمانی وێڕای دەربڕینی ئەوپەڕی گەشبینی خۆی بەوپرۆژەیە گوتیشی" ڕاستە بەتەواو بوونی پرۆژەی دوو گرفتی کەمئاویمان نامێنێت، بەڵام پێویستە هاووڵاتیانیش بەوشیاریەوە مامەڵە لەگەڵ ئاو بکەن و دەستی پێوەبگرن " .

کەم ئاوی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی گەڕاندووەتەوە شاری سلێمانی و خەریکە بەهێزیان دەکاتەوە . ئەحمەد فەتحوڵڵا کە ماوەی چوارساڵە تاکسی لێدەخوڕێ، باسی لەهاموشۆگەرمەکانی خۆی دەکات بۆ ماڵی ئەو دۆست و ناسیاوانەی خاوەنی بیری ئاون و هیچ چاوەڕوانی حکومەت نین، دەرگای بەلوعەکانیان بۆ تەڕ بکاتەوە" شەوانە بچمە ماڵی هەر دۆست و ناسیاوێک، چوار پێنج دەبەی خاڵی لەگەڵ خۆم دەخەمە ناو سەیارەکەوەو لەو سەرەوە بەئاوەوە دێمەوە " . ئەو شوفێرەی تاکسی وتیشی " هەندێک ڕۆژ، ئاوی ماڵ دەبێتە زمزم و حسابێکی تایبەتی بۆ دەکرێت " .

پۆلیسە پاسەوانەکەی بەڕێوەبەرایەتی ئاوی سلێمانی بۆخۆشی لەماڵەوە بەدەردەسەری بێ ئاویەوە دەناڵێنێ و دەڵێ " لەهەموو کەسێکی ئەو شارە بێئاوترم و پۆلیسی دائیرەی ئاویشم " . ئەو پۆلیسە گوتی "تەنانەت زۆرجار ئەو دائیرەیەی خۆشمان کەمئاودەبێت " . ئەو پۆلیسە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، پێیوایە بێ ئاوی لەسلێمانیدا لەوە دەرچووە کەوەک بابەتێکی سەیر تەماشای بکرێ .

هاووڵاتییەک کەبەشداری خۆنیشاندانی 7/9ی سلێمانی کردووە، دەڵێت لەو گەڕەکانەی کەماڵی بەرپرسەکانی لێیە، گرفتی ئاو نییەو بۆڕییەکان وشک نابنەوە . پارێزگاری سلێمانیش دەڵێ ساڵی داهاتوو کێشەی کەم ئاوی لە سلێمانی نامێنێ.




پۆلیسی سلێمانی لە کاتی خۆپیشاندانی 400 کەسیەکەی ڕۆژی 2008/7/9 (فۆتۆ: ڕووداو)



## 600 هەزار ژن بە هۆی منداڵبوونەوە دەمرن

رووداو-رۆیتەرز

◆ بەپێی ئامارێکی کۆلێجی شاهانەی پزیشکی بەریتانی ساڵانە 600 هەزار ژن لە جیهان بەهۆی منداڵبوونەوە دەمرن، ئەمەش بەهۆی نەبوونی خزمەتگوزاری وهوشیاری تەندروستی پێویست، بۆیە دەکرێ رێژەی ئەو قوربانیانە کۆنترۆڵ وسنووردارکرێت. بە گوێرەی ئاماری رێکخراوی تەندروستی جیهان WHO لەهەر سەد هەزار ژن، سێسەدیان بە هۆی منداڵبوونەوە گیان لەدەستدەدەن.

# حکومەت یەک ملیۆن دۆلار بە قەرز دەداتە کارگەی شاهۆ



**رووداو– هەولێر**

ئەو قەت هەستی بەوە نەکردبوو، کە قژ رووتانەوە ئەوەندە گرفتێکی گەورەیە لای کورد، بەرێکەوت دەستی بۆ گیا بردووەو بۆ قژ رووتانەوە بەکاریهێناوە و سەرکەوتنی بەدەستهێناوە، ئێستاش سەرقاڵی دانانی کارگەیەکی گەورەی دروستکردنی شامپۆو کرێمە و دەیەوێت بەو هۆیەوە گرفتی قژ رووتانەوە لەکوردستان نەهێڵێت.

کارگەی شاهۆ یەکێکە لەو کارگانەی لە ناوچەی پیشەسازی کەسنەزان دروستکراوە. ئەو کارگەیە لەسەر رووبەری 1200 مەتر دووجا دروستکراوە، لەکاتێکدا شاهۆ دەڵێت "پێویستم بە 5 هەزار مەتر بوو بۆ دروستکردنی کارگەکە".

شاهۆ ئیسماعیل بەرزنجی، لەدایکبووی شارۆچکەی قادرکەرەمە و هەردوو کۆلیژی یاسا و بەشی زمانی ئینگلیزی کۆلیژی ئەدەبیاتی لە هەولێر تەواوکردووە، بەڵام ئەوەی ئەوی کردووەتە سەرمایەدار نە یاسایە و نە زمانی ئینگلیزی، بەڵکو سەری کەچەڵە. ناوبراو، لەسێ مانگی داهاتوودا یەکەمین کارگەی دروستکردنی شامپۆو کرێم بۆ وەستانی قژ رووتانەوەو دروستکردنەوەی قژ لەکوردستاندا دەخاتەکار. شاهۆ زۆر بە دڵنیاییەوە بۆ (رووداو) دەڵێ"بەرامبەر هەموو شامپۆکانی جیهان دەوەستینەوەو بڕوانامەی 32 وڵاتی جیهانیمان هەیە کەداهێنمان کردووە لەرواندنەوەی موودا".

جگە لەشاهۆ، شێخ ئیسماعیلی باوکی شارەزایەکی دیاری بواری دەرمانی گژو گیایی بووە، ئەمەش بووەتە هاندەرێک بۆ شاهۆش تاوەکو دەست بداتە گژو گیاو بەهۆی ئەو گژوگیایەوە ئومێدێک بەو کەسانە ببەخشێتەوە کە دووچاری قژ رووتانەوە بوون، شاهۆ دەڵێت" ئەگەر باوکم بمایە داهێنانی زۆر گەورەترم لەبواری ئەو کارەدا دەکرد".

دەرمانی گیایی کە ئێستا لەهەموو جیهاندا رووی لە زۆربوونە، بەپێی هەواڵێک 6هەزار جۆر گژوگیای بەکەڵک لەدەڤەری کرماشانی رۆژهەڵاتی کوردستان هەیە بۆ دروستکردنی دەرمانی کیمیایی.

ساڵی 1997 کاتێک شاهۆ وەک فەرمانبەر لە یەکێک لەدەزگاکانی حکومەت دادەمەزرێت، مام حەسەنی ژمێریار دەناسێت، کە قژی بەتەواوی رووتاوەتەوەو بێئومێد بووە لەوەی جارێکیتر تاڵە موویەک بەسەرییەوە ببینێتەوە، مام حەسەن کاتێک دەڵێت هەر کەسێک بتوانێت قژی سەرم بێنێتەوە، چی بیەوێت لەدونیا بۆی دەکەم، ئەو قسەیەی مام حەسەن یەکسەر دەبێتە جێی سەرنجی شاهۆ.

بۆ ئەو مەبەستەش رۆژێکیان بەرێککەوت یەکێک لەو گیایانەی کە باوکی بۆ دەرمان بەکاریدەهێنا لەبەردەم دووکانی ماست فرۆشێک دەبینێت، یەکسەر داوا لەماستفرۆشەکە دەکات بەهەر نرخێک بێت 3 فەردە لەو گیایەی بۆ پەیدا بکات، ماستفرۆشەکەش بەبێ هیچ بەرامبەرێک بۆی پەیدا دەکات.

شاهۆ، دەڵێت" هەندێک لەو گیایەم بۆ مام حەسەن بەکارهێناو پاشماوەیەک مووی سەری هاتنەوە، کەبینیم لەخۆشیدا ئاو بەچاومدا هاتە خوارەوە، کاتێک دکتۆرێکی خزمی خۆمم لەکارەکە ئاگادار کردەوە، گوتی: ئەگەر یەک تاڵە موو بهێنیتەوە دەتوانی ملیۆنێک تاڵە موو بهێنیەوە".

هاتنەوەی ئەو چەند داوە مووەی سەری مام حەسەن دەبێتە سەرەتایەک بۆ داهێنانەکانی شاهۆ.

شاهۆ، بەوە ناوەستێت و هەوڵیدا ئەو چارەسەرە کوردەوارییە بکاتە داهێنانێکی جیهانی. شاهۆ دەڵێت "لە 1998/8/20 دەستمکرد بەخوێندنەوە لەسەر هۆکارەکانی قژ وەرین و ئەو چارەسەرانەی لەجیهاندا هەیە، لەئەنجامی ئەو خوێندنەوەیەشدا ئێستا پەرتوکێکم ئامادەیە بۆ چاپکردن، بەناوی رێگەچارەیەک بۆ راگرتنی قژ وەرین و دووبارە رواندنەوەی، پاشان پسولەم دروستکرد بۆ ئەو کەسانەی کە بەبەرنامە چارەسەریان دەدەمێ".

شاهۆ بەکوردستانەوە ناوەستێ و بەرهەمەکەی دەباتە بازاڕەکانی ئەوروپا. قەلەندەر ئیسماعیلی برای شاهۆ، کە ئەوکات قوتابی ماستەربوو لە بواری ئەندازیاری لەئەڵمانیا، دۆزینەوەکەی شاهۆ وایلێدەکات دەست لەخوێندنەکەی هەڵبگرێت. قەلەندەر، بەمامۆستاکانی دەڵێت شتێکی نوێمان دۆزیوەتەوە چی بکەین، پرۆفیسۆرێکیان ئامۆژگاری دەکات و دەڵێ: لەساڵی 1969 بیرۆکەیەکم داهێنا، گوێیان پێنەدام، پاشان کۆمپانیای سیمێنس لێی دزیم، ئێوە جارێک پارێزگاریکەرێکی "حصانة" یاسایی بۆخۆتان دروستبکەن و ئەوجا بەرهەمیبهێنن.

شاهۆ، ناتوانێ هیچ پارێزگارییەکی یاسایی لەکوردستانەوە بەدەستبێنێ بەهۆی داننەنانی دەزگا پەیوەستەکانی کوردستان بەکارەکەی، دەڵێت"وەزارەتی تەندروستی وکۆلێژی پزیشکی زۆر ماندوویانکردم، لەبەرتەسکی مێشکی خۆیان، ئەوەندە باوەڕیان بەخۆیان نەبوو کە کەسێک بەهۆی گیایەکی کوردەوارییەوە لەئاستی جیهاندا داهێنان بکات، پاشان خۆم گەیاندە لای کاک شەوکەت شێخ یەزدین، وتی نەمزانیوە داهێنانەکەت گەیشتووەتە ئەم ئاستە و بە بڕی 2 هەزار دۆلار هاوکاری کردم، ئەوکاتە ئەو پارەیە زۆربوو، توانیم لەسەرپێی خۆم بووەستم".

دوای ئەوەی شاهۆ بێ ئومێد دەبێ لەوەی لەکوردستان هیچی بۆ بکرێت، پەنا بۆ حکومەتی ئەڵمانیا دەبات و لەوێ لە (فەرمانگەی پاراستنی مافی ئەفراندن) پرۆژەکە بەناوی قەلەندەری برای تۆمار دەکات، چونکە قەلەندەر وەڵاتینامەی ئەڵمانی هەیە. پاش سێ ساڵ لێکۆڵینەوە لەبیرۆکەکەی شاهۆ، حکومەتی ئەڵمانیا لەساڵی 2004 دا پرۆژەکە وەک داهێنانێک پەسەند دەکات. شاهۆ دەڵێ"پاش ئەوە بڕوانامەی دانپێدانانەکەمان وەرگرت چەند کۆمپانیاییەکی گەورە داوایانکرد بە یەک ملیۆن یۆرۆ مافی ئەفراندنەکەیان پێبفرۆشین، بەڵام رەتمانکردەوە".

شاهۆ، دەڵێ دوای پەسەندکردنی داهێنانەکەی لە ئەڵمانیا، 32 بڕوانامەی جیهانی وەرگرتووەو لەهەمانکاتدا دەتوانێت لەتەواوی ئەوروپادا شامپۆو کرێم و ئاوی تایبەت بەرهەم بێنێت و بیفرۆشێت.

دۆرۆڵف و برێخت، دوو کارگەی ئەڵمانین کە شاهۆ رۆحی گیاکەیان لەکوردستانەوە بۆ دەبات و ئەوانیش پاش پشکنین و تاقیکردنەوە شامپۆو کرێم و ئاوی تایبەت بەقژ رووتانەوەی لێ دروستدەکەن و دوای بەرهەمهێنان رەوانەی بازاڕەکانی ئەوروپای دەکەن و بڕێکی کەمیشی دەنێردرێتە کوردستان.

شامپۆی شاهۆ، چەند ساڵێکە لە دەرمانخانەکانی کوردستانیش دەفرۆشرێ، بەڵام دەنگدانەوەی پێویستی نەبووە، هەرچەندە هەندێ کەس دەڵێن سوودیان لێوەرگرتووە .زۆر کەسیش دەڵێن لەبەر گرانی نرخەکەی تا ئێستا نەیانکڕیوە.

شاهۆ، بەشانازیەوە دەڵێت "بەڵگەنامەی ئەڵمانیمان هەیە کەبەرهەمەکەمان لەسەر 200 کەس تاقیکراوەتەوە، ئاوی موو و کرێمەکەو شامپۆکەش، لەئەنجامی ئەو تاقیکردنەوەیە دەرکەوتووە هیچ زیانێکی نییەو لەماوەی 72 کاتژێریشدا 25%ی ئەنجامەکەی دەرکەوتووە".

هەرچەندە بەرهەمەکان ناویان شاهۆیە،ئاڵای کوردستانیش لەسەر کارتۆنەکانی هەیە و لێی نووسراوە لەرووەکێکی سروشتی شاخەکانی کوردستانەوە بەرهەم دێت، بەڵام شاهۆ هەمیشە لەخەونی فراوانکردنی پرۆژەکەیدابوو. دواجار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان یارمەتی فراوانبوونی خەونی شاهۆ بەرزنجی دەدات .ئەویش دوای ئەوەی یەک ملیۆن دۆلاری بە قەرز پێدەدرێ . هەروەک شاهۆ گوتی "لەنووسینگەی سەرۆکی حکومەتەوە پەیوەندیم پێوەکراو وتیان چۆن پشتگیریت بکەین و چەندت پێویستە، منیش گوتم یەک ملیۆن دۆلار، گوتیان زیاتر بڵێ، وتم نا، ئەگەر ئیفلاسیشم کرد خانووەکەم و کارگەکەم دەفرۆشم و خۆم شەرمەزاری ئێوەناکەم، ئەگەر سەرکەوتووش بم دەتوانم قەرزە بانکییەکە بدەمەوە".

شاهۆ، ئێستا لەدەرەوەی شاری هەولێر سەرقاڵی ئامادەکردنی کارگەیەکەو دەڵێ" ئەگەر گرفتمان بۆ دروست نەبێت دەتوانین سێ مانگی دیکە لەکوردستانەوە بەرهەممان هەبێت و بەرهەمیش زۆر زیاد بکەین، لێرە تەنها بڕی دەرهێنانی رۆحی گژوگیاکان زیاد دەکەین و دەینێرینە دەرەوە، بەڵام لەماوەی شەش مانگی دیکەدا هێڵی شامپۆو ئاوەکە دەهێنینەوە کوردستان".

کەقسەت بۆ دەکات بەردەوام گازاندەی هەیە"کارگەکەی من لەسەر رووبەری 1200 مەترەو سەدان هەزار مەتر زەویش بەبەتاڵی بەدەورمدایە، جێگەم نییە ئاگری تێدادانێم و مەکینەی تێدا ساردبکەمەوەو مولیدەی کارەبای لێ دابنێم".

نرخی کرێمی شاهۆ لەکوردستان 50 دۆلارەو ئاوی قژیشی 25 دۆلارەو شامپۆکەش بە 10 دۆلارەو لەئەوروپاش گرانترە.

وشکەساڵی ئەمساڵ کاری لەشاهۆش کردووە و ئەو گیایانەی دەست ناکەوێت کە بۆ دەرمان دروستکردن بەکاریدەهێنێت، بەڵام دەڵێ" ئەوەندە کەرەستەی رووەکی کۆکراوەمان هەیە کەدەتوانین دووساڵ کاری پێبکەین، لەماڵی خۆم دوو ژوورم چاککردووە و لەتەنیشت خۆمەوە دایدەنێم".

لەترسی ئاشکرابوونی بیرۆکەی داهێنانەکە، شاهۆ تائێستا بەدزییەوە لەشاخەکان ئەو گیایە کۆدەکاتەوە، بەڵام ئێستا70 دۆنم زەوی کڕیوەوەو ئەو گژوگیایانەی تێدا دەڕوێنی کە پێویستی پێیەتی.

> **پاش ئەوەی لە ئەڵمانیا بڕوانامەی دانپێدانانمان وەرگرت چەند کۆمپانیایەکی گەورە داوایانکرد بەیەک ملیۆن یۆرۆ مافی داهێنانەکە بفرۆشین بەڵام رەتمانکردەوە**
>
> شاهۆ بەرزنجی




کرێم و شامپۆی شاهۆ

## لە هۆڵەندا یاسای مردنی بەزەییئامێز هەیە

# هاووڵاتی هۆڵەندی مافی ئەوەی هەیە داوا لە دەوڵەت بکات بیکوژێت




بەساڵاچووە ئەمریکاییەکان داوای یاسایەکی هاوشێوەی هۆڵەندا دەکەن

**تایبەت بە رووداو – هۆڵەندا**

بە هۆڵەندی پێیدەڵێن: ئاوتۆناسی و واتاکەی بە کوردی دەبێتە: (مردنی بەزەییئامێز). ئەوە یاسایەکە دەوڵەتی هۆڵەندا کاری پێدەکات بۆ کۆتاییهێنان بە ژیانی ئەو هاووڵاتییانەی بە فەرمی داوا لە دەوڵەت دەکەن کۆتایی بە ژیانیان بێنێت. هەندێک کەس پێیان وایە کە ئەو یاسایە دژی مۆراڵ و ئایینە ئاسمانییەکانە، لەبەرئەوە گرووپ و کۆمەڵ دروستدەکەن تا دەوڵەت لە کارکردن پێی پاشگەزبکەنەوە، بەڵام دەوڵەت بە مافی هەر کەسێکی دەزانێت ئەگەر هەندێک مەرجی تێدابن، داوای مردنی خۆی بکات.

### یاسای ئاوتۆناسی

ئەو یاسایە لەساڵی 2002ەوە لە هۆڵەندا کاری پێدەکرێت. بە پێی ئەو یاسایە هاووڵاتیان بۆیان هەیە داوای ئەوە لە دەوڵەت بکەن کە کۆتایی بە ژیانیان بهێندرێ، بە مەرجێک هۆکارێکی هەبێت و ئومێدی رزگاربوون لە نەخۆشییەکەی نەبێ، یانیش ئەگەر نەخۆشێک باش بزانێ کە نەخۆشییەکەی کوشندەیە و حەز نەکات ئازاربکێشێ، ئەوە دەتوانێ بە رەسمی داوای مردنی بەزەییئامێز لە پزیشکی تایبەتیی خۆی بکات و ئەویش پاش هەڵسەنگاندنی داواکەی بڕیاری پەسندکردن یان رەتکردنەوەی دەدات. ئەگەر داواکەیش پەسندبکرێ و جێبەجێبکرێت، ئەوا یەکێک لە لەو شەش کۆمیسیۆنە هەرێمایەتییانەی کە دەوڵەت پێکیهێناون لەوە دەکۆڵنەوە کە پزیشکەکە تا چەند بڕیارێکی راستی داوە و یاساییانە کۆتایی بە ژیانی هاووڵاتییەکە هێناوە.

> **مردنی بەزەییئامێز لە وڵاتانی دیکەدا**
>
> **لە وڵاتی بەلجیکا کار بە یاسایەکی هاوشێوە دەکرێت. لە سویسراش جۆرە یاسایەک هەیە کە تاڕادەیەک ئەو کێشەیەی چارەسەر کردووە، جگە لەمە خەڵکی ناسویسریش دەتوانن بچنە ئەو وڵاتە و داوای بکەن. ئەڵمانیا ماوەیەکە کار لەسەر دەرکردنی یاسایەکی وادا دەکات، بەڵام تا ئێستا دەرنەچووە. لە ئەمریکاش لە زۆربەی ویلایەتەکاندا مردنی بەزەییئامێز قەدەخەیە، تەنێ لە ویلایەتی ئۆرێگۆن نەبێت کە پزیشک دەتوانێ جۆرە دەرمانێک بۆ نەخۆشەکەی بنووسێت کە بەهۆیەوە بتوانێت خۆی بکوژێ.**

### مەرجەکانی مردنی بەزەییئامێز

هەموو کەسێکی نیشتەجێی هۆڵەندا پزیشکێکی تایبەتیی خۆی هەیە کە ئەرکی چاودێریکردنی تەندروستیی ئەوی لە ئەستۆیە. ئەو پزیشکە لە لایەکەوە لەسەریەتی زانیاریی تەواو دەربارەی نەخۆشی و هۆی ئازاکێشان بداتە نەخۆشەکەی و لە لایەکی دیکەشەوە هەوڵبدات کە ئازارەکەی نەهێڵێت و ژیانی بپارێزێ. واتە پاراستنی ژیانی نەخۆش ئەرکێکی یاسایی سەرشانی پزیشکەکەیە، بەڵام ئەگەر نەخۆشەکە بۆ خۆی داوای کۆتاییهێنان بە ژیانی خۆی کرد ئەوا پزیشک دەبێ لە داواکەی بکۆڵێتەوە و ئەگەر ئەو مەرجانەی خوارەوەی تێدابوو پەسند و جێبەجێی بکات:

– دەبێ پزیشکەکە دڵنیابێت نەخۆشەکەی بە ئارەزووی خۆی و بە بێ گوشاری کەسێکیتر داوای ئاوتۆناسی دەکات.

– دەبێ پزیشکەکە گەیشتبێتە ئەو بڕوایەی کە داواکارەکە هیچ ئومێدی چاکبوونەوەی نییە و ناشتوانێت بەرگەی ئەو ئازارە زۆرە بگرێت کە بەهۆی نەخۆشییەکەیەوە دەیکێشێ.

– دەبێ داواکارەکە زانیاریی تەواوی لە لایەن پزیشکەکەیەوە پێدرابێ کە ئاوتۆناسی چۆن ئەنجامدەدرێت و دەرهاویشتەکانیشی چی دەبن.

– دەبێ پزیشکێکی بێلایەنی دیکە لە دۆسییەکە بکۆڵێتەوە و داواکارییەکە بە رەوا بزانێت.

– دەبێ پزیشک یان بە دەستی خۆی کۆتایی بە ژیانی نەخۆشەکە بهێنێت یانیش کەسێکی شارەزا راسپێرێ بۆ ئەو کارە و لێنەگەرێت کەسێکیتر ئەو کارە بکات.

### جێبەجێکردن و بەدواداچوون

دوای ئەوەی پزیشک گەیشتە ئەو بڕوایەی کە داواکاریی نەخۆشەکەی شایستەی پەسندکردنە، ئەوا کاتی کۆتایی هێنان بە ژیانی نەخۆشەکە دیاریدەکرێ و جێبەجێدەکات. ئەوەی لە کاتی کۆتایی هێنان بە ژیانی نەخۆشەکەدا گرنگە ئەوەیە کە پزیشک دەبێ پرۆسەکە بە وریاییەوە جێبەجێبکات و نەهێڵێت نەخۆشەکە ئازاربکێشێت. بۆیەش کارەکە زیاتر بەهۆی دەرزییەوە ئەنجامدەدرێ .

پاش ئەوە پزیشک راپۆرتێک سەبارەت بە تەواوی پرۆسەکە دەنووسێت و بەشی تەندروستیی شارەوانیی شارەکەی و کۆمیسیۆنی هەڵسەنگاندنی ئاوتۆناسیی پەیوەندداری لێ ئاگادار دەکاتەوە. ئەوانیش لەلایەن خۆیانەوە لیژنەیەک بۆ هەڵسەنگاندنی پرۆسەکە پێکدێنن کە لە لایەکەوە لەوە دەکۆڵێتەوە ئایا تا چەند رەچاوی مەرجە یاساییەکان کراوە لە کارەکەدا و دواتریش لە لاشەی نەخۆشە مردووەکە دەکۆڵدرێتەوە بۆ ئەوەی بزاندرێ چۆن و بە چ کەرەستەیەکی پزیشکی کۆتایی بە ژیانی هێنراوە. ئەگەر لەو لێکۆڵینەوانەدا دەرکەوێ کە پزیشکەکە کارێکی نایاساییی کردووە، یان کەمتەرخەمیی نواندووە، رووبەرووی سزادانی یاسایی دەبێتەوە.



نەخۆشێک لەکاتی ئامادە کردنیدا بۆ مردنی بەزەییئامێز

### لەساڵی رابردوودا کۆتایی بەژیانی 2120 کەس هێندراوە

بە پێی تازەترین راپۆرتی ساڵانەی کۆمیسیۆنی هەڵسەنگاندنی ئاوتۆناسیی هۆڵەندا، لە ساڵی رابردوودا 2120 کەس کۆتایی بە ژیانیان هێندراوە. بەشی هەرە زۆری ئەو ژمارەیەش کە 1686 کەسن لە ماڵی خۆیاندا پرۆسەکەیان لەسەر جێبەجێکراوە. ئەوەی سەرنجراکێشیشە ئەوەیە کە 1768 کەس بە هۆی هەبوونی نەخۆشیی شێرپەنجەوە ئەو داوایەیان کردووە، ئەوانیتریش ئەوانە بوون کە نەخۆشی دڵ و مێشکیان هەبووە.

### گفتوگۆیەکی مۆڕاڵی

هەندێک لە چالاکڤانانی مافی مرۆڤ و مۆڕالیستەکانی هۆڵەندا باوەڕیان وایە کە هیچ کەسێک مافی کۆتایی هێنان بە ژیانی کەسێکی دیکەی نییە .بە تایبەتیش پزیشکەکان کە لە کاتی سوێندخواردنیاندا بۆ بوون بە پزیشک جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە ئەرکیان پاراستنی ساخلەمی و ژیانی نەخۆشەکانیان دەبێت. ئەوان پێیان وایە کە ئەو پزیشکەی کارێکی ئاوا بکات نەک ساخلەمیی نەخۆشەکەی ناپارێزێ بەڵکو بەشداریش دەکات لە خراپترکردنی. هەروەتر بەشێکی کەم لە باوەڕدارانیش وایدەبینن کە تەنیا خوا بۆی هەیە مردنی بەزەییئامێز جێبەجێبکات. بەڵام لایەنگرانی ئاوتۆناسی لە ناو پارتە سیاسییەکان و دەزگا تەندروستییەکاندا وایدەبینن کە پزیشک دەبێ ئازاری نەخۆشەکەی کەمبکاتەوە و ئەگەر ئاوتۆناسی تەنیا چارەسەر بێت پێویستە جێبەجێبکرێت.

■ لەسەر بارودۆخی کەرکووک، ئەو حیزب حیزبێنەی کورد لە کەرکووک دەیکات و گلەییەکانی بەرەی تورکمانی و عەرەب لە کورد. (رووداو) ئەم دوو هەڤپەیڤینەی لەگەڵ رەفعەت عەبدوڵڵا بەرپرسی مەڵبەندی 2ی یەکێتی و، نەجات حەسەن بەرپرسی لقی 3ی پارتی لە کەرکووک سازکرد:

## بەرپرسی مەڵبەندی 2ی یەکێتی:

# پارتی گوتی با پارێزگار بۆ یەکێتی بێت


فۆتۆ: رووداو

**رووداو: پەیوەندی نێوان حیزبە کوردستانییەکان ئێستا لە کەرکووکدا لەچ ئاستێکدایە؟**

**رەفعەت عەبدوڵڵا:** پەیوەندییەکی پتەومان هەیە، بۆ هەر پرسێکی گرنگ پێشوەخت دادەنیشین و یەک هەڵوێستی دروست دەکەین، بەتایبەت ئێمە و پارتی.

**رووداو: جەماوەری یەکێتی لە کەرکووک ئێستا لەچ ئاستێکدایە؟.**

**رەفعەت عەبدوڵڵا:** با چاودێرەکان قسە لەوبارەوە بکەن، بەڵام ئێستا جاران نییەو خەڵک سەیری بەرنامەی کاری ئەو حیزبە دەکات، تا چەند دەتوانێ خزمەت بەخەڵک بکات.

**رووداو: دەگوترێت یەکێتی بەمافی خۆی دەزانێ زۆرترین پۆستە ئیدارییەکانی کەرکووک بۆ خۆی بن، ئەمە تاچەند دروستە؟**

**رەفعەت عەبدوڵڵا:** کەرکووک پەیوەندی بەکوردستانەوە هەیە، لەسەردەمی 50بە50دا کەرکووک بەر یەکێتی کەوتبوو، کە گەڕاینەوە بۆ شارەکەمان ئەممان بەمافی خۆمانزانی کە ئیدارەی کەرکووک بۆ یەکێتی بێت، بەڵام من وەک خۆم لەگەڵ ئەو دابەشکردنەدا نیم، هەندێک پۆست هەیە کە حیزب دەستی بەسەردا گرتووە، پێویستە بدرێتە خەڵکی بەتوانا جا با لەو حیزبەش نەبن.

**رووداو: واتە ململانێی نێوان یەکێتی و پارتی لەکەرکووکدا بەهێزە؟**

**رەفعەت عەبدوڵڵا:** 100% ململانێ نییە، بەڵام حیزبایەتی کردنیش هەیە، بچیە هەر فەرمانگەیەکی کەرکووک هەستی پێدەکەی بەڕێوەبەری ئەو فەرمانگەیە یەکێتییە یان پارتی، لەگەڵ ئەوەشدا مەرج نییە ئەو بەڕێوەبەرە تەنیا کار بۆ لایەنێک بکات بەپێچەوانەوە بۆ هەردوولا کار دەکات، بەڵام من پێم باشە حیزبایەتی لەدامەزراوە حکومییەکانداکەمتربێتەوە.

**رووداو: پارتی بۆ هەڵبژاردن لەکەرکووک لەگەڵ لیستی داخراوە و ئێوەش لەگەڵ لیستی کراوەدان ئەوە راستە؟**

**رەفعەت عەبدوڵڵا:** ئێمە لەگەڵ لیستی کراوەداین، بە لیستی کراوە خەڵک دەنگ بۆ کەسایەتی دەدات و بەوشێوەیە حیزب بیر لەهێنانی کەسایەتی شیاو دەکاتەوە. لیستی کراوە زیاتر بوار بۆ ئازادی دەڕەخسێنێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە دەزانین زیانی هەیە، چونکە کار لەهاوپەیمانێتی دەکات و رەنگە رێژەی کورد کەمبکاتەوە.

**رووداو: بەڵام پێتوانییە کورد ئێستا لەکەرکووک پێویستی بەلیستی داخراو و یەک هێزییە؟**

**رەفعەت عەبدوڵڵا:** بۆچوونم لەگەڵ ئازادی و کرانەوەدایە، دەشزانم ئەگەر 51% نەبێت پارێزگار و ئەنجوومەنی پارێزگامان لەدەست دەچێت.

**رووداو: دەگوترێت ئەو بەڵێنانەی مام جەلال لە کەرکووک دایە بەرەی تورکمانی و هاوپەیمانەکانی بووەتە ماڵ بەسەر کوردەوەو جێبەجێکردنیشی کارێکی ئەستەمە، راستە؟**

**رەفعەت عەبدوڵڵا:** نا، شتی وانییە، من خۆم لەدانیشتنەکەی سەرۆک مام جەلالدا بووم، ئەو داوایانەی کە ئەوان کردیان سەرۆک تاڵەبانی بەپێی توانا بۆی جێبەجێکردن و ئەوەی مایەوە لەسەرخۆیانە کاری بۆ بکەن، ئەوان دەیانگوت با کەرکووک سەربەخۆ بێت، مام جەلال گوتی: من ناتوانم بڵێم با کەرکووک سەربەخۆبێت، ئەوە دەستورەو رێگەچارەی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکووک داناوە، مام جەلال زۆر رێنوێنی تورکمانەکانی کرد، ئەو رێنوێنییەش زۆر کاریگەری هەبوو لەسەریان و لەکەناڵە راگەیاندنەکەیاندا ئەمە بەروونی دەبینرا.

**رووداو: بەرەی تورکمانی بەردەوام دەڵێ یەکێتی و پارتی کەرکووکیان پاوانکردووە و هەموو شت بەدەست خۆیانە؟**

**رەفعەت عەبدوڵڵا:** بەرەی تورکمانی هەرکەس بێتە لایان لە UN و ئەمریکاو حکومەتی ناوەندی و راگەیاندن دوو فایلیان لەبەردەم دادەنێن، دەڵێن ئاسایش هی کوردەو ناحەقیمان بەرامبەر دەکەن، دووەم دەڵێن کورد ماڵ و زەویمان داگیردەکەن. لەوەی یەکەمیاندا راستناکەن، کاتێک سەرۆک تاڵەبانی لێرەبوو، کەسە ئەمنی و سەربازییەکانیان پێیانوت: ئەوەندەی ئاسایش پارێزگاری لە ئەمنییەت و ماڵ و گیانی ئێمە دەکات ئەوەندە بۆ کورد ناکات .من لەگەڵ داگیرکردنی موڵکی هیچ کەسێکیش نیم و ئەوەی بەرەی تورکمان دەیڵێت راست نییە.

**رووداو: ئەندامێکی ئەنجوومەنی پارێزگا دەڵێ یەکێتی و پارتی 92 هەزار پارچە زەویان لەکەرکووک دابەشکردووە، ئەمە کاری حکومەتە یان حیزب؟**

**رەفعەت عەبدوڵڵا:** ئەو ژمارەیە زۆرە و پێموانییە دروست بێت، لە دووشوێن زەوی دابەشکراوە پەنجا عەلی و فەیلەق، ئەویش بەبڕیاری ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بوو.

**رووداو: بەڵام یەکێتی و پارتی زەوییەکی زۆریان لە کەرکووک دابەشکرد؟**

**رەفعەت عەبدوڵڵا:** کراوە و من دابەشکردنی زەوی لەلایەن یەکێتی و پارتییەوە لە کەرکووک بەکەموکوڕی دەزانم، بەڵام دوای ئەوەی ئاوارەکان لەسلێمانی و هەولێر گەڕانەوە دەبووایە هاوکاری بکرانایە، لەنەبوونی دامەزراوەیەکی فەرمی حکومەتدا بووە ئەوەکراوە. کە حکومەت نەیکات ئەی چی بکرێت.

**رووداو: دەگوترێت بەشێک لەو زەوییانە نادادپەروەرانە دابەشکراون؟**

**رەفعەت عەبدوڵڵا:** راستە لەوانەیە خەڵکی ناموستەهەقی تێدابێت کە پێشووتریش ماڵی لەکەرکووک بووبێت، بەڵام دەبێت ئەوەش بزانن کە کورد لەسەردەمی رژێمی رابردوودا لە هیچ شتێک سوودمەند نەبووە.

**رووداو: رەمەزان حاجی رەشید، جێگری پێشووی بەرپرسی مەڵبەندی کەرکووک، وازی لەیەکێتی هێناوە؟**

**رەفعەت عەبدوڵڵا:** نا، ئێستاش ئەندامی یەکێتییە، بەڵام لەهەڵبژاردنی پێشوو دەرنەچوو.

**رووداو: دەگوترێت ئێستا سەرقاڵی ئامادەکردنی لیستێکی سەربەخۆیە بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک، ئەمە سیناریۆی یەکێتییە؟**

**رەفعەت عەبدوڵڵا:** کاک رەمەزان وایزانی لیستی کراوە ئەوەیە هەرکەسێک دەڕواو خۆی ناونووس دەکات و زیان بەهیچ لایەنێکی دیکە ناگەیێنێ، ئێمە ئاگادارمان کردووەو ناوی خۆی دەکشێنێتەوە.

**رووداو: دوو لیستی دیکەی کورد بەناوی قەڵا و چاکسازی هەیە، هەوڵتان نەداوە گفتوگۆیان لەگەڵ بکەن؟**

**رەفعەت عەبدوڵڵا:** لەگەڵ پارتی رێککەوتووین گفتوگۆ لەگەڵ ئەو کەسانە بکەین.

**رووداو: دەوترێت بەرپرسانی کەرکووک تائێستاش ئامادەنین لەکەرکووک بمێننەوە بەشەوان، تۆ لەکوێ دەمێنیتەوە؟**

**رەفعەت عەبدوڵڵا:** من لەکەرکووکم و تەنانەت زۆرجاریش دەڕۆمە ماڵی باوکم و براکانم دەمێنمەوە لەگوندی عەلاوە مەحمود کە کورد و عەرەبی لێدەژی و تێکەڵیشیان دەبم. ئێستا بۆ یەکێتی و پارتیش وانەماوە کە بەرپرسان بچنە دەرەوە.

**رووداو: پارێزگاری کەرکووک بەنیازە لەهەڵبژاردنی ئایندەدا خۆی کاندید نەکاتەوە، ئێوە و پارتی لەسەر کاندیدی دیکە رێککەوتوون؟**

**رەفعەت عەبدوڵڵا:** ئەمەم لە کاک عەبدولرەحمان نەبیستووە، بەڵام لەگەڵ برادەرانی پارتی دانیشتووین و وتویانە ئەوە گرفت نییە، با پارێزگار بۆ یەکێتی بێت.

**رووداو: خەڵک گازندەی هەیە لەبەرپرسە ئیدارییەکانی کەرکووک و پێیانوایە وەک پێویست نین؟**

**رەفعەت عەبدوڵڵا:** منیش گازندەم لەبەڕێوەبەرانی کورد هەیە، دەبووایە زیاتر خۆیان ماندوو بکردایە بۆ ئەوەی وێنەیەکی جوانی ئیداری کوردی پیشانبدەن.

**رووداو: تەواوی دەسەڵاتی کەرکووک دەسەڵاتێکی کوردییە ئەمە زیان بە کورد ناگەیەنێ؟**

**رەفعەت عەبدوڵڵا:** لێرەدا ئەو راستییە ناشارمەوە دەسەڵات لەکەرکووکدا دەسەڵاتێکی کوردییە، پێنج پۆستی گرنگ هەیە لەم شارەدا بەدەست کوردەوە، بەڕێوەبەرایەتییە گرنگەکانی وەک ئاوەدانکردنەوە و ئاو بەدەست کوردەوەیە، بەڵام جێگری پارێزگاریش عەرەبەو ئەوانیش بەڕێوەبەرایەتی دیکەیان بەدەستە، پێموایە دەبووایە بەڕێوەبردنێکی هاوبەش هەبووایە لەکەرکووکدا، مافی تورکمان و عەرەب چییە لەکوردستاندا پێویستە دەستووری هەرێمی کوردستان دیاری بکات.

**رووداو: کەواتە کە باوەڕتان بەئیدارەی هاوبەشە بۆ پەیڕەوی ناکەن؟**

**رەفعەت عەبدوڵڵا:** لەم هەڵبژاردنەدا دابەشکردنی پۆستەکان جێبەجێدەکەین، ئەگەر حزبەکانی دیکەی هاوپەیمانیشمان رازینەبوون بەمە، وەک یەکێتی لەبەشی خۆمان دەدەینە ئەوان.

**رووداو: ئەو قسەی عەرەب و تورکمانەکان تاچەند راستە، کەدەڵێن هەموو خزمەتێکی کەرکووک بۆ کوردە؟**

**رەفعەت عەبدوڵڵا:** راست نییە، مام جەلال چەندی بۆ کورد کردووە، ئەوەندەشی بۆ عەرەب و تورکمانەکان کردووە، ئەو خزمەت و ئاوڕلێدانەوەی هاوپەیمانان بۆ تورکمان و عەرەبیان هەیە زۆر زیاترە لەخزمەتکردنی ناوچە کوردنشینەکان.

## بچیە هەر فەرمانگەیەکی کەرکووک هەستدەکەی بەڕێوەبەرەکەی یەکێتییە یان پارتی

## لەم هەڵبژاردنەدا ئەگەر حیزبە هاوپەیمانەکانیشمان رازینەبوون وەک یەکێتی لەبەشی خۆمان پۆست دەدەینە تورکمان و عەرەب

## بەرپرسی لقی 3ی پارتی:

# لیستەکانی کەرکووک هیچیان هی پارتی نین


فۆتۆ: رووداو

**رووداو: پەیوەندیتان لەگەڵ حیزب و لایەنە عەرەبی و تورکمانییەکانی ناو کەرکووک لەچ ئاستێکدایە؟**

**نەجات حەسەن:** پەیوەندیمان لەگەڵ لایەنەکانی ناو لیستی برایەتی کەرکووک بەهێزە، بەڵام لەگەڵ بەرەی تورکمانی و کۆمەڵەی عەرەبی، وەک پارتی هیچ پەیوەندییەکمان لەگەڵیان نییە، تەنها ئەگەر چاوپێکەوتنێک لەئاستی ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگادا هەبێت.

**رووداو: بەرپرسی مەڵبەندی یەکێتی لەکەرکووک دەڵێت مام جەلال چەندی بۆ کورد کردووە ئەوەندەشی بۆ عەرەب و تورکمان کردووە، بەڵام تۆ دەڵێی پارتی هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵیاندا نییە، واتە لەوبارەوە سیاسەتتان جیاوازە؟**

**نەجات حەسەن:** ئەگەر لە هەرێمی کوردستان بڕوانی هەولێر پایتەختی کوردستانە و لەوێوە لە سیاسەتی کورد دەڕوانین، چ لە هەولێر بۆ تورکمان نەکراوە؟، لەهەموو کۆنگرەکانی پارتیدا باسی مافی نەتەوەکانی دیکە کراوەو گرنگی بەتورکمان دراوە، لەهەرێمی کوردستاندا لەدەزگا هەستیارەکاندا و لەپەرلەماندا خوشک و برایانی تورکمان رۆڵی کاریگەریان هەیە. من تەنیا باسی پارتی دەکەم. بەرەی تورکمانی پەیڕەوێکی خۆپەرستانەیان هەیەو دان بە بوونی هەرێمی کوردستاندا نانێن، ئەوان نوێنەری بۆچوونی هەموو تورکمانەکان نین و گفتوگۆ لەگەڵیاندا سوودی نییە و ئێمە خەڵکیتر بەنوێنەری تورکمان دەزانین.

**رووداو: پارتی لە کەرکووک، ئەندامی تورکمانی هەیە؟**

**نەجات حەسەن:** بەڵێ، زۆرە و نامانەوێت وەک کوردێک بیربکەنەوە،دەمانەوێ وەک تورکمانی دیموکراتی کوردستانی لەناو پارتیدا بەرگری لەمافی خۆیان بکەن.

**رووداو: ئێوە و یەکێتی لەلایەن حیزبە کوردستانییەکانەوە بە دەستگرتن بەسەر دەزگاکاندا تۆمەتبار دەکرێن، چ دەڵێن؟**

**نەجات حەسەن:** کەس مۆنۆپۆڵی دەسەڵاتی نەکردووە، کەرکووک جیاوازە لەگەڵ شوێنەکانی دیکە، ئەگەر ئەوانیش لەشوێنی ئێمە بوونایەو ئەو هێز و قەبارەی ئێمەیان هەبووایە وەک ئێمە دەبوون، ئەگەر مەبەستیش دابەشکردنی پۆستە ئیدارییەکان بێت لەنێوان حیزب و لایەنە سیاسییەکان، لەسلێمانی و هەولێریش بەهەمانشێوەیە، ئەگەر لەوێ حەڵاڵ بێت بۆ لێرە حەرام بێت.

**رووداو: پێنج پۆستە گرنگە ئیدارییەکەی پارێزگای کەرکووک، بەدەست کوردەوەن، هەندێ کورد دەڵێن لەجیاتی ئەوە دەبووا هەندێ لە پۆستەکان بدرابانە نەتەوەکانی دیکەش؟**

**نەجات حەسەن:** هەر ئەوە مەبینە ئەو پێنج شوێنە سەرەکییە بەدەست کوردەوەیە، چەندین شوێنی گرنگ هەیە لەخوارەوە بەدەست کوردەوە نییە، ئەو 6بە 6 و 32%و بە 32%ی لەرابردوودا کردمان هەڵەیەکی گەورە بوو، تازە سیاسییەکان دان بەوەدا دەنێن کە هەڵەکراوە .ئەگەر ئەو بوارەت دابە موناقسەکانی خۆت و گوتت: ئێوە بەشخوراون و رووپەڕی رۆژنامەکانیشمان بکەنەوە هەمووی شین و هاوار بووە بۆ بەرگریکردن لەخەڵکی دیکە. کەچی چ زوڵمێک لەرەشاد و حەویجەو زاب و مولتەقا و شوێنەکانی دیکە کرابێ، تەنانەت ئەمریکییەکان بەسەدان ملیۆن دۆلاریان لەناوچە عەرەبی و تورکمانییەکاندا خەرجکردووە بەبێ ئەوەی ئاوڕێکی بچووک لەو ناوچانە بدەنەوە کە کورد زیانی تێدا لێکەوتووە. سەیری بودجەی پارێزگای کەرکووکیش بکەن بزانن ساڵانە چەند بودجە بۆ ناوچە عەرەبییەکان تەرخانکراوە، لەکاتێکدا بە شۆفڵی ئەو عەرەبانە ناوچە کوردییەکان وێران دەکران.کەچی بەپێچەوانەوە رۆژنامەکانی خۆشمان بوونە هۆکارێک بۆ ئەوەی رای گشتی بوروژێنن کە هەڵەی سیاسی بووەو لەئەنجامی ئەو هەڵانە نەتوانراوە مامەڵەیەکی دروست بکەین.

**رووداو: واتە ئەمریکییەکان ئەوەندەی خزمەتی عەرەب و تورکمان دەکەن ئەوەندە خزمەتی کوردیان نەکردووە؟**

**نەجات حەسەن:** بەدڵنیاییەوە وایە و زۆریش روونە. ئەی ئەگەر ئەوان خزمەت بە عەرەب نەکەن بۆ لە کەرکووک سەحوەیان دروستکرد، لەسەرەتادا بە ئێمەیان گوت 300 کەس بۆ سەحوە ناونووسدەکەین، کەچی ئێستا خۆی لە 6 هەزار کەس زیاتر داوە. کە هیچ کوردیان تێدا نییە و لەو عەرەبانەن کە تیرۆرست بوون و چەکیان پێبوو تەقینەوەیان دەکرد و گرفتیان بۆئەمریکییەکان دروستدەکردو، ئێستا رێگاکانیان پێ کۆنترۆڵ دەکەن و مووچەیەکی باش وەردەگرن.

**رووداو: دروستبوونی سەحوە بۆ کورد مەترسی نییە؟**

**نەجات حەسەن:** پێی رازی نین. هەوڵدانێک هەبوو کە جوڵەیەکی پێبکەن بۆناو کوردیش، بەڵام ئەو لێدوانە توندانەی سەرکردایەتی، کە بوونی خەڵک بەسەحوەی بەخیانەتێکی نەتەوەیی دانا، وایکرد خەڵکەکە رەتی بکاتەوە. بە ئەمریکیمان وتووە بە مەترسیداری دەزانین و بۆنی ئەوە دەکەین جارێکیتر حاڵەتی ساڵی 1963 لە کەرکووک دروستببێتەوە، کە فرسان سەلاحەدین و فرسان خالید بن وەلید لەو ناوچانەوە هێرشیان دەکردە سەر ناوچەکانی دەوروبەری کەرکووک و گەڕەکە کوردنشینەکان و زیاتر لە 27 کەسیان لەرۆڵەکانی کورد لەم شارەدا هەڵواسی.

**رووداو: عەرەب چەکدارکراوە و، کورد تائێستا هێزێکی چەکداری نییە لەکەرکووک، لەمە ناترسن؟**

**نەجات حەسەن :** رۆحمان پێشمەرگەیە، هەموو کوردێک لەکەرکووک مەعنەوییەن چەکدارە، میللەتی کورد لە کەرکووک چاوەڕێی بڕیاری سیاسییە، ئەگەر سەرکردایەتی سیاسی کورد بەخەڵکی کەرکووک بڵێت راپەڕن رادەپەڕن و کەرکووک یەکلایی دەکەنەوە.

**رووداو:بۆهەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان تۆ لەگەڵ لیستی کراوەدای یان داخراو؟**

**نەجات حەسەن :**ئەگەر ئەم قۆناخە و پیلانگێڕی بۆ لێدانی کورد نەبێت لیستی کراوە بە باشتردەزانم، بەڵام لەم قۆناخەدا مەترسی هەیە و پێویستە زیاتر خۆمان رێکبخەین.

**رووداو: پارتی ئێستا لەگەڵ لیستی داخراودایە، بەڵام بەرپرسی مەڵبەندی یەکێتی دەڵێت لەگەڵ لیستی کراوە داین، ئەوە جیاوازییە بۆچی؟**

**نەجات حەسەن:** هێشتا یەکلانەبووەتەوە هەڵبژاردن کراوەبێت یان داخراو، نە لە لیستی داخراو دەترسم و نە لەلیستی کراوە، وەک پارتی بنکەیەکی فراوانی جەماوەریمان هەیە، بەڵام بۆ بەرژەوەندی کورد و بۆ ڕاگرتنی پیلانگێڕییەکان لەم قۆناخەدا هەڵبژاردنی داخراو بەباشتر دەزانم.

**رووداو:دەگوترێت یەکێتی و پارتی لەسەرەوە رێککەوتوون پۆستە حکومییەکانی کەرکووک بۆ یەکێتی و لە موسڵیش بۆ پارتی بن ئەوە راستە؟**

**نەجات حەسەن:** بەهیچ شێوەیەک شتی وانییە.

**رووداو: بەڵام بەرپرسی مەڵبەند دەڵێت لەکاتی پەنجا بە پەنجا پارێزگای کەرکووک لەدەربەندیخان بوو، ئێستاش لەسەر ئەوە کۆکین کە پۆستی پارێزگار بۆ یەکێتی بێت، تۆ چی دەڵێی؟**

**نەجات حەسەن:** ئەو بیرۆکە هی ئەوکاتەیە کە ئیدارەی کەرکووک لەدەربەندیخان بوو، ئەوە رۆیشت و ئێستا سیاسەتێکی دیکە و بارودۆخێکی دیکەیە. بۆ ئێستاش ستوونمان دیاری کردووە و رێککەوتنیشمان لەسەری کردووە، بەڵام ستوونەکان ورد نەکراونەتەوە، ئەگەر ئەو رێککەوتنەش جێبەجێبێت، دەکرێت بیکەینە بناخەی لەیەکترگەیشتن بۆ ئایندە.

**رووداو:رێککەوتنێکی ستراتیژی گرنگ هەیە لەنێوان یەکێتی و پارتیدا، بەڵام ئەم رێککەوتنە نەگەیشتووەتە کەرکووک بۆ؟**

**نەجات حەسەن:**کێ دەڵی وایە؟

**رووداو: من دەڵێم وایە.**

**نەجات حەسەن:** بەڵگەت چییە؟

**رووداو: بەڵگەم ئەوەیە تاوەکو ئێستا یەکێتی و پارتی لەئەنجوومەنی پارێزگادا لەسەر لیژنەکانی ئاسایش و نەوت و پرۆژەکان رێکنەکەتوون، ئەمە چی دەگەیێنێ؟**

**نەجات حەسەن:** ئەمە بۆ دەخەنە ئەستۆی یەکێتی و پارتی؟ بۆنایخەنە ئەستۆی سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگا و ئەو کەسانەی لەوێ کاردەکەن، چ پەیوەندییەکی بەپارتی و یەکێتییەوە هەیە.

**رووداو: ئەی ئەوانیش سەر بە ئێوە نین؟**

**نەجات حەسەن :** نوێنەری ئێمەن، بەڵام ئێمە بڕوین بڵێین خواحافیزتان بێت، ئەوا لق و مەڵبەند هاتنە ناو دانیشتنەکان و رۆڵی ئێوە تەواوبوو. ئەوە نابێ. ئەوە ئیشی ئەوانە، ئێمە هیچ کاتێک نەبووینەتە رێگر بۆ دروستنەبوونی هیچ لیژنەیەک لەپارێزگادا.

**رووداو: ئەی سەرۆکی شارەوانی قەرەهەنجیر کە پارتی بوو بۆ رێگریان لێکرد و یەکێتییەکیان لەبری دانا؟**

**نەجات حەسەن :** حکومەت هەیەو بڕیارە ئیدارییەکان لەبەغداوە دێن، کە بڕیارێک دەردەکات دەبێت پارێزگار جێبەجێی بکات، ئەگەر دەزانرێت پێشلکارییەک هەیە لەلایەن لایەنێکەوە بۆ لەگەڵ سەرکردایەتی سیاسی ئەولایەنەدا باسناکرێت، بۆیە وەڵامی ئەو بابەتە لەلای من نییە و زیاتر لەلای پارێزگارە.

**رووداو: ئایا بەپێویستی نازانن بەشێک لەمەکتەبی سیاسی یەکێتی و پارتی لەکەرکووک بێت؟**

**نەجات حەسەن:** ئێمە نوێنەرایەتی مەکتەبی سیاسی و جەنابی کاک مەسعود و سەرکردایەتی سیاسی دەکەین بەلق و مەڵبەندەوە، ئەوەی ئێمە کردوومانە لەئەرکی چەندین ئەندامی مەکتەبی سیاسی قورستر بووە.

**رووداو:دەگوترێت بەرپرسان شەوان لەکەرکووک نامێننەوە، تۆ ماڵت لەکوێیە؟**

**نەجات حەسەن:** ماڵم لە ئیمام قاسمە.

**رووداو:ئەندام لق و کارگێڕ لقتان هەیە لەکەرکووک نامێننەوە، وایە؟**

**نەجات حەسەن:** ئەگەر هەبێت تاک تاکە.

**رووداو: چەند لیستێکی دیکەی کوردی لەکەرکووکدا بۆ هەڵبژاردن خۆیان ئامادەکەن، ئەمە زیان بەکورد ناگەیێنن؟**

**نەجات حەسەن:** ئەو لیستانە هیچیان هی پارتی نین و من ئاگادارم بەشێک لەوانە پاشەکشێیان کردووە، چونکە مەڵبەند ئامۆژگاری کردوون، تەنها دوو لیست ماوە لیستی قەڵاو لیستی چاکسازی کە هی عەلی ساڵەییە، ئەوانە پەیوەندیان بەیەکێتیەوە هەیە، لەوانەیە گرفتی خۆیان هەبێت و پێیان باشبێت بایەخیان پێبدرێت.

**رووداو: دەوترێت ئەو بایەخەی پارتی بە لقی دووی هەولێری دەدات لەرووی دارایشەوە بەئێوەی نادات، راستە؟**

**نەجات حەسەن:** حەزدەکەم هەموو ئیمکانیاتی پارتی بدرێتە لقی دوو.

**رووداو: بۆچی؟**

**نەجات حەسەن:** لەبەرئەوەی پایتەختەو پەرلەمان و حکومەت و جوڵەی ئابووری و پیشەسازی و بازرگانی تێدایە. حەزدەکەم بەشێک لە ئیمکانییەتەکەی منیش بدرێت بە لقی دوو.

**رووداو: بۆچی نەسرییەی ئێوە چەندە؟**

**نەجات حەسەن:** باشەو حیزبیش درێخی نەکردووەو مانگانە ناگاتە 20 هەزار دۆلار.

## ئەو 32 % بە 32 % ی لەرابردوودا کردمان هەڵەیەکی گەورە بوو

## هونەر



## رۆژین ( سەبرا مالا)ی بەهەڵەوە کلیپ کرد

رووداو- نەفەل

◆ هونەرمەند رۆژین لەمرۆژانەدا گۆرانیەکی ئەلبومە نوێیەکەی خۆی کلیپ کرد. رۆژین لە ئەلبومی (دەقێ) گۆرانی (سەبرامالا)ی هەڵبژاردووە و کردوویەتە کلیپ. لەو گۆرانییەدا هەندێ وشەی کوردی بەهەڵە لەلایەن رۆژینەوە دەگوترێن. بۆ نموونە وشەی (برا) بەشێوەی (برٍا) بەکاردێنێت، بەڵام کلیپەکە بەشێوەیەکی گشتی شیاوی تەماشاکردنە.

# بەشی سێیەمی گەردەلول دەستیپێکرد



نەوزاد مەحمود
رووداو –سلێمانی

جەلیل زەنگەنە بە (رووداو)ی راگەیاند کە دەستیکردووە بەکارکردن لە بەشی سێیەمی زنجیرە درامای گەردەلول .

دوای کۆتایی هاتنی بەشی دووەمی زنجیرە درامای گەردەلول و ئەو هەموو نوسینەرەخنەییەی کەبەدوای خۆیدا هێنا،دەست بە بەشی سێیەمی کراوە.جەلیل زەنگەنە دەرهێنەری دراماکە لەوبارەوە بە (رووداو)ی راگەیاند " سوودم لەهەموو ئەو رەخنانە بینیوە کەئاراستەی دراماکە کران و هەنووکە سەرقاڵی نووسینی سیناریۆی بەشی سێیەمم،هەوڵدەدەم سیناریۆی بەشی سێیەم زۆر جیاواز بێت لەبەشی یەکەم و دووەم"، زەنگەنە سەبارەت بە خەرجییەکانی بەشی سێیەمیش گوتی"کوردستات بێخەمیان کردووم لە خەرجییەکانی".

هەندێک لەئەکتەرەکانی ئەو زنجیرە درامایە لەگەڵ دەرهێنەرەکە تێکچوون و نایانەوێت بەشداری بکەن . زەنگەنەش ئاماژەی بەوەکرد بێ ئەوەی هۆکارەکەی روون بکاتەوە" چەند کەسێکیان خۆیان نایانەوێت بەشداری بکەن، چەند کەسێکیش خۆم بەشدارییان پێناکەم".

لەهەمانکاتدا نەیگوت کام هونەرمەند لەبەشی سێیەمدا رۆڵی سەرەکی دەبینێت، بەڵام کەسێکی نزیک لەزەنگەنە وتی لەوانەیە جیهاد دڵپاک و وەنەوشە رۆڵێکی سەرەکی وەربگرن". دەرهێنەری گەردەلول کە هێشتا سیناریۆی بەشی سێیەمی تەواو نەکردووە، نازانێ کەی بەشی سێیەم وێنەدەگیرێ و نیشاندەدرێ "جارێ سیناریۆیەکەم تەواو نەکردووە،کە تەواوم کرد ئەوکات زانیاری وردتر دەدەم ".

# گولیستان بە سینانۆ باسی کێشەی ژنان دەکات



رووداو–نەفەل

هونەرمەند گولیستان پەروەر کە ئێستا خەریکی دروستکردنی نوێترین ئەلبوومی گۆرانی خۆیەتی، دەرکردنی کاسێت وەکو بەخێوکردنی منداڵ دادەنێ و دەڵێ " کاتێک گۆرانی سینانۆ دەڵێمەوە هەست بەدەردی ژنان دەکەم".

گولیستان پەروەر کە تائێستا بە تەنیا 7 کاسێت، 2 کاسێتیشی لەگەڵ شڤان پەروەر تۆمارکردوون، بەنیازە لەداهاتوودا ئەلبوومێکی نوێ بخاتە بازاڕ، کە ئێستا خەریکی ئامادەکردنیەتی.

هونەرمەند گولیستان کە 30 ساڵە لەدەرەوەی وڵات دەژی، وەکو خۆی دەڵێ بەگۆرانی ( سینانۆ) لە کێشەی ژنان دەدوێ "چیرۆکی گۆرانی سینانۆ لەسەر ژنێکە کە بەخۆشەویستەکەی نەگەیشتووە، کاتێک ئەو گۆرانییە دەڵێمەوە هەست بەکێشەی ژنان دەکەم".

هەروەها گولیستان لەبارەی ژنی کورد دەڵێ "ژنی کورد هەرگیز ئەڤین و خۆشەویستییان بەدڵی خۆیان نەکردووەو هەمیشە ئازارەکانیان بەگۆرانی دەربڕیوە". گوتیشی ئەو کەسانەی دەیانەوێت مێژووی خۆیان بزانن دەتوانن گوێ لەگۆرانیبێژان بگرن.

گولیستان لەساڵی 1962دا لە روحای باکووری کوردستان لەدایکبووە و، تا تەمەنی 6 ساڵی لەگوند ژیاوەو دواتر لە تەمەنی 16ساڵی چووەتە "وێرانشار" و پاشان رووی لە ئەورووپاکردووە و لەوێ دەستی بەکاری هونەری کردووە. هاوسەری شڤانە و کوڕێکیان هەیە بەناوی سەرخۆبوون.

# 2600 کەس لە ڤییەننا چەپڵە بۆ کوردستان لێدەدەن

رووداو– هەولێر

گرووپی ژێداری کوردستان بۆ کۆڕاڵ و موزیک دوو خەڵاتی نێودەوڵەتی لە دووەمین فیستیڤاڵی موزیک ئینتەرناشناڵ لەڤییەنای پایەختی نەمسا بەدەستهێنا.

ئەو گرووپەی کوردستان کە لە 69 موزیکژەن و دەنگبێژ پێکهاتبوو، لەگەڵ 36 دەوڵەت بە فەرمی بەشداریی دووەمین فیستیڤاڵی موزیک ئینتەرناشناڵی کرد لە ڤییەنای پایەختی نەمسا، کە رۆژی 2008/7/5 لە هۆڵی مێژوویی شتیڤانزدۆم لە ڤییەنا دەستیپێکرد.

دەستەی سەرۆکایەتی فیستیڤاڵ بەفەرمی پێشوازیان لەشاندی کوردستان کرد کە لە، فەلەکەدین کاکەیی وەزیری رۆشنبیریی، فەلاح مستەفا بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی کوردستان، تاریق ئاکرەیی باڵیۆزی ئێراق لەنەمسا و 69 موزیکژەن و دەنگبێژ پێکهاتبوو.

پێشبڕکێیەکان 4 رۆژی خایاند و لەکۆتاییدا لەنێو 4 تیپی بەشداربووی ژێداردا، تیپی موزیکی چیک پلەی یەکەم و کوردستان پلەی دووەم و رووسیا پلەی سێیەمی بەدەستهێنا.

سەفین ساڵح بەڕێوەبەری کارەکانی گرووپی ژێداری کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند"لەبەشی سترینگ ئۆرکێسترا تیپی ژێداری کوردستان بۆ موزیک بەرابەڕایەتی موزیکژەن عەبدوڵڵا جەمال سەگرمە پلەی دووەمی بەدەستهێناو تیپی کۆڕاڵی کچانی کوردستانیش بەرابەرایەتی خاتوو کۆمیکۆ ئاکامۆرای ژاپۆنی توانی پلەی چوارەم بەدەستبێنێ" . بەم شێوەیە دوو خەڵاتیان وەرگرت . ساڵی رابردووش تیپی ژێداری کوردستان لە پلەی دووەمدا لەو فیستڤاڵەدا، بەڵام وەک عەبدوڵڵا جەمال رایگەیاند" ساڵی رابردوو هەر خۆی بە کوردستانەوە دوو تیپ بەشدارییان کردبوو".

سەفین ساڵح ئاماژەی بەوەدا کە دوای ئەوەی تیپی ژێداری کوردستان کۆنسێرتێکی پێشکێشکرد، بەشداربووان و ئامادەبووانی هۆڵە کە کە 2600 کەس دەبوون، چەپڵەیان بۆ گرووپەکەی کوردستان لێدا "ئێمە یەکەم گرووپ بووین بەناوی وڵاتێکی بێ دەوڵەت بەشداریی فیستیڤاڵەکەمان کرد".

بەڕێوەبەری کارەکانی گرووپی ژێداری کوردستان باسی ئەوەیکرد کە کاتێک لەرۆژی کۆتایی فیستیڤاڵەکە ئەنجامی فیستیڤاڵەکان راگەیێنرا "بۆ خەڵاتی یەکەم ناوی چیک خوێنرایەوە، کاتێک بۆ خەڵاتی دووەم ناوی کوردستان خوێنرایەوە، شاندی کوردی هەستا سەرپێ و گۆرانی ئەی رەقیبیان گوتەوە".

بودجەی تەرخانکراو بۆ شاندی موزیکی کوردستان کە هەفتەیەک لەنەمسا مانەوە، نزیکەی 300 هەزار دۆلاربوو. سەفین ساڵح بەڕێوەبەری کارەکانی گرووپی ژێداری کوردستان، لەوبارەیەوە گوتی " کڵاوی عەلۆمان لەسەر جەلۆ نا تا پارەکە بەشبکات، بۆنموونە شاندی وڵاتی چین کە 500 کەس بوون، نزیکەی 5 ملیۆن دۆلاریان بۆ تەرخانکرابوو".

گرووپی ژێداری کوردستان و تیپی کۆڕاڵی تەوار رۆژی 2008/7/10 گەیشتنەوە فرۆکەخانەی هەولێر. بەڵام موزیکژەنێک بەنێوی موکریان ئەبوبەکر نەگەڕایەوە بۆ کوردستان . عەبدوڵڵا جەمال لەوبارەیەوە بۆ (رووداو) گوتی "ئەو کەسە لەوانەیە ون بووبێ، ئەگەر راشیکردبێ ناوی لەهەموو سنوورەکان هەیە، بەزووترین کات دەیگرن و دەیهێننەوە".

دەگوترێ کەسانێکی نا پەیوەست بەو گرووپەوە بەهۆی خزمایەتی خرابوونە ناو شاندی کوردستانەوە بۆ ئەو گەشتە، بەڵام سەفین ساڵح ئەوەی رەتکردەوەو گوتی "جگە لەو کەسانەی وەکو شاندی کوردستان و گرووپی موزیک و کۆڕاڵ بانگهێشتکرابوون، کەسێکی دیکە نەهاتبوو". عەبدوڵڵا جەمالیش لەوبارەوە بە (رووداو)ی راگەیاند"ئەوانەی ئەو قسانە دەکەن بەدوای کێشەدا دەگەڕێن، ئەو خەڵکانەی هاتبوون لەلایەن وەزارەتی رۆشنبیرییەوە دانرابوون، لەوانەیە هەبووبێ وەک راگەیاندن هاتبێ، ئێمە بەهەموومانەوە نزیکە 80 کەس بووین".



## رێکخەری گشتیی کۆمپانیای کۆڕەک موزیک :

# بۆ ئەوەی هونەرمەندانمان نەچنە دەرەوە ستۆدیۆیەکی باش دادەنێین

حوسێن هیممەتی
رووداو– هەولێر

کۆمپانیای کۆڕەک موزیک خەریکی دامەزراندنی کەناڵێکی ئاسمانی موزیک و ستۆدیۆیەکی موزیکی پرۆفیشناڵە، لەهەمانکاتدا رێکخەری گشتیی کۆمپانیای کۆڕەک موزیک بە (رووداو)ی راگەیاند کە زیاتر لە 30%ی ئەو بەرهەمانەی چاپ و بڵاویانکردوونەتەوە مایەی زیانی دارایی بوونە بۆ کۆمپانیاکەیان، بەڵام گوتیشی "بۆئەوەی هونەرمەندەکانمان پێویستیان بە خەڵکی بێگانە نەبێ و بیانییەکان بەکەیفی خۆیان یاری بەهونەرو موزیکی کوردی نەکەن، لەسەر کارەکانمان بەردەوامدەبین ".

کۆمپانیای کۆڕەک موزیک زیاتر لەساڵێکە دامەزراوەو کاری چاپکردن و بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی هونەرمەندان دەکات، وەکو عیسا مێرگەسۆری رێکخەری گشتیی کۆمپانیای کۆڕەک موزیک باسی ئەوەیکرد ئەو کاتەی لەبەشی راگەیاندنی کۆمپانیای کۆڕەک تیلیکۆم بوونە، بیریان لەوە کردەوە کاری هونەریش بکەن،هەر ئەوکات چەند پرۆگرامێکی هونەریی و کۆنسێرتیان لەشارەکانی کوردستان بۆ هونەرمەندان سازکرد، ئەوەش بووە سەرەتایەک بۆ دامەزراندنی کۆمپانیای کۆڕەک موزیک.

کۆمپانیای کۆڕەک موزیک کە تەنیا کاری چاپ و بڵاوکردنەوەی بەرهەمە ئامادەکراوەکانی هونەرمەندان دەکات، لەسەرەتای دامەزراندنییەوە تائێستا زیاتر لە 20 ئەلبوومی گۆرانی هونەرمەندانی هەر چوار پارچەی کوردستان و کوردانی ئەورووپا چاپ و بڵاوکردووەتەوە، جگە لەبەرهەمهێنانی 43 کلیپی گۆرانی.

مێرگەسۆری دەڵێت "ئێمە بەبێ جیاوازی بەرهەمی هونەرمەندانی هەر چوار پارچەی کوردستان چاپ و بڵاودەکەینەوە، ئەوەی لەتواناماندا بێ کردوومانە".

پڕ فرۆشترین بەرهەمی کۆمپانیای کۆڕەک موزیک، ئەلبوومی (ئاف و ئاف)ی هونەرمەند حەسەن شەریف بووە کە لەساڵی 2007 لەلایەن کۆڕەک موزیک چاپ و بڵاوکرایەوە. هەرچەند حەسەن شەریف، رەخنەی لەتۆمارکردنی ئەلبوومەکەی هەبوو، بەڵام عیسا مێرگەسۆری گوتی 30 هەزار دانەیان لەو بەرهەمە فرۆشت.

بەشێک لە بەرهەمەکان مایەی زیان بوونە بۆ ئەو کۆمپانیایە و رێکخەری گشتیی ئەوە رووندەکاتەوەو دەڵێ "زەرەرمان لە زیاتر لە30%ی ئەو بەرهەمانە کردووە کە چاپ و بڵاومانکردوونەتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی هونەرمەندەکانمان زۆر مەغدوورن و بۆ ئەوەی پێویستیان بە خەڵکی بێگانە نەبێ و بیانییەکان بەکەیفی خۆیان یاری بەهونەرو موزیکی کوردی نەکەن، لەرووی دڵسۆزیمانەوە لەسەر کارەکانمان بەردەوامدەبین".

وەکو رێکخەری گشتیی کۆمپانیای کۆڕەک موزیک باسیدەکا خەرجی چاپکردنی ئەو بەرهەمانە زۆرە "دوای ئەوەی سیدی و کاسێت کاری تۆمارکردنی لەستۆدیۆ تەواو

### ئاف و ئاف پڕفرۆشترین بەرهەمی کۆڕەک موزیک بووە



دەکرێت، ئێمە دیزاینەکانی ئامادە دەکەین، لەهەر قۆناخێک بەرهەمی هونەری خەرجی خۆی هەیە".، سەبارەت بەنرخی فرۆشتنیشیان بە بازاڕ گوتی "ئێمە دوای چاپکردنی بەدۆلارێک و 80 سەنت (2250 دینار) دەیدەینە بازاڕ"، عیسا مێرگەسۆری ئەو نرخەشی بە نرخێکی "زۆر هەرزان" دانا و گوتی "ئەگەر ئێمە بەچاوێکی بازرگانانە و لەرووی بزنسەوە تەماشای بکەین بەهیچ شێوەیەک هاوشانی ماندووبوونی ئێمە نییە، بەڵام بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان بەنوسخەی ئۆرجیناڵ رابێت بەو نرخە دەیدەین، ئەگەر راهات ئەو کات مافی خۆمانە وەکو دەوڵەتانی دراوسێ و ئەورووپا هەر سیدییەک بە 8 تا 12 دۆلار بفرۆشین".

بەهۆی نەبوونی کارگە و چاپخانەیەکی چاپکردنی سیدی و کاسێت لەکوردستان، کۆمپانیای کۆڕەک موزیک بەرهەمەکانی ئەو هونەرمەندانەی گرێبەستیان لەگەڵ دەکات، بۆ چاپکردن دەباتە ئیستەنبوڵ لەتورکیاو لەوێ چاپی دەکەن.

بودجەی کۆمپانیای کۆڕەک موزیک لەلایەن کۆمپانیای کۆڕەک تیلیکۆمەوە دابین دەکرێت و 7 کەس کاری تێدا دەکەن .عیسا مێرگەسۆری، گوتی کۆڕەک موزیک بودجەیەکی دیاریکراوی نییەو بەپێی ئەو گرێبەستانەی لەگەڵ هونەرمەندان ئەنجامیدەدەن و پارەی چاپ و بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانیش لە کۆڕەک تیلیکۆمەوە "ئێمە هیچ پارەیەکمان لە هونەرمەندان وەرنەگرتووە، بەڵکو پارەشمان پێداون".عیسا مێرگەسۆری بوونی کۆپیکردنی بەرهەمی هونەرمەندان لە کوردستان نەپاراستنی مافی کۆمپانیاکانی بڵاوکردنەوەی هونەری و هونەرمەندانی بە هۆکارێکی سەرەکی پێشنەکەوتنی بازاڕی هونەری و باشنەبوونی باری دارایی هونەرمەندان دانا.

ماوەیەک لەمەوبەر پەرلەمانی کوردستان پرۆژە یاسای پاراستنی مافی هونەرمەندان تاوتوێکرد، بەڵام دواتر پرۆژەکە دواخرا. مێرگەسۆری زۆر پشتیوانی لە دەرچوونی یاسایەکەی وا لە پەرلەمانی کوردستان دەکات.

کۆمپانیای کۆڕەک کە ئێستا سەرقاڵی چاپکردنی بەرهەمی چەند هونەرمەندێکی نێودارە، لەسەر زاری رێکخەرەکەی هاوکاریی خەڵک بە پێویست دەبینێ بۆ کارەکانیان و دەڵێ" دەبێ خەڵکی کوردستان بەراستی هاوکارمان بن و بەرهەمەکان کۆپی نەکەن و، لایەنە پەیوەندارەکانی حکومەتیش دەبێ رێ لەو پێشلکارییە بگرن، تاکو ئێمەش بتوانین باشتر خزمەت بەهونەرو موزیکی کوردی بکەین". مێرگەسۆری کۆپیکردنی بەرهەمی هونەرمەندانی خستە ئەستۆی کولتووری کۆمەڵگەی کوردی و گوتی "یەکەم شت خەتای کولتووری خۆمانە کە حەزیان لەهەرزانییە و حەزیان لەباشی بەرهەمەکە نییە، جگە لەوە هەندێ لەتۆمارگاکانیش خەتابارن، کە بەرهەمە ئۆرجیناڵەکە نافرۆشن ". رێکخەری گشتی کۆمپانیای کۆڕەک موزیک داوای لەخەڵکی کودستان کرد کە هاوکاریان بن "ئێمە نیازمان خزمەتکردنی هونەری کوردییە، ئەگەر خەڵکی کوردستان هاوکارمان نەبێت لەرووی مافی هونەرمەندان، رەنگە ئێمە وەکو پێویست نەتوانین بەرەو پێش بچین و بەردەوام بین".

جگە لەکۆمپانیای کۆڕەک موزیک، 3 کۆمپانیای دیاری بەرهەمهێنانی بەرهەمی هونەرمەندان لەباشووری کوردستان هەن، کە بریتین لە: کۆمپانیای چوارچرا، بەشی هونەری رادیۆی نەوا و کۆمپانیای ڤین کە سەر بەکەناڵی ئاسمانی (ڤین)ە.

کۆمپانیای کۆڕەک موزیک کە ئێستا خەریکی دامەزراندنی کەناڵێکی ئاسمانی موزیکە بەنێوی (کەناڵی موزیکی کوردی ـ KMC) لەپیرمام، بریاروایە ئەم مانگە پەخشی ئەزموونیی خۆی دەست پێ بکات کە لەسەر مانگی دەستکردی هۆتبێرد دەبێت و تایبەت دەبێ بە موزیک و گۆرانی و کلپیی کوردی. مێرگەسۆری لەوبارەوە بە (رووداو)ی راگەیاند "ئەو تەلەڤزیۆنە بەبێ رەچاوکردنی هیچ مەرجێک بەرهەمی هەموو هونەرمەندێک پەخش دەکات"،گوتیشی کۆمپانیای کۆڕەک تیلیکۆم پشتیوانی ئەو تەلەڤزیۆنە دەکات .

جگە لەوە وەکو مێرگەسۆری باسیکرد کۆمپانیاکەیان بەنیازی ستۆدیۆیەکی پرۆفیشناڵ و گەورەی کاروباری دەنگ هەڵگرتنەوەو موزیک دابمەزرێنن "بۆ ئەوەی هونەرمەندانمان روو لەدەوڵەتێکی دیکە نەکەن و بتوانن لێرە بەرهەمەکانیان بەکوالیتی باش دروست بکەن ". ئەو ستۆدیۆیە کە بەناوی (ستۆدیۆی کۆڕەک موزیک) دەبێ، بریارە لەشارۆچکەی پیرمام لەتەنیشت بینای تەلەڤزیۆنی KMC دروست بکرێت.

کۆمپانیای کۆڕەک موزیک چەند مەرجێکی بۆ چاپکردن و بڵاوکردنەوە داناوە،هەر لەبەرئەوەش وەک مێرگەسۆری باسیکرد تائێستا چەندین بەرهەمی هونەرمەندانیان رەتکردووەتەوە "ئێمە لیژنەیەکان هەیە و گوێ لە بەرهەمی هەموو هونەرمەندێک دەگرن، لەرووی مۆسیقاو دەنگ و ستایلەوە، دەیان بەرهەم هەبووە چاپ و بڵاومان نەکردوونەتەوە، بۆ نموونە شێوازی گۆرانییەکانی شتێکی نوێی تێدا نەبووە یان موزیکەکەی باش نەبووە، یان هەبووە ستایلەکەی تورکی و عەرەبی بووە و لەگەڵ مەرجەکانی ئێمە نەگونجاوە"، گوتیشی لەبەر ئەو هۆیانە "بەرهەمی هونەرمەندی دیارو بەنێوبانگیشمان رەتکردووەتەوە".





شەقامێکی مەدرید بەنێوی دایکی کاسیاس دەکرێ

رووداو . ماڵپەڕی ریال مەدرید

◆ رۆژنامەی (ئێلمۆند)ی ئیسپانی رایگەیاند کە 3793 کەسی دانیشتووی ناوچەی موستولیسی سەر بەمەدریدی پایتەخت، داواکاریەکیان پێشکێشی بەرپرسانی شارەکە کردووە، تێیدا داوا دەکەن یەکێک لەشەقامەکانی پایتەخت بە نێوی( ئەو دایکەی کاسیاسی هێنایە دونیا) نێوبنرێ، وەک وەفاداریەک بۆ کاسیاس و دایکی.

# سکرتێری یەکێتی تۆپی پێی کوردستان داوای سزادانی یانەکانی کوردستان دەکات

## "ئەگەر یانە گەورەکانی کوردستان یاریزانیان بدابووایە، هەڵبژاردەی کوردستان دەبووە پاڵەوان"



هەڵبژاردەی کچانی کوردستان کە بریتین لە کچانی دانیشتووی سوێد لە یاری یەکەمدا بەرامبەر سامیلاند 4- 0 دۆڕا (فۆتۆ:سیروان حەجی بەرکۆ)

**ئیحسان تاهیر**
**رووداو - هەولێر**

سەرەڕای بەچوارەم دەرچوونی لەپاڵەوانێتی ڤیڤا، یەکێتی تۆپی پێی کوردستان بەشداری هەڵبژاردەی کوردستان لەو پاڵەوانێتیەدا بە"دەستکەوتێکی گەورەو مێژوویی" دانا و پێیوایە ئەگەر یانە گەورەکانی کوردستان لەئاستی بەرپرسیارێتی دابان، بەدڵنیاییەوە کوردستان پلەی یەکەمی بەدەستدەهێنا.

سەلام حوسێن، سکرتێری یەکێتی تۆپی پێی کوردستان لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) گوتی" بەچاوپۆشین لەئەنجامەکان، بەشداریکردنی هەڵبژاردەی کوردستان بۆ خۆی دەستکەوتێکی گەورەو مێژووییە، کە بۆ جاری یەکەمە هەڵبژاردەی کوردستان بەئاڵاو سروودی نیشتیمانی سنووری نێودەوڵەتی ببەزێنێت و بەم بەشداریەش کوردستان بەرەسمی بووە ئەندام لەڤیڤا، داوایەکی رەسمیشمان پێشکێش بەڤیڤا کردووە بۆ ئەوەی پاڵەوانێتی داهاتوو لەساڵی 2010 لەکوردستان بەڕێوەبچێت".

نێوبراو لەو بڕوایەدابوو ئەگەر یانەکانی کوردستان هاوکاریبووان، هەڵبژاردەی کوردستان دەبووە پاڵەوانی نەتەوە بێ دەوڵەتەکانی جیهان " بەداخەوە یانەکانی هەولێر، دهۆک، کەرکوک، پێرس نەیانهێشت یاریزانەکانیان بۆ هەڵبژاردەی کوردستان یاری بکەن، کە بەڕای ئێمە ئەم هەڵوێستەیان ئەوپەڕی هەستنەکردنە بەبەرپرسیارێتی نیشتیمانی و نەتەوەیی، بۆیە ئەوانە شیاوی سزادانن، پێویستە یەکێتی تۆپی پێی کوردستان هەڵوێستی خۆی هەبێت لەوبارەوە".

سەلام حوسێن هەڵوێستی ئەو یانانەی بەلاوە زۆر سەیرە، چونکە وەک خۆی دەڵێت ئەو یانانە ئامادە نەبوون یاریزانە یەدەگەکانیشیان بدەنە هەڵبژاردەی کوردستان، کە زۆربەی ئەو یاریزانانەی بانگهێشت کرابوون لەریزی یانەکانیاندا بەشێوەیەکی سەرەکی یارییان پێناکرێت، بۆیە یاریزانەکانیش سزا دەدەن" هەموو ئەو یاریزانانەی ئامادەنەبوون یاری بۆ هەڵبژاردەی کوردستان بکەن لە وەرزی ئەمساڵی خولی نایابی کوردستان 2 یاری رادەگیرێن، ئەحمەد حەسەنی یاریزانی یانەی سیروانی نوێش بەراگرتنی ساڵێک و بە یەک ملیۆن دینار سزادراوە چونکە ڤیزەشی بۆ لێدرابوو کەچی دواتر ئامادەنەبوو یاری بکات".

سکرتێری یەکێتی تۆپی پێی کوردستان ئەو رەخنەیەشی رەتکردەوە، کە هەڵبژاردەی کوردستان تەنیا یاریزانەکانی باشووری کوردستانی بانگهێشت کردبوو" ئەم قسانە بەهیچ شێوەیەک راست نین، یاریزانانی پارچەکانی دیکەی کوردستانیش یارییان کردووە، 6 یاریزانی کوردی دانیشتووی ئەوروپاش یارییان کردووە، ئەگەرچی رەنگە راهێنەر زیاتر پشتی بەیاریزانانی باشووری کوردستانی بەستبێت ئەویش بۆ ئەوە بووە ئەو یاریزانانە ئەزموون وەربگرن و لەگەڵ خۆیاندا بیهێننەوە کوردستان".

سەلام حوسێن ئاماژەی بەوەشدا کە هەرێم بورهانی یاریزانی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی بەبیانووی چوونە ماڵی خۆشکی لەسوێد خۆی لەشاندی هەڵبژاردەی کوردستان دزیوەتەوەو دواتر دەرکەوتووە هەر لەبنەڕەتدا ماڵی خۆشکی لەو وڵاتە نییە، بۆیە فشاریان خستووەتە سەر کەسوکاری بۆ ئەوەی ئەم کێشەیە چارەسەر بکەن،کە تاکو ئێستا هیچ هەواڵێکیان لەسەر ئەو یاریزانە نییە.

## هەڵبژاردەی کوردستان بووە چوارەمی ڤیڤا

**رووداو - سوێد**

هەڵبژاردەی تۆپی پێی کوردستان لەیەکەم بەشداریکردنیدا، لەپاڵەوانێتی ڤیڤای تایبەت بەنەتەوە بێ دەوڵەتەکان، پلەی سێیەمی بەدەستهێنا.

هەڵبژاردەی کوردستان لە یەکەم یاری خۆیدا لەپاڵەوانێتی ڤیڤادا بە2 گۆڵ لەگەڵ هەڵبژاردەی سامیلاندی سوێدی یەکسان بوو، دواتر بە3 گۆڵی خاوێن لەهەڵبژاردەی برۆڤینسی فەرەنسای بردەوە، لەسێیەم یارییشدا بەئەنجامی (2ـ1 )گۆڵ بەرامبەر هەڵبژاردەی بادینای ئیتاڵی دۆڕا.

لەدوا یاریدا بەبێ گۆڵ لەگەڵ سریانی عێراق یەکسانبوو.

بەمشێوەیە بە کۆکردنەوەی 5 خاڵ پلەی سێیەمی پاڵەوانێتییەکەی بەدەستهێنا،دوای ئەوەی بۆ دەستنیشانکردنی پلەی سێیەم و چوارەم جارێکیتر رووبەڕووی هەڵبژاردەی سامیلاند بووە3ـ0 دۆڕاندی.

ئەمە دووەم پاڵەوانێتی ڤیڤا بوو، کە بەبەشداری 5 هەڵبژاردە لە وڵاتی سوێد بەڕێوەچوو.

کوردانی سوێد زۆر دلخۆشبوون بە بەشداریی کوردستان لەو پاڵەوانێتییەدا، بەڵام هەندێکیان رەخنەی ئەوەیان هەبوو کە یاریزان لە پارچەکانی دیکە، بەتایبەتی ئەوانەی دانیشتووی ئەوروپان بەشداریی ئەو هەڵبژاردەیە نەکرابوون.



هەڵبژاردەی کوردستان (فۆتۆ:رووداو)

## سەرۆکی یانەی ریال مەدرید:
# جێی شانازییە رۆناڵدۆ یاریمان بۆ بکات

چەند رۆژنامەڤانێک لەشاری دوبەی دیدارێکیان لەگەڵ رامۆن کالدیرۆنی سەرۆکی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی سازکرد، (رووداو) بەشێکی ئەو دیدارە پێشکێشی خوێنەرانی دەکات:

*** لەگەڵ کرستیانۆ رۆناڵدۆ گەیشتنە کوێ؟**

**کالدیرۆن:** رۆناڵدۆ ئامادەیی خۆی بۆ یاریکردن لەریزی ریال مەدرید پیشاندا، ئێمەش شانازی دەکەین یاریزانێکی وەکو ئەو یاریمان بۆ بکات، بەڵام یانەی مانچستەر یونایتد ئەو رەتدەکاتەوە، ئێمەش رێز لەو بڕیارەی دەگرین.

*** بەقسەی رۆژنامەکانی ئیسپانیا ئێوە ئامادەبوون 85 ملیۆن یۆرۆ بدەن بۆ کڕینی ئەو یاریزانە؟**

**کالدیرۆن:** کە یانەکەی ئامادە نەبێت بیفرۆشێت، پێویست ناکات قسە لەسەر ئەو مەسەلەیە بکەین.

*** یانەی چێلسی ئینگلیزی دەیەوێت رۆبینهۆی بەرازیلی بباتە ریزەکانی خۆی؟**

**کالدیرۆن:** منیش دەڵێم رۆبینهۆ هەر لەگەڵ ریال مەدرید دەمێنێتەوەو ناچێتە هیچ یانەیەکی دیکە.

*** چێلسی ئامادەیە فرناندۆ تۆرێس بە 110 ملیۆن یۆرۆ بکڕێت؟**

**کالدیرۆن:** هەر یانەیەک پارەی هەبێت مافی خۆیەتی هەر یاریزانێک بکڕێت کە حەزی لێدەکات، ئەگەر چێلسی ئامادەبێت ئەو پارەیە بدات دیارە تۆرێس شیاویەتی.

*** بۆ وەرزی نوێ چ ئامانجێکتان هەیە؟**

**کالدیرۆن:** ئامانجی ئێمە بردنەوەی نازناوی چامپیۆنسلیگە، کە 9 جار بردوومانەتەوە.

*** دەتوانن بیبەنەوە؟**

**کالدیرۆن:** یانەکەمان خاوەن 106ساڵی ئەزموونەو دەتوانێت زۆرترین نازناو بباتەوە.

*** دەڵێن یانەکەتان کەتووەتە بەر هەڕەشەی قەیرانێکی دارایی؟**

**کالدیرۆن:** هیچ کێشەیەکی داراییمان نییە، ساڵانە پشت بەداهاتێکی 150 ملیۆن یۆرۆیی دەبەستین، 89 هەزار ئەندامی کۆمەڵەی گشتی ریال مەدرید دەیدەن، زێدەباری داهاتی بازرگانی و رێکلام.

* چ دەڵێی سەبارەت بە بردنەوەی نازناوی یۆرۆی 2008 لەلایەن هەڵبژاردەی ئیسپانیاوە؟

کالدیرۆنی: پیرۆزبایی لەهەڵبژاردەی وڵاتەکەم دەکەم، بەڵام خۆزگە رائوولیشیان لەگەڵ بوایە.

* بۆچی رائوول؟

کالدیرۆنی: چونکە یاریزانێکی رەوشت بەرزو گۆڵکارێکە بەزەحمەت پەیدا دەبێتەوە.



کالدیرۆن

# چاڤی بەڕێوەیە بۆ تۆپی زێڕین و باشترین یاریزانی جیهان

**لێدوانی رووداو**

چاڤی هێرناندزی یاریزانی هێلی نێوەڕاستی هەڵبژاردەی ئیسپانیاو یانەی بەرشلۆنە، بوو بەرکابەرێکی بەهێزی کرستیانۆ رۆناڵدۆی ئەستێرەی هەڵبژاردەی پورتوگال و یانەی مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی لەسەر بردنەوەی تۆپی زێڕینی ئەوروپاو تەنانەت نازناوی باشترین یاریزانی جیهانیش.

بەر لەئەنجامدانی جامی نەتەوەکانی ئەوروپای 2008، کرستیانۆ رۆناڵدۆ لەلایەن بەپاڵێوراوی بێ رکابەر بۆ هەردوو نازناوی تۆپی زێڕینی ئەوروپا، کە ساڵانە گۆڤاری فرانس فوتبۆلی فەرەنسی دەیداتە باشترین یاریزانی ئەوروپا و، نازناوی باشترین یاریزانی جیهان کە فیفا دەستنیشانی دەکات، دەژمێردرا.



تەنانەت دوای ئەوەی هەڵبژاردەی پورتوگال لەقۆناخی هەشتەم ماڵئاوایی لەیۆرۆ کرد، کرستیانۆ رۆناڵدۆی کاپتنیشی نەیتوانی ئاستێکی بەرز پیشانبدات کە لەلایەن یەکێتی تۆپی پێی ئەوروپاوە بۆ ریزی هەڵبژاردەی نموونەیی یۆرۆ دەستنیشان نەکراو گومان کەوتە سەر ئەوەی ئەم ئەنجامانە کاریگەرییەکی پێچەوانەیان لەسەر چارەنووسی رۆناڵدۆ هەبێت. هێشتا زۆر لەچاودێران لەو بڕوایەدا بوون کە یۆرۆ هیچ کاریگەرییەکی بەسەر دەستنیشانکردنی رۆناڵدۆ بەباشترین یاریزانی ئەوروپاو جیهان نابێت، چونکە لەگەڵ یانەی مانچستەر یونایتددا جامی پریمەرلیگ و چامپیۆنسلیگ و نازناوی گۆڵکاری هەردوو خولەکەشی بردووەتەوە، تەنانەت هەندێک لەچاودێران گوتیان" تەنیا رۆناڵدۆ رکابەری رۆناڵدۆیە"، وەک دووپاتکردنەوەی ئەو راستییەی کە رۆناڵدۆ بێ رکابەرە.

بەڵام هەموو ئەو بۆچوونانە گۆڕان، کاتێک چاڤی هێرناندێز بەباشترین یاریزانی یۆرۆ هەڵبژێردرا، دواتریش گۆڤاری فرانس فوتبۆڵ چاڤیان ئاگادارکردەوە کە ناوی ئەویش کەوتە نێو رکابەرانی خەڵاتی تۆپی زێڕین، تەنانەت خۆی بەهێزترین رکابەرە، بۆیە ئێستا چاودێرانیش رای خۆیان لەسەر ئەوە گۆڕیوەو چیتر رۆناڵدۆ بێ رکابەر نازانن، تەنانەت هەندێکیان گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی ئەگەر چاڤی تۆپی زێڕینی ئەوروپا بباتەوە، دوور نییە خەونە گەورەکەی رۆناڵدۆش لەبارببات و خەڵاتی فیفاش بۆ باشترین یاریزانی 2008 ی جیهانیشی لەچنگ دەربێنێت. جیا لەوەی کە هەردوو یاریزانی ئیسپانی، کاسیاس و تۆرێسیش بە توندی هاتوونەوتە نێو رکابەرییەکە.

# پۆلیسەکانی ئینگلتەرا حەز لە رۆناڵدۆ ناکەن

**رووداو - ماڵپەڕی ریال مەدرید**

پۆلیسەکانی ئینگلتەرا حەز دەکەن کرستیانۆ رۆناڵدۆی ئەستێرەی پورتوگالی ریزەکانی یانەی مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی بەجێبێڵێت.

هەفتەی رابردوو رامۆن کالدیرۆنی سەرۆکی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی بۆ ئامادەبوون لەیاری کۆتایی خولی وێمبلدون بۆ تێنسی سەرزەوی سەردانی وڵاتی ئینگلتەرای کرد، لەفڕۆکە خانە تووشی رووداوێکی سەیربوو، کە دواتر بۆ هەندێک لەهاوڕێیەکانی گێڕایەوەو گوتی" لەفڕۆکەخانە دوو پۆلیسی ئینگلیز رێگەیان لێگرتم و پێیانگوتم: تکا دەکەین کرستیانۆ رۆناڵدۆ لەیانەی مانچستەر یونایتد بکڕن، کە پرسیم بۆچی؟ گوتیان ئێمە هاندەری یانەی لیڤەرپۆلین، ئەگەر رۆناڵدۆ لەگەڵ مانچستەر نەمێنێت دەتوانین رکابەری ئەو یانەیە بکەین لەسەر نازناوی پریمەرلیگ".



## پێشبڕکێ

- بەکورتترین و جوانترین لێدوانت لەسەر ئەم وێنەیە خەڵات وەربگرە.
- لێدوانەکەت بەم ئیمێلە rudawnews@yahoo.com یان بە کورتە نامەیەک بۆ ژمارە تەلەفۆنی (07504547168) بنێرە، لەگەڵ ناوی خۆت.



تنۆک نەوزاد لە هەولێر بە لێدوانی: (**تۆرێس ترسی خستە ناو دڵم**) براوەی پێشبڕکێی ژمارەی پێشوو بوو.

■ بەپێی ئامارەکانی نەخۆشخانەی ئیمێرجنسی سلێمانی، لە 6 مانگی رابردوودا زیاتر لە 830 حاڵەتی خۆسووتاندنی ژنان لە ناوچەکەدا تۆمارکراون و نزیکەی 350 گیانیان لەدەستداوە.

# ئەهامەتییەکانی هاوسەریکردن ژنان نائومێد دەکات

ژنێک کە هەوڵی خۆسوتاندنی داوە" بیر لە خۆسووتان نەکەنەوە، چونکە شێواندنی دەمووچاوو جەستە لەمردن ناخۆشترە".



ئازیز مەحمود
azizshane@yahoo.com



**ڕووداو – سلێمانی**

زۆربەی جار لەبەر ئەوەی کەسێک شک نابەن دەردی دڵیان لا باس بکەن، ژنان پەنا دەبەنە بەر خۆسووتاندن وەک تاکە ڕێگایەک بۆ کۆتایی هێنان بە مەینەتییەکانیان.

لەبەرئەوەی مێردەکەی زۆربەی جار لێیدەدا، پەخشان محەممەدی 36 ساڵان، حەوت مانگ لەمەوپێش بڕیاریدا کە چیتر تەحەمولی ئەو وەزعە نەکات.

ئەو هەوڵیدا خۆی بکوژێت. نەوتی بە لاشەی خۆیداکردو ئاگری لەخۆی بەردا، بەڵام نەمرد. سەرەڕای ئەوەی کە چەند نەشتەرگەریەکی جوانکاری کردووە پاش ڕووداوەکە، هێشتا جێی برینی هەوڵدانی خۆسووتاندنەکەی بە رووخسارییەوە دیارە.

پەخشان کە دایکی چوار منداڵە، وتی "خەسووم تۆمەتی ناڕاستی دەدایە پاڵم لەبەر چاوی مێردەکەم، ئەویش هەموو جارێک باوەڕی پێدەکرد، ئەمەش کێشەی بۆ من دروستکرد". حاڵەتەکانی خۆسووتاندن لەماوەی چەند ساڵی رابردوودا بەشێوەیەکی بەرچاو زیادیانکردووە، خۆسووتاندن باوترین شێوازی خۆکوشتنەو زۆرترین ڕێژەی مردنیشی لێکەوتووەتەوە لەکوردستان.

بەپێی ئامارەکانی نەخۆشخانەی ئیمێرجنسی سلێمانی، کە یەکێکە لەو نەخۆشخانانەی تیماری حاڵەتی سوتاوی دەکات، تەنیا لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا، زیاتر لە 830 حاڵەتی خۆسووتاندنی ژنان لە ناوچەکەدا تۆمارکراون و نزیکەی 350یان گیانیان لەدەستداوە.

ژمارەکە گۆڕانێکی گەورەیە بەبەراورد لەگەڵ ساڵی 2007، کە لەو ساڵەدا نزیکەی 715 ژن هەوڵی خۆسووتاندنیاندا و پێنج یەکیان بەهۆی سەختی برینەکانیانەوەمردن. ژمارەیەکی کەم لە ژنان هەوڵیانداوە بەشێوازیتر خۆیان بکوژن، بەڵام ئەو ژمارەیەش لە زیادبووندایە: لە ساڵی 2005دا 180 حاڵەت هەبووە، بەڵام لە ساڵی 2006دا بەرزبوەتەوە بۆ 260.

زەینەب عوسمان، 34ساڵ، لەژیانی بێزاربووە. ئەو هەر لە شەفەقی بەیانییەوە هەتا درەنگانی ئێوارە ئیش دەکات. سێ منداڵی هەیە کە بەخێویان دەکات، هەروەها دەبێت 60 سەر مەڕەکەشیان بلەوەڕێنێت و شوێنەکەیان پاک بکاتەوە لە گوندی تازە کە دەکەوێتە 90 کم لەباشووری خۆرئاوای سلێمانی.

بەڵام سەرباری ئەو هەموو زەحمەتە مێردەکەی نەک هەر یارمەتی نادات، بەڵکو بووەتە مەینەتییەکی دیکە بۆی. زەینەب وتی " هەستدەکەم وەکو ئاژەڵێک دەژیم،چونکە پیاوەکەم حسابی ئاژەڵێکم بۆناکات،ئەو تەنها منی بۆ جووتبوون وبەخێوکردنی ئاژەڵەکانی دەوێت، هەرکاتێکیش بەقسەی نەکەم بەدار دەکەوێتە لێدانم".

زەینەب ئەوەندە هەست بە نائومێدییەکی زۆردەکات، بۆیەش دوو جار هەوڵی خۆکوشتنی داوە لە ڕێی خواردنی دەرمانی سن و کوللەوە "ویستم مێردەکەم بترسێنم، بۆ ئەوەی جارێکیتر ئەزیەتم نەدات".

سەمیرە محەممەد، توێژەری کۆمەڵایەتی کاروبارەکانی ژنان لە ڕێکخراوی ژیانی نوێ، کە ڕێکخراوێکی ناحکومییەو هەوڵی ڕۆشنبیرکردنی ژنان و گەشەپێدانی مافەکانیان ئەدات، وتی یەکێک لە سەرەکیترین ئەو هۆکارانەی کە وا لە ژنان دەکەن هەوڵی خۆکوشتن بدەن، بریتییە لە ئازاردنی جەستەیی "کاتێک لە لایەن مێردەکانیانەوە لێیاندەدرێت و سوکایەتییان پێدەکرێت".

یەکێکیتر لە هۆکارەکان ئەوەیە کە کچان بەزۆر بە شوو دەدەرێن. سەمیرە محەممەد وتی "ئەوان ڕێگەیان لێدەگیرێت لە ئەنجامدانی ئەوەی کە خۆیان دەیانەوێت بیکەن، بەتایبەت لە هەڵبژاردنی هاوسەری ژیانیان، ئەو کچانە ڕۆشنبیرن، بەڵام زۆربەی جار ماڵەوەیان پابەندی دابونەریتی کۆمەڵایەتین".

زۆربەی ژنان هیچ ڕێگایەکی رزگاربوون شک نابەن، چونکە دەترسن لەوەی باسی کێشەکانیان لای هیچ کەسێک بدرکێنن. لە ناوچە گوندنشینەکاندا کە خاوەن دابونەریتێکی خێڵەکی بەهێزن، شەرمە ئەگەر باسی کێشەکانی نێوان ژن و مێرد لای خەڵکی دەرەوەی خێزانەکەت بکەی. لەم خێزانە پابەندبووە بە دابونەریتەکانەوە تەڵاقدان ئیختیاری نییە بۆ ژن.

نیگار کەمال، خوێندکاری زانکۆ، دوای ئەوەی باوکی بەهۆی لەبەرکردنی جلوبەرگی کورتەوە لێیدا، بڕێکی زۆر حەبی خوارد. نیگار چاک بوویەوە، بەڵام جارێکیتر هەوڵی خۆسووتاندنی دا، دووبارە رزگاری بوو. نیگار رازی نەبوو شێوازی جلوبەرگی بگۆڕێت. کەسوکارەکەی بەوە تۆمەتباریانکرد کە ئەخلاقی نزمە، باوکی جارێکیتر دەستیکردەوە بە لێدانی. نیگار وتی "لێرە خەڵک گۆڕان قبوڵ ناکەن، بەتایبەت ئەگەر ئافرەت بیەوێت شتەکان بگۆڕێت، بۆ نموونە جلوبەرگی".

لە کاتێکدا کە ناتوانن دەردی دڵیان بۆ ئەندامانی خێزانەکەیان باس بکەن، نیگارو کەسانی دیکەی وەک ئەو دەرفەتێکی وایان نییە کەسی پسپۆڕ ببینن، لەبەر ئەوەی ژمارەیەکی کەم لە دکتۆری دەروونزانی هەن ئەو حاڵەتانە وەرگرن. هەروەها زۆربەی ژنان ئیحراج دەبن یان شەرم لەوەدەکەن داوای ئەو چەشنە یارمەتییانە بکەن.

نەشمیل عەبدوڵڵا، 43ساڵ، کە کێشەی خێزانی هەبووە، یەکێکە لەو ژمارە کەمەی ژنان کە پەنای بۆ هاوکاری دەرەوەی خێزانەکەی بردووە، بەڵام ئەزموونەکەی ئەو هاندەرنییە. نەشمیل وتی "فرێت دەدەنە نەخۆشخانەیەکی پیسوپۆخڵەوە، لەبەرئەوە کە کەس ناوێرێت بچێتە ئەوێ ".هەروەها وتیشی ژنان ترسی ئەوەیان هەیە لەلایەن خەڵکەوە خراپ مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت "ئەگەر بچیت بۆ لای دکتۆری دەروونی، خەڵک دەڵێن شێت بوویت".

چەمکی حەیاو شەرەف ئەوەندە بەهێزە لەم ناوچەیەی جیهاندا کە زۆر جار ئەو ژنانەی هەوڵی خۆکوشتنیانداوە ناوێرن باسی مەینەتییەکانیان بکەن. ئەندامەکانی خێزانیان لەگەڵیان دەچن بۆ نەخۆشخانەو دەڵێن ڕووداوێک ڕوویدا، ناڵێن هەوڵی خۆسوتاندنی داوە، بەڵام دکتۆرەکان دەزانن جیاوازی بکەن لەنێوان ئەوانە کە بێ ئەنقەست سووتاون و ئەوانەی بە ئەنقەست خۆیان سوتاندووە.

دکتۆرێک لە نەخۆشخانەی ئیمێرجێنسی، کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، وتی بوونی بۆن و شوێنەواری نەوت لە بەشی سەرەوەی لەشدا ئاماژەی بەهێزن بۆ خۆسووتاندن. هەروەها وتیشی هەندێ جار سوتاوەکان ڕاستی بە دکتۆرو پەرستارەکان دەڵێن، بەڵام بە پۆلیسی ناڵێن لەبەرئەوەی ترسی ئەویان هەیە ئەندامانی خێزانەکەیان بگیرێن.

پەخشان پەشیمانە لەوەی ئەنجامیداوەو ئاواتەخوازە ڕۆژێک لە ڕۆژان ڕووخساری وەک جارن لێبێتەوە " داوا لە هەموو ژنێک دەکەم کەس بیر لە خۆسووتان نەکاتەوە،چونکە شێواندنی دەمووچاوو جەستەی لەمردن ناخۆشترە".

لە هەنگاوێکدا بۆ مەبەستی ئەوەی ژنان پەنا نەبەنە بەر خۆسوتاندن، ژمارەیەک لە ڕێکخراوەکانی ژنان هەڵمەتێکی ڕۆشنبیرکردنیان دەربارەی توندوتیژی ناوخێزان دەستپێکردووە. بۆ نموونە ڕێکخراوی هەتاو درامایەکی رادیۆیی ئامادەدەکات لەسەر ئەو بابەتە. ئاسۆ ئیبراهیم، بەڕێوەبەری هەتاو دەزانێت کە ئەوە کێشەیەکە لە شەوو ڕۆژێکدا کۆتایی نایێت"پرۆژەکەمان درێژخایەنە".

# مانگۆ دێتە هەولێر

**ڕووداو – WWD**

مانگۆ کۆمپانیایەکی بەنێوبانگی ئیسپانی وجیهانیی تایبەتە بە جلوبەرگی ژنان و پیاوان و لە زۆربەی وڵاتانی جیهان چەندین کۆگەی مەزنی هەیە، بەم نزیکانە کۆگەیەک ( ستۆرێک) لە هەولێر دەکاتەوە کە دەبێتە یەکەمین ستۆری مانگۆ لەسەرتاسەری عێراق.

بەرپرسی بەشی گەشەپێدان وبەرفراوانکردن لە مانگۆ ئیساک هالفۆن لە لێدوانێکدا بۆ گۆڤاری WWD دەڵێ" دەزانم خەڵک بە تامەزرۆییەکی زۆرەوە چاوەڕێی کردنەوەی ئەو کۆگەیەن، بۆیە بەم نزیکانە لە هەولێر دەیکەینەوە" . بەڵام بەهۆی داخراوی کۆمەڵگەوە نابێ چاوەڕێی ئەوە بن ئەو پانتۆڵە تەسک ومایۆ سێکسییانەی

## تەنوورەی کورت و ئەو جلوبەرگانەی مەمک دەردەخەن لە عێراق کڕیاریان نابێ

ڕەند ڕەحیم

لە زۆربەی ستۆرەکانی مانگۆ لەسەرتاسەر جیهان دەفرۆشرێن لە هەولێر بازاڕیان هەبێت. هەربۆیەش دیزاینەرێکی جلوبەرگ کە لوبنانیە وناوی زوهێر مورادەو لەساڵی 2006 وە لەگەڵ مانگۆ کاردەکات، جلوبەرگێکی وا دیزاین دەکات کە لەگەڵ کولتوورو داب ونەریتی کۆمەڵگەکە بگونجێت، بەشێکی زۆری جلوبەرگەکانی کۆگەکانی مانگۆ لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و وڵاتە عەرەبییەکان لەلایەن زوهێرەوە دیزاین کراون.

بنکەی سەرەکی مانگۆ لە شاری بەرشەلۆنەیە لەئیسپانیا و1144 کۆگای لە 90 وڵاتی دنیادا هەیە، لەساڵی 1997هاتووەتە بازاڕەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و یەکەمین کۆگەی خۆی لە کوێت ودوبەی کردووەتەوەو ئێستا 84 کۆگەی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە عەرەبستانی سعودی،کوێت، ئیمارات، بەحرەین، ئوردن، لوبنان، عومان،قەتەر، میسر وئیسرائیل هەیە و داهاتی ساڵی رابردووی پتر لە دووملیار دۆلار بوو.

هالفۆن دەڵێ "لەبەر هۆکاری ئاسایش ئێمە ناتوانین بچینە کوردستان وبۆخۆمان شوێنی کۆگەکەمان ببینین، بەڵام پشکدار (شەریک)ێکی باشمان لەوێ هەیە و ئەو کارەکان جێبەجێدەکات، ئەوە تاکە کۆگەی ئێمەشە کە بەبێ دیتنی شوێنەکە بڕیاری کردنەوەمان داوە".





لەوەڵامی ئەو پرسیارەی کە بۆچی دەیانەوێت لە عێراق کۆگا بکەنەوە، هالفۆن دەڵێت" دەمانەوێ سەرکێشی و تەحەدایەک بکەین".

کردنەوەی ئەم کۆگایە جۆرێکە لە سەرکێشی،چونکە ژنان لەوکۆمەڵگەیەدا دەبێ هەموو لەشیان داپۆشرابێت وموحەجەبە بن و سەرپۆشیان لەسەربێت. پرۆفیسۆر کاترین لۆنگ مامۆستا لە زانستگەی ویسکنسن ئۆکلیەر دەڵێ " لە قورئاندا هاتووە کە پیاو و ژن دەبێ خۆیان داپۆشن، بەڵام ئەم داوایەی قورئان بەچەندین شێوەی جیاواز جێبەجێ دەکرێت، بۆنموونە لە ئێران وعەرەبستانی سعودیی ژن دەبێ تەواو خۆیان داپۆشن، بەڵام لە عێراق وانییە گەورەترین ڕووبەڕووبوونەوە لەبەرامبەر کردنەوەی ئەم کۆگەیە باری دارایی خەڵکەکە ئایا کەس هەیە توانای کڕینی ئەو جلوبەرگانەی هەبێت، من پێموایە ژن لەوێ هەبن حەز لە دوا مۆدێلەکانی جلوبەرگ بکەن و ڕەنگە هەندێ لەبەرهەمەکانی مانگۆ لە ژێر حیجابیش لەبەر بکرێن".

ڕەند ڕەحیم کە ژنێکی عێراقییە وبەرپرسی (دەستگەی عیراق)ە کە ڕێکخراوێکە لەبواری مافەکانی مرۆڤ ومافەکانی ژنان کاردەکات دەڵێ" کۆمەڵگەی عێراقی کۆمەڵگەیەکی زۆر کۆنەپارێزو کۆنسەرڤەتیڤە، لەعەممان وقاهیرە کۆمەڵگە کراوەترو پێشکەوتووترە، زۆر لەوجلوبەرگانەی لە لوبنان دەفرۆشرێن ئەستەمە لە عێراق کڕیاریان هەبێت، بۆ نموونە کراسی قۆڵ کورت، تەنوورەی کورت، پانتۆڵی تەسک، کراسێک کە سینگ ومەمک دەربخات لەوێ دەفرۆشرێن، بەڵام لەعێراق لەوانەیە تەنها لەوئاهەنگە تایبەتیانە لەبەر بکرێن کەتەنها تایبەتن بەژنان، ئێستاش بەهۆی ناسەقامگیری ئاسایشەوە ئەو ئاهەنگە تایبەتیانە کەم ساز دەکرێن".

# دەسەڵاتی ژن تەڵاقدان لەمەلا وەردەگیرێتەوە

**لەنجە عەبدوڵڵا**
**ڕووداو– هەولێر**

مامۆستایەکی ئاینی بەمۆری یەکێتی زانایانی ئاینی ژنێک تەڵاق دەدات و وەزارەتی ئەوقافیش لێژنەیەک بۆ بەدواداچوونی ڕووداوەکە پێکدێنێت و بڕیاریش دەدات کە مامۆستایانی ئاینی چیتر بۆیان نییە لەدەرەوەی دادگا ژن تەڵاق بدەن.

مەلا مەولود عەزیز، کە پێشنوێژو وتارخوێنی مزگەوتی گەورەی هەریرە و لەهەمانکاتدا بەرپرسی ناوچەی هەریری یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامیی کوردستانە، بەنووسراوێکی فەرمی بە ناوی " قازی شەرعی ناوچەکە" بە مۆری یەکێتی زانایان ژنێکی تەڵاقدا، بەڵام دوای ئەوەی تەڵاقنامەی ژنەکە بەمەبەستی پەسەند کردن دەچێتە دادگای هەولێر، دادگا وەزارەتی ئەوقاف لەکاری ئەو مەلایە ئاگادار دەکاتەوەو وەزارەتی ئەوقافیش لێژنەیەک لەسەر مەلایەکە پێکدەهێنێت.

مەلا مەولود، ماوەی 30 ساڵە نیشتەجێی شارۆچکەی هەریرە و وەک خۆی دەڵێ 19 ساڵیشە قازی شەرعی ناوچەکەیە، جگە لە تەڵاق و جیابوونەوە، تا ئێستا چەندین کاری جۆراو جۆری بۆ خەڵکی ناوچەکە جێبەجێکردووە. مەلا مەولود گوتی "کاتی خۆی نووسراوێکم لەلای کاک سیداد بارزانی هێنا، کە ببمە ڕاوێژکاری ئەو ناوچەیە، نووسراوەکەم بردە بەشی کۆمەڵایەتی گشتیی دواتر ڕەوانەی لقی دوو کراو لەوێش ڕەوانەی ناوچەی هەریر کراو بەشێوەیەکی فەرمی بوومە ڕاوێژکاری شەرعی ئەو ناوچەیە".

ناوبراو پێیوابوو ئەو کارانەی ئەو ئەنجامیاندەدا کار ئاسانیکردنە بۆ دادگا و لەسەر داواکاری دادوەرانی ناوچەکە ئەو کارانە ئەنجامدەدات "دوو دادوەر لە هەریر هەیە، ئەوان خۆیان بەمنیان گوتوە پێش ئەوەی ژن و مێرد بچنە دادگا من بەنووسراوێک تەڵاقەکەیان بۆ بکەم دواتر بچێتە بەردەستیان بۆ ئەوەی پەسەندی بکەن".

مامۆستای ئاینی لەکۆمەڵگەی کوردیدا پلەو پایەی تایبەتی خۆی هەیە، بۆیە زۆربەی کات بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کۆمەڵایەتی خەڵک پەنایان بۆ دەبەن، ئەمەش وایکردووە بەجۆرێک لەجۆرەکان ڕۆڵی دادگا ببینن.

تەڵاقدانی ئەو ژنە لەلایەن مەلا مەولود، ئەوکاتە بووە کێشە کە تەڵاقنامەکە چووە بەردەستی دادوەر ئیبراهیم خۆشناو، دادوەری باری کەسیی لەدادگای هەولێر. ئەو دادوەرە بەهۆی ئەوەی نووسراوەکە ناوی قازی شەرعی لەسەرنووسرابوو، یەکسەر وەزارەتی ئەوقافی لەحاڵەتەکە ئاگادار کردەوە.

دادوەر ئیبراهیم خۆشناو. ئەم کارەی مەلا مەولودی بە "کارێکی نایاسایی و دوور لەدەسەڵاتی مامۆستای ئاینی" وەسفکرد و لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) گوتی "ئەمە دەستوەردانە لەکاری یاسا، چونکە بەکارهێنانی ناوی قازی بەپێی یاسا تاوانەو سزای خۆی هەیە، مامۆستای ئایینی کاری ڕێنماییکردن و هۆشیارکرنەوەی خەڵکە نەک قازیبوون".

بەپێی یاسای دیسپلینی فەرمانبەرانی دەوڵەت ژمارە 14 ی ساڵی 1991، لەکاتی ئەنجامدانی هەر سەرپێچیەکی یاسایی لەلایەن فەرمانبەرێکی دەوڵەت دەتوانرێت لێژنەیەکی یاسایی لەسەر پێکبهێنرێت بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر جۆری سەرپێچیەکەی.

بەوپێیەی ئەو مەلایە فەرمانبەرێکی سەر بە وەزارەتی ئەوقافە، ئەو وەزارەتە بەپێی ئەو یاسایە لێژنەیەکی لەسەر ئەو مەلایە پێکهێناوە. پارێزەر هەڵمەت موحسین عەبدوڵلا، بەڕێوەبەری کاروباری یاسایی لەدیوانی وەزارەتی ئەوقاف، کە لە هەمانکاتدا سەرۆکی ئەو لیژنەیەشە کە بۆ لێکۆلینەوە لەو حالەتە پێکهاتووە، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند"دوای ئەوەی بەنووسراوێکی ڕەسمی لەلایەن دادگای باری کەسیی ئاگادار کراینەوە، بەبڕیاری وەزیری ئەوقاف لێژنەیەک لەسەر ئەو مامۆستا ئاینییە پێکهات، لێژنەکە جگە لە من، بەڕێوبەری ئەوقافی شەقلاوەو نوێنەرێکی یەکێتی زانایانیشی تێدایە".

هەر دوای نووسراوەکەی دادگای باری کەسیی هەولێر، وەزارەتی ئەوقاف بەنووسراوێکی فەرمی ئاگاداری هەر 11 بەڕێوەبەرایەتییەکەی ئەوقافی کردەوە کە مامۆستایانی ئاینی چیتر بۆیان نییە دەست



مەلا مەولود عەزیز

لەکاروباری دادگا وەربدەن.

یەکێتی زانایانی ئاینیی ئیسلامیی کوردستان، لە ساڵی 1970 دامەزراوەو یەکێتیەکی پیشەیی مامۆستایانی ئاینییە، خۆی بە کاروباری پەیوەست بەفیقهی شەریعەتی ئیسلام و فتوادانەوە خەریکدەکات و هیچ دەسەڵاتێکی کارگێڕی نییە.

محەممەد شاکەلی، وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ناڕازیبوونی خۆی بەرامبەر کاری لەو جۆرەی ئەو مامۆستا ئاینییە دەربڕی و گوتی "کاروباری تەڵاقدان و ژنهێنان تەنها لەدەسەڵاتی دادگا دایەو هیچ پەیوەندییەکی بەیەکێتی زانایانەوە نییە".

سەبارەت بەئیجرائاتی یاسایی وەزارەت بەرامبەر بەو مامۆستایە، وەزیری ئەوقاف بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند"ئێمە چاوەڕێی ئەنجامی لیژنەکە دەکەین، دەبێت کاری دادگا و مامۆستای ئایینی لێک جیابکرێتەوە چونکە دادگای شەرعی هەیە هەموو سیفەتێکی یاساییان هەیەو خەڵکی پسپۆرو شارەزا کاریان تێدا دەکا".

لەبارەی سزای یاسایی کەسێک کە (انتحال صفة)ی کەسێکیتر دەکات، دادوەر ئیبراهیم خۆشناو گوتی "بەپێی مادەی 260 لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە 111ی ساڵی 1969 سزای ئەو کەسە 3 ساڵ بەندکردنە چونکە لەرووی یاساییەوە تاوانە".

خانمی بەڕێز... لەکاتی بوونی هەر توندوتیژییەک کە بەرامبەرت ئەنجامدەدرێت پەیوەندی بکە بە ژمارە (100) سەنتەری ڕێکخەری پەیوەندییەکانەوە یان ژمارە (104) پۆلیسی فریاکەوتن.
وەزارەتی ناوخۆ



## ژنێک خۆی دەسووتێنێ و تۆمەتبارەکانیش ئازاد دەکرێن

رووداو-هەولێر

◆ ڕۆژی 2008/6/27 ژنێکی تەمەن 40 ساڵ و دایکی 4 منداڵ، خۆی سووتاند و ڕۆژی 7/2 گیانی لەدەستدا. بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزای دەشتی هەولێر لەوبارەوە بە (رووداو)ی ڕاگەیاند "ئەو ژنە چەند جارێک لەلایەن مێردەکەیەوە دووچاری لێدان بووەتەوە، بەڵام لەبەرئەوەی ژنبەژنی پێکرابوو نەیدەتوانی جیاببێتەوە، بۆیە خۆی سووتاندووە". هەروەها گوتی " پاش ڕووداوەکە مێردەکەی و برایەکی ژنەکە بەپێی مادەی 408 دەسگیرکران، بەڵام ڕۆژێک بەر لەمردنی ژنەکە بەکەفالەت ئازادکران".

# کرێکارێکی شارەوانی هەریر بەمارە بەجاش لەگەڵ 40 ژن جووت دەبێت



شەوقی کانەبی
shawqi.kanabi@yahoo.com

**رووداو – هەریر**

کرێکارێکـی شـارەوانی بە مـارە بەجاش لەگەڵ 40 ژن جووت بووەو تەڵاقی پیاوەکانی چاککردەوەتەوەو مامۆسـتایانی ئاینیش رای جیاوازیان لەسەر ئەو کارە هەیە و هەندێک بە "حەڵاڵ"ی دەزانن و هەندێکیش بە "حەرام".

هەر پیاوێک ژنەکەی خۆی سـێ بە سـێ تەڵاق بدات، ئەو ژنە لەپیاوەکە حەرام دەبێت، بەڵام بەپێی رای هەنـدێ لە مەلاکان بەپێی شەریعەتی ئیسلام ئەو تەڵاقە چاکدەکرێتەوە، کە ڕێگەی ئەو چاککردنەوەیەش بە کوردەواری بە (مارە بەجاش)ناسراوە. کەبەم شێوەیەیە: ژنـە تەڵاقدراوەکە بۆ ماوەی یەک شـەو لە کەسـێکی دیکە مارە دەکرێت و دوای ئەوەی ئەو کەسە لەگەڵ ژنەکە جووت دەبێت، ژنەکە تەڵاقدەدرێتەوەو دووبارە لە هاوسەرەکەی خۆی مارە دەکرێتەوە و بۆی حەڵاڵ دەبێتەوە.

محەممەد ئاودەل، 65 سـاڵ، دانیشتووی شارۆچکەی هەریر، توانیویەتی ببێتە جێگەی متمانەی ئەو کەسانەی سێ بەسێ ژنەکانیان تەڵاقـدەدەن و دواتـر لە محەممـەدی مارە دەکەنەوەو جارێکیتریش ژنەکەیان بە محەممەد تەڵاقدەدەنەوەو لەخۆیانی مارە دەکەنەوە.

محەممەد لەبـارەی ئەو مارە بەجاشـەی دەیکات بـۆ (رووداو) گوتـی "دوای ئەوەی خەڵـک زانی من مارە بەجاش دەکەم، خەڵک لە زۆر شوێنان دەهاتنە لام بەتایبەت لەهەولێر، دەشـتی هەریر، سـۆران، ئامێدی، بادینان، برادۆسـت، مەلایەک یان فەقێیەکیان دەهێنا ژنەکەیان لێ مارە دەکردم، منیش بەدرێژایی یەک شـەو لەگەڵ ژنەکەی جـووت دەبووم، بۆ بەیانـی هەمان مەلا یان فەقێ ژنەکەی پـێ تەڵاقدەدام، مێـردی ژنەکەش بە ئۆتۆمبێلـی خۆی دەیبردمـەوە ماڵەوەو سوپاسیشی دەکردم".

هەندێک کەس پارەیەکی زۆر خەرجدەکەن، بۆ جووتبوون لەگەڵ ژنێک ئەویش بە ڕێگەیەک کە ئاینی ئیسلام بە زینا و ناشەرعی دادەنێ، بەڵام محەممـەد بە ڕێگەیەکی شـەرعی لە بەرامبـەر وەرگرتنی بڕێک پـارە ئەوەی بۆ هەڵکەوتووە. محەممەد دەڵێ "شەو تا بەیانی لەگەڵ ژنەکە خەوتووم و لەگەڵیشـی جووت بووم، لەبەرامبەریشدا 150-300 هەزار دینارم وەرگرتووە".

محەممەد لەبـارەی تەمەنی ئـەو ژنانەی بەپێی نەریتی مارە بەجاش لەگەڵیان جووت دەبێت، گوتی "هەندێکیان تازە پێگەیشتبوون و تازە مەمکیـان دەرکردبـوو، هێند جوان بوون دەتگوت ئەسـتێرەی گەلاوێژن ئەگەر دەسـەڵاتم هەبووایە هەرگیز تەڵاقم نەدەدان، هەندێکیشیان حەزیان دەکرد ژنی ڕاستەقینەی من بوونایە و پێیان دەگوتم یا خوا سەد جار مێردەکەم بە قوربانت بێت، هەندێکیشیان بە مەکرەوە زوو خۆیان نەدەدا بەدەستەوە، بەڵام دواجار تەسلیم دەبوون، بەڵام هەندێکیان زۆر پیرو بێکەڵک بوون".

محەممەد ئاودەل، کە تەمەنی 65 سـاڵە، گلەیـی ئەوەی لەحکومـەت هەیە کە ماوەی 35 ساڵ لە شـارەوانی کەناس بووەو ئێستا خانەنیشـین کراوە،کەچی تا ئێستاش زەوی وەرنەگرتـووە. محەممـەد دەڵـێ هەژاری پاڵنەری سەرەکییە بۆ ئەوەی دەستبەرداری مارە بەجاش نەبێت و تا ئێسـتاش لەسەری بەردەوام بێت.محەممەد هەموو پیاوە خاوەن کێشـەکان دڵنیا دەکاتەوە، کـە بیری لەوە نەکردووەتەوە خیانەت بکات و ژنەکان تەڵاق نەدات.

محەممەد دەڵێ "هەژاری و گوزەرانی خێزان وای لێکردووم دەسـت بۆ ئـەو کارە بەرم، هەرچەندە ئەو کارەی خۆم بە شەرعی دەزانم، چونکە مەلا ئەو ژنەی لێ مارە دەکردم، بەڵام دواتر هـەر خۆم بیرم کردەوە کە ئەو کارەی دەیکەم هەڵەیە".

محەممەد گوتیشی "لەو کارە وەڕەس بووم، بەڵام خەڵک وازم لێناهێنێت، خەڵک لەشوێنی دوورەوە دەهات زۆر تکاو ڕەجایان لێدەکردم منیش نەمدەویسـت دڵیان بشکێنم، چونکە لێیان قەومابوو، بۆیـە لەگەڵیان دەچووم و سواری ژنەکانیان دەبووم".

لەبارەی دوایین مارە بەجاشـیش محەممەد گوتی "دوایین مارەبەجاشـم 3 مانگ بەر لە ئێسـتا بوو، کەسـێک لە ناوچەی برادۆست هاتبـوو ژنەکەی تەڵاق دابوو، بەو شـێوەیە بەمارە بەجاش بۆمان چاککردەوە".

مامۆسـتایانی ئاینی رای جیاوازیان لەسەر کارەکەی محەممەد ئاودەل هەیە و هەندێکیان کارەکە بەشەرعی و هەندێکیشیان بە ناشەرعی و بە حەرامی دەزانن.

مـەلا عەبدولواحید باڵەکـی، ڕەتیکردەوە دیاردەی مارە بەجاش لەئاینی ئیسلامدا حەلال کرا بێت و گوتی " ئەو دیاردەیە لەئیسـلامدا کوفـرەو ڕەفـزە و پێغەمبەریـش (د.خ) لەفەرموودەیەکدا نەفرەتی لەم کارە کردووە، ئەو مەلایانەش کە پاسـاوی دینـی بۆ ئەم دیاردەیە دەهێننەوە یان شەیتان فریوی داون یان پارە ڕێگای لێبزرکردوون".

ئەو مامۆستا ئاینییە، کە مامۆستایەکی گوێ لێگیـراوە لە دەڤەری سـۆران دەڵێ "کاتێک پیاوێک سـێ بەسـێ ژنەکەی تەڵاق دەدات، ژنەکەی لێ حەرام دەبێت و، تەنیا بەمەرجێک دەتوانێت جارێکیتر مارەی بکاتەوە، کە ژنەکە بەبێ پلانی پێشوەختە شوو بەکەسێکی دیکە بکاتـەوە، ئەگەر ئەو پیاوە کۆچی دوایی کرد یان بەئارەزووی خۆی ژنەکەی تەڵاقدا، ئەو کاتە دەتوانرێت لەمێردی یەکەمی مارە بکرێتەوە".

مەلا عەبدولواحید هەموو جۆرە مارە بڕینێکی کاتی "بەناشـەرعی" لە قەڵەمداو گوتی "کێ ناڵێت ئەو ژنە لەو شەوەی کە بە (مارەبەجاش) پیاوێکـی لەگـەڵ جووت دەبێت سـکی پڕ نابێت".

لەبەرامبەردا هەندێک لەمامۆستایانی ئاینی پاسـاوی شـەرعی بۆ دیاردەکە دەهێننەوەو حەڵاڵـی دەکـەن، مامۆسـتایەکی ئایینی لە شـارۆچکەی هەریر کە نەیویسـت ناوی بڵاوبکرێتـەوە، ئەو ڕێگەیەی بە "شـەرعی" دانـا و گوتـی "بەپێی مەزهەبی شـافیعی، مارەبەجاش حەلاڵ و شـەرعییە بەمەرجێک دوای جووتبونی پیاوە هاوردە کراوەکە لەگەڵ ژنە تەڵاق کەوتووەکە، ئەو ژنە بۆ ماوەی سێ مانگ بوەستێت تاوەکو خاوێن دەبێتەوە، ئینجا جارێکیتر لەپیاوی یەکەمی مارە بکرێتەوە".

بـەڵام دادوەری ناحیەی هەریر پێچەوانەی ئـەو مەلایە، بەڵام ئەو لە ڕووی یاسـاییەوە "مارە بەجاش"ی بە نایاسایی دانا.

ئاشـتی ئەحمەد، دادوەری دادگای بەرایی هەریـر، مارەبەجاشـی بـە "نایاسـایی و ناشارستانی" وەسفکردو گلەیشی لەو مەلایانە کرد کە بەمارەبەجاش تەڵاق چاکدەکەنەوە.

هەروەها گوتی "تەڵاق کەوتن چەند حاڵەتێکی هەیە پیاوێک ئەگەر تەڵاقێک یان دوو تەڵاقی کەوتبن دەتوانێت هاوسەرەکەی بگەڕێنێتەوەو مارەی بکاتەوە، کاتێکیش هەر سـێ تەڵاقی دەکەون ئەگەر لەسـێ شـوێن و سێ کاتی جیـاوازدا پیاوەکە ژنەکەی تەڵاقدابێت، بەڵام مەلا هەیە بەخولەکێک بڕیاری جیابوونەوەی نێـوان هاوسـەران دەدات و ژیانیـان وێران دەکات".

گوتیشـی "دیـاردەی مارەبەجاش ناچێتە چوارچێـوەی گرێبەسـتی هاوسـەرییەوە، چونکەپێناسـەی یاسـایی بۆ گرێبەسـتی هاوسـەرێتی پێکهێنانـی ژیانـی هاوبەش و نانـەوەی وەچەیـە، بۆیە مـارە بەجاش کردارێکی نایاساییەو تا ڕادەیەکیش بەنهێنی ئەنجامدەدرێت".

لەکاتێکدائەودیاردەیە ڕۆژبەڕۆژلەزیادبووندایە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەتایبەتیش ڕێکخراوەکانی ژنان تاوەکو ئێستا بێدەنگیان بەرامبەر ئەو دیاردەیە هەڵبژاردووە.

جولـە حاجـی، ئەندامی سـکرتایەتی یەکێتی ئافرەتانی کوردسـتان، "مارە بەجاش" بەدیاردەیەک دانا کە ئافرەت لەهەمـوو خەسـڵەتێکی مرۆیی بەتاڵ دەکاتەوەوگوتـی "دەبێـت ئافرەتان بۆ بەرگریکـردن لەمرۆڤبوونـی خۆیـان ئەو بیرۆزییە گەورەیە قبوڵ نەکەن".

جولـە حاجـی، پێیوایـە یاسـا بەرپرسی یەکەمە لەبەردەوامـی ئـەو دیاردەیـە و گوتـی "چونکە یاسای ئێمە پشت بەشەریعەت دەبەسـتێت، هەر ئەویاسایەیە دوای جیابوونەوەی ژن و مێرد لەیەکتری ڕێگـە نـادات بە شێوە یەکی یاساییژیانی هاوسـەری پێکبێننەوە".

جولـە حـا جی داواشیکرد کـە ڕێگە لەو کەسانە بگیرێـت کە "ئیستغلالی مـرۆڤ" دەکـەن و گوتیشی "من هیچ جیاوازییەک لەنێـوان مـارە بەجـاش و زینادا نابینم، پێویستە حکومـەت بەزووترین کات یاسـای بـاری کەسـێتی ڕاست بکاتـەوە، کـە زەمینە خۆشکەرن بـۆ بوونـی ئەو جۆرە دیاردانە".



محەممەد ئاودەل 65 ساڵ (فۆتۆ: رووداو)

# نوژدارێ بسپور ل ڕێڤەبەریا پزیشکیا داد ل دهۆکێ:
# پشکنینا دڕاندنا پەردێ کچینیێ بۆ 31 کچان هاتییە ئەنجامدان



**تا نۆکە ڕێڤەبەریا پزیشـکیا داد ل دهۆکێ گەلەک ب کێمی هەواڵ داینە دەزگەهێن ڕاگەهاندنێ. ژبۆی زانین و دووڤچوونا ڕاستیا هند بوویەرێن ڕوویدایی و چەند تشتێن گرێدایی ، پشتی وەرگرتنا ڕەزامەندیا د.عەبدوڵلا سەعید ڕێڤەبەرێ گشتی یێ ساخلەمیا پارێزگەها دهۆکێ، (رووداو) دکتۆر ئەفراسیاب موسا پزیشکێ پسپۆر ل ڕێڤەبەریا پزیشکیا داد یا دهۆکێ بەرسڤا پرسیارێن (رووداو) دانەڤە:**

**رووداو-دهۆک**

**رووداو:هندەک کەس کارێ هەوە نزانن،کارێ وە چییە؟**

**دکتۆر ئەفرسـیاب:** کارێ مـە گرێدایە ب پۆلیسـان ڤە ، هەر بڕیارەکا برێکا پۆلیسان بۆ مە ل دادگەهێ دهێت ، دێ پشـکنینێ بو ئەنجامدەیـن و دێ ڕاپورتەکا نوژداری ل دۆر ئەگەرێ درووسـتبونا بوویەرێ بەرهەڤکەین ل سـەر لاشەیێن مری .دیسان پشکنینان بۆ حالەتێن دەسـتدرێژیێن سکێسکی و پەردێ کچینیێ و دوو گیانیێ ئەنجام ددەین و هندەک پشکنین دی یێن گرنک یێن هەین وەکو زانینا تەمەنـی بەلێ هەتا نۆکە مەنینن ژ بەر هندێ نهێنی یێ دکارێ مە دا هەی.

**رووداو:هەمی پێداویستیێن پشکنینێ هەنە؟**

**د.ئەفراسـیاب:**نەخێر بو هندەک پشکنینا وەکو پشکنینا نەسیجی و تاقیگەها ژەهراویا ئەم پێدڤی ب تاقیگەهێن نەخوشخانا ئازادی و هەولێـرێ دبین ، ئەڤە ژی بۆ کارێ مە یێ خرابـە و ئەگەر هەمی تاقیگە تایبەت یێن مە بان باشتر بوو.

**رووداو:ژێلـی ڕێکا پۆلیسـان کەس هاتیە داخازا پشکنینا پەردێ کچینیێ کرییت؟**

**دکتـۆر ئەفراسـیاب:**هندەک حالەت بۆمە هاتینە و ئـەو ژی بۆ نموونە دەمێ کچەک د ئاڤاهیەکێ دا دکەڤیت و ڕەنگە هێشتا یا بچیک ژی بیت بەلێ دێ پەردێ کچینیا خۆ ژدەست دەت ، لەوڕا گەلەک دهێن ئەم پشـکنینا بۆ دروست دکەین و ئەگەرێ وێ ژی دیار دکەین و وێ فایلێ ل دەف خۆ دپارێزین تا وەکو ئەو کچ دەمێ شووی دکەت یان دەمێ پێدڤی پێ هەبیت وەکو بەلگە نیشا کەسێ بەرامبەر بدەت داکو غەدر لێ نەهێتە کرن.

**رووداو:تانۆکە چ تەرم ئینباینە دەف هەوە کو کەس لێ نەبوویە خودان؟**

**دکتۆر ئەفراسیاب:**بەلێ گەلەک جاران تەرم ئینباینە ڕێڤەبەریا مە و پتر ژ چار هەیڤان ژی دمجەمیدیێـن مەدا ماینە و کەس لێ نەبوویە خـودان و ژ هـەر دوو ڕەگـەزان بووینـە و پشـتی هەژمارا وان بوویە گەلەک و جهێ وان دمجەمیدان دا نەکری ، بەری شـەش مەهان پارێزگارێ دهۆکێ جهەک ل گۆرستانا شاخکێ بـۆ وان تەرمیێـن کەس لـێ نەبیتە خودان تەرخانکر و ئەم ژی وێنا بو لاشـێن ڤان بێ خودانان دگرین و قەبرێن وان ژی ژمارە دکەین و پاشـان دهێنە ڤەشـارتن بۆهندێ ئەگەر جارەکێ ئێکی پرسـیار کر دا برێکا وان وێنا قەبرێ کەسوکارێ خۆبزانیت .تا نۆ نێزیکی 20 تەرمێـن بێ خودان ژ کـورد و عەرەبا و ئێزدیا ل وێ گورستانێ هاتینە ڤەشارتن.

**رووداو:غەریبتریـن حالەتـێ بـۆ وەهاتی چبوویە؟**

**دکتۆر ئەفراسیاب:** بەری سێ مەهان تەرمێن هەشت کەسـێن نەنیاس ل دەڤەرا شنگارێ گەهشـتن ڕێڤبەریا مە و چەند ڕۆژان ل دەف مە مـان و کەس لێ نەبوو خـودان هەتا ب ڕێکا بنگەهێ پولیسێن وێ دەڤەرێ ئەم شیاین ناڤێن وان ب دەست خۆڤە بینین کو هەمی ب گولەیێن کلاشینکوفێ هاتبوونە کوشتن و هەتا مە ڤەشارتین ژی کەس لێ نەبوو خودان.

**رووداو:سـەرا وان ڕاپورتێن هوین دروسـت دکـەن چ جارا ل دیڤدا ئاریشـە بۆ هەوە لێ پەیدا بووینە؟**

**دکتۆر ئەفراسـیاب:** گەلەک جـاران مە بو لاشەیێ مریەکێ ڕاپۆرت نڤیسیە و ل دووڤدا پۆلیسان هندەک بەلگێن نوی ب دەست خۆڤە ئینباینە و ئاریشە بۆمە دروست بووینە و ئەم نەچار بووینە مە ل گورستانێ ئینایە دەرێ ، هەتا هندەک جاران پشتی چار هەیڤان ژی مە تەرم ژ گورستانێ ئینایە دەرێ.

**رووداو:خەلـک دبێژیت هنـدەک ڕاپورتێن وە نەد دروسـتن و کەسـێن ژ هەوە بلندتر دبێژنە هەوە وەک مە دڤێت پێدڤیە هوین وسا بنڤیسین؟**

**دکتۆر ئەفراسیاب:**ڕاست نیيە ، چونکە کارێ مـە دگەل پۆلیس و دادگەهـێ یە و تا نۆکە کەسێ مایێ خۆ دکارێ مەدا نەکریە و هەمی ڕاپۆرتان ب دروسـتی و ب ئامادەبوونا سـێ نوژداران دنڤیسین.

**رووداو : ئەرێ چ تەرم هاتینە دەف هەوە و هوین نەشیاین ئەگەرێ مرنا وان بزانن؟**

**دکتۆر ئەفراسـیاب :**بەلێ ئەوێن تەرمێ وان گەلـەک دئاڤێدا دمینـن و دهێنە دەف مە ، ژبەر کو چ گوشـت دلەشێ وان دا نامینیت ب دروستی ئەم نەشـێن ئەگەرێ مرنا وان دیار بکەین.

**رووداو:هوین گەلەک زەحمەتێ ب نڤیسـینا ڕاپورتان ڤە دبەن؟**

**د.ئەفراسیا:** بو نڤیسـینا هندەک ڕاپۆرتان دوو تا شەش ڕۆژان ڤەدکێشیت چونکە پێدڤی ب پشکنینیێن نەسـیجی هەیە و ئەو جورێ پشـکنینێ ژی مە نینە و مـن دڤێت ئاماژە ب هنـدێ ژی بکەم کو هندەک هەنە مروڤێن وان یێـن دگەل دا و ب تایبەتی ئافرەتێن خۆ دسـۆژن مالێن وان دبێژنە مە ڕاپۆرتێ زووی دروست بکەن داکو زووی ڤەشێرین و ئەو بخۆ ژی ل دیف یاسـایا پزیشکی داد ژی نابیت ب شەڤێ لاشەیێ مری بهێتە پشکنین بەلێ ئەگەر حالەتەکێ وەسـا ژی بهێت نۆبەدارێ شەڤێ لاشەیێ دبینیت و یا پێدڤی بۆ دکەت.

**رووداو:سـەرا دەسـتدرێژیا سێکسی و ب تایبەتی ژلایێ کەسـێن نێزیک ڤە حالەت بۆ هەوە هاتینە؟**

**دکتۆرئەفراسیاب:**بەلێ حالەتێن ب ڤی ڕەنگی بۆ مە دهێن ، بۆ نموونە باب دگەل کچێ، برا دگەل خوشکێ یان کوڕ دگەل کوڕی.

**رووداو:خەلـک دبێـژن ئـەو قوتابیا خو دئاڤاهیێ ئامادەیا بازرگانی داهاڤێتی ژکچینیێ کەفتبوو ؟**

**دکتۆرئەفراسیاب:**نەخێرئەنجامێن پشکنینێن وێ دیار بوو کو کچە و بتنێ نەزیفا خوینێ بۆ سەرێ وێ چێ ببوو.

**رووداو:ئەرێ ڕاسـتە بو ئەنجامدانا تاقیکرنا هویـن هندەک تەرمێـن بێ خـودان ددەنە قوتابیێن کولیژا پزیشکی ؟**

**دکتۆر ئەفراسیاب:**نەخێر تەحەدایێ دکەم ئەگەر ئێک تەرم ژی مە دابیتە کولیژا پزیشکیا دهۆکێ.

**ئامارا ڕیڤەبەریا پزیشکیا داد ل دهۆک یا ساڵا 2007**

| جورێ ڕوویدانی | نێر | مێ |
|---|---|---|
| ڕویدانیێن هاتن و چونێ | 109 | 31 |
| بگولەی هاتینە کوشتن | 92 | 23 |
| سۆتن | 29 | 67 |
| پەقین | 55 | 2 |
| سێدارەدان | 14 | 2 |
| کارەب | 13 | 6 |
| ب کێرێ | 5 | 0 |
| سێدارەدان ب ریباتێ | 5 | 4 |
| شنق | 1 | 0 |
| سەرژێکرن | 2 | 1 |
| جەلتە | 45 | 5 |
| لیوات | 14 | 14 |
| پەردێ کچینیێ | چنە | 31 |

## 20 کەسێن بێخودان ل گۆڕستانا شاخکێ هاتینە ڤەشارتن



# لەبەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی هێمن خۆی کوشت



لەنجە عەبدوڵلا
lanja@rudaw.net

**رووداو – هەولێر**

رۆژی 2008/7/1، هێمن، 28 ساڵ، دانیشتووی گەڕەکی خانەقا بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی لەگەڵ کوڕە پورەکەیدا، کاژێر 5ی ئێوارە لەگەڕەکی مەنتکاوە، لەنزیک مزگەوتی مەلا عوزێر، تەرمەکەی بەخنکاوی دۆزرایەوە.

باوکی هێمن،تەمەن 52 ساڵ، جلێکی رەشی لەبەردابوو، لەژوورێکی بچووکی خانووە گەورەکەیان بەتەنیا دانیشتبوو، جار جار مژێکی قووڵی لەجگەرەکە دەدا، مردنی کوڕەکەی تەواو خەفەتباری کردبوو.

موقەدەم جەمیل حەمەدەمین سورچی، ئەفسەری نووسینگەی لێکۆڵینەوە لەتاوانەکانی کوشتن لەبەڕێوبەرایەتی نەهێشتنی تاوانی شاری هەولێر، بە (رووداو)ی راگەیاند کە ئەوان لەلایەن پۆلیسی نەخۆشخانەی فریاکەوتن لەرووداوەکە ئاگادار کراونەتەوە "چووینە شوێنی رووداوەکە، دوای لێکۆڵینەوەو وەرگرتنی وتەی شایەتەکان دەرکەوت ئەو کوڕە بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی خۆی خنکاندووە".

سەفین، کە کوڕە خاڵی هێمنە و کێشەیەکی خێزانی لەگەڵ هێمن هەبووە، لەساڵی 2005 ژیانی هاوسەری لەگەڵ کچەخاڵێکی خۆی و کە لە هەمانکاتدا ئامۆزای هێمنیشە پێکدەهێنێ. سەفین بەهۆی کەمدەرامەتی بەناچاری دەچێتە ناو خانووە گەورەکەی ماڵی هێمن و یەکێک لە 5 ژوورەکانی خانووەکە بەکرێ دەگرن. سەفین دەڵێ " بۆیە چوومە لای ماڵی خاڵم چونکە کرێی خانووەکە کەمبوو لەلایەکیتریش گوتم ئەوان ئاگایان لەخێزانەکەم دەبێت، چونکە ژنەکەم برازای خاڵمە، بەڵام نەمزانی لەوێ ناموسم دەچێت".

وەک هاوسەری سەفین بۆ (رووداو) دەگێڕێتەوە، 6مانگ ژیان بەبێ کێشە دەبێ لەو خانوودا تێپەڕین، بەڵام دوای ئەوە هێمن دڵی دەکەوێتە سەری و چەند جارێک داوای پەیوەندی لێدەکات، بەڵام ئەو بەهەموو شێوەیەک داواکارییەکەی هێمن رەتدەکاتەوە، هێمن هەر ناوەستێت و دەکەوێتە هەڕەشە لێکردنی.

هاوسەری سەفین کە تەمەنی 22 ساڵە و لەنێو ماڵەکەی خۆیدا بەرامبەر سەفینی مێردی دانیشتبوو، بەدەم گریانەوە کە جارجار بەلەچکە شینەکەی فرمێسکی چاوەکانی دەسڕینەوەو بۆ (رووداو) گوتی "هێمن کە زانی خۆم بەدەستەوە نادەم، گوتی رەسمی تۆم بەرووتی گرتووەو بڵاوی دەکەمەوە و دەیدەمە مێردەکەشت، بۆیە منیش بەناچاری خۆم بەدەستەوەدا".

پەیوەندی نێوان ئەو و هێمن ئەوکاتە ئاشکرا دەبێت، کە ماڵەکەیان دەگوازنەوە بۆ شوێنێکی دیکە .وەک سەفین باسیکرد هێمنی کوڕە خاڵی چەند جارێک بە تەلەفۆن قسەی لەگەڵ کردووە و بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ باسی لەو پەیوەندییە کردووە، سەفین گوتی "هێمن تەلەفونی بۆ کردم گوتی ئەو رۆژەی کە بارتان کرد من و خێزانەکەت بۆ یەکتری گریان، منیش ئەو قسەم زۆر بەلاوە ئاسایی بوو، چونکە ئەوان ئامۆزای یەکتری بوون".

بەپێچەوانەی ئەو کەسانەی کاتێک رووبەڕووی رووداوێکی وا دەبنەوە، سەفین پەنا نابات بۆ کوشتنی خێزانەکەی، ئەوەش بەهۆی ئەوەبووە کە سەفین بەڵێن بەخێزانەکەی دەدات کە هیچ کارەساتێکی بەسەر نەهێنێت، بەمەرجێک راستی رووداوەکەی بۆ بگێڕێتەوە. سەفین گوتی " ئەو شەوەی هاوسەرەکەم راستییەکانی پێگوتم قورئانی خستە بەردەمم گوتی دەبێت سوێندم بۆ بخۆی کە نامکوژیت، منیش سوێندم بۆ خوارد، تا ئێستاش لەسەر بەڵێنی خۆمم".

دوای ئاشکرابوونی ئەو پەیوەندییە، هەردوو خێزان هەوڵی دۆزینەوەی رێگە چارەیەک دەدەن بۆ کێشەکە، بەڵام خۆ خنکاندنی لەناکاوی هێمن سەرجەم هەوڵەکان بێ ئاکام هێشتەوە.

باوکی هێمن، سەرجەم قسەکانی سەفینی بە "بێ بنەما" وەسفکردن و گوتی "پیاو هەیە ژنەکەی یەک ساڵ و نیو خیانەتی لێبکات و پێی نەزانێت؟، ئەوان دەڵێن هاوسەرەکەی سەفین سکی هەبووە لەهێمن، ئەی ئەو پیاوە نەیپرسی ئەو سکەت لەکوێ بوو".

سەفین باسی ئەوەیکرد کە 8 مانگ پێش ئێستا، هاوسەرەکەی چووەتە لای پزیشکێکی ئافرەتان و پێیدەڵێت سکت هەیە، بەڵام ئەو بەهۆی هەڵگرتنی چەند شتێکی قورس سکەکەی فرێدەدات. سەفین دەڵێ "ئێمە ئەوکاتە مەنعمان دەکرد چونکە منداڵەکەمان بچووک بوو، بۆیەش کەوتمە گومانەوە، بەڵام دایکم گوتی کوڕم ئەوە کاری خوایە".

باوکی هێمن کوشتنی کوڕەکەی خستە ئەستۆی سەفین و گوتی ئەوان تۆمەتیان بۆ کوڕەکەم دروستکرد، گوتیشی " سەفین لەرۆژی 2008/6/28 لەگەڵ مەفرەزەیەک بەناوی ئاسایشەوە هاتە ماڵمان بۆ کوشتنی هێمن، جگە لەوەش چەند جارێک بەتەلەفۆن هەڕەشەی لێکردبوو"، بەڵام سەفین ئەو قسانەی رەتکردەوەو گوتی "لەو رۆژەی ماڵەکەم گواستووەتەوە بەهیچ شێوەیەک چاوم بە سەفین نەکەوتووە".

باوکی هێمن دەڵێ، دوای ئەو هەڕەشانە خۆی و هێمن، پەنایان بردە بەر پۆلیس و داوایەکی یاساییان لە دژی سەفین تۆمار کرد، موقەدەم جەمیل پشتڕاستیکردەوە کە سەفین داوای یاسایی لەسەر تۆمارکراوەو گوتی "لە رۆژی 2008/6/29 لەبنکەی پۆلیسی تەیراوە سکاڵایەک دژی سەفین تۆمارکراوەو بۆ ماوەی 3 رۆژیش بەند کراوە".

سەبارەت بەو هەوڵ و رێگەچارانەی درابوون بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەی نێوانیان، باوکی هێمن گوتی "ئەوان 3 مەرجیان بۆ دانابووین، یەکێکیان تەسلیمکردنی هێمن بۆ ئەوەی بیکوژن، مەرجی دووەمیشیان ئەوەبوو بە 30 هەزار دۆلار سوڵح بکەین، مەرجی سێهەمیشیان ئەوەبوو کچێکم کە تەمەنی 15 ساڵانە بدەینە سەفین و سەفینیش خێزانەکەی تەڵاق بدات، بەڵام کچەکەم رازینەبوو".

باوکی هێمن بەدڵنیاییەوە دەڵێت ماڵی سەفین بووە هۆی خۆکوشتنی کوڕەکەی "کاتێک ئەوان داوای کچە 15 ساڵییەکەی منیان کرد، هێمن بەهیچ شێوەیەک رازینەبوو، دەیگووت ئەوە تۆڵەسەندنەوەیە و حەز ناکەم خوشکەکەم ببێتە قوربانی، تەنانەت رۆژی خۆ کوشتنەکەی گوتی باوکە ئەگەر خوشکم بدەیە ئەوان خۆم دەکوژم".

# رێبەری ژنا خۆ کوشت بڕیارا سێدارەدانێ بۆ دەرکەفت

**رووداو –دهۆک**

پشتی سێ هەیڤان ژ بەردانا گولیزارێ هەڤژینێ وێ 10 گوللەیێن تفەنگێ ل سینگێ وێدان و ئێکسەر کەڤتە دزیندانێ دا و ل 2008/7/8 ژلایێ دادگەها دهۆکێ ڤە بڕیارا سیدارەدنێ بۆ دەرکەفت.

بەری سال و نیڤان رێبەر سەعید، تەمەن 26 سال و ئاکنجیێ قەلعا نزارکێ ئەوا دکەڤیتە تاخێ نزارکێ یێ بازێرێ دهوکێ، ( گولیزار خدر) کو نە ژ عەشیرا وی بوو، خاست و ژیانا هاڤسەریێ پێکئینا، لێ پشتی چەند هەیڤان هەردووا بڕیارا جودابوونێ ل مالا بابێ خۆ دا و رێبەر و گولیزار مالەکا نوی جێکر و هەرزوی دبنە خودانێ زارۆکەکا کچ.

کەسەکێ نێزیکی ل مالا رێبەری کو نەڤیا ناڤێ وی بهێتە بەلاڤکرن بۆ (رووداو) دیارکر گۆت "پشتی وان مالا خۆ جوداکر، بەرە بەرە هندەک ئاریشە دناڤبەرا وان دا دروست بوون و ژبەرکو رێبەری چ کارێن باش نەبوون و جار جار کارگەری دکر، ژیانا وان ژلایێ ئابووریڤە هندا باش نەبوو، مالا وان هەر د ئاڤایەکێ قەلعێ ڤەبوون".

کەسێ نێزیکی رێبەری، رۆنکردنێن زێدەتر دان و گۆت "پشتی سالەکێ ل دروستبوونا ڤێ خێزانێ سەرا ئاریشەکا خێزانی گولیزار تورەبوو چۆ مالا بابێ خۆ کو ل تاخەکێ دی یێ دهۆکێ بوو، رێبەری چەند جاران داخازکر کو گولیزار بزڤریتەڤ مال، بەلێ گولیزار رازینەبوو، باب و برایێن گولیزارێ گۆتە رێبەری : حەزدکەین تو گولیزاری بەردەی و دێ 10هزار دۆلاران ل بەرامبەری هندێ دەینە تە".

بەلێ رێبەر رازینە بوو، جەند جاران ب رێکا تێلەفونێ گەف ل گولیزارێ و مالا بابێ وێ کرن و گوتێ دڤێت هەر بزڤریت، پشتی ئاریشە مەزنتر لێ هاتی گولیزار چۆ سەنتەرێ پاراستنا ئافرەتان ل دهۆکێ کو کارێ وی سەنتەری جارەسەرکرنا ئاریشێن ئافرەتانە . سەنتەرێ ناڤبری دگەل گولیزارێ ب رێکا دادگەهێ داخاز ژ رێبەری کر کو بەردەت،بەلێ رێبەر هەر یێ ئامادەنە بوو بەردەت، برێگا گرتنا پارێزەرەکا ئافرەت و دروستکرنا هندەک موبەرەراتان گولیزارێ خو دا بەردان، هەرچەندە ژیێ کچا وان بتنێ چەند هەیڤەک بوون، بەلێ ژ دایکا خۆ هات جودابوون برە مالا بابێ رێبەری.

بەلێ ئێک ژ کەسێن نێزیکێن خێزنا گولیزارێ گۆت " رێبەر ل ئێڤاریا رۆژا 2007/9/3 بکلاشینکوفێ ڤە قەستا مالا بابێ گولیزارێ کر و ئێکسەر ژن برایا گولیزارێ مەغبیلایێ رێبەر راهاڤێت و گۆتێ: وەنەکەی بەلێ رێبەری هەر قەستا ژۆرڤە کر و گولیزار ژ ترسادا قەستا کەنتورێ کر داخۆ ڤەشێریت بەلێ خلاس نە بوو، ئێکسەر رێبەری 10 گوللە بەردانە سینکێ وێ و دەمێ دەرکەفتی ژن برا وێ خوەست رێکێ لێ بگریت،بەلێ چەند گوللەیەک ل بەر پێت ژن برا گولیزارێ ژێ دان و مەغبیلا ئیسلام ژێ ب سێ گوللەیان بریندار کر".

پشتی وێ بوویەرێ، رێبەر ژ لایێ پۆلیسان هات گرتن. ب وی رەنگی دایک هات کوشتن و باب بەرەڤ سێدارەدانێ چۆ و زارۆکا بچووک ما بێ دایک و باب.

ل دۆر چاوانیا ب رێڤەچۆنا روینشتنێن دادگەهێ، موسا عەلی گەلناسکی، ئەو پارێزەرێ کو د وێ دۆزێ بەرەڤانی ل رێبەری کر، بۆ (رووداو) پەیڤی و گۆت "بەری دووسیا وی بهێتە دادگەها تاوانان (جنایات) روینشتنەک هاتبوو ئەنجامدان، پشی دۆسیە هاتیە دادگەها تاوانان مە وەکالا وی ل گرتیخانا زرکا ب دەست خۆڤە ئینا و ل رۆژا 2008/5/15 رونشتنا ئێکی ل دادگەها تاوانا برێڤە چۆ بەلێ بدروستی ب دوماهی نەهات، لەوڕا هاتە پاش ئێخستن بۆ 2008/7/8".

پارێزەری رەخنە ژ لیژنا پزیشکیا هەولێرێ و دادگەها دهوکێ گرت و گۆت "ل وی دەمیدا ژبەر نەخوشیێن دەرونی یێن رێبەری مە هەولدا راپۆرتەکا نوژداری بۆ دروست بکەین، برێکا پۆلیسان رێبەر برە لیژنا پزیشکیا هەولێرێ، بەلێ جهێ مخابنییە لیژنا پزیشکی بتنێ پرسیارەک ل تاوانباری کر و گۆتێ:ئەو چییە ل هنداڤی سەرێ مە ؟رێبەری گوتێ پانکا بایە، پاشی لیژنێ گۆتێ: هەرە تویێ دروستی تە چ نەخوشیێن دەرونی لێ نینن".

پارێزەر موسا عەلی وان جارا دوویێ ژی داخازکر کو رێبەر ببەنەڤە دەڤ لیژنا ناڤبری "بەلێ ل وێرێ گۆتبوێ، جارەکا دی هەوە ئینابوو ئەم نەشێین بەرێ خو بدەینێ".

ژبلی ڤان هەولان، پارێزەرێ رێبەری دبێژی وان ل گۆر یاسایێ داخواز ژ دادگەهێ کر کو ئەو نڤیسارا ژمارە ( 107/ش) بدەنە وان، کو ب وێ نڤیسارێ گولیزار هاتبووە بەردان" کو گوتبویێ رێبەر نەیێ دروستە و گولیزار نەشێت دگەل دا بژیت، بەلێ دادگەهێ ئەڤ نڤیسار نەداڤ مە و لدووڤ یاسایێ مافێ مە بوو بدەنەڤ مە".

ل گۆر ئاخفتنا پارێزەری رێبەری، پشتی گولیزار هاتە کوشتن، کەسوکارێن وێ داخازا 70 هزار دۆلارن ژ مالا رێبەری کر بوو، بەلێ مالا رێبەری پێ چێنەبوو وی پارەی بدەن.



پارێزەر موسا عەلی، گۆت کو بەری روینشتنا 2008/7/8 دەست پێ بکەت، وان داخازا پاش ئێخستنا رونشتنێ ژ دادگەهێ کر، بەلێ دادگەە رازینەبوو و رونشتن هەر بر ڤەبر، دڤێ رونشتنێ دا دادگەهێ حوکمێ ل سێدارەدانێ، سەر رێبەری دا، پارێزەرێ وی ژی دبێژی وان بڕیار دایە داوا پێداچۆنێ (تمیز) ل دادگەها پێداچۆنا هەرێما کوردستانێ بکەن "پاش دەرکەفتنا بڕیارا سێدارەدانێ مە راپۆرتەکا تێر و تەسەل نڤیسییە و داخازکریە جارەکا دی لیژنا پزیشکی بدروستی تاوانباری ببینیت و پشکنینا بۆ ئەنجام بدەت، دێ وێ نڤیسارێ دەینە دادگەها تەمیزێ ل هەولێرێ".

## دادگەهـ نەشیا سزایا رێبەری کێم کەت

سەروکێ دادگەها تاوانان ل دهوکێ

لێ دادوەر محەممەد ئەمین شەرەفانی، سەروکێ دادگەها تاوانان ل دهوکێ، د لێدوانەکێدا بۆ (رووداو) گۆت" پشتی دادگەهێ دیتی کو ئەوی گەنجی ل مال کارێ خۆ کریە و کلاشینکۆف ب دەست خو ئێخستییە و چۆیە وێ ژنێ بکوژیت و، ئەو ژن دسەروبەرەکێ گەلەک خراب داکوشت و هەتا ژترسادا کەفتبوو، بەلێ وی هەر کوشت و لدووڤدا ژن برا وێ ژی بریندارکر، د وەختەکیدا وی چ ماف لسەر وێ ژنێ نەبوو کو بکوژیت، چونکە ئەوێ چ تاوانێن نامیسێ ل سەر نەبوون، لەوڕا دادگەهـ نەشیا سزایا وی کێم کەت و ل دووڤ یاسایا کوشتنا بتەکبیر (القتل المتعمد مع سبق الاسرار) ژمارە (1/406/ ئەلیف) بڕیارا سێدارەدانێ هەتا مرنێ بو تاوانباری دەرکەفت".

# بکوژانی محەممەد بێ دادگاییکردن ئازادکران



**رووداو– هەولێر**

بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی نێوان دوو خێزان لە گوندی چەخەمیرەی سەر بەناحیەی دیبەگە، مێرمنداڵێکی 13 ساڵان بەناوی (محەممەد کەریم نوری) دەکوژرێ و برایەکی بریندار دەکرێ، دوو لە بکوژەکان نزیکەی 2 ساڵ لە گرتووخانەی محەتەی هەولێر بە راگیراوی دەمێننەوەو دواتر بێ ئەوەی دادگایی بکرێن، بە لێبوردنێکی گشتی ئازاد دەکرێن، ئەمە لەکاتێکدا کە هێشتا کێشەی نێوان ئەو دوو بنەماڵەیە چارەسەر نەکراوەو بنەماڵەی بکوژەکان ناوێرن بگەڕێنەوە گوندی خۆیان.

هاشم نوری مامی کوژراوەکە کە لەدەرەوەی وڵات دەژی و بۆ بەدواداچوونی ئەو کێشەیە لەڕووی یاساییەوە، ناوەناوە دەگەڕێتەوە کوردستان، لەوبارەوە بە (رووداو)ی راگەیاند "کێشەکە کێشەیەکی ئاسایی بوو وەک هەر کێشەیەکی دیکە کە لەنێوان خزم و کەسوکار روودەدات، بەڵام کێشە بگاتە بەکارهێنانی چەک و شەش چەکدار بچنە سەر دوو منداڵ و لەبەرچاوی دوو خوشکی بچووکیان بیاندەنە بەر گوللەو لەو دەشتە لەناو خوێنی خۆیاندا بەجێیان بهێڵن، شتی وا لەهیچ شوێنێک نەبووە".

ئەم کێشەیە وەک هاشم دەڵێت لەسەر تۆزی ئۆتومبێل دەستیپێکردووە، "ئەو ماڵە بەئۆتومبێلەوە لەبەردەرگای ماڵی براکەم بەخێرایی رۆیشتوون و تۆزیان کردووە، برازایەکانی منیش لەبەر دەرگای خۆیان بەردیان داناوە بۆئەوەی سەیارە بەهێواشی بڕوات، ئەوانیش رۆژێک لەوێوە هاتبوون و بەتووڕەیی دابەزیبوون بەردەکانیان فڕێدابوو، جنێویشیان دابوو، رۆژی دوایی تاقیبیان دەکەن و بەچەکەوە دەچنە سەر برازایەکانم کە لەدەشت بوون و لەناو پەرێزی خۆیان بوون، کە دەچن لە دوورەوە تەقەیان لێدەکەن، ئەوانیش دوو خوشک و سێ برا لەترسان خۆیان لەپشت تراکتۆر دەشارنەوە، دەچنە سەریان و کوڕەکان دەدەنە بەر گوللە، یەکێکیان دەکوژن و ئەوی دیکە بەبریندار بەجێدەهێڵن".

پاش رووداوەکە، پۆلیسی دیبەگە دووان لەوانە دەستگیر دەکەن کە تەقەیان کردووە، لەکاتێکدا بەقسەی ئەوان، ئەوانەی هێرشیان بۆ کردوون 6 کەس بوونە لەنێو ئۆتومبێلێکی جۆری نیسان. هاشم گوتی "لەحکومەت بپرسن بۆچی تەنیا دوو کەسیان گرتووەو هەموو ئەوانەی لەو تەقەکردنە بەشداربوونە راپێچی یاسا نەکراون".

ئەم رووداوە رۆژی 18/6/ 2006 بووەو دوو رۆژ دوای رووداوەکە هەریەک لە عەبدولخالق مەجیدو هێمن مەجید کە بران، بەپێی ماددەی 406 دەستگیر دەکرێن. بەڵام مانگی ئایاری رابردوو، واتە پاش نزیکەی دووساڵ مانەوە لە زیندان، بەبڕیاری لێبوردنێکی گشتی کە لە بەغداوە دەرچووە، هەردووکیان بێئەوەی دادگایی کرابن ئازاد دەکرێن.

بەپێی قسەی سەرچاوەیەک لە زیندانی ناوەندیی هەولێر، هەردوو تۆمەتبار لە رێکەوتی 2006/6/21 هێنراونەتە ئەوێ و راگیراون، تاوەکو 2008/5/25 کە بە نووسراوی ژمارە 384ی پۆلیسی دیبەگە ئازاد کراون.

بەگوێرەی نووسراوەکە هەردوو تۆمەتبار بەلێبوردنێکی گشتیی حکومەتی عێراق ئازاد کراون، لەنووسراوەکەدا هاتووە "هەردوو تۆمەتبار (هیوا مەجید و عەبدولخالق مەجید) تەسلیم بە مەئمورانی ئێمە بکرێنەوە، چونکە بەپێی بڕیاری دادوەری لێکۆڵینەوەو لێژنەی لێکۆڵینەوە هەردووکیان بەرلێبوردنی گشتی دەکەون".

هەر لەوبارەوە نەقیب سوریان فازڵ شەهاب بەڕێوەبەری پۆلیسی دیبەگە بە (رووداو)ی راگەیاند "لەبەغدا بڕیارێکی لێبوردن دەرچوو، ناوچەی ئێمەش هێشتا سەر بە موسڵەو هەر کێشەیەک هەبێت بەرەوڕووی موسڵ دەکرێتەوە، بڕیاری لێبوردنەکە ئەوانەی گرتەوەو ئێمەش نووسراومان بۆ محەتەی هەولێر کرد لەگەڵ بڕیاری لێبوردنەکە. ئازادبوونەکەش بەپێی بڕیاری لیژنەیەک بووە کە دادوەر ئیمزای کردووە، ئەو لیژنەیە لە بەغداوە هاتوون و ئەوان بڕیاریان داوە کە دەبێت ئەوانە ئازاد بکرێن، کە لیژنەی دادوەری ئەو بڕیارەی دا ئێمە ناتوانین هیچ کەسێک بۆ یەک دەقیقەش لەزیندان بهێڵینەوە".

هاشم نوری مامی کوژراوەکە کە هێشتا لەڕێی دادگای هەولێرەوە بەدواداچوون بۆ کێشەکە دەکات و بەو بڕیارە رازی نییە، لەزاری پارێزەرەکەی خۆیانەوە دەڵێت "ئەو بڕیاری لێبوردنە ئەوان ناگرێتەوە، چونکە ماددەی 406یان لەسەرەو خەڵکیان بە ئەنقەست کوشتووە". ئەوسەرسوڕمانی خۆی لەوە دەردەبڕێت کە دادگای موسڵ دووجار دانیشتنی لەسەر ئەو کێشەیە کردووەو هیچ جارێک بنەماڵەی بکوژەکان ئامادەی ئەو دانیشتنانە نەبوونەو یەک پۆلیسیش تاقیبی نەکردوون، هەروەها دەڵێت "چەندین جار لەلایەن دادگای موسڵەوە داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کراوە ئەوانە بنێرنە موسڵ، بەڵام نەیناردوون و لەو نەهێنییە تێناگەم".

بڕیاری لێبوردنی گشتی کە یەکێکە لە خەسڵەتەکانی ئەو وڵاتانەی یاسای تێدا بەجدی وەرنەگیراوە، تەنیا لێبوردنە لەمافی گشتی و تاوانبار کاتێک ئازاد دەکرێ کە خاوەن مافیش دەستبەرداری ئەو مافەی خۆی ببێ و کێشەکە لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە چارەسەر کرابێت. هاشم نوری لەوبارەوە گوتی "ئێمە نەمانبەخشیون، ئەگەر ئێمەش عەفویان بکەین خۆ دەبێت عەدالەت و یاسا هەبێت. ئێمە چۆن عەفویان دەکەین کە تەعدایەکی وا گەورەیان لێکردبین". هەروەها گوتی "لقی مەخمووری پارتی هات داوای لەئێمە کرد کە سوڵحیان لەگەڵ بکەین، لەگەڵیان دانیشتین، ئەو حەقەی برای من داوای دەکردو ئەوەی مەکتەبی کۆمەڵایەتی پارتیش داوای دەکرد ئەوان ئامادەنەبوون ئەوە بدەن. بە ژنێک و 12 دەفتەر پێکهاتبوون، من بەحوکمی ئەوەی لە ئەورووپام قبووڵم نەکرد گوتم ژن بۆ بکرێتە قوربانی، بە براکەم گوت واز لە ئافرەت بێنە، ئەوانە کوڕی تۆیان کوشتووە چۆن داوای ژنیان لێدەکەی، ئیدی براکەم وازی لە داوای ژن هێناو گوتی 12 دەفتەر، بەڵام ئەوان هەرجارەی کۆمەڵە خەڵکێک دەنێرن و دەڵێن ئێمە ئەوەندەمان هەیە ئەگەر رازی دەبن باشە، ئەگەرنا ئێمە دێینەوە گوند".

هاشم هەندێک لە بەرپرسانی نێو پارتی بەوە تۆمەتبار دەکات کە داڵدەی بکوژەکانیان داوەو دەڵێت "دەزانین لەکوێ داڵدەدراون، ئەوەتان لە گوندی رەسوڵ بچکۆل لای بێستانە، بەڵام چۆن دەبێت داڵدەی پیاوکوژ بدرێت. ئەوانە چەکداری پارتین و تائێستاش مانگانە مووچەی خۆیان وەردەگرن و یەک پۆلیس نەچووە تاقیبیان بکات".

زیاد کەریم نوری برای کوژراوەکە کە لەو شەڕەدا بەسەختی بریندار بووەو نزیکەی سێ مانگ لە نەخۆشخانە ماوەتەوە، لەبارەی چۆنێتی رووداوەکە بۆ (رووداو) دواو گوتی "پایزی 2005 جارێک من و کوڕێکی ئەو ماڵە کەناوی هێمنە بەشەڕهاتین، دوایی ئەو هێمنە چووە پۆلیسی دیبەگەو شکاتی کرد، ئێمە کە چووینە بنکەی پۆلیس لەوێ پێکیان هێنایەنەوەو یەکدیمان ماچ کرد، کاتێک گەڕاینەوە گوند داوەتی نانخواردنمان کردن ئەوان نەهاتن، ئەو بوغزەشیان هەر لەدڵ مابوو چونکە چەند جارێک خزمانی خۆمان بە باوکمیان گوت ئەوانە بەنیازن تۆڵەتان لێبکەنەوە، بەڵام باوکم قەناعەتی نەکرد. مانگی 6ی 2006 رۆژێک لەسەر ئەوەی ئۆتومبێلەکانی ئەوان بەئەنقەست بەبەردەم ماڵی ئێمەدا بەخێرایی دەهاتن و تەپوتۆزیان دەکرد، خەریک بوو ببێتەوە بەشەڕمان بەڵام خەڵک نەیهێشت. ئەو ئێوارەیە چوومەوە ماڵەوەو بۆ سبەینێ بەیانی لەگەڵ محەممەدی برام و خوشکەکانم چووینە پەرێزی خۆمان. لەناکاو دیتم نیسانێکی سپی بەخێرایی بەرەوڕووی ئێمە هات، 6 چەکداری تێدابوو کە دابەزین تەقەیان لێکردین و من 4 گوللەم بەرکەوت، گوللەکان بەر هەردوو قاچم و دەستی چەپەم و سینگم کەوتن. من کەوتم و ئەوان گەیشتنە سەرم بە دارو قۆنداخی تفەنگ لێیاندام. یەکێکیشیان بە دەمانچە لە محەممەدی برامی داو کوشتی.

■ سیاسەتکار و شیوعی دێرین بەهادین نوری، کە چوارده مانگه بەهۆی نەخۆشییەوە لەنێو جێگەدایە، وەڵامی چەند پرسیارێکی (رووداو)ی دایەوە لەبارەی رابردوو و، گلەییە تایبەتییەکانی ئێستای خۆی:

رووداو-سلێمانی

بەهادین نوری :

# وەکو هەموو حاکمێکی قەومی و بۆرژوازی وڵاتە دواکەوتووەکان سەیری مام جەلال دەکەم

**رووداو: لەکاتێکدا مەلا نوری باوکت هەمیشە ململانێی ئەوەی لەگەڵ دەکردی لە حوجرە بخوێنی، چۆن بوویتە شیوعی؟**

**بەهادین نوری:** باوکم دەیوت دەبێ لەحوجرە بخوێنی و منیش دەموت لەقوتابخانەی ئێواران دەخوێنم. دوایی رێککەوتین لەسەر ئەوەی، بەیانیان لەحوجرە و ئێوارانیش لەقوتابخانە بخوێنم. کە ساڵی 1946وازم لەخوێندن هێنا، ئاشنای رێکخستنەکانی حیزبی شیوعی بووم، لە رێگەی خوێندنەوەی بڵاوکراوەکانیان. لە راپەرینی کانوونی 1948 لە بەغدا،چوومە بەغدا و ئەوکات تەمەنم 22 ساڵ بوو، ئێمە بۆخەبات چووین و کەس گوێی لەپلەوپایە نەبوو ئەوکات، بەڵام لە ماوەیەکی کورتدا حیزب پێنج جار لیژنەی مەرکەزی حیزبی تەسفیە کرد. من کە چوار ساڵ لەبەغدا مامەوە، لەو چوارساڵەدا حیزب بووژانەوەیەکی زۆباشی بەخۆیەوە بینی. بەشداری چەندین خۆنیشاندان و نارەزاییمان کرد، تاوەکو بە راپەرینی تشرینی 1952 کە گەورەترین راپەرینی جەماوەری بوو لەمێژووی عێراقدا. ئەو جا کە بوومە سکرتێری حیزب، سێ جار بەرنامەی حیزبی شیوعیم گۆڕی.

**رووداو: ئەو گۆڕانکارییانە چی بوون ؟**

**بەهادین نوری:** یەکەم، دانانی دروشمی رووخاندنی رژێمی پاشایەتی و دامەزراندنی حکومەتێکی جەماوەری. دووەم، مافی چارەی خۆنوسینم هێنایە ناو پەیڕەو و پرۆگرامەوە. سێیەمیش، دابەشکردنی زەوی بەشێوەیەکی یەکسان بەسەر جووتیاراندا، کەئەوکات لەلایەن دەرەبەگ و ئاغاکانەوە دەستیان بە سەردا گیرابوو.

**رووداو: دەڵێی مافی چارەی خۆنوسینم هێنایە ناو پرۆگرام، بەڵام تۆ هەمیشە بەوە رەخنەت لێدەگیرێت کە لەعێراقچێتیدا درێخیت نەکردووە؟**

**بەهادین نوری:** قەومییەکانی کورد هەمیشە رەخنەیان لێگرتوم کەعێراقچێتی دەکەم و، قەومییەکانی عەرەبیش رەخنەیان لێگرتووم کەکوردستانچێتی دەکەم. ئەم رەخنەیە هەردووکی تەواوە. من نە قەومییەکانی کوردم رەنجاندووە بەوەی فەزلی عەرەب بدەم بەسەر مەسەلەکاندا و نە بەرامبەر عەرەبەکانیش شۆڤێنی بووم . لەبەر ئەوە هەمیشە لای هەردوولا موتەهەم بووم.

**رووداو: ئەوکاتەی سکرتێری حیزب بووی، دژایەتی ئەوەتکرد کورد رێنووسی لاتینی بەکاربێنێ لەبەر ئەوەی وەک گوتبووت ریزەکانی کرێکارانی عێراق لەتدەکات؟**

**بەهادین نوری:** شتی وانەبووە. باوەڕناکەم شتی وام وتبێ. لەکوێ ئەفەرموی شتی وام ووتوە بابیخەمە سەرسەرم، بەڵام نایێتە خەیاڵم وتومە یان نا.

**رووداو: وەک شیوعییەکی دێرین بەرای تۆ بۆچی حیزبی شیوعی، بەردەوام لە پاشەکشێدایە لەرووی پێگەی جەماوەرییەوە؟**

## من کوردستانی و عێراقچی بووم و ئێستاش نەگۆڕاوم

**بەهادین نوری:** من لەساڵی 1953لەبەغدا گیرام، ئەوکات بە هەوڵی چرو بەربڵاوی جەماوەری عێراق و وڵاتانی عەرەبی لەئیعدام رزگارکرام. لەساڵی 1958وەک بەرپرسێکی رێکخستنەکانی شیوعی چوومە دەرەوە،ئەوکات حیزبی شیوعی حیزبێکی جەماوەری بەرفراوان بوو. پێش راپەڕینی 14تەمموز حیزبێکی زۆر چالاکی جەماوەری بوو. لەساڵی 1952 کاتێک خۆنیشاندان و راپەرینەکان لەبەغدا دەستیان پێکرد، تەنها حیزبی شیوعی لەسەرجادەبوو. 200هەزار کەس لەسەرجادەکان بوون و بەرێبەرایەتی شیوعی دەجووڵانەوە. لە ساڵی 1958 بەبۆنەی 1ی ئایار خۆنیشاندانێکمان لە بەغدا کرد و یەک ملیۆن کەس تێیدا بەشداربوون. لەکوردستانیشدا هەروابوو. ئەوکات تەنیا شیوعی و پارتی هەبوون. لەساڵی 1948هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقی کراو حیزبی شیوعیش بەشداری کرد. لەسلێمانی، لیستی پارتی 11%ی دەنگەکانی هێنا، شیوعی 80%ی دەنگەکانی هێناو بێلایەنەکانیش 4%یان هێنا. جەماوەری شیوعی لەسلێمانیدا، هەتا خەباتی چەکداری دەستی پێکرد، لەهەموو حیزبەکان زیاتر بوو.

**رووداو: هەر ئەوکات کە تۆ سکرتێری حیزبی شیوعی بووی، وەک حیزبی دەتانگوت کورد نەتەوە نییە بە پەیڕەوکردنی بنەماکانی ستالینیزم کە دەیگوت هەر نەتەوەیەک ئابووری هاوبەشی نەبێ نەتەوە نییە. ئەوە بەهەڵەیەکی گەورەی سیاسی خۆت نازانیت و بەپێویستی نازانی ئێستا داوای لێبووردن لە کورد بکەی؟**

**بەهادین نوری:** خۆی راستە ئەوە لەنێوان ئێمەو پارتی هەبوو. موناقەشەیەکی زۆرمان دەکرد لەسەر ئەوەی کە ئایا کورد نەتەوەیە یان نەتەوە نییە. ئێمە دەمانگوت کورد نەتەوە نییە و پارتیش دەیگوت نەتەوەیە. خۆی هەردوولا راستمان نەدەکرد، چونکە نە ئەوان دەیانزانی بۆچی نەتەوەیە و نەئێمەش دەمانزانی بۆ نەتەوە نییە. ئەوە مەسەلەیەکی عاتیفی بوو بۆ هەردوولا. خۆی ئەوە پێش سکرتێرییەکەی من بوو. لەسلێمانی شەو و رۆژ لەچایخانەکان دادەنیشتن و لەگەڵ پارتییەکان ئەو موناقەشەیەمان دەکرد.

من خۆم لەساڵی 1964 و پاش تێپەڕینی 15ساڵ بەسەر ئەوەدا، تەکلیف کرام کە وتارێک بنووسم و رای خۆم لەو بارەوە دەربڕم،ئەوکات لەو وتارەدا بە شێوەیەکی زانستی و لۆژیکی شتەکەم لا روون بووەوەو نووسیم کورد نەتەوەیە، بەڵام هەموو شەرتەکانی نەتەوەبوونی تێدا جێبەجێ نەبووە . نەتەوەیە، بەڵام زەوییەکەی یەک نییەو زمانی یەکگرتووی نییە. خۆمن ئێستاش لەبادینی تێناگەم و ئەوانیش لەمن تێناگەن. پاشان لەرووی ئابووریشەوە یەکگرتوو نییە، کە ئەوە بۆدەوڵەت بنەمایە . راستە کورد ئەمانەی بە ویستی خۆی دروستی نەکردوون، بەڵام واقیعەو وایە.

**رووداو: دوای وتارەکە رای هاوڕێ شیوعیەکانت چ بوو؟**

**بەهادین نوری:** کەس موعاریز نەبوو. تەنانەت کەمافی چارەی خۆنوسینیشم هێنایە کایەوە لەساڵی 1952کەس موعاریز نەبوو . چونکە ئەوکات، شیوعییەکان بەکوردو عەرەب و تورکمان و کلد و ئاشورییەوە، هەموو بەگیانی خۆشەویستییەوە کاریان دەکردو نەتەوەپەرستی نەبوو لەناویاندا. نەتەوەپەرستی لەدوای شەستەکانەوە دروستبوو.

**رووداو: شیوعییەکانیش هەوڵیاندەدا گۆڕەپانی سیاسی بۆخۆیان پاوان بکەن، بۆ ئەوەش هەوڵی لەناوبردن یان خستنە بن باڵی حیزبەکانی دیکەیان دەدا لەسەرووی هەمووشیانەوە پارتی لە کوردستان، ئەوە بە دیدێکی عێراقچیانە بوو؟**

**بەهادین نوری:** من کوردستانچی بووم و عێراقچیش بووم و ئێستاش هەروام و هیچ نەگۆڕاوم. شیوعیەکان دانیان بەمافی عێراق و کوردستانیش دادەنا، ئەوەش کە هەرکەس دەیویست حیزبەکانی دیکە بخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە، سیاسەتکردن لەو سەردەمدا وابوو لەگۆڕەپانەکەدا. خۆ کە حیزبی شیوعیش ئەو قورساییەی نەما، ئەوجا پارتی وای دەکرد، کە یەکێتیش دروست بوو، دیسان یەکێتیش بەهەمان شێوە دەیویست هەمووی بخاتە ژێر رکێفی خۆی. پارتی و یەکێتی ئێستاش هەروان. ئەوەتە ناهێڵن حیزبێکی سەربەخۆ دروست بێت و کاربکات. ئیتر ئەمە کۆنترۆڵکردنی گۆڕەپانەکە نییە.

**رووداو: عەقڵیەتی عەرەبی، بەشیوعیەکانیشەوە، تائێستاش دان بەگەڕانەوەی ماف و خاکی زەوتکراوی کورد نانێن . لەو باوەڕەدای ئەم عەقڵیەتە هەروا بمێنێتەوە؟**

**بەهادین نوری:** تا شەستەکان وانەبوو. ئێوە گەنجن و تەنها سەردەمی شەڕ و تەقەتان بینیوە. ئێمە وەک شیوعیەکان ئەوکات پێمان عەیب بوو لەشوێنێک دابنیشین و پرسیاری نەتەوە لەیەک بکەین. بەراستی شیوعییەکان خاوەن پەروەردەیەکی ئوممەمی راستەقینە بوون. ئەو شۆڤێنیزمە لەدوای شەستەکانەوە پەیدابوو، دوایش کەم تا زۆر شیوعییەکانیشی گرتەوە . بەڵێ ئێستا، نەتەوەپەرستی چووەتە ناوشیوعییەکانیشەوە.

**رووداو: زۆرباسی شەڕی قرناقە و پشت ئاشان کراوەو دەکرێ، ئێستا بەکورتی چۆن جارێکی دیکە دەیگێڕییەوە؟**

**بەهادین نوری:** ئەوکاتە من لێپرسراوی مەڵبەندی سلێمانی و کەرکوکی حیزبی شیوعی بووم. ماوەیەک پێش شەڕەکە من لەحاجی مامەند بووم وبەردەوامیش برقیەکاریم لەگەڵ سەرکردایەتی هەبوو تا هەرچی هەوڵە بیدەین و شەڕی براکوژی نەبێت. من لەشەڕکردن لەگەڵ پارتی و حسک و پاسۆک. مەلابەختیار سووربوو لەسەر شەڕکردن لەگەڵ ئەوان و ئێمە هەرخۆمان پاراست. کەچی کەمینیان بۆ هێزێکی بچووکی ئێمەش داناو سێ کەسیان لێ شەهید کردین و دوو سێ یەکیشیان بەبرینداری لێگرتین. شەڕی گەورە لای ئێمەوەنەبوو، بەڵکو لەبالیسان بوو. پارتی و شیوعی و حسک هێرشیان کردە سەر بارەگای مەڵبەندی 3ی یەکێتی و گرتیان و جەماعەتی یەکێتی رایان کرد. ئەوجا نەوشیروان هێرشیکردە سەر پشت ئاشان کە شیوعی و پارتی و حسکی لێبوو، لەشیوعییەکان ئەوەی کوشتیان کوژراو ئەوەش کەدەرباز بوو رای کردە دیوی ئێران.

**رووداو: لەشوێنێک دەڵێی ئەوشەڕە خەتای**



### بەهادین نوری

- لەساڵی 1927لەناوچەی قەرەداخ لە بنەماڵەیەکی ئاینی لە دایکبووە.
- لەتەمەنی بیست ساڵییەوە بووەتە ئەندامی حیزبی شیوعی.
- لەساڵی1949–1953 سکرتێری حیزبی شیوعی عێراق بووە.
- لە 1992 بە لیستێکی بێلایەن بەشداری هەڵبژاردنەکانی کرد و 500 دەنگیان هێنا.
- لەساڵی 1994 بزووتنەوەی دیموکراسیخوازانی دامەزراند.

**شیوعییەکانیشی تێدابوو؟**

**بەهادین نوری:** ئێستەش وادەڵێم . خەتای یەکێتی زۆرتر تێدابوو، چونکە دەیویست ئیحتیکاری ساحەی کوردستان بکات. یەکێتی دەیویست هەرخۆی هەبێت و ئێستاش هەروایە. خۆپارتیش هەروا بوو. بەڵام هەڵەی شیوعییەکان لەوەدابوو، کە دژی هەندێک لایەن خۆی بەست بەهەندێک لایەنەوە. شیوعیەکان تائێستاش هەر ئەو قەوانی گلەییە لێدەدەنەوە، کەمن لەکاتی شەڕەکەدا بەهێزەکەمەوە بەهانایانەوە نەچووم بۆ پشت ئاشان تا دیفاعیان لێبکەم.

**رووداو: بۆ نەچووی؟**

**بەهادین نوری:** چۆن دەمتوانی بچم. من لەهەورامان بووم و بەتەیارە نەبوایە نەم دەتوانی بگەمە ئەوێ. ناوچەکە بەشێکی لەژێر دەسەڵاتی یەکێتی و بەشێکی لەژێر دەسەڵاتی حکومەت بوو. لەبەر ئەوە بارودۆخەکە وانەبوو من بتوانم بگەمە هانای ئەوان.

**رووداو: ئێستا زۆرجار لەلایەن هەندێ شیوعی عەرەبەوە باسی ئەوەدەکرێ کە بەنیازن لەسەر ئەو هێرشە سکاڵا لە دژی مام جەلال تۆماربکەن، تۆ لەگەڵ ئەوەی؟**

**بەهادین نوری:** لەگەڵ بەرقەرار بوونی عەدالەتم و دەمەوێت عەدالەت جێگەی خۆی بگرێت. وەک چۆن ناعەدالەتی بووە، هەرواش عەدالەت بگەڕێتەوە.

**رووداو: لەکاتی شەڕی ناوخۆ، ئەندامی سەرکردایەتی هاوپەیمانی کوردستان بووی، کەهاوپەیمانییەکی سەردەمی شەڕی ناوخۆ بوو، بۆ بەو دوادواییانەی تەمەنی سیاسیت تێکەڵی شەڕی ناوخۆ بوویەوە؟**

**بەهادین نوری:** من کە لە هاوپەیمانی بووم، هەر لەسەرەتاوە تالێی دەرچووم دژی شەڕی ناوخۆ بووم. لەساڵی 1997کەمام جەلال هاوپەیمانی دەعوەتکرد بۆ بێتواتە بۆ ناو مناوەرەی عەسکەری، لەوێ ئەو موناوەرە بوو بەهێرشی فیعلی بۆ سەر پارتی. من دەعوەت نەکرام و نەچووم. چونکە مام جەلال دەیزانی من بۆ شەڕ لەگەڵی نابم. تەنانەت پێش ئەو شەڕەش نامەیەکم بۆناردو نووسیم، جەولەیەکی دیکەی شەڕی براکوژی لەئارادایەو تەنیا سەدام قازانج لەم شەڕە دەکات. داوام لێکرد ئەو شەڕە نەکات، بەڵام شەڕەکەی کرد. سۆشیالیست و زەحمەتکێشان و سورچییەکان بەشداریان کردو ئێمە نەمانکرد. هەر لەبەر ئەوەش پێش شەڕەکە لەگۆڤاری (دیموکراسی)دا گوتمان کە ئەم جەولەیەی شەڕ، یەکێتی دەستپێشخەری تێداکرد. ئەوەبوو ئیعلامی پارتیش شتەکەی قۆستەوەو روونکردنەوەکەی ئێمەی بڵاوکردەوە و ئەوجا یەکێتی کەمە هاوکارییەکەی بزووتنەوەی دیموکراسیخوازانی بڕی.

**رووداو: بەڵام وەک ئەندامی سەرکردایەتی هاوپەیمانی، مووچەیەکت لەئیدارەی سلێمانی بۆ بڕدرابووەوە، بڕی مووچەکەت چەند بوو؟**

**بەهادین نوری:** ئەوکات کۆسرەت رەسول سەرۆکی حکومەت بوو، وەک سکرتێری حیزبی دیموکراسیخوازان،مانگانە بڕی چوار سەد دۆلاری لە حکومەت بۆ بڕیمەوە وەک مووچەو دوایی هەر کۆسرەت خۆیشی بڕی. منیش نەم پرسی بۆچی، بەڵام وادیارە لەسەر هەڵوێستی سیاسیم بوو.

**رووداو: نامەیەکت بۆ تاڵەبانی نووسیوەو داوای هاوکاریت لێکردووە تا چارەسەری نەخۆشییەکەت بکەیت، نەخۆشیەکەت چییە ؟**

**بەهادین نوری:** من (سییەکانم) لوویەکی لێهات، چوومە تاران و پاشان چوومە عەممان لەوێ نەشتەرگەیم کرد و هاتمەوە. ئەوە چوارده مانگە لەسەر جێگە کەوتووم. ئاستی پزیشکیی لەسلێمانی نەیتوانی چارەسەری نەخۆشییەکەم بکات و چەند پزیشکێکی سلێمانی وتیان تۆ لەئەوروپا چارەسەرت هەیە. منیش داوای ئەوەم لە مام جەلال کرد، کە وەکو سەرۆکی کۆمار هاوکاریم بکات. منیش وەک پیاوێک کە ماوەی شەست ساڵی رەبەق لەکۆڕی خەباتدا بووم و خیانەتم نەکردووەو جاشایەتیم نەکردووە و خراپەکار نەبووم، هەقی خۆمە لەسەر حسابی حکومەت بنێردرێمە دەرەوە بۆ چارەسەری. کە نامەی یەکەمم ناردم، جەلال تاڵەبانی دەفتەرێک دۆلاری بۆ ناردم، بێ ئەوەی بەدێرێک و بەتەلەفۆنێک وەڵامی نامەکەم بداتەوە. لەسکرتارییەتی یەکێتییەوە تەلەفۆنێکیان بۆ کردم و وتیان، مام جەلال دەفتەرێکی بۆ ناردوویت و هەر ئەوەندە. منیش وەک گاڵتەجاڕی هاتە بەرچاوم. من و مام جەلال، دۆستایەتیمان بووەو پەشیمانیش نیم لەودۆستایەتییە. ئەو لەخەباتی چەکداری وسیاسیدا دەوری هەبووەو منیش دەورم هەبووە. راستە ئەویش و کاک مەسعودیش دەوریان هەبووە لەسەردەمێکدا، بەڵام کە هاتنە سەر دەسەڵات، دەسەڵات ئەوانی گۆڕی.

**رووداو: چەند ساڵێک پێش ئێستا کاک مەسعود لە دیداری رۆژنامەنوسێکی عەرەبدا، گوتی یەکێک لەلایەنە نێگەتیڤەکانی دەسەڵات بەلای منەوە ئەوەیە، کە کاتی خۆی لەژیانی پێشمەرگایەتیدا چەندین بەڵێنم بەهاوڕێکانم داوە و رەنگە لەدەسەڵاتدا نەتوانم ئەو بەڵێنانە بیبەمەسەر؟**

**بەهادین نوری:** جا خۆ ئەوان هەموو شتێکیان کردووە بۆ ئەوەی دەسەڵات بگرنە دەست، ئیتر چی. خۆ من مام جەلال وەک دوژمن سەیر ناکەم، بەڵکو من وەکو هەموو حاکمێکی قەومی بۆرژوازی وڵاتە دواکەوتووەکان سەیری مام جەلال دەکەم. مێژوویێکی باشیان هەیە و کۆمەڵێک پۆخڵەواتیشیان هەیە. من لەگەڵ ئەو توندڕەوانە نیم کە لە ئینتەرنێتدا دەنووسن و لۆمەم دەکەن، کە گوایە بۆچی من داوای هاوکاری لەپیاوێکی وەک تاڵەبانی دەکەم . باشە چۆن داوا لەمام جەلال نەکەم، لەکاتێکدا ئەو حاکمی وڵاتەکەمە و حکومەت لەژێر دەستی ئەودایە؟ ئەوانەی لۆمەم دەکەن، لەئەوروپا دادەنیشن و ئیشیان بەم وڵاتە نییە و بەمیزاجی ئەوروپا بارودۆخی عێراق دەخوێننەوە. من حەزدەکەم مام جەلال بەخۆیدا بچێتەوەو رێڕەوی خۆی بگۆڕێت.

## شیوعی بە خۆی پارە لە یەکێتی و پارتی وەردەگرێ بۆیە چاوەڕێی هیچی لێناکەم

**رووداو: چۆن بوو داوای هاوکاریت لە بارزانی نەکرد وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان؟**

**بەهادین نوری:** داوام لەویش و لەمیش کرد. من لەسلێمانی دادەنیشم و تاڵەبانی لەمن نزیکترە. دووەم، وەک سەرۆک کۆماری عێراق داوام لێکرد، خۆ مەسعود بارزانی سەرۆک کۆمار نییە. ئینجا پەیوەندیم لەگەڵ تاڵەبانی گەرمتر و نزیکتر بووە. لەدوای راپەڕینەوە تا ئێستا دووجار مەسعود بارزانیم بینیوە، بەڵام هەرکات ویستبێتم تەلەفۆنێکم کردووەو جەلال تاڵەبانیم بینیوە. مام جەلال دەرگای هەمیشە کراوەبووەو هەمیشە دەرگای مەسعودبارزانی بەڕووی ئێمەومانادا داخوراو بووە و نامەکانیشم جواب نەدەدرانەوە. کەنامەم نارد بۆ کاک مەسعود، پاش پێنج رۆژ تەلەفۆنێکیان کردو گوتیان لەسەرۆکایەتی هەرێمەوە قسەت لەگەڵ دەکەین و کاک مەسعود ئەمری کردووە لەسەر ئەرکی سەرۆکایەتی هەرێم بنێردرێیتە دەرەوە بۆ چارەسەری. گلەیم ئەوەیە، کە ئەوان وەک حکومەت هیچیان نەکردووە بۆ من، ئەوە دوومانگە پاسپۆرتەکەم تەسلیم کردووە و ڤیزەیەکیان بۆ نەبڕیوم، تا لەم دواییانە نامەیەکی دیکەم نارد بۆ کاک مەسعود و وتم، ئەم دەعوەتەی ئێوە وەک دەعوەتەکەی لەقلەق و رێوی لێهات.

## ئێمە وەک شیوعی دەمانگوت کورد نەتەوە نییە پارتیش دەیگوت نەتەوەیە هیچ لایەکیشمان راست نەبووین

**رووداو: هاوڕێ شیوعییەکانت لێت دەپرسنەوە ؟**

**بەهادین نوری:** جارجار دێن و تەلەفۆنم بۆدەکەن. بەشێکیان تائێستەش رایان بەرامبەرم هەر نەگۆڕاوەو لەسەر ئەوەی کاتی خۆی لە حیزبی شیوعی چوومە دەرەوە، پەیوەندیان لەگەڵ پچڕیوم. بەشێکیشیان کراوەن و پەیوەندی هاوڕێیانەیان ماوە لەگەڵم. چەندین جار شیوعییەکۆنەکان تەلەفۆنم بۆدەکەن و هەواڵم دەپرسن. لەم ماوەیە تەلەفۆنێکیان کرد لەدەرەوەو ووتیان ئێمە دەمانەوێت پارەت بۆ کۆبکەینەوە بۆ چارەسەری، بەڵام رای خۆت چییە ؟ وتم جارێ رەتیناکەمەوەو ناشڵێم باش، بابمێنێ. بەڵام ئێوە ڤیزەیەکم بۆ پەیدا بکەن.

**رووداو: وەک وەفایەک نەدەبوو حیزبی شیوعی هاوکاریت بکات بۆ چارەسەری کە ماوەیەکی زۆر سکرتێر و سەرکردەیەکی ئەو حیزبە بووی؟**

**بەهادین نوری:** وەڵڵاهی هاتنە لام، بەڵام وەک هاوکاری هیچیان عەرز نەکرد.

**رووداو: ئەی بزووتنەوەی دیموکراسیخوازان کەخۆت داتمەزراندووە ؟**

**بەهادین نوری:** ئەوانیش هەردوو باڵەکە هەمیشە هاتوون، ئەوان دەستیان ناڕوات و هیچ ئیمکانێکیان نییەو شیوعیش هەروا، خۆیان پارە لە پارتی و یەکێتی وەردەگرن، بۆیە من چاوەڕوانی هیچیان لێناکەم.

**رووداو: دەگوترێ مەلا حەسەنیش لەدوایین رۆژگاری تەمەنیدا گلەیی لە حیزبی شیوعی هەبوو، هەست ناکەی بێوەفاییەکی کوشندە لەناو سیاسییەکاندا پەیدابووە؟**

**بەهادین نوری:** لەناو زۆربەی کورددا، بێوەفایی بووەتە دابونەریت. ئەمانەی خۆمان کەدەسەڵاتیان گرتە دەست، موشکیلەیان لەبێوەفایی گەورەتر ئەوەیە تووشی غرور دەبن. تووشی گومڕاییەکی زۆر بوونە و رووبانکردووەتە بەرژەوەندی تاکەکەسی و پارە کۆکردنەوەو گەندەڵی و رێگەیان بەگەندەڵی داوە بەئارەزووی خۆی تەشەنە بسێنێت. بەرپرسی حیزبی و حکومی نییە لەم چەند ساڵەدا دەوڵەمەند نەبووبێت.

**رووداو: شتێک هەیە بتەوێ وەک دوا پەیام بەبیر مام جەلال و کاک مەسعودی بێنیەوە؟**

**بەهادین نوری:** ئەوان زۆرینەی خەڵک پەسەندی کردوون و نامەوێت قسە لەسەر رای زۆرینەی خەڵک بکەم، بەڵام حەز دەکەم بایەخ بەدیموکراسی بدەن و دژایەتی گەندەڵی بکەن. ئەوان دەتوانن دژایەتی گەندەڵی بکەن، بەڵام تائێستا یەک کەس لەسەر گەندەڵی موحاسەبە نەکراوە، کەواتە خۆیان نایانەوێت. بەسەدان عەشیرەت چوونە لایان و پارەی زۆریان پێدان،تەنیا بۆئەوەی پشتگیریان بکەن، کەچی جەلال تاڵەبانی مەوقیفێکی ئاوا ووشک و نامەعقولی لەبەرامبەر من هەبوو. ئەوان خەڵکێکیان دەوێ، چەپڵەیان بۆ لێبدات. خۆ ئەگەر نەیکرد، سەنگەری لێدەگرن و تەعامولی نامەعقولی لەگەڵ دەکەن . دیسان داوام لەتاڵەبانی ئەوەیە کە چارەسەرێک بۆ وەزعی تێکچووی حیزبەکەی بدۆزێتەوە، چونکە بارودۆخی ناوخۆی یەکێتی شڵۆق بووەو چارەسەری دەوێت .

کۆمپانیای (بنیان)ی ئیماراتی بە 3 ملیار دۆلار پرۆژەیەکی بیناسازی لەشاری سلێمانی ئەنجامدەدات

■ حوسێن سجوانی خاوەنی کۆمپانیای داماک "کوردستان خاکێکی دەست لێنەدراوەو وەبەرهێن لەهەموو باجێک دەبەخشێت و مافی موڵکایەتی پرۆژەکەی بەتەواوی دەداتێ "

■ شێخ سعود ئەلقاسمی و نێچیرڤان بارزانی بوونەتە جێی سەرنجی چاودێران

# کوردستان و رەئسولخەیمە دەیانەوێ ببنە دوبەی

**ڕووداو –عەرەبییە نێت**

ئیمارەتی رەئس ئەلخەیمە دەکەوێتە باکووری دەوڵەتی ئیماراتی عەرەبی و یەکێکە لەو حەوت ئیمارەتەی کە ئەو دەوڵەتە پێکدێنن، هەرێمی کوردستانیش دەکەوێتە باکووری عێراق و لەڕووی ئەمنییەوە سەقامگیرترین ناوچەی عێراقە.

وێڕای ئەو جیاوازیانەی هەمووان دەیزانین، لەڕووی ئابوورییەوە لێکچوونێکی زۆر لەنێوان رەئس ئەلخەیمەو کوردستاندا هەیە. هەردوولا لە کێشکردنی سەرمایەدا کە پتری 15 ملیار دۆلارەو بەشی هەرەزۆری لە کەرتی بیناسازیدا چڕبووەتەوە، سەرکەوتنێکی باشیان بەدەستهێناوە. لەسایەی یاساگەلێکیشدا کاردەکەن کە رەنگە نەرمترین یاسا بێت لەناوچەکەدا، بەتایبەتیش لەڕووی هەڵگرتنی باج و مافی موڵکداری خانووبەرەو زەوی بۆ خەڵکی بیانی، سەرباری ئەوەش، ئەمڕۆ هەردووکیان بە دوو لەگرنگترین ناوچەکانی وەبەرهێنانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەهێزترین پنتی کێشکردنی سەرمایە دەژمێردرێن و هەردوولا لەسەر هەردوو ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی بوونەتە مایەی گرنگیپێدانێکی روو لە هەڵکشان.

خاڵێکی دیکەی هاوبەش لەنێوان هەردوولا بوونی دوو سەرکردایەتی گەنجە کە ڕێبەرایەتی ئەم سەرکەوتنە ئابوورییە دەکەن، ئەم سەرکردەیە لە رەئس ئەلخەیمە جێنیشی شێخ سعود ئەلقاسمییەو لە کوردستانیش نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتە، هەردووکیان لەو سەرکردانەن کە بوونەتە جێی سەرنجی چاودێران چونکە هەریەکەیان بەجیا خاوەنی تێڕوانینێکی ڕۆشنن بۆ ئایندە، بەڵام ئەوەی لەهەردوولا بووەتە مایەی توورەیی و بێزاریی دانیشتووان ئەوەیە کە کارەکان بەتەنیا لەدەستی کەسانێکی کەم و چەند کۆمپانیایەکی دیاریکراودان، ئەوە لەکاتێکدا کە هەرێمی کوردستان و ئیمارەتی رەئس ئەلخەیمە هێشتا تا ئاستێکی زۆر پشت بەو کۆمەکە دەبەستن کە لەپایەتەختی دەوڵەمەندی هەردوولاوە (بەغداو ئەبوزەبی) پێیان دەگات.

### وەبەرهێنانی ئیماراتی لە کوردستان

ماوەیەک لەمەوبەر حوسێن سجوانی خاوەنی کۆمپانیای داماک پرۆژەی (تارین هێڵن)ی لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان راگەیاند کە کۆی ئەو پارەیەی تێیدا دەخرێتە وەبەرهێنانەوە دەگاتە 16 ملیار دۆلار، ئەم پرۆژەیە بە بەراورد بەبودجەی گشتیی هەرێمی کوردستان کە لە 7 ملیار دۆلار تێناپەڕێت، پرۆژەیەکی زەبەلاحە. لەهەمان کاتیشدا ئەوە بەدیاردەخات کە سەرمایەداران تاچەند بەگرنگییەوە لەو هەرێمە دەڕوانن.

حوسێن سجوانی هەرێمی کوردستان بە "خاکێکی دەست لێنەدراو" وەسف دەکات، بەهەمان شێوەی بەرپرسە کوردەکانیش دەڵێت "کوردستان دەروازەی ئابووریی عێراقە". لەبارەی ئەو فاکتەرانەشەوە کە بۆ سەرمایەگوزاری لە کوردستان سەرنجیان راکێشاوە، دەڵێت "لێکۆڵینەوەی زۆرمان کردو بەو ئەنجامە گەیشتین کە وەبەرهێنان لەوێ قازانج دەکات، لە بەرپرسانیشەوە هەستمان بە گرنگیپێدانێکی زۆر کردو ئەو ئاسانکارییەی پێشکەشیان کردین زۆر هاندەربوون".

سجوانی بەردەوام دەبێت و دەڵێ "ئەو هەرێمە خۆی بۆئەوە ئامادە کردووە کە ببێتە بنکەیەکی گرنگی وەبەرهێنان لەناوچەکەدا، نەخاسمە لەڕێی یاسای وەبەرهێنانەوە کە وەبەرهێن لەهەموو باجێک دەبەخشێت و مافی موڵکایەتی پرۆژەکەی بەتەواوی دەداتێ و دەتوانێ بێ هیچ قەیدوبەندێک هاتوچۆ بە سەرمایە بکات".

حکومەتی کوردستان سەرباری ئەم ئاسانکارییە بێ هیچ بەرامبەرێک زەوی بۆ پرۆژە ستراتیژییەکان دابین دەکات و مافی موڵکدارێتی دەداتە خەڵکی بیانی، ئەمە وێڕای بوونی ژمارەیەکی زۆر کۆمپانیای بەڵێندەرایەتی عەرەبی و بیانی گەورە کە لەگەڵ کۆمپانیا تایبەتمەندەکان ژینگەیەکی گونجاو بۆ پێشڤەبردنی پرۆژەکانی بیناسازی دەخوڵقێنن.

### پرۆژە بەکۆمەڵ

جگە لە پرۆژەی داماک کە لەڕووی قەبارەی سەرمایەگوزارییەوە بەگەورەترینیان دادەنرێت، لەهەرێمی کوردستاندا ژمارەیەکی زۆر پرۆژەی بیناسازی لەژێر جێبەجێکردندان، لەوانە: گوندی ئەڵمانی لە سلێمانی و گوندی ئەمریکی و کەنەدی و دریم ستی لە هەولێر، هەرئێستاش پرۆژەی دروستکردنی دوو هوتێلی گەورە لە جێبەجێکردندان هوتێل رۆیاڵ و گراند رۆتانا.

هەرێمی کوردستان تا کۆتایی مانگی حوزەیرانی رابردوو 105 پرۆژەی وەبەرهێنانی تۆمارکردووە کە بەسەر هەرسێ پارێزگاکانی هەولێرو سلێمانی و دهۆکدا دابەشبوون و کۆی سەرمایەکانیان 16 ملیار دۆلاری تێپەڕاندووە، هەمووشیان بەگوێرەی دەستەی وەبەرهێنان پرۆژەی تایبەتین و بەسەر رسێکتەرەکانی بیناسازی، گەشتوگوزار، بانکەکان، پیشەسازی، کشتوکاڵ و بواری فێرکردندا دابەشبوون.

59%ی وەبەرهێنەکان عێراقین، 16% بیانین و 25%یش وەبەرهێنانی هاوبەشە لەنێوان بیانییەکان و نێوخۆییەکان، دەوڵەتی ئیماراتی عەرەبی گەورەترین وەبەرهێنی عەرەبییە لە هەرێمی کوردستاندا، کەچی هیچ سەرمایەگوزارییەکی سعودی و کوێتی لەو هەرێمەدا نییە.

پێشتریش کۆمپانیای (بنیان)ی ئیماراتی رایگەیاندبوو کە بەنیازە لە چوارچێوەی هاوپەیمانێتییەکدا دەست بە پەرەپێدانی پرۆژەیەکی بیناسازی بکات لەشاری سلێمانی کە قەبارەی وەبەرهێنانی دەگاتە 3 ملیار دۆلار. عەبدوڵڵا عەتاترە سەرۆکی ئەو کۆمپانیایە رایگەیاند کە جێبەجێکردنی پرۆژەکە 4 ساڵ دەخایەنێ وکۆمپانیاکە بەهاوپەیمانێتی لەگەڵ گرووپی حەنزەلی عێراقی بۆ وەبەرهێنان بۆ راپەڕاندنی قۆناخەکانی کۆتایی پرۆژەکە پشت بەهەندێ بانکی عێراقی و جیهانی دەبەستێ و لەقۆناخەکانی سەرەتاشدا پشت بە سەرمایەی خۆی دەبەستێ.

غازو نەوت پشکێکی بەرچاویان هەیە

ئێستا کۆمپانیای دانا غاز پرۆژەیەکی گرنگی دەرهێنانی غازو رەوانەکردنی بۆ وێستگەیەکی وزە جێبەجێ دەکات، ئەوە سەرباری شارێکی پیشەسازیی گەورەی غاز کە بایی 650 ملیۆن دۆلارەو بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا بەکاردەهێنرێت، ئەمەش بە گەورەترین پرۆژەی وەبەرهێنانی کەرتی تایبەت دادەنرێ لەپاش ساڵی 2003وە. نزیکەی هەفتەیەک لەمەوبەریش دامەزراوەی نەوتی نیشتمانیی کۆریا KNOC لەسایتی خۆیەوە بڵاویکردەوە کە بەهاوبەشی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشداریی هەندێ پرۆژەی نەوت دەکات بۆ دابینکردنی نزیکەی یەک ملیارو 900 ملیۆن بەرمیل نەوت. ئەو دامەزراوەیە ئەوەشی راگەیاندووە کە بەشداریی لە 8 پرۆژەی بەدواداگەڕانی نەوت دەکات لەو شوێنانەی مەزەندە دەکرێت 7،2 ملیار بەرمیل نەوتیان تێدابێت. نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشتر رایگەیاندبوو کە ئەوان لەو گرێبەستە نەوتیانەی لەگەڵ کۆمپانیا کۆرییەکان مۆری دەکەن هیچ قازانجێک وەرناگرن، بەڵکو قازانجەکە راستەوخۆ بۆ هەندێ کۆمپانیای بنیاتنانی کۆری دەڕوات کە بایی 2،1 ملیار دۆلار پرۆژەی بنیاتنانەوەی ژێرخانی ئابووری لەهەرێمی کوردستاندا ئەنجام دەدەن.

کوردستان و رەئس ئەلخەیمە کە لە هەوڵی ئەوەدان ببنە دوبەی، هەوڵەکانیان لە شوێنێکدا بە دووڕێیانی لێکجیابوونەوە دەگات. سەرکردەکانی کورد هەوڵەکانی خۆیان بۆ بوون بە دوبەی ناشارنەوەو بەئاشکرا دەیڵێن کە دەیانەوێ لەهەرێمەکەی خۆیاندا ئەزموونی دوبەی دووبارە بکەنەوە، لەکاتێکدا بەرپرسانی رەئس ئەلخەیمە دەڵێن: رەئس ئەلخەیمە بەشێوەیەکی سەربەخۆو دوور لە لاساییکردنەوە هەنگاو دەنێت".



# 10 کۆمپانیا دەخرێنە لیستی رەشەوە

## بەرپرسێکی وەزارەتی پلاندانان "کۆمپانیا خستنە لیستی رەشەوە لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە 100% نایاساییە"

**ساڵح قادر**
**ڕووداو – هەولێر**

ئەنجوومەنی وەزیران چەند کۆمپانیایەک دەخاتە لیستی رەشەوە و بەرپرسێکی وەزارەتی پلاندانانیش دەڵێت " خستنە لیستی رەشی کۆمپانیاکان، دەسەڵاتی وەزیری پلاندانانە نەک ئەنجوومەنی وەزیران"، لەبەر ئەو هۆیەش گوتی" ئەو کارەی ئەنجوومەنی وەزیران100%نایاساییە".

دەیان کۆمپانیا، تەندەر لەوەزارەتی تەندروستی وەردەگرن و کارەکانیان لەکاتی خۆی تەواو ناکەن، فەرمانگەی تەندروستی هەولێریش ناوی 6 کۆمپانیا بۆ پارێزگای هەولێر بەرز دەکاتەوە کە بخرێنە لیستی رەشەوەو کاریش لەکۆمپانیایەک وەردەگرێتەوە.

جێگری پارێزگاری هەولێر بە (ڕووداو)ی راگەیاند کە فەرمانگەکانی هەولێر ناوی چەندین کۆمپانیایان بۆ پارێزگا بەرزکردووەتەوە تاوەکو بخرێنە لیستی رەشەوە "بەڵام ئەم کارە، تەنیا لەدەسەڵاتی ئەنجوومەنی وەزیراندایە".

### کۆمپانیا کار تەواونەکردووەکان

(ڕووداو) ناوی چەندین کۆمپانیای دەستکەوتووە، کە تەندەریان لە وەزارەتی تەندورستی وەرگرتووە و کارەکانیان لەکاتی خۆی جێبەجێنەکردووە و، تەنانەت کۆمپانیا هەیە تاوەکو ئێستا 5 جار "ئاگادار" کراوەتەوە.

ناوی ئەو کۆمپانیای دەست (ڕووداو) کەوتوون بریتین لە: کۆمپانیای (کارتاڵ) کە پرۆژەی شوقەی نیشتەجێبوونی بۆ پزیشکان لەچۆمان وەرگرت، دەبوایە لە 2007/8/19 کارەکەی تەواوبکات، تا ئێستا کارەکانی تەواو نەکردووە. کۆمپانیای کەنار گرووپ، تەندەری نۆژەنکردنەوەی نەخۆشخانەی راپەڕینی لەشاری هەولێر وەرگرتووە، دەبوایە لە2008/1/15 کارەکانی تەواو بکات، تا ئێستاش تەواو نەبووە.

کۆمپانیای باتاس، پرۆژەی دروستکردنی (نەخۆشخانەی هەریری نوێ)ی وەرگرتووە، دەبوایە لە2007/2/13 تەواوی بکات تائێستا تەواو نەبووە.

کۆمپانیای جەمال، تەندەری دروستکردنی بنکەی تەندروستی گۆڕەتووی قەزای مێرگەسۆری وەرگرتووە، دەبوایە لە2007/3/26 کارەکانی تەواو بوایە، تائێستا کارەکەی تەواو نەبووە.

کۆمپانیای بێجان، پرۆژەی دروستکردنی بنکەی تەندروستی ناوپردانی قەزای چۆمانی وەرگرتووە، دەبوایە لە2006/12/25 کارەکانی تەواو ببوایە،بەڵام تا ئێستا تەواو نەبووە.

کۆمپانیای رێکان، پرۆژەی دروستکردنی نەخۆشخانەی گشتیی چۆمانی وەرگرتووە، دەبوایە لە2005/10/12 تەواو ببوایە، بەڵام تاوەکو ئێستا تەواو نەبووە.

کۆمپانیای بەغدا دروستکردنی بنکەی تەندروستی گەرەکی ئازادی قەزای سۆرانی وەرگرتووە، دەبوایە لە2006/2/22 کارەکانی تەواو بکردبا، بەڵام تائێستا کارەکەی تەواو نەکردووە.

کۆمپانیای ئالا، پرۆژەی دروستکردنی شوقەی نۆرینگەی دەرەوەی لە مێرگەسۆر وەرگرتووە، دەبوایە لە2005/7/26کارەکەی تەواو بکردبا،بەڵام تائێستا تەواو نەبووە. هەروەها دروستکردنی نەخۆشخانەی مێرگەسۆر لە لایەن هەمان کۆمپانیاوە دەبوایە لە2005/10/26 تەواو ببوایە، بەڵام تائێستا تەواو نەبووە.

لوقمان نانەکەلی، جێگری بەڕێوەبەری گشتیی فەرمانگەی تەندورستی هەولێر، لەوبارەوە بە (ڕووداو)ی راگەیاند، کە ئەوان تائێستا ناوی 6 کۆمپانیایان بۆ پارێزگای هەولێر بەرز کردووەتەوە بۆئەوەی بخرێنە لیستی رەشەوە "چونکە کارەکانیان زۆر لە وادەی دیاریکراوی خۆی دوا کەوتووە".

هەر یەک لە کۆمپانیاکانی جەمال، بێجان، ئالا، راژان، رێکان، کە زۆربەیان تەندەری دروستکردنی بنکەی تەندروستیان لە وەزارەتی تەندروستی وەرگرتووە، ناویان بۆ پارێزگای هەولێر بەرز کراوەتەوە، بۆ ئەوەی پارێزگای هەولێر ئیجرائاتیان بەرامبەر بکات.

هەروەها چەندین کۆمپانیای دیکەش بەهۆی دواکەوتنی کارەکانیان ئینزاریان بۆ چووە، جگە لەوەش هەندێک لەو کۆمپانیایانە ماوەی ساڵێک زیاترە قۆناخی یەکەمی کارەکانیان لێ وەرگیراوە، بەڵام بەهۆی کەموکوڕیی کارەکانیان وەزارەتی تەندروستی ئیستلامی کۆتاییان بۆ ناکات.

بەپێی قسەی لوقمان نانەکەلی، دواکەوتنی کاری ئەو کۆمپانیایانە کاریگەری نەرێنی کردووەتە سەر خزمەتگوزارییەکانی کەرتی تەندورستی. ئەو پرۆژەی باڵەخانەی بەشی دەروونی بەنموونە هێنایەوە، کە لەلایەن کۆمپانیای سەلاحەددینەوە جێبەجێدەکرێ. ئەو کۆمپانیایە لە 2005/8/18 گرێبەستی لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی کردووە، بەڵام کارەکانی زۆر بە سستی بەڕێوەچووەو تاوەکو ئێستا کارەکانی تەواو نەکردوون.

بەپێی ئەو نووسراوانەی دەست (ڕووداو) کەوتوون، بەشی یاسایی فەرمانگەی تەندروستی هەولێر تاوەکو ئێستا 4 جار وەزارەتی تەندروستی لە سستی بەڕێوەچوونی کارەکان و پابەند نەبوونی کۆمپانیای سەلاحەددین بە مەرجە ئەندازەییەکان ئاگادار کردووەتەوە.

لوقمان نانەکەلی گوتی "پرۆژەی باڵەخانەی دەروونی زۆر زۆر دوا کەوتووە، ئێمە مانگانە 15 هەزار دۆلار کرێ دەدەینە ئەو بەشە، ئەگەر باڵەخانەکە تەواو بکرایە، ئەو هەموو پارەیە بەهەدەر نەدەچوو".

کۆمپانیای ئالا، 3 پرۆژەی لەوەزارەتی تەندروستی وەرگرتووە لەقەزای مێرگەسۆر، بەڵام بەهۆی زۆر دواکەوتنی کارەکانی تاوەکو ئێستا 5 جار لەلایەن فەرمانگەی تەندروستی هەولێرەوە ئاگادار کراوەتەوە.

زکری یاسین بەڕێوەبەری پرۆژەکانی کۆمپانیای ئالا رەتیکردەوە کە کارەکانیان زۆر دواکەوتبن و گوتی " ئێمە کێشەیەکی زۆرمان بۆ دروستبوو لەدابینکردنی زەوی بۆ پرۆژەکە، چونکە ئەو زەویەی پرۆژەکەی لەسەر دروستدەکرا، هی 5-6 کەس بوو، لەرێگەی کۆمەڵایەتییەوە زەوییەکەمان وەرگرت، دواتریش زەوییەکە شاخاوی دەرچوو،ئەوەش کاتێکی زۆری لە ئێمە برد".

بەڕێوەبەری پرۆژەکانی ئەو کۆمپانیایە هەروەها گوتی "ئەگەر بەفر و باران و هەموو کێشەکان حیساب بکەین، تەنیا دوو مانگ لەکارەکانمان دوا کەوتووین، بۆ ئەو دوو مانگەش رۆژانە 500 دۆلارمان وەک سزا بۆ دانراوەو ئامادەین بیدەین".

تاهیر عەبدوڵلا، جێگری پارێزگاری هەولێر لەبارەی دواکەوتنی کاری ئەو کۆمپانیایانە ئاماژەی بەوەدا کە ئەوان لەلایەن فەرمانگەکانی حکومەتەوە لە دواکەوتنی کاری ئەو کۆمپانیایانە ئاگادار دەکرێنەوە"هەر فەرمانگەیەکی حکومەت نووسراومان بۆ بکات، سەبارەت دواکەوتنی کاری کۆمپانیاکان، ئێمە نووسراوەکەیان بەهەند وەردەگرین".

جێگری پارێزگار، کە لەو ماوەیەدا لەگەڵ پارێزگار زۆر پرۆژە بەسەر دەکەنەوە گوتی" تائێستا زیاتر لە 10 نووسراومان لە فەرمانگەکانی حکومەتەوە بۆ هاتووە لەسەر دواکەوتنی کاری کۆمپانیاکان و ئێمەش دوای لێکۆڵینەوەیان، نووسراومان بۆ ئەنجوومەنی وەزیران کردووە بۆ ئەوەی ئەو کۆمپانیانە بخرێنە لیستی رەشەوە".

سەبارەت بەو ئیجرائاتانەی پارێزگا دەیکات، جێگری پارێزگاری هەولێر گوتی "ئێمە کارەکە دەدەینە دەست بەشی تەندەرەکان لە پارێزگا، ئەوانیش دوای لێکۆڵینەوە، بڕیاری خۆیان دەدەن، کە کارەکە لەکۆمپانیاکە وەربگیرێتەوە یان نا".

هەروەها لەبارەی ئەو کۆمپانیایانەی لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە خراونەتە لیستی رەشەوە، تاهیر عەبدوڵڵا گوتی " تا ئێستا ناوی 10 کۆمپانیامان لەئەنجوومەنی وەزیرانەوە بۆ رەوانە کراوە کە خراونەتە لیستی رەشەوە".

لەبارەی لیستی رەشیشەوە تاهیر عەبدوڵڵا گوتی "هەر کۆمپانیایەک بخرێتە لیستی رەشەوە کاتییە، واتە ماوەی 6-12 مانگ ئەو کۆمپانیایە بۆی نییە هیچ تەندەرێک لەحکومەت وەربگرێت".

بەپێی وتەی بەڕێوەبەری پلان دانان لە وەزارەتی پلاندانانی کوردستان، بەگوێرەی یاسای ژمارە 1ی ساڵی 2007 کە تایبەتە بە تۆمار و پۆلێنکردن و دیاریکردنی پلەی بەڵێندەر لەهەرێمی کوردستان، وەزیری پلاندانان بۆی هەیە لەسەر پێشنیاری وەزیری پسپۆر کە لایەنی جێبەجێکارە، هۆیەکانی دیاری بکات و بەراوێژی لێژنە ناوی بەڵێندەر بخاتە لیستی رەشەوە، بۆ ماوەیەک کە زیاتر نەبێ لە 2 ساڵ، ئەگەر ناوی بەڵێندەر لە لیستی رەش دووبارە بووەوە ناسنامەی بەڵێندەرایەتی لێدەستێندرێتەوە.

بەختیار فەرەج، بەڕێوەبەری گشتیی دیوانی وەزارەتی پلاندانان، لەبارەی لیستی رەشی کۆمپانیاکانەوە بۆ (ڕووداو) دوواو گوتی " تەنیا وەزیری پلاندانان بۆی هەیە کۆمپانیا بخاتە لیستی رەشەوە، بەڵام ئێمە چەند نووسراوێکمان بۆدێت لەئەنجوومەنی وەزیرانەوە کە یاساکەش لەئەنجوومەنی وەزیران دەرچووە، دەڵێت فڵان کەس بخەنە لیستی رەش و فڵان کەس لەلیستی رەش دەربێنن".

گوتیشی "کۆمپانیا خستنە لیستی رەشەوە، لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە 100% نایاساییە".






ڕووداو

# هەمەجۆر



## نامەیەکی پێغەمبەر بە 40 ملیۆن دۆلار

ڕووداو — ئاژانسەکان

◆ پیاوێکی یەمەنی نامەیەکی پێغەمبەری ئیسلام لەلایە کە پێش 1400 ساڵ لەمەوبەر بۆ هراکلیوس ئیمپراتۆری ڕۆمی ڕۆژهەڵاتی ناردووە، حکومەتی قەتەر بە 40 ملیۆن دۆلار داوای ئەو نامەیەی لەو پیاوە کردووە. حەسەن قشم ئەو پیاوەیە کە نامەکەی لەلایەو کاتی خۆی لە باپیرییەوە بۆی ماوەتەوە، ئەو نامەیە کە لەلایەن مێژووناسانی ئەڵمانییەوە بینراوەو ئاماژەیان بە ڕاستی نامەکەداوە. لەبەشێکیدا پێغەمبەر داوا لە ئیمپراتۆری ڕۆم دەکات کە خەڵکی وڵاتەکەی بۆ ڕووکردنە ئایینی ئیسلام هانبدات.

# ئێران مۆڵەتی تارا نادات



**تایبەت بە ڕووداو**

بەهۆی ئەوەی حکومەتی ئێران مۆڵەتی بە دوایین ئەلبوومی کامکارەکان نەدا، ناچار گرووپەکە بڕیاریدا (تارا) لەباشووری کوردستان بڵاوبکەنەوە.

ئەلبوومی (تارا) کە نوێترین ئەلبوومی گرووپی کامکارەکانە و، لە 5 گۆرانی (تارا گوڵ، هەی مەرۆ مەرۆ، هوای سیامال، منالێنە، شلێرە) پێکهاتووە، سەرچاوەیەکی نزیک لەگرووپی کامکاران بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە بەهۆی ئەوەی حکومەتی ئێران مۆڵەتی بەئەلبوومی (تارا) نەداوە، ناچار گرووپەکە بڕیاریانداوە لەکۆتایی مانگی 7 ئەلبوومەکە لەباشووری کوردستان بڵاوبکەنەوە.

لەماوەی 6 مانگی ڕابردوودا (تارا) چوارەمین بەرهەمی گرووپی کامکارانە، کە ئاوازی گۆرانییەکانی لەلایەن هۆشەنگ و ئەرسەلان کامکار و مۆسیقاکەشی لەلایەن ئەردەوان کامکارەوە دانراوەو شیعرەکانیشی فۆلکلۆرین و شیعرێکیشی لەلایەن شاعیر شێرکۆ بێکەسەوە دانراوە.

بڕیارە گرووپی کامکاران 2008/7/19 لەئوستڕالیا کۆنسێرتێک ساز بکەن و لە 13 — 2008/8/14 لە شیراز کۆنسێرتێکی دیکەیان هەیە، دواتردەچنە لەندەن.

# شاعیرەکان زوو دەمرن

**ڕووداو- ئاژانسەکان**

بەپێی ئەنجامی لێکۆڵینەوەیەک، شاعیرەکان زووتر لەکەسانی دیکە دەمرن.

ڕۆژنامەی (دی ژوورنال ئێف)ی ئەمریکی بڵاویکردەوە کە بەپێی لێکۆڵینەوەک کە لەزانکۆی برناردینۆی کالیفۆرنیا لەنێوان 2000 شاعیر و نووسەر ئەنجامدراوە، دەرکەوتووە کە زۆربەی شاعیران تاکو تەمەنی 62 ساڵ زیندوو دەمێننەوە، بەڵام زۆربەی نووسەران تا تەمەنی 68 ساڵی لەژیاندا دەمێنن.

هەروەها بەپێی ئەو لێکۆڵینەوەیە ژنە شاعیرەکان زیاتر لە شاعیرانی پیاو تووشی گرفتی دەروونی دەبن و، ئاماری خۆکوژی لەنێوان ژنە شاعیرەکان زیاترە لەپیاوان. کوفمان، لێکۆڵەرێکی ئەو لێکۆڵینەوەیە دەڵێ "شاعیران زۆر هەست ناسکن، بۆیە کاتێک تووشی کێشەیەک دەبن زۆربەیان ناتوانن کێشەکە چارەسەر بکەن و خەمی لێ دەخۆن و تووشی گرفتی دەروونی دەبن، ئەوەش لەتەمەنیان کەم دەکاتەوە".

# سوارچاکانی کوردستان لە بنەسڵاوە خڕدەبنەوە



**تایبەت بەڕووداو**

بڕیارە لەمانگی 9 یانەی سوارچاکانی کوردستان پێشبڕکێیەک بۆ سەرجەم سوارچاکانی کوردستان لەشارۆچکەی بنەسڵاوەی نزیک هەولێر ئەنجامبدات.

خالید ڕەشید، سەرۆکی یانەی کوردستان بۆ فێرکردن و پێگەیاندنی سوارچاکانی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە یانەکەیان بڕیارە لەسەرەتای مانگی 2008/9 پێشبڕکێیەکی بۆ سەرجەم سوارچاکانی هەر چوارپارچەی کوردستان لە شارۆچکەی بنەسڵاوە ساز بکەن کە لە 3 گەیم پێکدێت، کە لەگەیمی یەکەم 25 ئەسب بەشدار دەبن و لەگەیمی دووەم 15 و لەگەیمی سێیەم 6 ئەسب بەشداری پێشبڕکێیەکە دەکەن.

یانەی سوارچاکانی کوردستان کە ماوەی 8 مانگە دامەزراوە، نزیکەی 80 ئەندامی سوارچاکی هەیە، کە 30 کەسیان کچن، خالید ڕەشید کە خۆی خاوەنی 2 ئەسپ و ماینێکی کوردییە، دەڵێ "هەموو نەتەوەکانی دونیا لەکوردەوە فێری سوارچاکی بوونە، سوارچاکی میراتی کوردە بۆ خەڵک ماوەتەوە".

# ئۆباما 10 ساڵە قاتێکی هەیە



**ڕووداو- NBC**

هەفتەی ڕابردوو کەناڵی تەلەڤزیۆنی NBC دیدارێکی تایبەتی لەگەڵ کاندیدی دیموکراتەکان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمەریکا لاراک ئۆباما وبنەماڵەکەی سازکرد، لەوچاوپێکەوتنەدا بۆ یەکەمین جار ئۆباما ومیشێل-ی هاوسەری باسی ژیانی تایبەتی خۆیان کرد. باراک ئۆباما (46ساڵ) ومیشێل-ی هاوسەری (44ساڵ)، پازدە ساڵە ژیانی هاوسەریان پێکهێناوەو دوو کچیان هەیە بەناوەکانی مالیا 10 ساڵ، ساشا 7 ساڵ.

ئۆباما ئەگەرچی هەوڵدەدات منداڵەکانی لە میدیا ودیداری ڕۆژنامەوانی دوور بن، بەڵام ڕازیبوو بەرنامەیەکی NBC دیدار لەگەڵ کچەکانی بکات. لە بەرنامەکەدا مالیا بە گاڵتەوە باسی ئەوەی کرد کاتێک برادەرەکانی دێنە لای، ئۆبامای باوکی بەهەردوودەستی تەوقەیان لەگەڵ دەکات لەجیاتی ئەوەی تەنها بڵێ های. بەهۆی ئەوەی دیداری کچەکانی بووە جێی سەرنج وبایەخپێدانی میدیاکانی ئەمەریکا، ئۆباما ڕایگەیاند کە پەشیمانە لەوەی ڕێگەی بە تەلەڤزیۆنەکە داوە چاوپێکەوتن لەگەڵ منداڵەکانی بکا وگوتیشی لەداهاتوودا منداڵەکانی لە میدیا دوور دەگرێ.

ئۆباما لەکاتی چاوپێکەوتنەکەدا چاکەت وپانتۆلێکی قاوەیی لەبەردابوو، میشێلی هاوسەری لەبارەی جلوبەرگی ئۆباما ئاماژەی بەوەدا کە نزیکەی دەساڵ دەبێت ئەو قاتەی هەیە، ئۆباما لەبارەی ڕاستی قسەکانی هاوسەرەکەی گوتی " بەڵێ ڕاستە، من خۆم زۆر ڕقم لە شت کڕینە".

ئۆباما دەربارەی سەرقاڵی خۆی وپەیوەندی لەگەڵ ژنەکەی گوتی ڕۆژانە بە تەلەفۆن قسە لەگەڵ یەک دەکەن و لەوەتەی کەمپینی خۆ کاندیدکردنیش تەواو بووە هەفتەی یەکجار یەکدی دەبینن و ئەگەر بابەتێکی زۆر پەلەش هەبێت ئەوە لە ڕێی ئینتەرنێتەوەو بە ڤیدیۆ قسە لەگەڵ یەکدی دەکەن.

میشێل دەڵێ " من و باراک هەوڵدەدەین زوو زوو بەتەنیا یەک ببینین، دەچین بۆ مەلەوانی و پایسکلسواری ویاریکردنی تێنس، باراک لانیکەم هەفتەی ڕۆژێک لەماڵەوەیە، کابرایەکی زۆر ڕۆمانسییە و زوو زوو گوڵم بەدیاری پێشکەش دەکات، زۆریش حەزی لە ماچکردنە". لەوەڵامی ئەوەی ئایا ئەو چی پێشکێشی هاوسەرەکەی دەکات لەبەرامبەر ئەو خۆشەویستییەی ئۆباما پێیدەبەخشێ، میشێل دەڵێ" من خۆشەویستییەکی زۆری پێدەبەخشم وئاگام لە منداڵەکانیەتی وشانازیشی پێوە دەکەم".



# سەحەر دادگایی دەکرێت

**ڕووداو- باکووری کوردستان**

کچە گۆرانیبێژی کورد سەحەر دلۆڤان، بەهۆی گوتنی گۆرانییەکی کوردی لەئەلبوومە نوێیەکەیدا بڕیارە دادگایی بکرێت.

سەحەر دلۆڤان کچە هونەرمەندی باکووری کوردستان دوای سێ ساڵ بێدەنگی، دوایین ئەلبوومی خۆی بەناوی (دایە) بڵاوکردەوە، بەڵام بەهۆی گوتنی گۆرانی (دایێ وەها نابە) دۆزی لەسەر کراوەتەوەو بڕیارە لەهەفتەی داهاتوودا دادگایی بکرێت. ئەو ئەلبوومەی سەحەر کە دەیەمین ئەلبوومەیەتی، لە 10 گۆرانی پێکدێت و 4 گۆرانی بەزمانی کوردییە و، هەندێکیان باس لەکێشە کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان و تورکیا دەکات.

سەحەر دلۆڤان لەخێزانێکی زازایی شاری دەرسیمی باکووری کوردستان لەدایکبووە و، لەساڵی 2003 لەتورکیا وەکو باشترین هونەرمەندی ساڵ هەڵبژێردراو خەڵاتکرا.

# بەختی ڕووداو

**کاوڕ**
Mar 21-Apr 19

سەرەتای هەفتەی داهاتوو زیاتر حەز لەتەنیایی دەکەیت و پێتخۆشە لەماڵەوە و لەپەیوەندییە سۆزدارییەکەت دوور بکەویتەوە، هەروەها لەو بواری ڕێکخستنی کاروبارەکانتدا چالاکتر دەبی و، دۆستەکانت یارمەتیت دەدەن.

**گا**
Apr 20-May 20

لەنێوان خەرجی و داهاتەکانتدا یەکسانی نییە، هەوڵبدە لەکارەکانتدا هاوسەنگی بپارێزی، لەو بواری سۆزداری بەخت یاوەرتە بەتایبەتی لەو یەک دوو ڕۆژی داهاتوودا.

**جمک**
May 21-Jun 21

چەند گرفتێکی بچووک لەژیانی کۆمەڵایەتیدا دروست دەبێ، بەڵام بەراوێژ کردن لەگەڵ دەوروبەرت چارەسەر دەبن، پێویستە لێک تێگەیشتن لەکارەکانتدا هەبێ، پێویستت بەهاوکاری و هەماهەنگی زیاتری خەڵک هەیە.

**قرژاڵ**
Jun 22-Jul 22

هەمیشە پێویستت بەهاوکاری کەسانی دەوروبەرت هەیە، بۆیە دوور کەوتنەوەت لێیان لەبەرژەوەندی تۆ نییە، لەو هەفتەیەدا ڕەنگە سەفەرێکت بۆ بێتە پێش، کە ئاکامی باشی لێدەکەوێتەوە و، ڕۆژی بەختت سێشەممەیە.

**شێر**
Jul 23-Aug 22

لەچەند ڕۆژی داهاتوودا زۆر سەرقاڵ و ماندوو دەبی، بەڵام بەداهاتی دارایی باش دەگەیت و دەحەسێتەوە، جگە لەوە پرۆژەی گۆڕینی خانووبەرە یاخود کڕینی کەلوپەل لەئارادایە، ئاگاداری پارەکەشت بە.

**گوڵەگەنم**
Aug 23-Sep 22

بۆ ئەوەی دەوروبەر لەخۆت ڕازی بکەی، لەم هەفتەیەدا کۆمەڵێک کاری باش ئەنجامدەدەی، ڕەنگە لەکۆتایی ئەو هەفتەیەدا یەکێک لەئامانجەکانت بێتەدی.

**تەرازوو**
Sep 23-Oct 23

لەداهاتوویەکی نزیکدا بۆت دەدەکەوێ کە خۆشەویستی، ژیانی تۆ بە ئاراستەیەکی زۆر باش دەبات و، لەو ڕێگەیەشدا گرفتێکت بۆ دێتە پێش کە یەکێک لەئەندامانی خێزانەکەت گرفتەکەت چارەسەر دەکا.

**دووپشک**
Oct 24-Nov 21

لەبواری کاری ڕۆژانەدا بارودۆخەکە زۆر بەگونجاوی بەڕێوەدەچی، دوو ئەندامی خێزانەکەت نهێنی گرنگت لەلا دەدرکێنن، کە پێویستە بۆ کەس نەیدرکێنی و چارەسەیان بکەی.

**کەوان**
Nov 22-Dec 21

بەهۆی ئەوەی زۆربەی کارەکانت بەسەرکەوتوویی ئەنجامداوە، لە زۆر بواری کاریتدا بەختەوەر دەبی و داهاتێکی باشت دەستدەکەوێ، جگە لەوەی بەشداری پرۆژەیەکی گەورە دەکەی.

**کارژۆلە**
Dec 22-Jan 19

ئەو کاتە کێشەکانت کۆتایی دێن کە پەیوەندیت لەگەڵ خێزانەکەت پتەوتر بکەیت و ڕاوێژیان لەگەڵ بکەی، لەچەند ڕۆژی داهاتوودا باری تەندروستیت کەمێک بەرەو خراپی دەچێت، کەواتە ئاگاداری خۆت بە.

**سەتڵ**
Jan 20– Feb 18

ئەگەر واز لە ڕەشبینی بهێنی، دەرفەتی باشت بۆ دەرەخسێ کە کارەکانت بەباشی و بەسوودێکی باش ئەنجام بدەیت، بەڵام هەوڵەکانیشت بۆ ئەوە کەمە، کەواتە زیاتر تێبکۆشە.

**نەهەنگ**
Feb 19-Mar 20

متمانەیەکی زۆرت لەلای خەڵکی بۆ خۆت دروستکردووە، هەوڵبدە ئەو متمانەیە نەدۆڕێنی، چونکە لەوانەیە چەند کارێکی باش و بەسوودت پێ بسپێرن.

**خوێنەرانی (ڕووداو) بۆیان هەیە، هەموو ڕەخنە و کێشە و بابەتێک بە کورتی لەم گۆشەیەدا بخەنەڕوو.**

# نامەی خوێنەران

## سزای ئەوانەی هەستی خەڵکی بریندار دەکەن

بەداخەوە، ئەمڕۆ هەندێ کەس پەیدابوونە باس لەپاراستنی بیروڕای بەرامبەر دەکەن و، هەرخۆشیان هەستی مرۆڤ بریندار دەکەن و بیروڕباوەڕەکەی لەکەدار دەکەن، خۆشیان دەکەنە فەیلەسوف و ڕێنیشاندەری خەڵک.

کەسێکی وەک هاوڕێ باخەوان، کە لەوڵاتی هۆڵندا دەژی بەچ یاسایەک بەم شێوە ناپیرۆزییەوە باس لە ئایەتە پیرۆزەکان دەکات و تەفسیریان دەکات بەبێئەوەی پسپۆری تەفسیر بێ، بەبێ ئەوەی کەسەنگێک بۆتەنهاکەسانێکیش دابنێت کەوا قوتابی ئەو ئایەتانە بوونە چەندین شۆڕش و بەرخودانیان بۆ کورد کردووە.

کەسانێکی وەکو ئەو زۆرجار هەوڵیانداوە مەرامەکانیان لەسەرحیسابی بیرو باوەڕی خەڵکی بەدەستبێنن. بەڵام ئێوە کە بەیەکتر دەڵێن هاوڕێ تا ئێستا چیتان بۆگەلی کورد کردووە جگە لەهەوڵدان بۆ دوورخستنەوەی خەڵک لە ئاین،تاوەکو سەریان لێبشێوێ و بەدوای خوانەناسانی وەکوئێوەبکەون.

ئەو دزی و گەندەڵی و مافخواردنەی لە هەندێ وڵاتان و کوردستانی خۆشماندا هەیەو ئاشکرایە ئەوە حوکمی ئیسلام نییە کە تۆ باسی لێوە دەکەی.وڵاتانی جیهانی سێیەم بەهۆی حوکم نەکردن بە قورئانی پیرۆز جگە لە کۆمەڵکوژی و بازرگانیکردن بە ئافرەتان هیچیان پێنەکراوەوتۆش باسی مافی ئافرەتان دەکەی. هەمووئەو کێشانەی ئێستا لەجیهان هەن دەگەڕێنەوە بۆ کارکردنی دەوڵەتەکان بە یاسا دەستکردەکان . تۆ کە لەتواناتدا نەبووە وەڵامی پرسیارەکانی مامۆستاکەی خۆت بەتەواوی بدەیتەوە چی وای لێ کردوی بەتانەوە باس لە حوکمەکانی (قورئانی پیرۆز)بکەی یاخود چۆن دەتوانی ڕووبەڕووی چەندەها زاناومامۆستای ئاینی ببیەوە تاوەکو پێداگری لەسەر پڕوپاگەندەکانت بکەی. کاکی هۆڵندی لەوشەکانتدادیارە کە وابیردەکەیەوە ئەگەر هەرکەسێک لەکۆمەڵگادا باری دەروونی و ئابوری باش نەبوو و کاری نەبوو ئەوادەبێت دزی بکات وبچێتە سەر ماڵی خەلک و تەعەدابکات چونکە باری دەروونی تێکچووە .ئامۆژگاریت دەکەم خۆت بەم نووسینە بەتاڵانەوە گیرۆدە نەکەی.

**هێرش زەنگەنە**



# هەزار1400 ساڵە ژێردەستەی ئەمانەین

هاوڕێ باخەوان - هۆڵندا
hawreh@bakhawan.com

ماوەیەک لەمەوبەر لە هاوکارێکی لوبنانیمەوە نامەیەکم بۆهات وهاوپێچێکی بەزمانی عەرەبی لەگەڵدا بوو. هاوپێچەکە گەلاڵە یان ئامۆژگاریکردنی یاسایەکە لە ئەنجوومەنی شوورای عەرەبستانی سعودیەوە بۆ دیوانی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەمان وڵات و تایبەتە بە وەرگرتنی مۆڵەتی لێخوڕینی ئۆتۆمبێل بۆ ئافرەتانی سعودی!.

وەرگێڕانە کوردییەکەی بۆ ئەو خۆشبەختانەی کە لەو زمانە ناگەن ئەوەیە:

ئامۆژگارییەکانی ئەنجوومەنی شورا بۆ سەرۆکایەتیی دیوانی ئەنجوومەنی وەزیران، یاسا و ڕێساکانی لێخوڕینی ئۆتۆمبیل لەلایەن ژنانەوە:

أ- ڕێکخستن و ڕێساکانی لێخوڕین لەلایەن ژنانەوە:

1- نابێت تەمەنی لە 30 ساڵ کەمتر بێت.

2- ڕەزامەندیی بەخێوکەری شوفێرە ژنەکە بۆ لێخوڕینی ئۆتۆمبیل.

3- بەدەستهێنانی مۆڵەتی لێخوڕین لە ناوەندێکی فێربوونی لێخووڕینی تایبەت بە ژنان.

4- دەبێت شوفێرە ژنەکە باڵاپۆش بێت و هیچ مادەیەکی جوانکاریش بەکارنەهێنێت.

5- تەنها لەناو شاردا ڕێگای لێخووڕینی پێدەدرێت و لەدەرەوەی شار و گوند و دەوروبەرەکانیان ڕێگای پێنادرێت ئەگەر کەسێکی مەحرەمی لەگەڵدا نەبێت.

6- کاتەکانی ڕێپێدان بە لێخووڕین لە شەممەوە بۆ چوارشەممە لە کاتژێر هەشتی بەیانییەوە بۆ هەشتی شەو دەبێت، لە ڕۆژانی پێنجشەممە و هەینی لە کاتژێر دوازدەی پاشنیوەڕۆ بۆ هەشتی ئێوارە دەبێت.

7- دەبێت تەلەفونی پێبێت بۆ کاتە پێویستەکان.

8- پەیوەندیکردن بە ناوەندی هاتووچۆی ژنانەوە لەو کاتانەی دەستدرێژی و کێشە ڕوودەدەن یان ئۆتۆمبێلەکە دەشکێت.

9- دانی بڕێک دراوی دیاریکراو لەپێشدا لەسەر تێچوونی مۆڵەتەکە لەلای فەرمانگەی هاتووچۆی ئافرەتان کە تایبەت دەکرێت بۆ چاککردنەوەی شکان و پەنچەربوونی ئۆتۆمبێل لەکاتی وەرگرتنی مۆڵەتەکەدا.

ب- لایەنە پەیوەندارەکان:

1- پێکهێنانی بەشی هاتووچۆی ژنانە کە تایبەت دەبێت بە وەرگرتنی سکاڵا لەسەر دەستدرێژی لەسەر ئەو شوفێرە ژنانە و پەیوەندیکردن بە کۆمپانیاکانی چاککردنەوە و پەنچەرکردن و ڕاکێشانی ئۆتۆمبێل وهەروەها گرنگیدان بە کاروباری سەرپێچیی هاتووچۆ و تۆمارکردنی.

2- پێکهێنانی ژمارە تەلەفونێکی خۆڕایی بۆ فەرمانگەی هاتووچۆی ژنانە.

3- پێکهێنانی چەند ناوەندێک لە ناو شاردا بۆ هاتووچۆی ژنان و لایەنی ئایینی بەرپرس چاودێرییان دەکات.

4- پێکهێنانی کۆمپانیای تایبەت بە نۆژەنکردنی سووک و پەنچەریکردن و ڕاکێشانی ئۆتۆمبیل بە ڕێکخستن لەگەڵ فەرمانگەی هاتووچۆی ژناندا.

5- نوێکردنەوەی ساڵانەی مۆڵەتی لێخووڕین و وەرگرتنی بەهای چاککردن و ڕاکێشانی ئۆتۆمبێل لە پێش نوێکردنەوەکەدا.

6- پێویستە لەسەر پیاوانی پۆلیسی هاتووچۆ بەهیچ جۆرێک قسە لەگەڵ شوفێرە ژنەکاندا نەکەن و، پۆلیسی هاتووچۆی ژن بانگبکەن بۆ نووسینی سەرپێچی دژی شوفێری ژن.

7- سزادانی هەرکەسێک بەبێ هیچ ڕیزپەڕێک کە سەرپێچی لەم ڕێسایانە دەکات، چونکە سەرپێچیی هەریەک لەم یاسایانە سەرپێچییە لە ئابڕوو و ئاساییشی وڵات.

ج- ڕێسای سزاکان:

ئەوەی تایبەتە بە کۆمەڵگەوە:

1- سزادانی هەرکەسێک لەگەڵ شوفێرە ژنەکەدا قسەبکات بە بەندکردنی بۆ ماوەی یەک مانگ و لێوەرگرتنی سزای دارایی.

2- هەرکەسێک هەوڵی دەستدرێژی و دواکەوتن و تانەوتەشەری لەگەڵ شوفێرە ژنەکەدا بەسەردا بچەسپێت بەلایەنی کەمەوە هەشت مانگ بەند دەکرێت و دەبێت سزای داراییش بدات.

3 - سزادانی هەرکەسێک بە تەنگەتاوکردنی شوفێرە ژنەکە لەکاتی لێخووڕیندا بە گرتنی بۆ ماوەی ڕۆژێک و دانی سزای دارایی.

ئەوەی تایبەتە بە شوفێرە ژنەکە:

پاش دەرکەوتنی ئەوەی کە شوفێرە ژنەکە کردەوەیەکی بێ ئەدەبانە و بێ شەرعانەی ئەنجامداوە، لە جاری یەکەمدا بەم شێوەیە سزا دەدرێت:

1 - وەرگرتنەوەی مۆڵەتی لێخووڕینەکەی بۆ ماوەیەک کە کەمتر نەبێت لە شەش مانگان و دانی سزایەکی دارایی (500-1000 ریاڵ) و وەرگرتنی پەیماننامەیەک لێی لەلایەن سەرۆکایەتیی هاتووچۆی ژنانەوە تاوەکو نەگەڕێتەوە سەر ئەو کردارە.

2- ڕاگەیاندنی بەخێوکەری لێخوورە ژنەکە لە ڕێگەی دەستەی (الأمر بالمعروف والنهی عن المنكر — فەرماندان بەچاکە و نەهیکردن لە خراپە)ەوە.

هەڵبەت لە پێشدا کە تێکستە عەرەبییەکەم خوێندەوە بە نوکتە و هەڵبەستراوی تێگەییشتم، بەتایبەتی کە لەخاڵی 6ی لکی ئەلیفدا چەند هەڵەیەکی زمانەوانی و لۆژیکیم تێیدا بینی، لەوانە لەبڕگەی یەکەمدا دەڵێت کاتژمێر 8ی شەو و پاشان دەڵێت هەشتی ئێوارە. یان نووسراوە 12ی پاشنیوەڕۆ لە جیاتی 12ی نیوەڕۆ و هەندێک هەڵەی دیکە. زمانەکەی زۆر تەواو نییە و دووا بڕگەشی هەر ناتەواوە! چونکە باسی جاری یەکەمی سزادانی شوفێری ژن دەکات و بەبێ بوونی جاری دووەم یان سێیەم کۆتایی پێدێت.

وشەی پەنچەر (بنشر) دەکرا لە عەرەبیدا وشەیەکی دیکەی بۆ بەکاربهێندرێت و زۆریتر. هەموو ئەوانە وایان لێکردم بە هەڵبەستراوی تێبگەم! تاوەکو لە گووگڵدا بەدوای هەمان چیرۆکدا گەڕام و دەبینم ئەم ئامۆژگارییانە، تەواون و لە زۆربەی ماڵپەڕەکانی عەرەبستانی سعودیە و وڵاتانی کەنداوی فارسدا باسوخواسی لەسەر دەکرێت!. ئەوەشی زۆرتر لایەنە زمانەوانییەکەی لەلا فەرامۆش کردم، کاتی خۆی سپیچێکی "وتارێکی" میر عەبدوڵڵای کوڕی عەبدولعەزیزم گوێ لێببوو و ئەگەرچی نووسراویش بوو! بەڵام لە خوێندنەوەکەشیدا هەڵەی زۆر زەقی زمانەوانی و دەربڕینی دەکرد!.

هەروەها لە ئامۆژگارییەکانیشدا دەستەی (الأمر بالمعروف والنهی عن المنكر)م زۆر پێسەیر بوو و ئەمیشم بە نوکتە هاتەبەرچاو!، بەڵام پاش گەڕان بینیم ئەم دەستەیە زۆر کارایە لە وڵاتی سعودییە و وەکو دەزگایەکی هەواڵدەریی گرنگە و گرنگیدەدات بە گرتنی لەشفرۆشان، مەیخۆران و فرۆشان، حەشیشخۆران و ئەو ئافرەتانەی کە زۆرتر لە چاو و دەستییان بەدەرەوەیە!.

زۆر ماڵپەڕی گفتووگۆم لەسەر ئەم پرۆژە یاسایە هەڵدایەوە و ئەوەی جێگای سەرنجی من بوو، ئەوەبوو زۆرینەی بەشداریکاران هێشتا بەم ئامۆژگارییانە ڕازینەبوون و سەرباری ئەوەی کە ئەو هەموو سووکایەتییە بە ئافرەت کراوە هێشتا ناڕازین بەوەی کە ئافرەت ئۆتومبیل لێبخووڕێت!.

هەر بۆ نموونە ئەمە کۆپیی کۆمێنتی یەکێک لەو دوواکەوتووە بەشداربووانەیە:

غلط واكبر غلط انو الحرمة تسوق سيارة اصلا اول شي عندنا قايل ما يرضو بهذا الكلام ولا الدين ولا تقليدنا تسمحلنا بذلك اي نعم القوانين صعبة والعقوبات اصعب بس هذا كلو لعب في لعب يوم ياخذ علي الهرجة وقت كلو ينسي القوانين ويسوي الا في باله وانا انصح نصيحة طبعا انتو عارفينها لحد يسوي نفسو متحضر ويخلي امه او اخته تطلع الشارع وهيا كاشفة مو كمان تسوق السيارة

ئەم دوواکەوتووە لە کۆمێنتەکەیدا لێخووڕینی ئۆتومبیل لەلایەن ئافرەتەوە بەگەورەترین هەڵە دادەنێت و دەڵێت ئەمە نە لەگەڵ دابونەریتمان و نە لەگەڵ ئایینمان ناگونجێن.

منیش قسەم نەماو کەوتمە سەربادان و ڕەخنەگرتن لەو بیرەی کەبەو شێوەیە ئافرەتی لا سووکە و هێندەیتریش خەفەت بەوە دەخۆم کە ئێمە زیاتر لە هەزار و چوارسەد ساڵە ژێردەستەی ئەمانە و بیری ئەمانەین!.



# بلا ئەز کەسێ 417ێ بم

موسەدەق تۆفی- دهۆک

416 کەسان ل ژێر ناڤێ (ڕۆڵەکانی پێشەوا) د یاداشتنامەکێدا داخواز ژ حکومەتا کوردستانێ کریە ژ بەر گێڕانا بیرهاتنا 19یا مرنا خومەینی ل هۆلا پێشەوا ژ ئالیێ کونسۆلخانا ئیرانێ ل هەولێری داخوازا لێبوورینێ ژ خەلکێ کوردستانێ بکەت. ئەڤە کورتیا وی نووچەیەکا ڕۆژناما (ڕووداو) د هژمار13ل 2008/6/23 هاتیە بەلاڤکرن.

وەک هەلسەنگاندنەک بۆ ڤێ نووچەیێ و خوەدیێن یاداشنامێ و بوونا کونسۆلخانا ئیرانێ ل هەولێرێ پایتەخت،من دڤێت بێژم :بوونا هەر کونسۆلخانەکێ ب تایبەت یێن دەولەتێن دراوسێ ل هەولێرا پایتەخت چ بۆ حکومەتێ، چ بۆ خەلکێ کوردستانێ دەسکەفتەک گرنگە،ل دووڤ مەرج و بنەمایێن دپلوماسی ژی بالیۆزخانە یان کونسۆلخانە د چوارچۆڤێ سنوورێ ئاڤاهیێ خوەدا وەک پشکەک ژ خاکێ وەلاتێ وان د هێتە هژمارتن و مافێ هەی ب هەر ڕەنگەکێ هەبیت خزمەتا وەلاتێ خوە بکەت و گێڕانا ئاهەنگ و بیرهاتنێن نیشتیمانیێن وی وەلاتی ژی پشکەکن ژ وان مافان، د هەمان دەمدا ژی دڤێت بالیۆزخانە و کونسۆلخانە ڕێزێ ل سەروەریا وی وەلاتی و هەست و باوەریێن وی وەلاتی بگرن یێ ئەو لێ مێڤان.

ل ڤێرێ دێ هێمە سەرگێڕانا بیرهاتنا 19ساڵیا مرنا خومەینی ژ ئالیێ کونسۆلخانا ئیرانێ ل هەولێرێ و یاداشتناما (ڕۆڵەکانی پێشەوا). مافێ کونسۆلخانێیە ڤێ بیرهاتنێ بگێڕیت و خەلکەکی ژی مێڤانکەت،هەروەکی هژمارەک ژکەسایەتی و مەزنە بەرپرسێن هەرێمێ مێڤانکرین، بەلێ هەر ئەڤ چەندە مافی و مافەکێ ڕەوا د دەتە خوەدیێن یاداشتنامێ و هەر کەسەکێ دن د نەرازیبن و داخوازێ ژ حکومەتا هەرێمی بکەن داخوازا لێبوورینێ ژ خەلکێ کوردستانێ بکەت، ژ بەر کو ئەڤ بیرهاتنە نە ل نێڤ ئاڤاهیێ کونسۆلخانێ هاتیە گێڕان بەلکی ل هۆلا پێشەوا یا هەولێرێ هاتیەگێڕان،ئانکو ل ڤێرێ پێویستبوو کونسۆلخانێ پتر ڕێز ل هەست و باوەریێن خەلکێ کوردستانێ گرتبا.

دبیت کەسەک ب پرسیت ئەرێ چ ڕەنگێ ڕێزلێنەگرتنێ د گێڕانا ڤێ بیرهاتنێدا هەبوو،د بەرسڤێدا دێ بێژم د هەمان ڕۆژدا و د ڕۆژێن بەری وێ و پشتی وێ ژی و دوورنابینم د هەمان دەمدا ژی کو ئەڤ بیرهاتنە د هاتەگێڕان توپخانا ئیرانێ گوند و دەڤەرێن سنوورییێن هەرێما کوردستانێ بومباباران دکرن و زیان دگەهاندنە سەر و مالێ خەلکێ سڤیل و هەژارێ وان جهان.گەلۆ ئەڤە نەتنێ ڕێزلێنەگرتنە بەلکی زێدەگاڤیە ژی ل سەر سەروەریا ڤێ هەرێما کوردستانێ یا کونسۆلخانە لێ هەی،بوونا کونسۆلخانا وەلاتەکی ل وەلاتێ دن نیشانا ئاشتی و تەناهیێ یە د نێڤبەرا وان دو وەلاتاندا،بەلێ ل ڤێرێ بەروڤاژی دیار دبیت، ل نێڤ خاکێ وەلاتەکی بیرهاتنێن خوەیێن نیشتیمانی دگێڕن و د هەمان دەمدا ژی خەلکێ وی وەلاتی توپبارا ن دکەن..!! ئەرێ کەسەکی ژ مێڤانێن بیرهاتنێ نەدکاری د گوهێ ئاغایێ کونسۆلدا بخوینیت و بێژیتێ بوخاترا بیرهاتنا ئیمامی تنێ د ڕۆژا گێڕانا بیرهاتنێدا یان ڕۆژەکێ دووان بەری وێ و پشتی وێ توپبارانێ ڕاگرن! ئەگەر ژ بەر خاترا مە مێڤانان ژی نەبیت بلا ژ بەر هندێ بیت دا ئەڤ خەلکە ل مە و هەوە نە ئازرییێت. کو یاداشتناما 416کەسان یەک ژ بەرهەمێن ڤێ ئازریانێیە و هەر یەک ژ وان دەربرینێ ژ هەست و بۆچوونا ب هزاران ژ کوردستانیان دکەت.

خالەکا دن یا پەیوەندی ب بابەتیڤە هەی و پتر ڕەوایەتیێ د دەتە داخوازا خوەدیێن یاداشتنامێ گێڕانا بیرهاتنێیە ل هۆلا پێشەوا،گومان تێدا نینە گەلەک خالێن هەڤدژ د نێڤبەرا پێشەوا و خومەینی دا هەنە،هەر ئەڤ خالە ژی چەند پرسیارەکان ژکەسانێن بیرهاتن گێڕای و یێن وەک مێڤان لێ ئامادەبووین دکەین،ئەرێ خومەینی دەمێ ل سالا 1979ێ دەسەلات گرتیە دەست چاوان سەرەدەری دگەل گەلێ پێشەوای گیانێ خوە بۆ کریە قوربان کر؟ ئەرێ چاوان بەرسڤا داخوازێن ڕەوایێن وی گەلی دا؟ئەرێ گەلێ کوردێ ڕۆژهەلاتێ کوردستانێ یێ مل ب ملێ گەلێن دن یێن ئیرانێ شۆرش کری و د ئەنجامدا خومەینی دەسەلات گرتیە دەست چ ژ دەسکەفتێن شۆرشا گەلێن ئیرانێ گەهشتێ؟ و چ مفا ژ ڤێ شۆرشێ وەرگرت و ژ دەولەت سەرێ شۆرشا خومەینی سەرکردایەتیا وێ کری چ ب سەری هات؟

د ئەنجاما دبێژم داخازا 416 کەسان یا ڕەوایە بلا دەنگێ من ژی دگەل دەنگێ وان بیت و بلا ئەز یێ 417ێ بم.



# فەیلی کەیسی دۆڕاو نییە

بەدر ئیسماعیل شێرۆکی
Bader_sheroki@yahoo.com

پێش ماوەیەک دوستێکی ڕۆشنبیرم لەکوردستان، کە هاوشێوەی بۆچوونەکەی زۆرە لەنێو روشنبیران دا، گوتی : لەڕوانگەی دەسەڵاتی کوردییەوە فەیلی کەیسێکی دۆڕاوە چونکە جوگرافیایەکی تایبەت بەخۆیان نییە. لەنێوان کوردبوون و شیعەبوونی، شیعەبوونی هەڵبژاردووەو هەستی نەتەوەیی جارانیان نەماوە.

من کە بەنێو شەقامەکانی بەغدایەکی ئارامتر لە ڕابردوو گەیشتمە، دەزگای شەفەق، لەوێ ناڕاستی ئەو بۆچوونەم بە بەڵگە بۆ دەرکەوت. شەفەق کەتەنیا ناوەندو دەزگایەکی ڕاگەیاندنی کوردییە لە بەغدا،مانگی ڕابردوو، چوارەمین ساڵیادی دامەزراندنی خۆی جەژن گێڕا. منیش یەکێکبووم لە بانگهێشتکراوان.

لەهۆلی وەزارەتی نەوتی عێراق، کە لەڕیزی حەشامەتێکی ژن و پیاوی فەیلی ڕاوەستام، هەموو بە یەکدەنگ سروودی ئەی ڕەقیبیان گوتەوە، بۆیەش گوتم من بەپێچەوانەوە بڕوا دێنم کە فەیلی کەیسێکی زیندووەو خەریکە دووبارە لەژێر بارستایی کارەساتەکان و گۆمەکانی تیزاوو پەرتەوازەیی سەری کوردبوون بەرز دەکەنەوە.

خەزینەو شتە کەڤنارەکان کاتێک بەهاو گرنگیان وەدیار دەکەوێ کە لەژێر خاک دەربهێندرێن، ئەوە دەقاودەق چیرۆک و سەربردەی کوردانی فەیلییە. ناشێ لە ژێر گرانایی تواندنەوەو بە عەرەب و ئێرانیکردندا، باسی ڕۆلی کوردانی فەیلی بکەین. ڕاستە زۆربەیان لەژینگەیەکی عەرەبی دەژین، بەڵام بەبڕوای من ئێستاش پێکهاتەیەکی زیندووی کوردن و، ئەگەر کورد لەدۆزینەوەی ڕێگا چارەکان وردبینتر بێت ئەوە شیعەبوونی فەیلییەکان دەتوانێت خالێکی ئەرێنی بێت لە دروستکردنی لێک حالیبونێک لە نێوان ئارەزووەکانی هەولێر و، سەکۆیەکانس کەربەلاو نەجەف.

لەو چەند ڕۆژەی لە بەغدا بووم دۆستە کوردە فەیلییەکانم زیاتر لەجارێک ئەو گازندە بەجێیەیان دووبارە دەکردەوە کە، کاتێک لە پەرلەمانی عێراق باسی فەیلی دەکرێ، هەندێ نوێنەری عەرەب دەڵێن، ئەوانە ئێرانین، کەچی یەک جاریش ئەوانە لە لایەن نوێنەرانی کوردەوە وەڵامنەدراونەتەوەو، نەیانگوتووە ئەوانەش کوردن و ئێرانی نین. ئەوە لەحالێکدایە هەرکەسێک شتێکی لە مێژوو خوێندبێتەوە دەزانێت مێژینەی نیشتەجێبوونی کوردانی فەیلی لەم وڵاتە زۆر لەعەرەبەکان کۆنترە. بەگوێرەی هەموو سەرچاوەکان ڕۆژهەلاتی دیجلە واری کوردانی فەیلی بووە.

سەرکردایەتی کوردستان نابێت تەنیا وەکو کەرەستەی دەنگدان تەماشای فەیلییەکان بکاو سەنگ و کوردبوونیان بەگوێرەی ژمارەو گرانی سندوقەکانی دەنگدان هەڵبسەنگێنێ. ئەمەیان هاوکیشەیەکی نالەبار دەبێ لەبەردەم ڕۆل بەخشینەوەو دڵنەوایی کردنەوەیەکی شیاو بۆ کوردانی فەیلی. ئەوان دەڵێن ئەو سندوقانەی دەنگەکانی ئێمەی بۆ لیستی هاوپەیمانی کوردستانی تێدانەبوو تەنیا شتێکن کە حیزب و نوێنەرە کوردەکان کەمتەرخەمییەکانیان بەرامبەر ئێمە پێ پەردەپۆش بکەن.

شتێکی شیاو نییە پەیرەوی لەو وتەیە بکەین کە دەڵێ سەرکەوتن چەند باوکی هەیە، بەڵام شکان هەتیوە. کورد دەبێ ئێستا ئەم وتەیە بەرەواژوو بکاتەوە. دەبێ خاوەندارێتی لەشکانەکان بکەین. چونکە بەڕاستیش پرسیار ئەوەیە چ بەشێک لە نەتەوەی کورد بە نەشکاوی ماوەتەوە.



گۆران محەممەد
goransalih@hotmail.com

# بە پێی یاسا لچی لێنایەن

هەفتەی ڕابردوو لە ساتەکانی دیزاینکردنی هەفتەنامەکە، سەرۆکی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن تەلەفۆنی بۆ کردم و گوتی "بابە بچۆ خەبات بخوێنەوە، تۆ ئاگات لە هیچ نییە، عومەر فەتاح لێدوانی داوەو دەرماڵەی پێشوو لە فەرمانبەران وەرناگیرێتەوە، گۆشەکەت ڕاست بکەرەوە"،خوا ڕەحمی کرد، ئەگینا خەریکبوو باوەڕ بەو، بە (خەبات)یش بکەم. ڕاستیت دەوێ، بە سەرنووسەرەکەی نا، بەڵام دەمێکە باوەڕ بە خەبات ناکەم، سەرۆکی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنیش، کە تازە لە کەنەداوە هاتبووەوە، لە (لادا)شدا خۆی دەبەستەوە، ئێستا لە سایەی ژینگەی یاسانەویستی کوردستانەوە، تووتەتووتی ئۆتۆمبێلی سەرنووسەریش وای لێناکات خۆی ببەستێتەوە، بۆیە لام سەیربوو ئەویش باوەڕی بە خەبات کردووە.

خۆش ئەوەیە (خەبات)ی پێرێ لە هەمان شوێن و بە هەمان قەبارە پێچەوانەی هەواڵێکی پێشووتری خۆی بڵاوکردووەتەوە و بە فۆنتێکی زل نووسیویەتی "بە پێی یاسا و ڕێنماییەکان دەرماڵەی پێشوو لە فەرمانبەران وەردەگیرێتەوە"، لە هەواڵەکەشدا مێژووی ئەو ڕێنماییە نووسراوە (پاش لێدوانەکەی بەڕێز جێگری سەرۆک وەزیران) وەک ئەوەی لە نێوانی دێڕەکاندا پێمان بڵێ "کاک عومەر فەتاح ئەو لێدوانەی بۆ دڵخۆشکردن و خافڵاندن داوە، دەنا بە پێی یاسا، ئەی فەرمانبەری بەڕێز، لچت لێ نەیا و نەتخوارد".

من لە ژیان و کار و کاسبیمدا زۆر مورتاحم و هیچ کاتی ئەوەم نییە ببمە جێگری سەرۆکی وەزیرە زۆر زەوەندەکانی کوردستان، بەڵام ئەگەر ئەز لە شوێنی کا عومەر بوومایە، بە لۆجیکی "عەیبە پیاو لە قسەی خۆی پەشیمان ببێتەوە"، ئەگەر لە سەر حیسابی مووچەی خۆشم بووایە، نەمدەهێشت یەک فلووس لە یەک فەرمانبەری کوردستان ببڕدرێت. کەرەستەیەکە بۆ پێکەنین، جێگری سەرۆکی حکوومەت بڵێ "دەرماڵە وەرناگرینەوە و ئێمە لە خەمی ئەوەداین بتوانین گرفتی ڕۆژانەی فەرمانبەران لە ڕەگەوە چارەسەر بکەین"، کەچی وەزارەتی دارایی کە بە حساب لە خوار ئەوەوەیە بڵێ، نەخێر قوربان وەریدەگرینەوە، ئەو پارانەی کاتی خۆی بە دیاری و سەرسەدەقە بە فەرمانبەرانی کوردستانمان بەخشیبوون، هەمووی لە ڕەگەوە دەبەینەوە.

هی خۆم بۆ خۆم، بەشێکی ئەوەی تۆش دەخۆم، ئەمە ئەو لۆجیکەیە کە ئێستا حکومەتی هەربێنەی کوردستان کاری پێدەکات، حکوومەتی هەربێنە لە بەخدا دەڵێ بێنە، لە کوردستانیش، هەر دەڵێ بێنە. حکومەتی دوبەی، زۆر دەدا، ئەوەی ئێمە، هەر دەبا. شانازیی هاووڵاتی ئیماراتی، ئەوەیە ئیماراتییە. نەگبەتی فەرمانبەرانی کوردستان، ئەوەیە کوردستانین. حکومەتی کوردستان، چاوی لە پاروو نانی یەکە یەکەی فەرمانبەرانی خۆیەتی، حکومەتی دوبەی، چاوی لە خۆشگوزەرانیی یەکە یەکەی هاووڵاتیانی خۆیەتی. ئا بەم حاڵە هەولێر دەبێتە دوبەی؟ نەتاندیت ئەز حەیران.




پەیامی روودلو

# سەردانێکی خامۆش

ماوەیەکی زۆربوو سەرۆک وەزیرانی تورکیا رەجەب تەیب ئەردۆغان لەلایەن ئەمریکاوە هاندەدرا و لەلایەن عێراقیشەوە ئەوپەڕی دڵخۆشیی عێراقی لەبەردەمدا دەنوێندرا تاوەکو سەردانی عێراق بکات. سەردانەکە لەدوای ئەو هەموو زەمینەسازییە سەردانێکی خامۆش و زیندوو نەبوو، جگە لە لێکگەیشتننامەیەکی درێژی 26 خاڵی تەمومژاوی، کە باوەڕناکرێ بەئاسانی بۆ دوارۆژ ببنە رێککەوتن، هیچی دیکەی لێنەکەوتەوە.

جگە لە بەرپرسانی کورد لە حکومەتی عێراق، لەوسەردانەدا ئەردۆغان و هیچ بەرپرسێکی کوردستان کۆنەبوونەوە، ئەوەش هێندەیتر سەردانەکەی خامۆشترکرد، چونکە تورکیا هاوسنووری هەرێمی کوردستانە نەک بەغدا، لەبەر ئەوەش پێناچێ مەرەکەبی هیچ لێکگەیشتن و رێککەوتنێک بەبێ بەشداریی هەرێمی کوردستان لە رێککەوتنەکەی هەردوو وەزیری نێوخۆی عێراق و تورکیا جەواد بولانی و بەشیر ئاتالای باشتر بکەوێتە سەر زەوی. ئەوەش راستییەکە نووسەرە نزیکەکانی نێوەندە بڕیار بەدەستەکانی تورکیاش ماوەیەکە لێی نزیکبوونەتەوە. کوردیش بە درێژەدان لە پێداگیری لەسەر ئاشتی لەباکوور و پەیوەندی حکومەتیی لەباشوور لە گەڵ تورکیا، دەتوانێ ئەو قۆناخە ئەگەر زەحمەتیشی تێدابێ، ئەمجارە بەسەرکەوتوویی تێپەڕێنێ. چونکە تورکیا چاوی لە نەوتی عێراقە و وەک وەزیری دەرەوەی تورکیاش گوتی ئەوان لەژێر فشاری ئەمریکادان بۆ پەیوەندی بەستن لەگەڵ "ئیدارەی باکووری عێراق".

بزووتنەوەی سیاسی کورد لە باشووری کوردستان بەردەوام حەزکردنی خۆی بۆ دۆستایەتی و دراوسێیەتییەکی هاوکارانە لەگەڵ تورکیا دووپاتدەکاتەوە، بزووتنەوەی کوردیی باکووری کوردستانیش لەجیاتی دەرکردنی سوپای تورکیا لە سیلۆپی تا ئەرزەرۆم، ئامانجی بووەتە پرۆژەیەکی حەوت خاڵی کە بەدیالۆگ لەگەڵ تورکیا و وەرگرتنی ئۆتۆنۆمی دیموکراتی کۆتایی بۆ باکووری کوردستان کۆتایی دێت. لە رەوشێکی وادا کورد سڵاوکردنی لە تۆپباران پێخۆشترە، بەڵام پێدەچێ ئەردۆغان، ئەگەر بخوازیتیش- کە کردەوەکانی بەڵگەی ئەوەنین- دیالۆگی سیاسی لەگەڵ PKKیاخود حیزبی لیگالی DTP بکات و دان بە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بنێ و دەست لە کێشەی کەرکووک وەرنەدات، ئەمڕۆ کە حیزبەکەی لەلایەن دەزگایەکی دەسەڵاتی بیرۆکراسی دەوڵەتی تورکیا لە ژێر هەڕەشەی داخستندایە و ئەگەر دابخرێ کۆتایی بە چالاکی سیاسی ئەویش دەهێندرێ، تێگەیشتووە ئەو و عەبدوڵڵا گیولی مامۆستای کۆنی و سەرۆک کۆماری ئێستای دەوڵەت نین، بەڵکو حکومەتن، کە بەدرێژایی تەمەنی کۆماری تورکیای کەمالیستی، دەوڵەت بریتییە لەدەزگاکانی سوپا و ئەمن و دادگای باڵای کۆمار، کە پێیاندەگوترێ "دەوڵەتی قووڵ"، حکومەتیان بەدەستەوەبووە نەک بەپێچەوانەوە. ئەو کەتوارەش بەچەند هەنگاوێکی حیزبەکەی ئەردۆغان کۆتاییان نەهاتووە.

کۆنە جەنەراڵ و چالاکەکانی ئێستای ناو ئەرگەنەکۆن بەرەو زیندان راپێچکران، تەسکەرەی یەکساڵەی ئۆپەراسیۆنی دەرەوەی سنوور بەشکستێکی سەربازیی بەرەو کۆتاییە، وەک د.بەرهەم ساڵحیش لە وەڵامی فەرمانکردنەکەی ئەردۆغان بۆ پێویستی ئیدارەی هاوبەش لەکەرکووک گوتی، کورد بڕیاریداوە دەستبەرداری کەرکووک نەبێ. لەسەر ئەو بنچینەیەش تورکیا بۆ ئاشتی بێ یان شەڕ فایلەکانی لە هەرێمی کوردستانن.

ئاکۆ محەممەد

# خۆتان بۆ میوانداری ئامادە بکەن




هێمن عەبدوڵڵا- هۆڵەندا
hemn_abdulla@hotmail.com


خانمە رۆژنامەنووسێکی هۆڵەندی کە لە کوردستان خولی رۆژنامەوانی رێکدەخات، بە بەردەوامیش سەبارەت بە وێ بۆ رۆژنامەی (تراو) کە یەکێک لە چاکترین رۆژنامەکانی ئێرەیە دەنووسێت، ماوەیەک پێش ئێستا کورتە نووسینێکی بە ناوی (کوردستانی جوان) ەوە نووسیبوو، تێیدا سەرسامیی خۆی بە سروشتی کوردستان نیشاندابوو" کوردستان هاوینێکی گەرمی هەیە، بەڵام زستانانی بەفراوییە و شاخەکانیشی چاکترین شوێنن بۆ وەرزشی بەهاری". ئەو پێیوایە کە کوردستان بەو دڵڕفێنییەی خۆیەوە دەتوانێ ببێتە مەڵبەندێکی چاکی گەشتوگوزاری و پێنج وێنەی رەنگینیشی وەک بەڵگە پێشکێشی خوێنەرە هۆڵەندییەکانی کردبوو.

ئەونووسینە گەشتی پارساڵی بیرخستمەوە کە بۆ وڵاتی چیک کردم. چیک بۆ من ئەو کوردستانە بوو کە هەمیشە لە خەونەکانمدا ئارەزووی دیتنی دەکەم. سروشتی چیک زۆر لە هی کوردستان دەچوو. لە هەندێک شاریدا بە ئاسانی دەمتوانی دیمەنەکانی شارێکی کوردستان، بە مۆدێرنکراوی ببینم. لە پراگی پایتەختدا چوومە سەر گردێک کە لە قەڵای هەولێر دەچوو و هەموو شاری لێوە دیاربوو. کە لەوێوە سەیری پراگم دەکرد حەپەسا بووم لەو هونەرکاری و شاردۆستییەی کە دەمبینی. لەوێ هەموو شتێک جوان بوو، هەموو شتێک سازبوو بۆ ئەو هەزاران گەشتیارانەی کە هاتبوون ناسکترین شاری دنیا ببینن.

ئەوکات لە خۆمم پرسی: تۆ بڵێی رۆژێک کوردستانیش ئەوەندە جوان بێت کە هەموو دنیا بیەوێت بیبینێ؟

سوودی گەشتیاری بۆ وڵاتان تەنێ ئەوە نییە کە ئابوورییان بەهێز دەبێت، چونکە گەشتیار کە دێتە شوێنێک تەنیا پارە خەرج ناکات، بەڵکو فەرهەنگە لۆکاڵییەکانیش لەگەڵ خۆیدا دێنێ و دەبا.

سەردەمێک گەلە چکۆڵەکان دەترسان بکەونە بەر هەژموونی فەرهەنگیی گەلێکی گەورەترەوە بۆیە کەمتر تێکەڵاو دەبوون، بەڵام ئێستا کە هەموو دنیا بەرەو سازکردنی فەرهەنگێکی جیهانیی (زۆرتر ئامریکایی) دەڕوات، هەمووان هەڵپەیانە فەرهەنگی تازەتر بناسن و دیوە جوانەکانی بترنجێننە مۆدێلە جیهانییەکەوە. بۆیەش کە گەشتیارێک کامێرایەکی پێبێ، بەر لەوەی وێنەی خۆی بگرێت، بە دوای ئەو دیمەنانەدا دەگەڕێت کە بۆ کەسانی دیکەی ئەوسەری دنیاش سەرنجراکێشن و شایستەی بڵاوکردنەوە و بە یەکدی پیشاندانن.

گەشتیاری ئێستا کە لە گەشتەکەی گەڕایەوە، بە هۆی وێبلۆگەکەیەوە یان ئەندامێتیی لە ماڵپەڕێکی جەماوەریدا تەواوی وردەکارییەکانی سەفەرەکەی دەنووسێتەوە و هانی ئەوانی دیکەشدەدا کە زۆرتر دەربارەی ئەو وڵاتە بزانن و سەردانی بکەن.

ئەزوایدەبینم کە ئێستا کوردستان ئامادەیی ئەوەی نییە ببێتە وڵاتێکی گەشتیاری. دەزانم زۆر کەس دەڵێن ئێمە میواندۆستین و وڵاتمان جوانە، ئەوەش مەرجە بۆ گەشتیاریبوون. راستدەکەن، بەڵام وڵاتێک: ئاو و کارەبای نەبێ، سەیرانگاکانی مەرجەکانی خۆشگوزەرانییان بۆ رۆژئاواییەکی ئاشقە دیسکۆ و بارِ تێدا نەبێ، نێوەندی گەورەی فەرهەنگی و هونەریی نەبن کە کارگەلی جیهانییان پێشکێش کردبێ، سینەمای چاکی نەبن، مۆزەخانەی مۆدێرنی نەبن، نووسەری وای نەبن کە وڵاتەکەیان بە رۆژئاوا ناساندبێ، کەس رووی تێناکا.

وڵاتی مە بۆ ئەوەی دنیا بیناسێ و بە روویدا بکرێتەوە پێویستیی بە گەشتیارە، بەڵام هێشتا خۆی بۆ میوانداریيان ئامادە نەکردووە!.

# کۆچی پەشیمانی




پێشڕەو شوانی- بەریتانیا
P.Shwani@gmail.com


دیاردەی کۆچ، بەتایبەتیش کۆچی لاوان بۆ هەندەران کەئێستا لەرۆژەڤدایەو رۆژانە بەکۆمەڵ روو لەدەرەوە دەکەن و بەکۆمەڵیش دەنێردرێنەوە، ناوەڕۆکی ئەم بابەتەیە. ئێمە دەتوانین ئەم کۆچە بکەینە دوو بەشەوە، کۆچی لاوان لەپێش ساڵی 2000و دوای دوو هەزار. ئەوانەی پێش ساڵی 2000 روویان لەهەندەران کردووە، ئەوە تارادەیەک لەبەر کێشەی سیاسی و خراپی ئابووری کوردستان و ئەو نایەکسانی و بێ ئومێدیە بووە، کە بەهۆی شەری ناوخۆو مەترسی رژێمی ئێراقەوە روبەرووی دەڤەرەکە ببووەوە. هەروەها ئەو سەردەمە هاوڵاتیانی کورد تارادەیەکی باش دەیانتوانی مافی پەنابەری بەدەست بهێنن.

من لێرەدا دەخوازم زیاتر باس لەوانە بکەم کە لە دوای دوو هەزارەوە رێگای هەندەرانیان گرتۆتەبەر. سەرەرای ئەوەی کە رێگاکان زۆر زەحمەت بووە، نرخی گەیشتن بەئەوروپا زیادی کردووەو بارودۆخی هەندەرانیش بەتایبەتیش ئەوروپا بەنەرێنی گۆڕاوە. ئێستا وڵاتانی ئەورووپایی بەگشتی مافی پەنابەری بەکوردی باشوور نادەن. لەبەر ئەوەی ئەم بەشە ئازادەی کوردستان، بەهەرێمێکی ئارام و بێکێشە ناودەبەن یا دەیناسن. بۆیە یان مافی پەنابەری بەکوردی باشوور نادەن یا ئەگەر بشیدەن، ئەوە زۆر بەدەگمەنە.

لەدوای کۆڕەوەوە، واتە لەسەرەتای نەوەدەکانەوە تا کۆتایی نەوەدەکان، نزیکەی 95 لەسەدی کوردەکان مافی پەنابەرییان پێ دەدرا. بەڵام ئێستا رێک بەپێچەوانەوەیەو 95 لەسەدی کوردەکان مافی پەنابەریان پێنادرێت.

ئەمە سەرەڕای ئەو هەموو دژواری و زەحمەتییەی رێگا. ئەو هەموو سووکایەتی و برسێتییەی تورکیا. ئەگەر بەختەوەر بیت و بگەیتە بەهەشتەکەی یۆنانی جاران و جەهەنەمەکەی ئێستا ئەوە دەکەویتە نێو بارودۆخێکی زۆر خراپ، دەکەویتە دەست کۆمەڵێک مافیاو قاچاخچی کورد کە بازرگانیت پێوەدەکەن، قۆڵت دەبڕن و غەدرت لێدەکەن، پارەت دەخۆن و سووکایەتیان پێدەکەن. پەنابەرانی کورد ئێستا وەک جاران ناشتوانن لە یۆنان کاربکەن، بەدەسهێنانی کار لەو وڵاتەدا زۆر دژوار بووە، ئەمە سەرەرای ئەوەی کە مامەڵەی یۆنانەکانیش لەگەڵ کورد وەک پێشان نەرم نییە. ئەگەر بەو دەردە سەرییە لە یۆنانیش تێپەڕێن و بگەنە ئەوروپا ئەوە لەوێ لووتیان لەبەردەکە دەداو پەشیمان دەبنەوە.

لێرەدا پرسیارێک دروست دەبێت، ئەویش ئەوەیە بۆ پەشیمان دەبنەوە؟

هۆکەشی ئەم چەند خاڵەیە:

یەکەم: مافی پەنابەری بەدەست ناهێنن.

دووەم: لە کەمپەکاندا بەکۆمەڵ دەیانخەنە یەک ژورەوە.

سێیەم: ئەو برە پارەیەی کە پێیان دەدەن، بەشی کڕینی پاکەتی جگەرەی رۆژانەیان ناکات.

چوارەم: بەبەردەوامی فشاری ناردنەوەیان لەسەرە. وەک دەشبینین لە راگەیاندنەکاندا، ئەوە ماوە ماوە گرووپ گرووپ گەنجی کورد دەنێرنەوە.

لە وڵاتەکانی وەک هۆڵەندا و سوێد، بەهیچ شێوەیەک چانسی کارکردنیان نییە. لە بەریتانیا لەوانەیە لەچێشتخانەیەکدا یا کارخانەیەکدا بەرەش کاریان دەست بکەوێت، بەنرخێکی کەم و لەبارودۆخێکی خراپدا. ئەوە ئێستا بەریتانیا خەریکە ئەوەش نەهێڵێت، لەبەر ئەوەی کرێکارێکی زۆری پۆڵەنی رووبان لەوڵاتەکە کردووە. هەروەها حکومەتی بەریتانی بەتوندی مامەڵە لەگەڵ ئەوانەدا دەکات، کەمافی پەنابەرییان نییەو کاردەکەن، یا ئەوانەی کەکاریان بۆ دەستەبەر دەکەن.

ئەمە سەرەرای ئەوەی کە ئەو نەوەیەی ئەم دواییە روویان لەئەوروپا کردووە، کێشەیەکی زۆریان بۆ ئەو وڵاتانە ناوەتەوەو، ناویان بەباشی دەرنەکردووە، بەتایبەتیش گەنجە کوردەکانی بەریتانیا. ئەمەش لەبەرئەوەی: شەڕدەکەن، ئیشی رەشدەکەن، قاچاخچێتی دەکەن، ئۆتۆمبیل بەبێ ئیجازە لێدەخوڕن و رەچاوی یاسا ناکەن.

# لە تورکیا راوە پاشایە




مستەفا شەفیق- ئەڵمانیا
gare2005@hotmail.de


لە چوارچێوەی دەستگیرکردنی باندی تیرۆر و مافیای ئەرگەنەکۆن کە ماوەیەکە حکومەتی AKP سەرقاڵیەتی ئەم رۆژانە چەندین جەنەرالی پایەبەرزو ئەفسەری خانەنشینی تورک دەستگیرکران و لە بەندیخانە لێکۆڵینەوەیان لەگەل دەکرێت. هاوکات AKP پاراستننامەکەی خۆی پێشکێشی دادگا کرد. بەگشتی پرسی ئەرگەنەکۆن میدیای تورکی داپۆشیوەو میدیای جیهانیشی سەرقاڵکردووە.

دەستگیرکردنی جەنەرالەکان لەهەمان ئەو رۆژانەی کە دادگای AKP بەرێوەدەچێت، بۆ زۆرکەس جێی پرسیارە، بەتایبەتی رای گشتی تورکیا لەم هەنگاوەی حکومەت بە گومانە، شێوەی دەستگیرکردنەکەشیان زۆر پرسیاری درووستکردووە کە بە نهێنی و تاریکی شەو پۆلیس و هێزەکانی ئاسایش وەکو ئۆپەراسیۆنیک هەلیانکوتایە سەر ماڵەکان. گەنەراڵە دەستگیرکراوەکان هەموویان ئەوانەن کە لە کوردستاندا بە ناوی تیرۆر دەیان کەسی بێ گوناهیان بێ سەروشوێن کردووەو، خۆشیان ئەمڕۆ لە بەشی دژە تیرۆر و لەسەر تیرۆریزم دادگایی دەکرێن. ئەم رووداوە وێڕای ئەوەی رەوشی تورکیای زۆر ئاڵۆزکردووە، کۆمەڵێک پرسیاریشی لای خەڵکی دەرەوەش دروستکردووە. کە لە پێشترینیان ئەوانەن: ئەرێ بەڕاستی ئەو شەڕەی AKP دژی دەسەڵاتی جەنەراڵەکانە؟ یان وەکو حکومەت بانگەشە دەکات شەڕی دژە مافیایە؟ دەکرێ ئەم شەڕە بە شەڕی نێوان دوو دەسەڵاتی گەورەی سەرمایە لە تورکیا، سەرمایەی ئیسلامی کە خۆی لە AKPدا رێکخستوە لەگەڵ سەرمایەی مافیا کە خۆی لەناو ریزەکانی سوپادا رێکخستووە دابنێین یان نا؟ رۆڵی دەوڵەت لەم شەڕەدا چییە؟ خودی دادگای باڵا کە بەشێکی گرنگی دەوڵەتە بە بڕیاری داخستنی AKP بووەتە بەشێک لەم شەڕە، بەڵام دەزگاکانی وەکو دەزگای هەواڵگری و خودی سوپا بۆچی ئەمجارە بەرامبەر حکومەت بێدەنگن؟ سەرئەنجامی ئەم ململانێیە بەرەو کوێ دەڕوات؟ لەهەمووی سەرنج راکێشتر ئەوەیە بۆچی ئەمجارە گەنەڕالە کاربەدەستەکان هیچ هەڵوێستێکیان نییە؟

تا ئەم ساتەش مرۆڤ بە زەحمەت دەتوانێت بڕوابکات کە ئیسلامییە میانڕەوەکانی AKP بتوانن بەرامبەر سوپای تورک بوەستن، یان بتوانن سنوورکانی رژێمی کەمالیزم لەتورکیا تێبپەڕێنن.

AKP دوای سەرکەوتنی لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی رابردوودا سازشێکی زۆری لەگەڵ سوپا کرد، بەرامبەر بەمەش سوپا بواری ئەوەیدا عەبدوڵڵا گوول بۆ سەرۆک کۆماری هەڵبژێردرێت. ئەمڕۆش AKP لە رەوشێکی هەستیاردایەو زەحمەتە بتوانێت بەرامبەر گەنەراڵەکان بوەستێت، لە مێژووی سوپای تورکیاشدا نەبینراوە سوپا بەرامبەر دەستگیرکردنی تاکە ئەفسەرێکیش بێدەنگ بێت، وەلێ ئەمجارە بەرامبەر دەستگیرکردنی گەورە گەنەراڵەکان هیچ دەنگی نییە. ئەم رەوشە لەگەڵ راستی سوپای تورکیا ناگونجێت. بۆیە مرۆڤ بڕواناکات جەنەڕاڵەکان بەبێ ئاگاداری سوپا دەستگیرکرابن. هیچ گومان لەوەدا نییە کە سوپا بەشدارە لە بڕیاری دەستگیرکردنیاندا.

وا پێدەچیت ریککەوتنێک لەم بوارەدا لەنێوان سوپاو حکومەت دا هەبێت. ئامانجی هەردوولا لەم بڕیاردا خۆ رزگارکردنە لە کۆمەڵێک مرۆڤی لەکارکەوتوو، تابتوانن بە مرۆڤی تازە شوێنەکانیان پربکەنەوە. هەروەکو لە سیاسەتدا دەبینین کە شەڕێکی توند لە نێوان کۆنە پارێز و نوێخووازەکاندا هەیە، لەواری سەربازیشدا ململانێیەکی بەمجۆرە هەیە. دیارە ئەم کەسانەی دەستگیرکراون لە دەزگا نهێنییەکانی هەواڵگیری و بڕیارگەی شەڕی تایبەتدا شوێنێکی گرنگیان هەبووە، لە رابردوودا بۆ ئەم کارە گونجاوبوون، بەڵام ئەمڕۆ لەگەڵ ویستی ئەمڕۆی سیاسەت و سوپا سەربازی تورکیا ناگونجێن و پێویستیان بە گۆڕانە، باشترین کاریش ئەوەیە کە بەدەستی AKPئەم کارە ئەنجامبدەن. لە بنەڕەتدا ئەمە خواستی کاربەدەستە سەربازییەکانی ئێستای تورکیایە، ئەردۆگانیش بۆ ئەم رۆڵە گونجاوەو بەر لەوەی کاری تەواو ببێت دەخوازن هێشتان کاری پێ بکەن.

ئەمە راستی سیاسەتی تورکیایە و سوپای تورکیا لە درووستکردنی پیلانی بەمجۆرەدا زۆر وەستایە. دەتوانین بڵێین سوپا و دەزگاکانی دەوڵەتی نهێنی دەخوازن خۆیان تازەبکەنەوە. بێگومان بەشێکی زۆر لە AKP رەنگە وا تێبگەن کە ئەمە شەری مافیایە خەڵکانی دەرەوەش بەمجۆرە بڕواننە مەسەلەکان، بەڵام دەبێ بزانین ئەگەر سوپا رای لی نەبێ AKP نەیدەتوانی تاکە کەسێکیش لەمانە دەستگیربکات. دوای ئەم رووداوە چاوەڕوان دەکرێت کە تۆمەتەکانی دژی AKP زیاتر ببن و میدیای تورکیا هەڵمەتێکی تووندی پڕ لەناوزڕاندنی دژی ئەم پارتە دەست پێکردووە، دوور نییە دادگاش زیاتر پێ لەسەر داخستنی AKP دابگرێت، کە ئەمە تورکیا زیاتر بەرەو قەیرانێکی سیاسی دەبات و ئەگەری ئەوەش هەیە کە لەدەرەوە ئەمریکا و ئەوروپا دەست بکێشنە ناو کاروباری ئەم وڵاتە ئەگەرنا رەوشی زۆر خراپ دیارە. چونکە هەموو هەوڵو تەقەلای سوپا ئەوەیە نەهێڵێت هیچ هێزێکی رکابەری لە تورکیا دروست ببێت و بوونی سەقامیگیریش هەرگیز ویستی سوپا نییە، لەبەر ئەوەی ئەگەر وانەبێت سوپا دەسەڵاتی خۆی لەدەستدەدات.

# عەزیز وەیسی داوای لێبوردن لە بێوەژنان دەکات



**رووداو- برۆکسل**

گۆرانیبێــژ عەزیــز وەیســی، لەوەڵامی پرســیارێکی بارزان شاســواری پێشکێشکاری بەرنامەی شانشینی ROJ TV ، سەبارەت بەگلەیی بێوەژنان کــە پێیانوایە لە گۆرانی (بێــوەژن) بێ رێزیان پێدەکات گوتی " من دایک و خوشــک و کچم هەیەو لەوانەیە ئەوانەش رۆژێک لــەرۆژان ببنە بێوەژن، من هەســت ناکەم لەو گۆرانییەدا بێڕێزیم بەبێوەژنان کردبێت بەپێچەوانەوە ئەو گۆرانییەم بۆ خۆشەویســتی ئەوان گوتــووە، بەڵام ئەگەر بەهەڵە تێگەیشتنێک لەو بارەیەوە هەبێت داوای لێبوردن لەسەرجەم بێوەژنانی کوردستان دەکەم".

هەر لەو پرۆگرامەدا وەیسی چەند کۆپلەیەکی لەگۆرانی بێــوەژن بەنموونە هێناوەو گوتی "هیچ مەبەســتێکی خراپم لە گوتنی ئەو گۆرانییە نەبووە بەڵکــو ئەوە گۆرانیەکی فولکلۆرەو منیش گوتوومەتەوە".

# کۆڕەک KMC دادەنێ

**تایبەت بەرووداو**

بڕیارە لــەم مانگەدا کەناڵێکی ئاســمانی میوزیکی کــوردی بەناوی KMC پەخشی ئەزموونی خۆی دەست پێبکات کە کۆمپانیای کۆڕەک موزیک خەریکی دامەزراندنیەتی.



کەناڵی Kurdish Music Channel تایبەت دەبــێ بە میوزیک و گۆرانــی و کلیپی کوردی، لەســەر مانگی دەســتکردی هۆتبێرد پەخشی ئەزموونــی خــۆی دەســتپێدەکات و لەلایەن کۆمپانیای کۆڕەک تیلیکۆم بودجەی بۆ تەرخان دەکرێ. عیسا مێرگەســۆری، رێکخەری گشتی کۆمپانیای کۆڕەک میوزیک بە (رووداو)ی راگەیاند "ئەو تەلەڤزیۆنە بەبێ رەچاوکردنی هیچ مەرجێکی پێشــوەختە بەرهەمی هەموو هونەرمەندانی هەر چوارپارچەی کوردستان بڵاودەکاتەوە".

# گورگ واز لە قەندیل ناهێنن

رووداو- DIHA

لەمــاوەی هەفتەیەکــدا گەلە گورگێک دووجار هیرشــیکردە ســەر مەڕوماڵاتی گوندەکانــی بنــاری قەندیــل و زۆر لە ئاژەڵەکانیانی کوشت.



دانیشتووانی گوندەکانی بناری قەندیــل بەهۆی هێرشــی گورگە برســییەکانەوە بەرەورووی کێشە بوونەتــەوە. ئەو گورگانە لەماوەی هەفتەیەکدا2 جار هێرشیان بردە سەر پەزی گوندەکانی ناوچەی شــینکێ و بوونە هۆی کوشــتنی چەندین ئاژەڵ. لەلایەکــی دیکــەوە لەناوچەی مەنگوڕ و مامەشــان لەئەنجامــی هێرشــێکی هاوشــێوەدا گەلێک ئاژەڵ تێدا چوونە. تا ئێستا لەئەنجامی هێرشی گورگەکاندا20 پەز مردار بوونەتەوەو بەدەیانی تریش بریندارو ون بوونە. ئەوە چەند ساڵێکە گوندییەکان بەهۆی هێرشی گورگەکانەوە تووشی کێشە بوونە.


Rûdaw

Rudaw readers know more

**خاوەنی ئیمتیاز**: کۆمپانیای رووداو

**سەرۆکی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن**: نوورەدین سەعید وەیسی nuradinwaisi@rudaw.net

**سەرنووسەر**: ئاکۆ محەممەد akopress74@yahoo.com

**جێگری سەرنووسەر**: سەلام سەعدی salam@rudaw.net

**نوێنەری ئەوروپا**: هێمن عەبدوڵلا hemnabdulla@rudaw.net

**نووسینگەی سلێمانی**: شەقامی کانێسکان پشت پارێزگای سلێمانی 07701536483

www.rudaw.net rudaw@rudaw.net Tel: 00964 066 2558279 ناونیشان: هەولێر- بەرامبەر نیوستی هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە کۆمپانیای رووداو دەریدەکات


# کــەچــەڵیی کــوردێک دەکـــاتە ملیۆنێر



**رووداو- هەولێر**

کەســێکی دانیشتووی هەولێر دەرمانێک بۆچارەســەری قژ رووتانەوە دەدۆزێتەوەو حکومەتی ئەڵمانیاش دان بە دۆزینەوەکەدا دەنێت و وەک داهێنانێک پەسەندی دەکات.

شاهۆ ئیسماعیل بەرزنجی، لەدایکبووی شــارۆچکەی قــادر کەرەمــە و لەهەولێر دادەنیشێ، خاوەنی کارگەی شاهۆیە کە لە ناوچەی پیشەسازی کەسنەزان دروستکراوە و لەسێ مانگی داهاتوودا یەکەمین کارگەی دروستکردنی شامپۆو کرێم بۆ وەستانی قژ رووتانەوەو دروستکردنەوەی قژلەکوردستاندا دەخاتەکار و وەک خــۆی دەڵێ "بەرامبەر هەموو شــامپۆکانی جیهان دەوەستینەوەو بڕوانامــەی 32 وڵاتــی جیهانیمــان هەیە کەداهێنانمان کردووە لەرواندنەوەی موودا".

شــاهۆ کە شــێخ ئیســماعیلی باوکی شارەزایەکی دیاری بواری دەرمانی گژو گیایی بووە. ســاڵی 1997 بەرێکەوت گیایەیەک لەبەردەم دوکانی ماست فرۆشێک دەبینێت کە باوکی بۆ دەرمان بەکاریدەهێنا، یەکسەر داوا لەماستفرۆشەکە دەکات بەهەر نرخێک بێت 3 فــەردە لەو گیایەی بۆ پەیدا بکات، ماستفرۆشــەکەش بەبێ هیــچ بەرامبەرێک بۆی پەیــدا دەکات وبۆ چارەســەرکردنی قژرووتانەوەی کەسێک بەناوی مام حەسەن بەکاردەهێنێ کەلەگەڵ ئــەو لە دەزگایەک کارمەند بوونە، لەمبارەیەوە شــاهۆ دەڵێ" "هەندێــک لــەو گیایەم بۆ مام حەســەن بەکارهێنــاو پاش ماوەیەک مووی ســەری هاتنەوە، کەبینیم لەخۆشــیدا ئاو بەچاومدا هاتــە خوارەوە، کاتێــک دکتۆرێکی خزمی خۆمــم لەکارەکە ئاگادار کــردەوە، گوتی: ئەگەر یەک تاڵە مــوو بهێنیتەوە دەتوانی ملیۆنێک تاڵە موو بهێنیەوە".

شــاهۆ لە رێگــەی برایەکیــەوە کە لە ئەڵمانیایــە دەرمانەکە دەباتــە ئەو وڵاتەو حکومەتی ئەڵمانیا لــە 2004 دا پرۆژەکە وەک داهێنانێک پەســەند دەکات. شــاهۆ ئاماژە بەوە دەکات کە سەرۆکی حکومەتی کوردســتان هــاوکاری بەرفراوانکردنــی داهێنانەکەی کــردووەو یەک ملیۆن دۆلاری بە قەرز پێداوە"لەنووســینگەی ســەرۆکی حکومەتەوە پەیوەندیم پێوەکراو وتیان چۆن پشتگیریت بکەین و چەندت پێویستە، منیش گوتم یەک ملیۆن دۆلار، گوتیان زیاتر بڵێ، وتم نا، ئەگەر ئیفلاسیشــم کرد خانووەکەم و کارگەکەم دەفرۆشــم و خۆم شەرمەزاری ئێوەناکەم، ئەگەر سەرکەوتووش بم دەتوانم قەرزە بانکییەکە بدەمەوە".


**وردەکاری زیاتر لە لاپەڕە 8 بخوێنەوە**


## هیندییش بوونە زاوای کوردان

**رووداو-هەولێر**

کچی دەوڵەمەندێکی شاری هەولێر شووی بە کوڕە هیندییەک کرد و هۆکارەکەشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە "پیاوی کورد باوەڕی بەمافی ئافرەت نییەو رێزی ئافرەت ناگرن".

ئەو کچە کە نەیویست ناوی بهێندرێت رۆژی 2008/7/8 لەدادگای باری کەسی شاری هەولێر لەلایەن دادوەرەوە گرێبەســتی هاوسەری لەگەڵ هاووڵاتییەکی بەرەگەز هیندی بۆ ئەنجامدرا. ئەو کچە، کە باوکە دەوڵەمەندەکەی لایەنگری ئەو شــووکردنەی نییە، گوتی ئەو لەتورکیا لەدایکبووەو زۆربەی ژیانیشی لە ئەوروپا بەسەر بردووە و گوتیشی "هەرگیز بیرم لەوە نەکردووەتەوە شوو بەپیاوێکی عێراقی یان کورد بکەم چونکە باوەڕیان بەمافی ئافرەت نییە و رێز لەئافرەت ناگرن".

ســەبارەت بەپیشــەی هاوسەرەکەشــی ئەو کچە گوتی "هاوســەرەکەم ئەندازیاری کۆمپیوتەرەو لەگەڵ یەکێک لەو کۆمپانیایانەی لەکوردستان کار دەکەن هاتووەتە ئێرە و بەرێککەوت یەکتریمان ناسی و پەیوەندی لەنێوانماندا دروستبوو".

## بەغدا نایەڵێ کورد بفڕن

**نەوزاد مەحموود**
**رووداو–سلێمانی**

فڕۆکەوانەکانی فڕۆکەخانەی کشتوکاڵیی عەربەت دوای زیاتر لەساڵێک مەشقکردن، هێشتا مەشــقی فڕینیان تەواو نەکردووەو بەڕێوەبەری فڕۆکەخانەکەش هۆکارەکەی بۆ بەغدا دەگێڕێتەوە کە داوایان لێکردوون زیاتر لــەوەی بۆیان دیاریکراوە مەشــق بکەن.

بڕیاربوو کۆتایی ساڵی 2007، کۆتایی بەمەشــقی فڕینی ئەو قوتابیانە بێت کە لەفڕۆکەخانەی کشتوکاڵیی بێستانسووری سەر بە پارێزگای سلێمانی مەشق دەکەن، کەچی دوای نمایشکردنێکی فڕین بەبەرچاوی کەناڵەکانی راگەیاندنەوە لەکۆتایی ساڵی 2007دا، تائێســتاش ئــەو قوتابیانە کە ژمارەیان 20 کەسە لەمەشقکردندان.

نــەورۆز عەبدولقــادر بەڕێوەبــەری فڕۆکەخانەکە لەوبارەوە گوتی "لەبەغداوە پێیانگوتین بڕوانامــەی دەرچوون نادرێتە ئەو قوتابیانە تاوەکو هەریەکێکیان لە (40 تا 50) کاژێر فڕینیان نەبێت". گوتیشــی "کاتێک بڕوانامە وەردەگرن کە بتوانن بەبێ مامۆستاکانیان و بەتەنیا بفڕن".

لەکاتــی نمایشــەکەی چەنــد مانگی رابــردوودا، بەڕێوەبــەری فڕۆکەخانەکــە بەرۆژنامەنووسانی راگەیاند کە قوتابیەکان دەتوانــن بەتەنیا بفڕن، کەچــی هەرلەو نمایشــەدا قوتابیــەکان نەیانتوانی بەبێ مامۆستاکانیان ئەو کارە بکەن.



دانیشــتووانی ناوچەکانــی پێنجوێن و شارەزوورلەهاوینی ئەمساڵدابەدەستزۆریی مێرووە زیانبەخشەکانەوە هەراسان بوون، بەڵام فڕۆکەخانەکە بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئــەو مێرووانە دەرمانی نەڕشــاند، نەورۆز عەبدولقادر لەوبارەوە بە (رووداو)ی راگەیاند کە بەهــۆی وشکەســاڵییەوە ئەمســاڵ فڕۆکەخانەکە تەنها بۆ مەشق بووە.

# زریــان خــۆشــەویــســتــی مــەلایــانــە

**کوردۆ هەولێری**
**رووداو – هەولێر**

مــەلا جەمیــل شاوەیســی وتاربێژی مزگەوتی عەلائەدین سجادی لەشاری هەولێر پشتگیری لەو پرۆژەیاسایە کرد کە وەزارەتی تەندروستی لەبارەی ماددە ئەلکهولییەکان و رێوشوێنەکانی قەدەخەکردنی مەی فرۆشتن بە رۆژ و بۆنە ئاینییەکان ئامادەی کردووە.

مــەلا جەمیــل لەوتــاری رۆژی هەینی 2008/7/4 دەستخۆشــی لــە وەزارەتی تەندروستی کردو هیوای خواست سەرجەم وەزیرەکانــی حکومەتــی هەرێــم وەکــو وەزیری تەندروستی "لەبەرامبەر هەرجۆرە دیاردەیەکی نەشــیاو خۆیان بە بەرپرسیار بزانن".

ئەو پرۆژەیە، دوای پەسەندکرانی لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیــران دەچێتە پەرلەمان بــۆ کردنی بە یاســا. مــەلا جەمیل کە ئەندامی یەکگرتووی یەکگرتووی ئیسلامی کوردســتانەو کوڕەکانیشــی بەرپرســی راگەیاندنی ئەو حیزبەن، داوای لەپەرلەمان کرد هەرچی زووە ئەو پرۆژەیاسایە پەسەند بــکات، بۆئەوەی "چیدی هاووڵاتیان نەبنە قوربانی کارەساتەکانی ئۆتومبێل".

وەزارەتــی تەندروســتی حکومەتــی کوردســتان لەو پرۆژەیاسایەدا کە لە 11 مــاددە پێکهاتــووە، داوا دەکات مــاددە ئەلکهولییــەکان تەنیا لەدوای کاتژمێر 6ی ئێوارە تا 11ی شەو بفرۆشرێن و دوکانەکانی مەیفرۆشتن لەشــوێنەکانی نیشتەجێبوون و نــاو مــاڵان دوور بخرێنــەوەو هێنان و بازرگانیکردن بەو ماددانەش لەرووی جۆرەوە کۆنترۆڵ بکرێ. پرۆژەیاساکە داواش دەکات لەرۆژانــی هەینی و مانگی رەمەزان و بۆنە ئاینییەکان فرۆشــتن و خواردنەوەی ئەو ماددانە قەدەخەبکرێ.

# مەلەوانەکەی نەفەل خنکا



Nefel

[ YEKŞEM, 2008-07-13 ] [ BIKE MALPERA DESTPÊKÊ ] [ BÊXE NÊV BIJAREYAN ] [ KONTAKT ] [ INFO ] [ LÊGERÎN & ARŞÎV ]

DESTPÊK: » Nûçe » Nivîsar » Kulturmagazîn » Hevpeyvîn » Kolumnîst » Ewrokurd » E-Pirtûk » Lîteratûr » Ziman » Muzîk » Foto » Lînk

E-POSTEYA TE: Nav (Username) Şifre (Password) Têkeve! »E-posteyeka nû bo xwe qeyd bike

REKLAM

Nûrî Malikî û Recep Tayyip Erdoganî peymaneka siyasî îmza kir

BEXDA, 11/7 2008 — Serokwezîrê tirkan Recep Tayyip Erdogan digel teşqele û şerê desthilatê yê li Enqereyê dereng jî be duhî hat Bexdayê û piştî 18 salan ev cara pêşiyê ye ko serokwezîrekê tirkan serdana Iraqê dike. ...

» Serokatiya Kurdistanê ji bo turîstên elmanî rexneyeka dijwar li PKK-ê girt
» PKK dixwaze ko hersê turîstên elman berde
» Kombenda Kawayê minaqeşeya giraniyê li Kurdistanê kir
» Mesûd Barzanî: Binecihkirina madeya 140-ê dê bihêle ko Iraq yekgirtî bimîne
» PKK-ê wekî taşerona ergenekonciyan sê turîstên elman revand
» Muslum Yucelî kitêbek li ser "Kurdên di sinemaya tirkî de" nivîsî
» Rojînê klîpa "Sebra mala" derxist – VÎDEO
» Çeteyên rûsan li talanê min xist – hemeta xwe jê bikin da neyêt serê we jî
» Carla Bruniya jina serokê Fransayê Nicolas Sarkozy albûmeka nû derxist
» Nûrî Malikî û Recep Tayyip Erdoganî peymaneka siyasî îmza kir

ENWER KARAHAN: REWŞENBÎRÊ SEROKEŞÎR – ÊLASO BIYOGRAFÎ

HUSÊN DÛZEN: HELWÊST NEBE BAWERÎ NAMÎNE HEVPEYVÎN

PKK dixwaze ko hersê turîstên elman berde

BAZÎD, 13/7 2008 —

PIRSIYARA AKTÛEL »Ma tu bawer dikî ko AK Partî şebekeya

KOLUMNÎST: MIHEMED EVDILA ▸ Ergenekon û rewşa bêdewletiya kurdên bakur; TÊMÛRÊ XELÎL ▸ Gotinên kurdî ko di nav kurdên Ermenistanê da mane

**رووداو – سوێد**

بەڕێوەبەری ماڵپەڕیNefel بووە ئامانجی هێرشێکی ئەلیکترۆنی و پاسووردی کۆمپیۆتەر و کارتە بانکییەکەی کەوتە دەست چەتە رووسەکان.

عارف زێرەڤان،دەڵێ "من کە 15 ساڵە بەشێوەیەکی چالاک ئینتەرنێت بەکاردێنم و خۆم بەشارەزای ئینتەرنێت و تەکنیکی نوێ دەزانم، وەک پەندە کوردییەکە دەڵێ "مەلەوان خنکان"، بەتەواوی بەسەر من هات". زێرەڤان، کە بەشێوەی زاری کرمانجی خواروو واتە پاسەوان، پاسەوان دەرنەچوو و رووسەکان بەنهێنی ڤایرۆسێکیان بۆ ناردووەو دواتر پەیامێکیان بۆ رەوانە کردووە و داوایان لێکردووە فریــای کۆمپیوتەرەکەی بکەوێ و ئامادەیی خۆشــیان بەبارکردنی بەرنامەکەی ئەوان لە کۆمپیوتەرەکەی.

لەپەیامەکەدا داوایــان لەزێرەڤان کرد پرۆگرامی دژە ڤایرۆســی2008XP لەســەر کۆمپیۆتەرەکەی دابنێت.

زێرەڤانیش وەک خۆی گوتی بەسانایی بڕوای پێکردوون و بەوەش هەم پاســۆردی کۆمپیۆتەرەکەی و هەمیش کارتە بانکییەکەی کەوتوونەتە دەست چەتە رووسەکان.

# رفێنەرانی ئەرگۆشی نەورۆزی دەرچوون

**رووداو –هەولێر**

رۆژی 2008/7/10، چــوار کــەس بەتۆمەتی رفاندن و لێدانی بەڕێوەبەری تەلەڤزیۆنی نەورۆز لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکران، کە یەکێکیان بەرپرســی پەیوەندییەکانــی تەلەڤزیۆنی نەورۆزەو ئەوانی دیکەش کارمەندی پلەداری وەزارەتی رۆشنبیرین و پێشتر لەو تەلەڤزیۆنە بوونە.

لەو بارەوە، عەمید عەبدولخالق تەلعەت، بەڕێوەبەری پۆلیســی پارێزگای هەولێر لەلێدوانێکدا بە (رووداو)ی راگەیاند "ئازاد ئەرگۆشی دوای رفاندنی ســکاڵای یاسایی لەسەر چوار کەس تۆمار کردووە، کە گومان دەکات دەســتیان لەرفاندنیدا هەبێت، بۆیە ئێســتا 4 کەســەکە بەبڕیاری دادوەر دەستگیر کراون و لەزیندانی ناوەندیی هەولێر (محەتە) راگیراون".

ســەرەتای ئەم مانگە ئازاد ئەرگۆشی، بەڕێوەبەری سەتەلایتی نــەورۆز، لەکاتی گەڕانەوەی بۆ ماڵەوە لەلایەن چەند کەســێکی نەناســراوەوە رفێندرا و دوای لێدان و ئەشکەنجەدانی زۆر لەنزیک کۆمەڵگەی مەلا ئۆمەر بەدەســت و چاو بەســتراوی، خرایە ناو ئۆتۆمبێلەکەی و دەرگاکانی لەسەر دخراو بەجێهێڵدرا.

# لە بۆش نوێژ مەکەن

**هەردی عومەر**
**رووداو . دەربەندیخان**

لەکاتی ئەنجامدانی نوێــژدا هاووڵاتییەک کەوتە ژێر لۆریەکەی خۆیــەوە و دوای چەنــد کاتژمێرێک گیانی لەدەستدا.



هاووڵاتییەکی تەمەن 55 ساڵی دانیشتووی گوندی قەسلانی سەر بەناحیەی مەیــدان لەکاتێکــدا ســە ر قا لّی نوێژکردن بووە، بە هــۆی ئــەوەی بارهەڵگرەکەی لە بۆش بووە، رۆیشــتووەو لەئەنجامدا بەســەر ئەودا هاتووەو کەوتووەتە ژێریــەوەو لەکاتی گەیاندنی بۆ نەخۆشخانە گیانی لەدەستدا.

ســەرچاوەیەک لەبنکەی پۆلیســی نەخۆشــخانەی دەربەندیخــان رووداوەکەی بۆ (رووداو) پشتراســتکردەوەو راشیگەیاند "ئەو هاووڵاتییە لەکاتی گەیاندنی بۆ ســلێمانی لەرێــگادا گیانی لەدەستدا، چونکە برینەکەی زۆر سەخت بوو".


